

KURDISTAN
بەشێک لە وتوویژ، وتارو لێدوانەکانی
هاوڕێ شاهۆ حوسێنی
کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی
خەزەڵوەری ٢٧٢٦ی کوردی = نۆڤەمبەری ٢٠٢٦ی زایینی

پێڕست

١- کۆماری ئیسلامی لە چاخی زێڕینی بێ ئۆپۆزیسیونیدا حکوومەت دەکات..... وتووێژ: ڕەحمان سەلیمی ٤

٢- مامۆستای کورد (مامۆستای قوتابخانەکان) و پرسی نەتەوەیی..... وتووێژ: بێهزاد قادری ٧

٣- شۆڕشێک لە ژنانەوە بۆ لاوان..... ١١

٤- کۆژیتۆی کوردی (من کوردانە بیر دەکەمەوە، کە وابێ هەم)..... ١٤

٥- ئازادی وەک ئەمری سیاسیی کوردی..... ١٨

٦- کۆمەڵگەی کوردستان دەتوانێ بنیادنەر، هەڵگر و پەرەپێدەری دیسکۆرسی ئازادیخوازانە بێت.....

..... وتووێژ: کوردستان میدیا.... ٢٢

٧- بەربەستێکی دەروونیی ناسیۆنالیزمی کوردی کێشەی هزری و گوتارییە، نەک بەتەنیا سیاسی.....

..... دیمانە: حەسەن شێخانی ٢٦

٨- بنبەستی دانایی و قەیرانی نواندنەوە لە پڕۆژەی دەوڵەت - نەتەوەی ئێرانیدا..... ٣١

٩- کۆمەڵناسیی مێژوویی میترایییزم لە زاگرۆس؛ لە هەزارە کۆنەکانەوە تا شکۆمەندیی ماد..... ٣٦

١٠- ڕێککەوتنی هەڵپەسێردراو؛ ئاشتییەک کە بڕیار نییە بێتە دی..... ٤٢

١١- سوژەڤانی و کۆڵەکەی چوارەمی دێموکراسی..... ٤٧

١٢- بنەما نەزەرییەکانی یەکنەگرتوویی و دابڕاوی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان..... ٥٢

١٣- سوژەڤانی و دابڕان: دیاردەناسیی حیزبی دێموکرات..... ٥٨

١٤- بەکاتی ژینا؛ جەستە و جێندەر لە ئۆبژەی دەسەڵاتەوە بەرەو سوژەی ئازادی..... ٦٧

بەشێک لە وتار و لێدوانەکانی وێبلاگی: "ڕەوایەتەکانی کوردستان"

١- پێوەندی ئایین - دەسەڵات لە کوردستان..... ٧٩

٢- کۆمەڵناسی مێژوویی پۆپۆلیسم لە ڕۆژهەڵات..... ٨١

٣- دەست بردنە گیرفان، داهات و بژیوی کۆمەڵگا وەک ڕێگاچارەی قەرەبووی کەمی داهاتی حکوومی لە ئێران..... ٨٣

٤- فۆرمی ڕواڵەتی مۆدێرن لەغیابی عەقڵییەتی مۆدێرن و خەسارەکانی..... ٨٥

٥- سەنعەتی کلتوور و ڕاگەیەنە تەکنیکێکان..... ٨٧

٦- لە کوردبوونێکی دووساحەییڕا بەرەو کوردبوونێکی یەک ساحەیی..... ٨٩
٧- "قاسملوو: ئەو ڕێبەرەی لە شەڕاب بۆ کتێب دەگوزەرا"..... ٩٣
٨- ڕووسیای پاش سۆڤییەت..... ٩٤
٩- فێنۆمێنۆلۆژی ئەندێشەی قاسملوو..... ١٠٠
١٠- زمان لەگوێن دەرکەوتەی سیاسی..... ١٠٥
١١- ئانتۆلۆژی خەباتی مەدەنی..... ١٠٩
١٢- ئانتۆلۆژی کلتوری کوردی..... ١١٣
١٣- نەتەوەخوازی کوردی لەگوێن شەڕەف..... ١١٦
١٤- هونەری کوردی، هونەری کوردانە..... ١١٨
١٥- ڕۆژهەلاتی کوردستان: شۆڕش یان ڕێفۆرم؟..... ١٢١
١٦- کوردایەتی لەگوێن سوبژێکتیڤیسمی مێتافیزیکی..... ١٢٦
١٧- فێنۆمێنۆلۆژیی شێعری کوردی و کوردایەتی لە شێعردا..... ١٢٨
١٨- ناوەندی ماملێ، زایەڵەی نەتەوەخوازی مەدەنی..... ١٣٠
١٩- هونەرمەند لەگوێن ڕووحی نەتەوە..... ١٣٣



کۆماری ئیسلامی لە چاخی زێڕینی بێ ئۆپۆزیسیونیدا حکوومەت دەکات



وتوویژ: ڕەحمان سەلیمی

ساڵی ٩٩ لە حاڵێکدا دەستی پێکرد کە خۆپیشاندانەکانی ٩٨ دۆخێکی جیاوازیان لە ئێران هێنابووە ئاراوە، گەمارۆی قورسی ئامریکا، تەشەنەسەندنی ڤایرۆسی کۆرۆنا، شەڵەژانی بازاڕ و هەڵاوسانی پەرەسەندوو دۆخی ژیانی خەڵکی ئەوەندەی دیکە نالەبارتر کرد، متمانە بە ڕێژیمی ئێران بەتەواوەتی دابەزی و هیچ کرانەوەیەکیش لە کەشی سیاسی و میدیاییدا پێک نەهات.

لە وەها دۆخێکدا دژبەرانی ڕێژیم کە تەنیا ڕووخانی ڕێژیم بە تەنیا ڕێکار دەزانن، لەو ڕاستایەدا چ هەنگاوێکیان هەڵ گرت و هەتا چەندە بەرەو پێش ڕۆیشتوون؟

لە وتوێژێکدا لەگەڵ بەڕێز "شاهۆ حوسێنی" شرۆڤەکاری سیاسی، ئەم بابەتەمان خستووەتە بەر باس کە سەرنجتانی بۆ خوێندنەوەی ڕادەکێشین:

ڕەحمان سەلیمی: ساڵی ٩٩ بۆ ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران چۆن تێپەڕی و بە لەبەرچاوگرتنی ئەو قەیرانانە سیاسی و ئابووریانەی کە بەرۆکی ئەو ڕێژیمەی گرتووە، ئێستا ڕێژیمی ئیسلامی لە چ دۆخێکدایە؟

شاهۆ حوسێنی: بە گوێرەی ڕاپۆرتی ناوەندە ئەمنییەکانی ئامریکا، ئێران و ڕووسیە هەوڵی دەستێوەردان لە هەڵبژاردنی ئامریکایان داوە، ئێران لە بەرژەوەندیی جۆ بایدن و ڕووسیە لە بەرژەوەندیی دۆناڵد ترامپ. دیارە ئەوە بەو مانایە دێت کە ئابلۆقە ئابووریەکانی ئامریکا بۆ سەر ئێران مەترسیی جیددی خستبووە سەر ئێران و ئێران بە تەما بوو بە دەرکەوتنی جۆ بایدن بە زووی ئەو ئابلۆقانە لەسەر ئیران هەڵبگیرێن، ئەمەش بەو هۆکارە بوو کە بایدن لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردن باسی لە گەڕانەوە بۆ ڕێکەوتنی ناوکی دەکرد، هەروەها لە ئیدارەی باراک ئۆبامادا کە ڕێککەوتنی ناوکی لەگەڵ ئێران کرا و ڕۆژهەڵاتی ناوین بە ئێران بەخشرا جێگری سەرۆک کۆمار بوو. بەڵام ئەو چاوەڕوانییە نەهاتە دی و ئێران بۆ گوشار خستنە سەر ئامریکا هێرشەکانی لە عێراق بۆ سەر هێزەکانی ئامریکا و لە کەنداو بۆ سەر کەشتیی نەوتهەڵگر و بارهەڵگرەکان پەرە پێدا، بەڵام ئەو دژکردەوانەش هیچ سوودێکی نەبوو، بۆیەش ئابووریی ئێران لە ساڵی ٩٩شدا زیاتر لە ساڵانی پێشوو داڕما و پەرەی ئەم دۆخە بەربڵاوتر بوونی زیاتری ناڕەزایەتییەکانی لەن اوخۆ لێکەوتەوە، واتە ناڕەزایەتییەکان بەربەرینتر بوونەوە، ئەوە لە کاتێکدا بوو کە قەیرانی پەتای کۆرۆناش کارتێکەری زۆری لەسەر ئابووریی ئێران داناوە. بەگشتی کۆماری ئیسلامی لە قەیراناویترین دۆخی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی خۆیدایە، دەسەڵاتێک کە لەلایەک نە مەشرووعییەت و نە مەقبووڵییەتی هەیە و لەلایەکی تر هیچ توانایی و ئیرادیەکیشی بۆ گۆڕینی ئەو دۆخە هەیە.

ڕەحمان سەلیمی: لە ماوەی ئەو یەک ساڵەدا حیزب و لایەنە سیاسییەکانی دژبەری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران چ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆیان لە کار و تێکۆشانی خۆیاندا هێناوە ئاراوە، واتە کارنامەیەکی باشیان هەبووە؟

شاهۆ حوسێنی: ئەگەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگوزەرێین کە ئەزموونی زێدە لە حەفتا ساڵ خەباتی سیاسی و حیزبیی لەگەڵدایە، نەتەوەکانی تری ئێران بەتایبەتی ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەری لەوپەڕی لاوازی، بێ گەڵاڵەیی و پەرتەوازییدا ساڵی ٩٩یان بەڕێ کرد، نە توانییان گوتارێکی گشتگیر بۆ یەکگرتووکردنی کۆمەڵانی خەڵک بەرهەم بهێنن و نە توانییان ڕێنوێن و ڕێگا پیشاندەری کۆمەڵانی خەڵکی ناڕازی بن. بەگشتی دەشێ بوترێت کە کۆماری ئیسلامی لە چاخی زێڕینی بێ ئۆپۆزیسیۆنیدا حکوومەت دەکات.

ڕەحمان سەلیمی: ئایا بەشی زۆری خەڵک کە هیچ متمانەیەکیان بەو ڕێژیمە نەماوە، هەتا چەندە خۆیان لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن ڕێک خستووە و ئۆپۆزیسیۆنیش هەتا چەندە توانیویەتی خەڵک لە بەرەنگاری لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ڕێک بخات؟

شاهۆ حوسێنی: بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەیکە ئێران کۆمەڵگایەکی فرە نەتەوە، فرە ئایین و هەر بەو پێیەش فرە کەلان خواست و ئایدەیە، گوتارێکی گشتگیر کە لەلایەک بتوانێت ناوێنەی باڵانوێنی خواستە جیاوازەکانی کۆمەڵانی جیاوازی ناو ژێئۆپۆلیتیکی ئێران بێت و لەلایەکی تر گوتاری دژبەر و ڕەقیبی ئایدۆلۆژی کۆماری ئیسلامی بێت، هێشتا سەری هەڵنەداوە.

هەر بۆیەش هێشتا ئۆپۆزیسیۆن وەک پێکهاتەیەکی لێک گرێ دەرەوەی کۆمەڵانی خەڵک و گوتاری دژبەر و ڕەقیبی دەسەڵاتی حاکم دەرنەکەوتووە، ئەگەرچی هێندێک ڕێکخراوە و گرووپ بۆ وێنە چەپەکان سەڵتەنەتخوازەکان و موجاهیدین هەن، بەڵام هێشتا نەیانتوانیوە لەلایەک متمانەی زۆرینەی کۆمەڵانی خەڵک لە دەسەڵات وەربگێڕن و لەلایەکی تر لەناو بەرەی دژبەری کۆماری ئیسلامیدا جێگیریان بکەن.

ڕەحمان سەلیمی: سەرەڕای ئەویکە هەموو حیزب و لایەنە سیاسییەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لەگەڵ ڕووخانی ئەو ڕێژیمە هاوڕان، ئایا حیزبە کوردییەکان لەگەڵ یەک لەلایەکی، هەروەها لەلایەکی دیکەش لەگەڵ ئۆپۆزیسۆنی غەیرە کورد توانیویانە لەسەر بەرنامەیەکی سیاسی کە ولأمدەری داخوازیی هەموو لایەک بێت، ڕێک بکەون؟


شاهۆ حوسێنی: بێگومان ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئەگەرچی مێژوویەک و ئەزموونێکی بەنرخی لە کاری ڕێکخراوەیی و ڕێکخستنی کۆمەڵانی خەڵکدا هەیە، بەڵام لەپاش دامرکانی خەباتی چەکداری تووشی لێکترازان و لێکدابڕاوی هاتووە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئۆپۆزیسیۆنی کوردی پێویستی بە جۆرێک دابڕانی ئیپیستمۆلۆژیک هەیە، واتە پێویستە شێوازی خوێندنەوەی لە خود، ئەوی تر و دیاردەکانی تری بەستێنی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووری بگۆڕێت، ئەو دابڕانە ئیپیستمۆلۆژیکە دەتوانێت هەموو ئەو دیاردانەی کە بنەما و سەبەبی لێکترازان و دابڕانەکانە وەلا بنێت و بە هاتنە ئارای خوێندنەوەی نوێ و بەڕۆژ، بەستێنێکی نوێ و تازە بۆ لێکتێگەیشتن و ڕێکەوتن بەدی دێت.

ڕەحمان سەلیمی: بە لەبەرچاو گرتنی ئەو قەیرانە سیاسی و ئابووریانەی کە کۆماری ئیسلامی تووشی بنبەست کردووە و ئاستی ناڕزایەتییەکانی خەڵک هەروا بەرز دەبێتەوە، حیزب و لایەنە سیاسییەکان دەبێ چ بکەن؟

شاهۆ حوسێنی: بێگومان قووڵتربوونەوەی کەلێنی نێوان حکوومەت و کۆمەڵانی خەڵک بە مانای سڕینەوەی مەشرووعییەت لە دەسەڵاتە و ئەمەش گەورەترین شەرعییەتە بۆ زەروورەتی ئالۆگۆڕی و ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی، لەوەها دۆخێکدا ئەرکی ئۆپۆزیسیۆن بەگشتی بەرهەمهێنانی گوتارێکی گشتگیر و دژبەری حکوومەتە بۆ ڕێکخستن و یەکگرتووکردنی کۆمەڵانی خەڵک، لەوەها دۆخێکدا ناڕزایەتییەکان مەودا پەیدا دەکەن و کەلێنی دەسەڵات و کۆمەڵگا ڕۆژبەڕۆژ قوڵتر دەبێتەوە و ئەو شەڕە فەرسایەشییە ڕۆژ بەڕۆژ حکوومەت لاوازتر و ناڕازییەکان بەهێزتر دەکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٣ی خاکەلێوەی ٢٧٢١

مامۆستای کورد (مامۆستای قوتابخانەکان) و پرسی نەتەوەیی



وتوویژ: بێهزاد قادری

مامۆستایان شوێندانەرترین چینی کۆمەڵگەن بەهۆی ئەوەیکە لەگەڵ زۆرینەی کۆمەڵگە لە پێوەندیدان، هەروەها هیچ چین و توێژێکی کۆمەڵگە هێندەی چینی مامۆستایان پێوەندیی بەربڵاو و قوڵیان لەگەڵ کۆمەڵگە نییە. لەلایەکی ترەوە چاوخشاندنێک بە میژووی هاوچەرخی کوردی نیشانی داوە کە بەشێکی هەرەزۆری ڕێبەران و پێشەنگانی خەباتی نەتەوەیی و شوناسخوازانەی کورد مامۆستایان بوون و لەم ڕێیەدا مامۆستاگەلێک شەهید، ئەشکەنجە و زیندانی کراون؛ بەڵام لە ئێستادا مامۆستایانی کورد لە پرۆسەی گەشەی وشیاریی نەتەوەیی لەنێو قوتابییاندا چ ڕۆڵێکیان هەیە؟

لەم وتوویژەدا لەگەڵ کاک "شاهۆ حوسێنی"، مامۆستای پێشوو لە قوتابخانەکانی کوردستان، دەپەرژێینە سەر بابەتی "مامۆستای کورد و پرسی نەتەوەیی":

بێهزاد قادری: گرینگیی پرسە نەتەوەییەکان بۆ گەلی کورد چییە و لەو نێوانەدا مامۆستایانی کورد (مامۆستای قوتابخانەکان) چ ئەرکێکیان لەسەر شانە؟

شاهۆ حوسێنی: دەرکەوتنی ڕۆژهەڵاتی نـاوینی نـوێ و دەسەڵاتە ڕەچەڵەکخوازەکـانی دژە کـورد لە ڕۆژهەڵاتـی نـاوین بـوو بەهۆی دەرکەوتنی ئایدۆلۆژییە پاوانخوازەکان کە بۆ پەرەی هێژمۆنی و دەوامی دەسەڵاتی خۆیان بە هەموو شێوەیەک هەوڵی

سڕینەوە و تواندنەوەی کوردیان دەدا، لە بەرامبەردا هەوڵ و تێکۆشانی نەتەوەخواز و ڕووناکبیرانی کورد بوو بەهۆی پەرەی نەتەوەخوازیی کوردی و پووچەڵکردنەوەی سیاسەتی بەرهەمهێنانی کوردێکی دەستەمۆ و ئۆبژە. ئەم خەبات و تێکۆشانە لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەمەوە تا ئەمڕۆکە بەردەوامە و دەشێ بوترێت کە خەباتی نەتەوەیی بۆ وەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی و پاراستنی شوناس و بوونی تاکێتی کورد سەرەکیترین و گرینگترین دیاردەیە. ئەم گرینگایەتییە بە ڕادەیەکە کە هەر چین و توێژێکی کۆمەڵگە بەوپەڕی هەستیارییەوە چاو دەبڕێتە پرسە نەتەوەییەکان و ئەمان وەک ڕایەڵی پاراستنی یەکگرتویی نەتەوەیی و شوناسی نەتەوەیی چاو لێ دەکات. گرینگیی دەور و نەخشی مامۆستایان لەم ناوەدا بێگومان گرینگترین دەورە، بەهۆی ئەوەیکە مامۆستایان لەلایەک هەڵگر و خاوەنی گەوهەر و زانستی ئاکادێمیک و بەڕۆژن، بەشی هەرەزۆری مامۆستایان لە ڕووناکبیران و چالاکانی بوارەکانی سیاسی و مەدەنیی کۆمەڵگەن و بە جۆرێک وەک هەڵکەوتە دەوری ڕێنوێن و پێشەنگ دەگێڕن، لەلایەکی ترەوە مامۆستایان لەگەڵ دوو چینی هەستیاری کۆمەڵگە لە پێوەندیی نزیک و بەردەوامدان، سەرەتا چینی منداڵ و مێرمنداڵ کە مامۆستایان دەتوانن بیانکەنە خاوەن ژێرخانێکی نەتەوەیی و بۆ دواڕۆژ جیلێکی تێگەیشتوو و پێگەیشتوو بەرهەم بهێنن. لەلایەکی ترەوە لەگەڵ چینێکی لاو لە پێوەندیدان کە بە حوکمی لاوەتییان هەستێکی ڕادیکاڵ و خاوەن هەستن و دەتوانن دەور و نەخشێکی گرینگ لە ئاڵوگۆڕەکانی کۆمەڵگەدا بگێڕن.

بێهزاد قادری: چینی مامۆستایان لە پرۆسەی گەشەی وشیاریی نەتەوەیی لەنێو قوتابیاندا چ ڕۆڵێکیان هەیە و چەندە دەتوانن لەسەر منداڵانی کورد کاریگەر بن؟

شاهۆ حوسێنی: بە حوکمی ئەوەیکە مامۆستایان لە پێوەندییەکی بەردەوام و نزیکدان لەگەڵ قوتابییان، ئەم پێوەندییە ڕۆڵێکی گرینگی هەیە لە پەروەردە و پێگەیاندنی قوتابییان، قوتابییان زیاتر بیسەریان لە مامۆستایان هەیە و مامۆستا لای قوتابییان کەسایەتییەکی کاریزماتیکی هەیە، لەم ڕووەوە توانایی هاندەری و بزوێنەریی قوتابییان لەلایەن مامۆستایانەوە زۆر زیاترە تاکوو بنەماڵە، ئەمەش بۆ تایبەتمەندی، شوناسی تایبەتی مامۆستایان و دەوری مامۆستا لە کۆمەڵگەی کوردیدا دەگەڕێتەوە، لە ڕاستیدا چاوخشاندنێک بە مێژووی هاوچەرخی کوردی نیشانی داوە کە بەشێکی هەرەزۆری ڕێبەران و پێشەنگانی خەباتی نەتەوەیی و شوناسخوازانەی کورد مامۆستایان بوون و لەم ڕێیەدا مامۆستاگەلێک شەهید، ئەشکەنجە و زیندانی کراون. لە ڕاستیدا بەشێکی هەرەزۆری قوربانیی خەباتی نەتەوەیی کورد هەر لە پێشەنگایەتی، ڕێبەرایەتی و پێگەیاندن، لەسەر شانی مامۆستایان بووە.

بێهزاد قادری: مامۆستایانی کورد بۆ گۆڕینی هەستی نەتەوەیی قوتابیان بۆ بیری نەتەوەیی دەبێ چی بکەن؟

شاهۆ حوسێنی: بێگومان هەستی نەتەوەیی بنەما و ژێرخانی بیری نەتەوەییە، واتە هەر هزر و ئەندێشەیەک سەرەتا هەستێک و سۆزێک بووە، مامۆستایان هەڵگری هزر و ئایدیای نوێ، ئاکادێمیک و بەڕۆژن، بەردەوام خەریکی بەڕۆژکردنەوەی

زانست، زانیاری و فامی خۆیانن بۆ پێگەیاندن و بەسوودبوون، بەو پێیە ئەوان دەتوانن لەڕێی پەرەی زانستی و مەعریفیی نەتەوەخوازی و شوناسخوازی لەنێو قوتابییان، هاندانی قوتابییان بۆ بەدواداچوونی بیرمەندانە بە شوێن پرسە نەتەوەییەکاندا بە مەبەستی دۆزینەوەی ولامی زانستی و ئاکادیمیک بۆ پرسیارەکان و ڕێگاچارەی زانستی و مەعریفی بۆ کێشە و قەیرانەکان بەرهەمهێنەری ئەو گوزارە بین.

بێهزاد قادری: مامۆستایانی کورد بۆ وروژاندنی پرسە نەتەوەییەکانی کورد لەنێو قوتابیانی کوردستان دەبێ چی بکەن؟

شاهۆ حوسێنی: بێگومان مامۆستایان لەڕێی پەرەی زمانی نەتەوەیی لەنێو قوتابیان، ناساندنی جیهانی ئەدەبی و مەعریفیی کوردی بە قوتابیان دەتوانن بنەما و ژێرخانێکی قایمی نەتەوەیی لەنێو قوتابیاندا دابمەزرێنن. مێژووی هاوچەرخ و نوێی کورد پڕە لە حەسامەت، خۆڕاگری و تێکۆشان کە دەشێ وەک وانەی نەتەوەخوازی بە قوتابیان بوترێتەوە، ئەدەبی کوردی لێوانلێو لە تایبەتمەندیی حەماسییە، واتە ئەدەبی خۆڕاگری بەربلاوترین و گرینگترین بەشی ئەدەبی هاوچەرخی کوردییە کە دەشێ قوتابیان ئەم وانانە فێر ببن و بەم شێوەیە بە هەستیارکردنی قوتابیان، پەرەی ڕوانگە و دیاردەی زانستی نوێ، مرۆڤانە و پەرەی شوناسی نەتەوەیی دەتوانێت ببێتە ڕیشەی نەتەوەخوازییەکی خەست لە دواڕۆژدا.

بێهزاد قادری: مامۆستایانی کورد بۆ وروژاندنی پرسە نەتەوەییەکانی کورد لەنێو کۆمەڵگەی کوردستان چەندە دەتوانن کاریگەر بن؟

شاهۆ حوسێنی: بێگومان مامۆستایان شوێندانەرترین چینی کۆمەڵگەن بەهۆی ئەوەیکە لەگەڵ زۆرینەی کۆمەڵگە لە پێوەندیدان، دەشێ بوترێت کە هیچ چین و توێژێکی کۆمەڵگە هێندەی چینی مامۆستایان پێوەندیی بەربلاو و قوڵیان لەگەڵ کۆمەڵگە نییە. بە لانیکەمەوە مامۆستایان لەگەڵ دوو لەسەر سێی کۆمەڵگە لە پێوەندیی ڕاستەوخۆدان، لە هەمان کاتدا بەهۆی بەربلاویی سیستمی فێرکاری و بارهێنان، ڕێژەی مامۆستایان بە بەراورد لەگەڵ چین و توێژەکانی تری کۆمەڵگە ڕێژەیەکی زۆر و بەربلاوە، ئەوان هەم دەتوانن لە زەرفییەتەکانی پێوەندی لەگەڵ بنەماڵەی قوتابیان و قوتابیان وەک لاوان و بەرەی داهاتووی کۆمەڵگە کەڵک وەربگرن، هەمیش دەتوانن لە یەکگرتوویی و بەربلاویی ڕێژەی زۆری مامۆستایان بۆ کارتێکەری کەڵک وەربگرن.

بێهزاد قادری: مامۆستایانی کورد بۆ پووچەڵکردنەوەی پیلانەکانی ڕێژیمی ئێران بۆ بەلاڕێدابردنی پرسە نەتەوەییەکانی کورد و پرسی شوناسخوازیی کورد، دەبێ چۆن هەڵوێست بگرن؟

شاهۆ حوسێنی: زمان و شوناس دوانەی لێکدانەبڕاون، بە جۆرێک کە ئەم دوانە لێکنەبڕاوە دەورێکی حاشاهەڵنەگری هەیە لە قایمکردنی ژێرخانەکانی کۆمەڵایەتی و تاکێتی مرۆڤ. زمان تەنیا کەرەسەیەک بۆ پێوەندی نییە، بەڵکوو خوڵقێنەری هێماکان، سیمبۆلە کۆمەڵایەتییەکانە و مانا دەبەخشێتە دیاردەکانی جیهانی دەرەوەی مرۆڤەکان، واتە زمان تۆخمە خاوەکانی ژینگەی مرۆڤ مانادار دەکات و بەم شێوەیە لەڕێی مانادارکردنی ژینگەی سروشتی و کۆمەڵایەتیی مرۆڤ، زەینێکی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی بەرهەم دەهێنێت و بەم شێوەیە شوناسێک بۆ مرۆڤ بەرهەم دەهێنێت. مرۆڤەکان لەڕێی ئەم شوناسەوە پێوەندیی زەینی، ڕواڵەتی و کۆمەڵایەتی لەگەڵ یەکتر دەگرن و هێما و سیمبۆلە تاکییەکان دەگوازنەوە بۆ نێو بازنەیەکی گەورەتر بە ناوی کۆمەڵگە و نەتەوە و بەم شێوەیە هەم ڕایەڵێک لەنێوان خۆیاندا ساز دەکەن و هەمیش سنوورێک لەنێوان خۆیان و ئەوی تردا دەکێشن. نەتەوەی باڵادەستی حاکم لە ئێران لەڕێی تێگەیشتن لەم حەقیقەتە هەوڵی ئاسمیلەکردنی تاکی کورد دەدەن لەڕێی زمانی فارسی وەک زمانی فەرمی، قوتابخانە و خوێندنی باڵا، ئەوان هەم پێش دەگرن بە دەرکەوتنی خودێکی کوردانە و هەمیش کورد دەتوێننەوە لەوی تری فارسدا.

مامۆستایان گرینگترین کەرەستەی ئەم ڕەوتەن بە دەست ڕێژیمەکانی حاکم بەسەر ئێراندا. مامۆستایان پێویستە کە ئەم هەوڵەی ڕێژیم پووچەڵ بکەنەوە لەڕێی وانەوتنەوە بە زمانی دایکی، کەڵکوەرگرتن لە هێما و سیمبۆلە لۆکاڵییەکان، پەروەردە و پەرەی زەینی لۆکاڵی و نەتەوەیی لەنێو قوتابییاندا. بەم شێوەیە دەتوانن سیاسەتەکانی پاکتاوکردنی ڕێژیم پووچەڵ بکەنەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٥ی پووشپەڕی ٢٧٢٢

شۆڕشیک لە ژنانەوە بۆ لاوان



سەرەتا

شۆڕشیک کە لەلایەن ژنانەوە بەدژ کۆششەکان و جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە ڕەوتی بە ئایینی کردنی جەستەی ژنان لەپاش شەهیدبوونی ژینا بە دەست مرۆڤ کوژەکانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دەستی پێکردبوو، هەر ئەم جۆرەی چاوەڕوان دەکرا زۆر زوو تەشەنەی کرده ناو چین و تـوێژە جیاوازەکـانی کۆمەڵگـا و لە درێـژەدا زانکۆکـان و لەپاشـان قوتـابخانەکـانی گرتەوە.

کۆمەڵناسی بزاڤی لاوان

بلومر لەسەر ئەو بـاوەڕەیە کە مەبەستی لاوان لە بەشداەری لە بـزاڤە کـۆمەڵایەتی و سیاسێکان، مەبەست گەلێکی گشتیە، ئەم جۆرە بزاڤانە بۆ هۆی ئەوەکە لاوان ڕادیکـاڵ و ئـارمـانخوازن درێـژ مەودا و بەردەوامن. دەرکەوتنـی لاوان لە بزاڤەکـانـدا بە باوەڕی بلومر بەرهەمی ئـاڵـوگۆڕی بەردەوام، بەربـڵاو و هێـدی لە نەریتەکـانی کۆمەڵگـادایە. ئەو لەسـەر ئەو بـاوەڕەیە کە لاوان تێگەیشـتوانە و ئـاگایـانە بە مەبەسـتی ئـاڵـوگۆڕی نەزمـی کـۆمەڵایەتی مەوجـود دەردەکەون، ئەوان لەژێـر کـارتێکەری ئـاڵـوگۆڕی لە کلتـوور و بەهاکـان لە کۆمەڵگـا و جیهـانـدا دەبـنە خـاوەن ڕوانگەیەکـی نـوێ لەمەر خۆیـان، مافەکانیـان و تێدەکۆشن بە ئـارمـان و ئامانجەکانیـان بـگەن، ئەمەش بێگومـان کـاتێ دەردەکەوێـت کە فۆرماسیونە نەریتێکـان توانـایی

بەرهەمهێنانی خواستە مەشرووعەکانی لاوانیان نیە و بەم شیوەیە بەر دەگەرن بە پەرەی لاوان. دەرکەوتنی لاوان لەناو بزاڤەکاندا بە تەنیا هەڵسووکەوتێکی ڕەمەکی و چاوەڕوان نەکراو نیە، بەڵکە دژکردەوەیەکی ڕاستەوخۆیە بە دژ هێز و ڕووداوە مێژوییەکان. لەڕاستیدا بزاڤی لاوان لەم کۆمەڵگا و وڵاتانەدا ڕووی دەدات کە ئاڵۆزگری خێرا بە خۆیانەوە دەبینن، ئەو کۆمەڵگایانەی کە تووشی لاوازی فۆرماسیونی سیاسی، داڕمانی شەرعییەتی دەسەڵات و نەزمی سیاسی مەوجوودن.

لاوان لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا

دەرکەوتنی کۆماری ئیسلامی لە ئاسۆی سیاسی ئێران وەک لێکەوتەی ئایدۆلۆژیکی فۆندامێنتاڵ لێکەوتە گەلێکی گرینگی نە تەنیا بۆ کۆمەڵگا بە گشتی کە بە تایبەتی بۆ لاوان لێکەوتەوە. یەکەم دیاردەی کلتووری ئەم دەسەڵاتە حەول بۆ بە ئایینی کردنی عەقڵ. جەستە و کلتووری کۆمەڵگا بوو، بۆ ئەم مەبەستەش سەرتا هەموو سەرچاوەکانی بارهێنان و ڕاهێنانی قوتابیان لە قوتابخانەکان بە وانە ئایینێکان ئاخندران، لە درێژەشدا لە ڕێی لێژنەی باڵای شۆڕشی کلتووری بەمەبەستی ئایینیزی کردنی زانکۆکان، پەرەی کلتووری ئایینی و بەربەرەکانی لەگەڵ ڕۆژئاواخوازی و سێکۆلاریزم حەول درا لەڕێی ئایدۆلۆژی فەرمی حکوومی، لاوان و خوێندکاران لە خزمەت بەرژەوەندی ئایینی دەسەڵات کۆمەڵگر بکەن. هاوتەریب لەگەڵ ئەمە لەڕێی شۆڕشی کلتووری لە زانکۆکان لە ساڵی ١٣٥٩ تا ١٣٦٢ بەشێکی زۆر لە خوێندکاران و مامۆستایان لەسەر کار و خویندن لادران. بەم شێوەیە کۆماری ئیسلامی دژایەتی خۆی لەگەڵ زانست و لاوی تێگەیشتوو نیشاندا و حەولیدا لە ڕێی ئیسلامیزەکردنی خوێندن، زانکۆ و قوتابخانە تاکی ملکەچ، گوێڕایەڵ و دەستەمۆ پەروەردە بکات. بەڵام دژکردەوە جیاوازەکانی خوێندکاران لە درێژەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی سەلامندی کە کۆماری ئیسلامی هیچکات نەی توانی لاوانی خوێندکار دەستەمۆ بکات. دیارە هەر لەسەرەتای هاتنە سەر کاری دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، زانکۆکان و لاوانی خوێندکار گرینگترین پێگەی دژایەتی و ڕەخنەگرانەی دەسەڵاتی پاوانخواز و پاش کەوتووی ئایینی بوون. هەر بۆیەش زانکۆکان بە بەردەوامی کەوتوونەتە ژێر هێرشی هێزەکانی سەرکووتکەر و بە دەیان خویندکار، ئێعدام، بێسەروشوێن و شەهید کراون.

تێکەڵ بوونی قوتابیان بە شۆڕش

شۆڕشی ئەم جارەی کۆمەڵگای ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە تەنیشت هەموو جیاوازێکان و دیاردە نوێیەکانی کە بە خۆیەوە بینیوێتی، دیاردەکەی تەواو جیاواز لە ڕاپەڕینەکانی پێشخۆی بەخۆیەوە بینیوە. ئەم دیاردە جیاوازە کە بەشێوەیەکی کوت و پڕ و بەربڵاو لێکەوتەی زۆر گرینگی لەگەڵ خۆی هێنا، تێکەڵ بوونی قوتابیان کچی قوتابخانەکان لەگەڵ شۆڕش بوو، ئەون بە لادانی حیجاب، داگرتنی وێنەی خومەینی و خامنەیی لە کلاسەکان و دڕاندنی وێنەی ئەوان لە


سەرچاوە دەرسێکان دژکردەوەیان نیشاندا و بەم شێوەیە پەیوەست بوون فەرمی خۆیان بەم شۆڕشە ڕاگەیاند. قوتابیان بەم شێوەیە لاپەڕەی هەموو ملکەچی و جەستە بوون و جێندەری دووهەم بونیان دڕاند و وەک سوبژەیەکی سەربەخۆ بڕیاری سەربەخۆییان لە خۆ دەرخستن، خۆپێناسەکردن و خۆ بارهێناندا، ئەوان بە لەچکە سووتاندن، هێرشێکی ڕادیکاڵیان بۆ بناغە و ئایدۆلۆژی دەسەڵاتی حاکم دەستپێکرد. لەچکە تەنیا پەڕوویەک یان بەشێک لە بەرگ و لیباسی ژن نیە بەڵکە کەرەسە و بەربەستێکە بۆ نەفی و نەهی ژن وەک جەستەیەک و بوونیکی کە حەول دەدرێت لەریی ساردنەوەی بە ئایینی بکرێت.

ئەم شۆڕشە سەلماندی کە سیاسەتەکانی زێدە لە چڵ ساڵ دەسەڵاتی سەرکووت، پاوانخواز و سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی هیچ‌کات نەیتوانیوە شەرعییەتێک لەناو زەین و هزری کۆمەڵگادا بۆخۆی مسۆگەر بکات، نیشانی داوە کە سیاسەتەکانی ئایینی و ئۆبژە پەروەری کۆماری ئیسلامی لەماوەی زێدە لە چل ساڵ دەسەڵاتی بەربڵاوی خۆیدا هیچ کات نەیتوانیوە مرۆڤ و بوونی ملکەچ و گوێڕایەڵ بەرهەم بهێنێت و ئەگەر زۆری دەسەڵات، پارە و هێزی نیزامی نەبێت حەتتا بۆ یەک چرکەش ئەم دەسەڵاتە ناتوانێ حوکمی کۆمەڵگا بکات. ئەم دەسەڵاتە ئەمڕۆ زیاتر لە هەموو کاتێک لەلایەن ژنانەوە بە ژنانی گەورە ساڵ، خویندکاری زانکۆ و قوتابخانەکان لەمەترسی ڕووخان دایە و هیچ‌کات پایەکانی نەزەری، هزری و مەعریفی دەسەڵاتەکەی ئەوەندە لەرزۆک و هەڵۆڵ نەبوە.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٨٣٢

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٠ی ڕەزبەری ٢٧٢٢

کۆژیتۆی کوردی (من کوردانە بیر دەکەمەوە، کە وابێ هەم)



لەبری پێشەکی:

کورد لە کوردستان وەک بوونێک زۆربەی کات لەنێوان سێ بوونی کلۆنیالیستی ئیسلامی، لێنینیستی و کەمالیستی، ئێرانیستی و عەرەبیسمدا گێژی خواردۆتەوە، واتە حەولی داوە بوونی خۆی، کێشە و قەیرانەکانی و مسۆگەربوونی لەڕێی ئەم زەینە کلۆنیالیستیانەدا بخوێنێتەوە و چارەسەریان بکات، ئەمە لە کاتێکدایە کە گرینگترین تایبەمەندیی نیزامی ئێپیستمۆلۆژیی (مەعرفەتناسی) ئەم زەینانە، ڕوانینی ئۆبژێکتیڤیستیانە بە نیسبەت کورد، کێشەی کورد و بوونناسیی کوردە. ئەوان بە بەردەوامی حەولی سڕینەوەی کورد وەک بوون دەدەن لەڕێی تواندنەوەی کورد لەنێو ئەو شوناس و چوارچێوە زەینیەدا کە بوونێکی مەسخکراو لە کورد دەردەخات. ئەم زەینە کلۆنیالانە حەول دەدەن لەڕێی بەرگرتن بە دەرکەوتنی کۆژیتۆی کوردی و سەپاندنی کۆژیتۆی ئیسلامی، لێنینستی، کەمالیستی، ئێرانیستی و عەڕەبی بوونێکی دەسکرد، دەستەمۆ و ملکەچ لە کورد بەرهەم بهێنن. واتە لەڕێی داگیرکردنی زەینی و مەعریفیی کورد، بەتاڵکردنی کورد وەک بوون لە کۆژیتۆی کوردی و نێوئاخنکردنی بە زەینێکی دەرەکیی داگیرکەر، سەربەخۆیی لە کورد داماڵن و بەر بگرن بە دەرکەوتنی بوونێکی سەربەخۆ لە کورد. واتە لەڕێی بەرگرتن بە دەرکەوتنی کورد وەک بیر، زەین و فەلسەفە بە مانای ئەندێشەی لۆژیکی و پاساوکەری فۆرمێک لە بوون یان کۆژیتۆی کوردی بە مانای بوونێکی خۆپێناسەکەر، خۆدەرخەر و خۆڕێکخەری سەربەخۆ، بەر دەگرن بە سەربەخۆیی کورد لە بوارەکانی تری کۆمەڵایەتی، سیاسی، کولتووری و ئابووری. ئا لێرەڕایە کە گرینگایەتیی کۆژیتۆی کوردی دەردەکەوێت و پێویستە تیشکی بخرێتە سەر و شرۆڤە بکرێت.

کۆژیتۆ دەستپێکی سەربەخۆیی

کۆژیتۆ دەستپێک، بنەما و ئەساسی هەستیە، کە لەو ڕا مرۆڤ وەک تەنیا سوژەی ڕاستەقینە بەو هۆیەوە کە مرۆڤ بیر دەکاتەوە و لەڕیی بیرکردنەوە خۆی، ئەویتر و جیهان دەردەخات، دەردەکەوێت، واتە لەڕێی کۆژیتۆ مرۆڤ دەگاتە ئەو پلە و بایەخە وەک سوژە کە هەموو بوونەکانیتر بوونیان دەروەست بە بوونی مرۆڤە. کۆژیتۆ لەڕێی "من بیر دەکەمەوە"ڕا دەردەکەوێت، ئەو ئەندێشە، زەین و هزرەی کە پێداگری دەکات لە ڕەسەنایەتی، هێز و حزووری مرۆڤ وەک تەوەرە و ناوەندی جیهان بەگشتی.

لە ڕاستیدا لەڕێی منی بیرمەند و منی بیرکەرەوەڕایە کە هەم خۆم وەک جیسم و هەموو جیهانی دەرەوەی من مەجالی دەرکەوتن و مسۆگەر بوون پەیدا دەکەن. بەگشتی دەشێ بگوترێ مرۆڤ بە بیرکردنەوە و بە دەرکەوتنی"من بیر دەکەمەوە" دەور و نەخشیکی تەوەریی لەنێو هەموو بوونەکانیتردا بۆخۆی مسۆگەر کرد و لەڕێی چەمکی "من بیر دەکەمەوە کە وابێ هەم" سەرکەوتنی منی مرۆڤ و پێگەی منی مرۆڤ کە لەخۆگری سەربەخۆیی منە بەسەر بوونەکانیتردا مسۆگەر دەبێت. بێ گومان ئەو یەقینە بە بوونی خود و بە من وەک کۆژیتۆ لە شک و گومانەوە دەست پێدەکات، مرۆڤ لەڕیی گومان خستنە سەر ئەو دیاردانەی کە ئەو لەخۆ دەگرن، پێناسەی دەکەن و شوناسی بۆ ساز دەکەن، دەتوانێ بە خودی ڕاستەقینە و خۆبنیادنەری بگات، مرۆڤ لە ڕێی گومان خستنەسەر ئەو شوناسە داسەپاوەی کە ئەویتری پاوانخواز، داگیرکەر و داپڵۆسێنەر بە سەریدا سەپاندوە دەگاتە خودی گەوهەری ڕاستەقینە. بەو پێیە دەشێ بگوترێ کە دەرکەوتنی من وەک کۆژیتۆ بە مانای منی خاوەن هزر و ئەندێشەی سەربەخۆ وەک بەرهەمێکی لۆکاڵی منی ڕەخسیو لە جەغزی ئەویترە کە ڕێگا بۆ سەربەخۆیی لە بوارەکانیتر دەڕەخسێنیت و بنەمای سەربەخۆییەکانیترە.

حەولە سەرەتاییەکان بۆ دەرکەوتنی کۆژیتۆی کوردی

کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدهەم کە هاوکاتە لەگەڵ دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان، لەلایەن مێقداد مەدحەت بەدرخان، و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمی زایینی کە هاوکاتە لەگەڵ دەرکەوتنی کۆڕ و کۆمەڵە کوردییەکان، دەشێ وەک دەستپێکی دەرکەوتنی ئاڵۆگۆڕی زەینی، حەول بۆ دەرخستنی ڕوانینێکی کوردانە لە کورد، بونیادنانی کوردبوونێکی لۆکاڵی بەدەر لە ڕوانگەی داگیرکەران و یۆریانتالیستەکان، ئاڵۆگۆڕی کۆمەڵایەتی و کولتووری لە کۆمەڵگوی کوردیدا پێناسە بکرێت. بەهۆی ئەوەی کە ئاڵۆگۆڕ لە ئیمپراتوریی عوسمانی بەشێوەی ڕێفۆرمخوازی و بزاڤی لالە و دەرکەوتنی کۆڕ و کۆمەڵە کۆمەڵایەتییەکان کە بەرهەمی ئاڵۆگۆڕ لە سیستمی فێرکاری، هاموشۆی کۆمەڵانی خوێندکار بۆ ڕۆژئاوای مۆدێرن، خوێندن لە

خویندگە مۆدێرنەکانی ڕۆژئاوادا، ئاڵوگۆڕی لە کولتووری کۆمەڵگە و ئەندێشەی کۆمەڵگەدا ساز کرد، لە وەها دۆخێکدا بوو کە یەکەم کۆڕ و کۆمەڵە کوردییەکان دەرکەوتن. کۆڕ و کۆمەڵە کوردییەکان دوو دیاردەی گرینگیان هەبوون، یەکەم ئەوە کە فۆرماسیۆنگەلێکی ڕووناکبیرانە بوون و دووهەم، نەتەوەخواز بوون (دوو دیاردەی کە وەک بنەما بۆ دەرکەوتنی کۆژێتۆی کوردی دەوری سەرەکی دەگێڕن). بنیادنەرانی ئەم کۆڕ و کۆمەڵانە کەسانی خوێندکار و خاوەن هزر و ئەندێشەی نوێ بوون. ئەوان بە حەول و کۆشش بۆ پەرەپێدانی هزر و ئایدیای نوێ لە ڕاستیدا بەگژ بیر و ئایدیای نەریتی و کۆنی کۆمەڵگەدا ڕۆ چوون و ڕەخنەگری کولتوور و ئایدیای نەریتی کۆمەڵگە بوون. هەروەها ئەوان بە بنیادنانی کۆڕ و کۆمەڵی کوردی و بزاڤێکی کۆمەڵایەتی بە کردەوە تێکۆشاون و لە کۆمەڵگەدا هەنگاویان بۆ وەدیهێنانی ئاڵوگۆڕ هەڵێناوەتەوە. بە کورتی دەشێ بگوترێ کە ئەندێشەی نوێ، کردەوە بۆ ئاڵوگۆڕی و کۆششی مەدەنیانە (ڕووەو کۆمەڵگە خەباتکردن نەک حەول بۆ دەسەڵات) سێ تایبەتمەندیی گرینگی ڕووناکبیرانن کە لە ڕێکخەڕانی کۆڕ و کۆمەڵە کوردییەکاندا هەبوو.

ئەم ڕەوتە بە زۆر هۆکار و یەک لەوان دەرکەوتنی دەسەڵاتە ئیمپریالیستیە شێوە مۆدێرنەکانی ڕەزاخانی لە ئێران، کەمالیستی لە تورکیە، کۆمۆنیستی و لە پاشان بەعسی لە عێراق و سووریە لە تەنیشت پەرە و هێژمۆنی ئایدۆلۆژی، عەقڵانییەت و دەسەڵاتی چەپی لێنینیستی لە ڕۆژهەڵاتی ناوین و هێژمۆنی ئەو ئایدۆلۆژییە لەنێو چینی خوێندکار و شێوە ڕووناکبیری کورد، ناکام مایەوە و کۆتایی پێ هات، لەگەڵ ئەوەدا ڕەوتی نەتەوەخوازی حەولی ڕێکخستنی کۆمەڵگە و بەدواچوونی بۆ مافەکانی کوردی دەدا، بەداخەوە هێژمۆنیی پۆزیتیڤیسم لەنێو نەتەوەخوازەکاندا هەموو حەول و کۆششەکانی لەنێو چوارچێوەی دەسەڵاتی سیاسیدا قەتیس کردبوو.

ئاڵوگۆڕ لەئاگایی تاکی کورددا

دابڕانی کۆمەڵگەی کوردی پاش شەڕی یەکەمی جیهانی لە ئەندێشە و ڕوانگەی نەریتی، دەشێ وەک یەکەم چرۆی فام و خۆئاگایی لەنێو تاک و کۆمەڵگەی کوردی ببیندرێت، ئەم فام و خۆئاگاییە بەشی زۆری بەرهەمی ئاڵوگۆڕی لە ژینگەی کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتووری ئەم ژێئۆپۆلەتیکانە بوو کە لەپاش شەڕی یەکەمی جیهانی کوردیان تێدا پارچە کرا و خەونەکانی کورد بۆ دامەزراندنی کیانێکی سەربەخۆی کوردی تیا نێژرا. بێگومان ئەم تێگەیشتن و فامە لەم دۆخە قەیرانامێزەش بەرهەمی پەرەی خوێندنی نوێ، ڕۆژنامەگەری کوردی و دەرکەوتنی کۆڕ و کۆمەڵە کوردییەکان بوو. تێگەیشتن لەوە کە کورد تورک، فارس و عەرەب نییە و ژینگەی ڕوانگەی و زەینیی ئەو جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەم سێ ژینگەیە؛ لە ڕاستیدا یەکەم هەنگاوی دەرکەوتنی کۆژێتۆی کورد بوو. بەڵام بەشێکی زۆری قەیرانەکە کە دەگەڕاوە سەر بنیاتنانی زەین و کردنەوەی دەلاقەیەکی کوردانەی بەڕوی کێشەکاندا هەر ماوەتەوە، کورد لە درێژەدا لەگەڵ ئەوەدا حەولی دەرخستنی جیاوازیی خۆی لەگەڵ ئەویتری تورک، فارس و عەرەب دەدا، بەڵام ڕێک لەنێو جوگرافیای زەینی ئەوێتردا خوێندنەوەی

بۆخۆی و ئەوی‌تر دەکرد، واتە بەشێک لە نەتەوەخوازانی کورد، حەولی پاساوکردنی نەتەوەخوازیان لە دەلاقەی ئایینڕا دەدا و بەم شێوەیە ئایینخوازی بوو بە چوارچێوەیەک بۆ پەروەردەی نەتەوەخوازی کوردی. کێشەی گرینگی ئەم ڕەوتە لەوەدا بوو کە ئایین وەک زەین و فۆرمێک لە عەقڵانییەت، هاوردەیەکی عەرەبی و ناکوردی بوو. بەشێکی‌تری کۆمەڵگەی کوردی لە دەلاقەی ئەندێشەکانی چەپ (لێنینیسم، مائۆئیسم و ئانارشیسم) ڕا خوێندنەوەیان بۆ قەیرانەکانی کۆمەڵگەی کوردی و یەک لەوان قەیرانی نەتەوەیی دەکرد. ئەم بەشەش بوونە دوو تاقم: تاقمێکیان ئەساسەن نکۆڵییان لە نەتەوەخوازی دەکرد و وەک دیاردەیەکی بۆرژوازی و ئیمپریالیستییان پێناسە دەکرد، تاقمی دووهەمیش حەولیان دا چەپ وەک چوارچێوەیەک بۆ پەرەی نەتەوەخوازیی کوردی بەکار بێنن. کێشەی ئەم دیاردەیەش ئەمە بوو، کە ئەساسەن چەپ وەک ئەندێشە و زەین هیچ تایبەتمەندێکی وێکچووی لەگەڵ کۆمەڵگە، ژینگە و تاکی کورد نەبوو، واتە تاک و کۆمەڵگەی کورد لە غیابی زەینێکی کوردانە بەر لەوەکە وەک سوژەیەکی کوردی دەربکەون، بوونە ئۆبژە و کەرەسەی بیرۆکەی چەپ.

بەشیکی‌تری کۆمەڵگەی کوردی حەولیان دەدا نەتەوەخوازی کوردی لە دەلاقەی زەین، فام و تێگەیشتنی نەتەوەی باڵادەستی تورک، فارس و عەرەبڕا بخوێننەوە، واتە نەتەوەخوازی تورکی، فارسی و عەرەبی جیهانێکی مەعریفی و چوارچێوەیەک بوو کە لەودا خەریکی پەروەردەی نەتەوەخوازی کوردی بوون، گرینگترین کێشەی ئەم ڕەوتەش لەوەدا بوو کە ئەساسەن ئەم سێ فۆرم لە نەتەوەخوازییە هیچ باوەڕێکی بە کۆژیتۆی کورد نەبوو و ئەساسەن ڕوانگەیەکی ئۆبژێکتیڤیستانەیان بە نیسبەت کورد و ئەوییتری خۆیان هەبوو.

ئاکام

بێگومان دەستپێکی سەربەخۆیی لە ڕواڵەتی سیاسیدا بەرهەمی سەربەخۆیی زەینی، ئاگایی و سەربەخۆیی لە فام و تێگەیشتنە، واتە دەلاقەیەکی مەعریفی بۆ ڕوانیین، شرۆڤە و فامی "خۆد"، "ئەویتر" و جیهان کە بەرهەمی ژینگەی کۆمەڵایەتی "خود" بێت، واتە دەرکەوتنی "کۆژیتۆ" سەرەتا و چەخماخەی هەر فۆرم لە سەربەخۆییەکە، ئەم کۆژیتۆیە خاوەنی جیهانێکی زەینی و مەعریفیە کە سنووربەندی هەیە لە فام و تێگەیشتن لەگەڵ ئەویتر و لە دەرەوەی سنووری زەینی ئەویتردا کایە دەکات. کۆژیتۆ وەک خۆی بیر دەکاتەوە و سەرەتا ژینۆپۆلۆتیکێکی زەینی و مەعریفی بنیاد دەنێت و هەر ئەمەش دەبێتە نەخشە ڕێگای کردە و کردەوەکانی. لە غیابی کۆژیتۆی کوردی "بوونێکی کە کوردانە بیر دەکاتەوە و لەژێر ڕێنمایی بیری کوردانەیدا هەڵسوکەوت دەکات" مافی کورد وەک بوونێکی کورد کە نە تورکە، نە فارسە و نە عەرەب دەستەبەر نابێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٩ی بەفرانباری ٢٧٢٢

ئازادی وەک ئەمری سیاسیی کوردی



لەبڕی پێشەکی:

ناڕەزایەتی، تێکهەڵچوونی کۆمەڵایەتی و سیاسی، خواستی ئاڵوگۆڕی و گۆڕین، گرژی، تووندوتیژی و هەموو دیاردەکانی تری لەم شێوەیە ئاماژەیەکی ڕوونە بە هەبوونی قەیران، کێشە، کەلێن و دابڕان لەنێو کۆمەڵگەدا. بە مانای کارتێکەرنەبوون، شەرعییەتلەدەستدان، و نەمانی بڕەوی کولتووری کۆمەڵایەتی، سیاسی، بەها و نۆرمەکانە. ئەوانە ئاماژەیەکن بە خواست بۆ گۆڕین و لادانی زۆر دیاردەی مسۆگەر، چەسپاو و داسەپاو.

ئەمەی لەو ناوەدا گرینگە ئەوەیە کە شێواز و ئاسۆی ئەم دیاردانە لە کۆمەڵگەیەک ڕا بەرەو کۆمەڵگەیەکی تر جیاوازیی هەیە. لە کۆمەڵگە دێموکراتیکەکاندا ئەمری ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووری ڕەنگە بەرچاوترین بن و شێوازی مەدەنی و هێمنانە دیارترین شێواز. بەڵام لە کۆمەڵگە دیکتاتۆرەکاندا بێگومان ئەمری سیاسی و ئازادی وەک ئەمری سیاسی گرینگترین دیاردەیە و شێوازی شۆڕش دیارترین شێوازی ئاڵوگۆڕیە. لە ئێران وەک کۆمەڵگەیەکی دیکتاتۆر چ لە ڕووی گوتاریەوە، چ لە ڕووی کولتووریە و؛ چ لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، ئازادی وەک ئەمری سیاسی و، شۆڕش وەک شێواز بەرچاوترین دیاردەکانی مێژووی سیاسیی هاوچەرخی ئێران بوون لە ماوەی سەدسالّی ڕابردوودا؛ بەهۆی ئەوەکە هیچ مەجالێکی ڕێفۆرمخوازانە بۆ تێپەڕین لە دیکتاتۆرییەت و پاوانخوازێتیی سیاسی لە ئێران هیچکات نەڕەخساوە.

ئازادی و ئازادیخوازی:

کانت لەسەر ئەو باوەڕەیە ئازادی بە مانایی توانایی دەستپێکی کۆگشتییەک لە ڕووداوەکانە لەلایەن "خود". بەو پێیە دەشێ بگوترێ ئازادی بە مانای توانایی خود بۆ خۆدەرخستن، فام لەڕیی توانایی عەقڵی خۆی و توانایی خۆداڕشتن و خۆپێناسەکردن دیاردەیەکی مۆدێڕنە کە بە دێکارتەوە دەست پێ دەکات. بەڵام ئازادیخواز وەک ئەکت و کردە لە نووسراوەکانی ویلیام بێلشام لە سەدەی ١٨دا دەرکەوت. ئەو لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە جیاوازی هەیە لەنێوان ئازادی بەو مانایەی کە زەین پاڵنەرەکان هەڵدەبژێرێت و ئەو زەروورەتانەی کە پاڵنەرەکانی زەین دیاری دەکات. ئازادی سەلمێنەری شیاویی مرۆڤ و تاکە بۆ هەر جۆرە هەڵسوکەوتێک لە حەوزەی فام، پێناسە و تێگەیشتندا.

ئازادیخوازی باسی دیاردەی توانایی مرۆڤ دەکات لە بەرانبەر زۆرداری و زۆر بەسەرداسەپاندن، ئازادیخوازی لە ڕاستیدا زۆرداری و زۆر وەک دژبەری ئیرادەی ئازادی پێناسە دەکات. ئازادیخوازی لەسەر دوو بنەمای سەرەکی بنیات نراوە: یەکەم شەرعییەتی توانایی ڕاپەڕاندنی ئەرک بە شێوەیەکی جیاواز و دووهەم بەرپرسیاریەتیی کۆتایی. ئەم دوو بنەمایە یەکەم ئاماژەیەکە بە جیاوازبوونی هەڵبژاردنی بژاردەکان لەلایەن تاکەوە بەهۆی جیاوازیی کات و شوێنەکان و دووهەم بەرپرسیاریەتیی مرۆڤەکان لە ئازادی و ئیختیاردا، واتە مرۆڤ کاتێ بەرپرسیارە کە ئازادی هەڵبژاردنی هەبێت. بەگشتی ئازادیخوازی ئەسڵی هێرشنەکردنە بۆ سەر ئەوانیتر.

هەرزەیی چەمکەکان لە کولتووری ئێرانیدا

بنەما و مەبەستی ئاڵوگۆڕەکان لە ڕۆژئاوا لەم شوێن و کاتەوە دەست پێ دەکات کە دێکارت بە دوو ڕەستە مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە نێو چەقی ژیان، کۆمەڵگە و مێژوو. یەکەم جار بە شککردن لە دیاردە زەینی و ڕوانگەکانیدا کە بەرهەمی ژیان لەنێو ژینگەیەکەی کۆمەڵایەتی و کولتووری و زەمانێکی تایبەتدا بوو. ئەو حەوڵ دەدات هەموو ئەم ئەندێشە، فام و ئاگاییانەی کە وەک ئەزموونی زەینی وەری گرتوون لە بێژنگیان بدات و وەردەیان بداتەوە. دوایش لەڕیی "من بیر دەکەمەوە" حەوڵ دەدات ئەندێشە و زەینی خۆی بکاتەوە بە چەقی فام و تێگەیشتوویی و بەم شێوەیە لە بوونێکی بەرکار، دەسکرد، ڕاهێنراو، ڕاهاتوو و دەستەموو بڕەخسێت، ئازاد بێت و سەربەخۆ بێت. واتە بوونێکی بکەر، خۆدەرخەر، خۆڕەخسێنەر و خۆبەرهەمهێن دەربخات. بەکورتی لە مرۆڤێکی یەخسیر بەرەو مرۆڤێکی ئازاد هەنگاو دەنێت. لە ڕاستیدا ئازادی سەرەتا و دەسپێکی جیهان، ئەندێشەی مۆدێڕن و دەرکەوتنی مۆدێڕنیتە، واتە گەڕانەوەی مرۆڤی بیرمەند، خاوەن ئەندێشە و سەربەخۆ بۆ نێو چەقی ژیان، جیهان و مێژوو بە مانای ئازادی و ڕەخسان لە کۆیلەیی و یەخسیریی سەرەتای

دەرچوون لە جیهانی نەریتی و کلاسیک بەرەو جیهانی مۆدێرنە.
ئالۆگۆڕەکانی دوایی لە کۆمەڵگە، کولتوور، ئابووری و سیاسەت هەر لەسەر ئەساس و تەوەرەی ئازادیی مرۆڤ ڕووی دا. بۆ وێنە دەرکەوتنی کۆمەڵگەی مەدەنی، لیبرالیزم، مرۆڤخوازی، عەدالەتخوازی، دێموکراسی و دەوڵەتی دیمۆکراتیک هەموویان لەسەر ئەساس و تەوەربوونی ئازادیی تاک و بە مەبەستی پاراستن، پەرە و پەیڕەوی ئەم ئەندێشەیە دەرکەوتن و سەریان هەڵدا.

بەڵام ئەمەی لە ئێران دەرکەوت و سەری هەڵدا، ڕێک پێچەوانە و دژی ئەم ئالۆگۆڕانە بوو کە لە ڕۆژئاوا وەک مۆدێرنیتە دەرکەوت و سەری هەڵدا. ئێرانییەکان شێوە مۆدێرنیتە، شێوە ئازادی، دەوڵەتی شێوە مۆدێرن و دیاردە شێوە نوێیەکانیان بە مەبەستی سەرکوتی تاکی ئازادیخواز، بەرهەمهێنانی بوونی دەستەمۆ، دیل و بەرکار دەکار هێنا. ئەوان لە هەموو کەرەستەیەک کەڵکیان وەرگرت تا بەر بگرن بە دەرکەوتنی بوونی ئازاد، سەربەخۆ و خۆبنیاتنەر، بۆیەش بە بەرهەمهێنانی گوتار و ئایدۆلۆژیی گشتگیر و ڕادیکاڵ، بەرهەمهێنی داگیرکاری، پاوانخوازی و دیکتاتۆرییەت بوون.

گرینگترین دیاردەی شێوە مۆدێرن کە وەک بنەما لە ئێران دەرکەوت تا لەسەر ئەساسی ئەو، دیاردە سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان پەرە بستێنن. ناسیۆنالیزمی ئێرانی بوو کە بەپێچەوانەی ناسیۆنالیزمی نەتەوەتەورە کە درێژەی سوبژێکتیسمی دێکارتی بوو، و سوبژەی لە تاک ڕا گواستەوە بۆ گشت، تاک و گشتی ئۆبژەی بەرهەمهێنایەوە بە مەبەستی پارستن، پەرە و بەڕێڵاویی دەسەڵاتی سیاسی. بەکورتی دەشێ بگوترێ کە ئالۆگۆڕەکان لە ئێران بە هۆی ئەوە کە چەمکەکان بەردەوام لەلایەن دەسەڵاتەوە لە نێوەڕۆکی نوێ و مۆدێرنی خۆی بەتاڵ کرا و نێوئاخنی کردن بەدیاردە تەواو نەریتییەکان، بەگشتی چەمکە نوێ و مۆدێرنەکان تووشی هەرزەیی بوون. ئەم هەرزەییە خۆی لە سێ ئاستی ئایدۆلۆژیکدا دەدیتەوە، نەتەوەخوازیی ڕەچەڵەکی کە ڕەزاشا و حەمەڕەزای پەهلەوی و سەڵتەنەتخوازەکانی ئێستا خۆیان تێدا پێناسە دەکرد و دەکەن. دووهەم ئایینخوازەکانی مەشرووتەخواز و لە کۆماری ئیسلامیدا ڕێخۆرمخواز. سێهەم چەپی ئۆرتۆدۆکسی کە خۆیان لە تووده، چریکەکانی فیدایی خەڵق و ئێستاش لایەنەکانی وەک حیکمەتیست و کۆمۆنیستی کرێکاریدا دەبیننەوە.
وێکچوویی بنەڕەتی و سەرەکیی هەمووی ئەم لایەنانە دژایەتی لەگەڵ سوبژێکتیسم بە مانای سەربەخۆیی تاک وەک بنەمای پلۆرالیزم، کەلانڕەوایەتی و مۆنۆلۆگ بوونە کە دەشێ بەگشتی وەک دژایەتی لەگەڵ مۆدێرنیتە پێناسە بکرێت. هەربۆیەش بەهۆی ئەو نیزامە مەعریفەتناسە پاوانخواز و نەریتییە هیچ ڕەوتێکی دێمۆکراتیزاسیونی لە ئێران نە هاتۆتە ئاراوە، نە دێتە ئاراوە و نە دەردەکەوێت.

ئازادی و ئازادیخوازی لە کوردستان:

ئەگەر کورد تا سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانی بوونیکی ئۆبژەیە و لە چوارچێوەی شوناسی ئەوی تر دایە، بەجۆرێک کە

لەڕیی ئایینخوازییەوە دەکەوێتە بەرەی عووسمانی و تووشی کوشتار و ژێنۆساید دەبێت، ئەوا لە پاش شەڕی یەکەم حەوڵەکانی کۆڕ و کۆمەڵە کوردییەکان، ڕووناکبیرانی کورد و ڕۆژنامەنووسانی کورد بە مەبەستی دەرخستنی شوناسێکی کوردانە، سەربەخۆیانە و خۆسەروەرانە لە کورد، کۆششێکی مۆدێرن، سوبژێکتیستانەیە و هەر بەو پێیەش ئازادیخوازنەیە بۆ دەرخستنی کورد لە کۆیلەیی، کۆتی شوناس، فۆڕمی زەینی و چوارچێوەی مەعریفی داهێنراوی ئەوی تری کورد.

ئەم دۆخە دەستپێکی دەرچوون لە نیزامی مەعریفەتناسانەی داڕێژراوی ئەوی تری کورد و هەنگاوێکە بۆ بنیاتنانی نیزامیکی مەعریفەتناسانەی کوردی وەک ڕایەڵێک بۆ لێکگرێدانەوەی کورد وەک کۆگشتییەکی پارچەکراو، بۆیە دەشێ بگوترێ کە دەستپێکی ئازادیخوازیی کوردی وەک حەولێکی مۆدێرن و سۆبژێکتیڤیستانە بە مەبەستی دەرکەوتنی وەک فۆڕمێکی سەربەخۆ و جیاواز لەوی تر لە پاش شەڕی یەکەمی جیهانییە. دیارە بنەماکانی ئەم ڕەوتە هەر لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم ڕا داندرابوو، بەڵام وەک ڕەوت لە پاش شەڕی یەکەم گشتگیر دەبێت و کوردایەتی وەک کۆششێکی سەربەخۆیانە لە فۆڕمی زەینیدا دەبێتە بنەمای شۆڕشەکانی کوردی. ئیتر لەمەو بەدوا خەبات بۆ ڕەخساندنی تاکی کورد و کۆمەڵگەی کوردی لە چوارچێوە مانایی و ڕواڵەتی داسەپاو لەلایەن ئەویتری خاوەن دەسەڵات، هێژمۆن و دژە کورد دەبێتە ئامانجی شۆڕشەکانی کوردی.

ئەمری سیاسیی فارسی لەسەر بنەمای دۆست و دوژمن بنیات نراوە، ئەم دۆستە لە ئێرانخوازیی پەهلەویدا تاکی موستەحیلی بوو لەنێو شوناس و فۆرماسیونی ئێرانیدا بوو، لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا تاکی موستەحیلبوو لەنێو شوناس و فۆرماسیۆنی زەینی شیعەدایە. هەر بەو پێیە دەشێ بگوترێ کە گرینگترین تایبەتمەندیی ئەمری سیاسی فارسی دیکتاتۆری، پاوانخوازێتی و دوگماتیزمە. دوژمن هەموو تاک و کۆمەڵگەکان لەخۆ دەگرێت کە دژی شوناسی داسەپاوی ئێرانین، دژی کۆیلەیی، دەستەمۆیی و خوازیاری ئازادین.

کە وابێ ئەمری سیاسیی دژبەری ئەمری سیاسی فارسی دەشێ لەسەر بنەمای دیکتاتۆرییەت و ئازادی بنیات بندرێت، واتە وەک دژایەتی و بەرپەرچدانەوەی پاوانخوازێتی و نەریتخوازی ئەمری سیاسی فارسی کە دیکتاتۆرییە، ئەمری سیاسی کوردی پێویستە ئازادیخواز بێت. ئازادی بە مانای شەرعییەتی دەرکەوتنی تاک و کۆمەڵگەی جیاواز، پێشگرتن بە هەرجۆرە هێرشێک بۆ سەر شوناس و جیهانی زەینی کوردی، شیاوی و توانایی خۆدەرخستن، خۆڕێکخستن و خۆبنیاتنان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٣ی جۆزەردانی ٢٧٢٣

شاهۆ حوسێنی: کۆمەڵگەی کوردستان دەتوانێ بنیادنەر، هەڵگر و پەرەپێدەری دیسکۆرسی ئازادیخوازانە بێت



کوردستان میدیا

ئاماژە:

شاهۆ حوسێنی، چاودێری سیاسی لە دیمانەیەکدا لەگەڵ کوردستان‌میدیا باس لەوە دەکات کە ئیسرائیل بە کوشتنی ئیسماعیل هەنیە، حەسەن نەسروڵڵا و زۆر لە فەرماندەرانی نیزامیی ئێران لە ڕاستیدا بەم شێوەیە پەیامێکی ڕوونیدا بە تاران و بە پێکەن داوە کە هیچ نەزمێکی ئەمنییەتی بەدژ ئەهوەنی ئیسرائیل لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین جێگیر نابێت. ناوبراو پێوەندیدار بە دۆخی کورد لە هاوکێشەکانی ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تیشکی خستە سەر ئەوە کە ئێمە پێویستیمان بەهێزی کوردی و کوردستانی بەهێزی زەینی هەیە تا بە پشتیوانی ئەو بتوانین ڕووبەڕووی دژبەران بینەوە، ئەمەش بەر لە هەموو هێزێکی سیاسی، ئەرکی بیرمەند و ڕووناکبیری کورد کە هێزی سیاسی کوردی بەهۆی هێژمۆنی پێویستە مەجالی بۆ بڕەخسێنێت.

کوردستان میدیا: پەرەسەندنی گرژی و ئاڵۆزییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەت دوای کوشتنی ئیسماعیل هەنیە لە تاران و حەسەن نەسرۆڵڵا لە بەیروت کۆماری ئیسلامی هاندا کە قورستر هێرش بکاتە سەر ئیسرائیل، خوێندنەوەی بەڕێزتان بۆ ڕەوتی ڕووداوەکانی ناوچەکە چییە؟

شاهۆ حوسێنی: ئەم شەڕە ڕاستەوخۆییەی کە ئێستا لە نێوان ئێران و ئیسرائیل خەریکە زیاتر پەرە دەستێنێت لەڕاستیدا لە تەنیشت شەڕی نەرمی ئایدۆلۆژیکی کە لەسەر ئەساسی فۆندامێنتالیزمی ئایینی بنیادنراوە، کارتێکەریی ژێئۆپۆلەتیکی پێوە

دیارە و ئەم کارتێکەرییە بەتایبەت لە پاش ئەوە کە لە سەردەمی باراک ئۆباما‌دا سیاسەتی ناوچەیی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوڕاست کرا -بەمەبەستی پەرەی حزووری ئەمریکا لە زەریای چین و ڕۆژهەڵاتی دووری ئاسیا بە ئامانجی پێشگرتن بە هێژمۆنی نیزامی و سیاسی چین و کەمکردنەوە لە هەڕەشەکان بۆ سەر تایوان- ئێران مەجالێکی بەربڵاوتری بۆ ڕەخسا بۆ پەرەی زیاتری هێژمۆنی و لەهەمان کاتیشدا چین بۆ کەمکردنەوەی گوشاری حزووری ئەمریکا لە زەریای چین و ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، حەولی دزەکردنی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤینیدا و ئێرانیش ئەمەی بە دەرفەتێک بۆخۆی دەزانی. لەوەها دۆخێکدا دۆناڵد تڕامپ سەرۆککۆماری پاش باراک ئۆباما لەڕیی پەیمانی ئیبراهیم حەولی دا ئەهوەنی نێونەتەوەیی زیاتری بۆ ئیسڕائیل دابین بکات، بەڵام هاتنە سەرکاری جۆبایدن ئیسڕائیلی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین تا ڕادەیەک تەنیا هێشتەوە. ئیسڕائیل لەمەوبەدوا دۆکتۆرینی ئەهوەنی نێونەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤینی لا گرینگتر بوو و بەپێچەوانەی پێشووتر کە کەمتر حەولی خۆتێوەردانی لە موحیتی ئەهوەنی ڕۆژهەڵاتی ناوڤین دەدا، ئەمجار ئەکتیڤتر هاتە نێو کایەی ئەهوەنی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین و ئەمەش بەهۆی بەربڵاوتر بوونی هەڕەشەکانی ئێران لەڕیی گرووپە تێرۆریستییەکان لە لوبنان، سووریا، عێراق و یەمەن بوو. لەڕاستیدا دۆکتۆرینی ئەهوەنی نێونەتەوەیی ئیسڕائیل درێژەی دۆکتۆرینی ئەهوەنی نەوەتەوەیی بوو کە بە هەموو شێوەیەک لە نێوخۆ بۆ پاراستنی ئەهوەنی و پەرەی ناوخۆیی ڕەچاو دەکرا بۆ پێشگرتن لە هەر جۆرە هەڕەشەیەکی ئەهوەنی لەناو ژێئۆپۆلەتیکی ئیسڕائیلدا لەلایەن حەماس و ڕێکخراوە تێرۆریستییەکانیتری فەلەستینی. ئیسڕائیل بە تایبەت لەپاش ڕێکەوتنی حەماس، فەتح و گرووپەکانیتری فەلسەتینی لە چین و بەنێوەندگری پێکەن لە ٢٣ ژووئیە لەپاش هێرشەکەی حەماس بۆ سەر ئیسڕائیل لە ١٧ ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣ بەستێنێکی لەبار بوو بۆ دەستێوەردانەکانی چین لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین و پەرەی ئەمنییەتی چین لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین، هەر ئەمەش بوو کە ئیسڕائیلی خستە جموجۆڵی زیاتر و لە تاران ئیسماعیل هەنییەی لەناو برد. لە ڕاستیدا بەم شێوەیە پەیامێکی ڕوونیدا بە تاران و بە پێکەن، کە هیچ نەزمێکی ئەمنییەتی بەدژ ئەهوەنی ئیسڕائیل لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین جێگیر نابێت. بەم شێوەیە تێکەهڵچوونی نێوان ئێران و ئیسڕائیل ڕۆژ بەڕۆژ لە پەرەدایە و ئیسڕائیل بە تووندترین شێوە ڕووبەڕوویی کۆماری ئیسلامی بۆتەوە لە بەرزترین ئاستدا، هەتا هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی لە دوو ئاستی نێوخۆیی و نێونەتەوەییدا بۆ سەر ئیسڕائیل لەنێو بەرێت.

کوردستان میدیا: ئایا ئیسڕائیل لێبڕاوە بۆ هێرشکردنە سەر دامەزراوە ناوکییەکانی ڕێژیم، یان ئیمکانی ڕێکەوتنێک لەگەڵ ڕێژیم لە ئارادایە؟

شاهۆ حوسێنی: ئەم شەڕەی ئیسڕائیل لەگەڵ تاران بۆ ئیسڕائیل و بۆ تاران دوو تایبەتمەندی جیاوازی هەیە. تاران خوازیاری پەرەی هێژمۆنی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین، چەسپاندنی ژێئۆپۆلەتیکی شیعە لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین و بەگشتی ئیمپڕاتۆرییەتی شیعەیە لە ڕێی سڕینەوەی هەموو دژبەرەکانی. بەپێچەوانە ئیسڕائیل بەهیچ شێوەیەک خوازیاری پەرەی

هێژمۆنی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین نییە. حزووری ئیسرائیل لە موحیتی ئەمنییەتی ڕۆژهەڵاتی ناڤین تەنیا بە مەبەستی دەستەبەرکردنی ئەهوەنی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی خۆیەتی لەڕێی هەڕەشە سڕینەوەی گرووپە تێرۆریستییەکانی و هەڕەشەکانی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل، بۆیەش هەتا دەستەبەرکردنی ئەهوەنی تێکهەڵچوون هەر بەردەوام دەبێت و ئیسرائیل شێلگیر دەبێت لە گورز وەشاندن لە کۆماری ئیسلامی و کۆماری ئیسلامییش لانیکەم لەبەر دەستەبەرکردنی چاوەڕوانی لایەنگرانی ناچارە درێژە بەم شەڕە بدات، چوون لە ئەگەری ڕێکەوتن لەگەڵ ئیسرائیل و لە نێوچوونی موحیتی قەیران لە دەرەوە، بیروڕای گشتی کۆمەڵانی خەڵک لەنێوخۆ ئەمجارە زۆر شێلگیرانەتر و ڕادیکاڵتر بەگژ کۆماری ئیسلامیدا دەچن بەهۆی ناکارامەیی، فەساد و گەندەڵی و دیکتاتۆرییەت.

کوردستان میدیا: کارناسان و چاودێرانی سیاسی پێیان وایە ئیسرائیل دوای ئەوەی کە هێرشەکانی بۆ سەر گرووپەکانی ڕێژیم کۆتایی پێ بێ، هیچ دوور نییە هێرش بکاتە سەر ئێرانیش. بۆچوونی بەڕێزتان بۆ ئەم قسانە چییە؟ ئایا ئەمە بە جۆرێک سیناریۆی ڕێژیم بۆ چاوترسێنکردنی خەڵک لە شەڕ و سەندنەوەی کاتی زیاترە، یان بە قەولّی فارس دەڵێ" بە خط آخر رسیدیم" بە جۆرێک ئیعتراف بە دارمانی ڕێژیمە؟

شاهۆ حوسێنی: من لەسەر ئەو باوەڕەم ئیسرائیل ئەمجارە زۆر بە حەوسەلە موديرييەتی شەڕ لەگەڵ ئێران دەکات، ئیسرائیل ولاّمی زۆر قورس بە ئێران دەداتەوە و ئەمەش لێرەوە دەبینم کە زەبری وێرانکەر، چاوەڕوانەکراو و قەرەبوونەکراوەی هەم لەحەماس داوە و هەم لە حیزبۆڵلا. ئیسرائیل بەتەمایە بە یەکجاری حیزبۆڵلا و حەماس زەوێگیر بکات، لە کاریان بخات بەجۆرێ کە هێزی هیچ جموجۆڵێکی نیزامیان نەمێنیت (بەڵام مەجالی سیاسییان لێ ناستێنێت)، ئینجا کە باسکەکانی پشتیوانیکەری ئێرانی لە سنوورەکانی خۆی لەناو برد نۆبەی ئێران، ڕێکخراوە تێرۆریستییەکان لە عێراق و بە ئەگەری زۆریش لە یەمەن دەدات، من لەسەر ئەو باوەڕەم کە ئیسرائیل ئیرادەی جیددی ئەوەیە کە ئەهوەنێکی مسۆگەر و پایەدار بۆخۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوڕاست و بەستێنەکانی هەڕەشە لانیکەم تا ماوەیەکی دوور و درێژ بۆ سەر ئیسرائیل لەناو بەرێت.

کوردستان میدیا: دەوڵەتی ئیسرائیل دوای کوشتنی حەسەن نەسرۆڵڵا بە ئاشکرا ڕایگەیاند کە بە دوای دروستکردنی نەزمێکی نوێیە لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین، پرسیار ئەوەیە کە ئایا ئەم نەزمە نوێیە دەتوانێ ببێتە هۆی کردنەوەی فەزایەکی سیاسی و مەیدانی بۆ کوردستان؟ یان کورد لە کوێ ئەو نەزمە نوێیە جێ دەگرێ؟

شاهۆ حوسێنی: کوردستان ئەزموونێکی سیاسی، نیزامی و مەدەنیی بەربڵاو درێژمەودای هەیە، بەجۆرێکە ئەم ئەزموونە بە بەراوەرد لەگەڵ گەلانیتری نێو ئێران یەکجار پێشکەوتوو، بەربڵاو و ڕادیکاڵە، بەڵام چەقی کێشە و قەیرانی کوردستان ئەوەیە، کە کوردستان وەک چەمک، مەفهووم و ئاگایی نەبۆتە دیاردەیەکی گشتگیری هاوبەش لەناو هێزە سیاسییە

جیاوازەکان لەلایەک و لەلایەکیتر لەناو هێزی سیاسی و هێزی مەدەنی ناو کۆمەڵگە، ئەم لێکدابڕاویە زەینی و مەعریفیە بۆتە هۆی دابڕانی ئاگایی، فامی و تێگەیشتووی و لەئاکامدا دابڕاوی و لێکترازانی گشتی کۆمەڵگە، بەگشتی کورد و کوردستان لە ساحەی سیاسی کوردستاندا و لەناو هێزە سیاسییەکانی کوردستاندا چەمکگەلێک و دیاردەگەلێکی مەعتووف بە دەسەڵات، حکوومەت، هێژمۆنی و نفووزی سیاسین، تا چەمکگەلێکی مەعتووف بە شعوو و ئاگایی نەتەوەیی و تێگەیشتوویەکی سوبژێکتیڤانە لەناو زەینی تاک و کۆمەڵگەدا، ڕەوتی یەکەم لێکترازان و دابڕاوی لێکەوتۆتەوە و ڕەوتی دووهەم دەتوانێ بەرهەمهێنی یەکگرتوویی و ئیتحاد بێت، ئەو دیاردەیەی کە دەتوانێ بەستێن و جەوهەری هێزی کوردی نەک لە نێوخۆ بەڵکوو لە دەرەوەی سنووورەکانی کوردستانیش بێت و لە کێشەی ناوچەییشدا کورد بتوانێ دەور بگێڕێت.

کوردستان میدیا: پێتان وایە ئەرکی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بە تایبەت لەم قۆناغە هەستیارەدا کە وەک باس دەکری دەستی لایەنی دەرەکی بۆ هێنانەوەی "کوڕی شا"و زەقکردنەوەی لە میدیاکان لە ئارادایە چییە؟

شاهۆ حوسێنی: من پێوایە دیسکۆرسی زاڵ بەسەر فەزای گشتی کۆمەڵگەی فارسدا لەژێر کارتێکەری فۆندامێنتالیزمی شیعە، دیسکۆرسێکی ناجێخواز، بناژۆخواز، پاوانخواز و دژە ئەوێترە، ئەم دیسکۆرسە بەردەوام دیکتاتۆرییەت، پاوانکردنی سیاسی، ئەوێتر سڕینەوەی لێدەکەوێتەوە.کەوابێ بێهوودەیە لە مرۆڤی فارس بەگشتی چاوەڕوانی وبکەهڵکردن و هاوزیستی دوور لە کێشە و قەیران. ئەوەیکە بۆتە سەرچاوەی هێز بۆ پۆزیسیون و ئۆپۆزیسیونی فارس لەڕاستیدا بەناخی مێشکدا ڕۆچوون و هاوبەش بوونی تاک و کۆمەڵگەی فارسی لەم دیاردەیە دایە، واتە ئەوان بەهەموو ڕوانگە جیاوازەکان خاوەن تایبەتمەندی وێکچووی وێژمانین بۆیەش هەر لایەنێک هێژمۆن بێت، فارس یەکگرتوو دەبێت. لەبەرامبەردا کۆمەڵگەی کوردستان دەتوانێ وەک دیسکۆرسی ڕەقیب بنیادنەر، هەڵگر و پەرەپێدەری دیسکۆرسی ئازادیخوازانە بێت، واتە زەینی تاکی کورد ببێتە بەستێنی باوەڕ بە سووژەی سەربەخۆی کوردی، سنووبەندیەکی وێژمانی، مەعریفی و زەینی لە نێوان خۆی و ئەویتری فارسی پاوانخوازدا ساز بکات و بەر لەوەکە لە فکری ڕێکەوتن لەگەڵ ئەویتری فارس بێت بۆ دەستەبەرکردنی بەشی دەسەڵات و وەرگرتنی ڕانتی دەسەڵات، لەفرکی یەکگرتوو کردنی تاک و کۆمەڵگەی کوردیدا بێت لەسەر ئەساس و بنەمای شەرعییەتی سەربەخۆیی کورد و کوردستان و ئینجا دەشکرێ لەگەڵ نەتەوەکانیتر لەناو جەغزی زەینییەتێکی باوەڕمەند بە فرەیی و پلۆرالیزم ژیانی هاوبەش بەڕێ بکرێت، بەڵام لە دۆخی ئێستای ئێراندا بەهیچ شێوەیەک ئەم بەستێنە بوونی نییە، بۆیە ئێمە پێویستیمان بەهێزی کوردی و کوردستانی بەهێزی زەینی هەیە تا بە پشتیوانی ئەو بتوانین ڕووبەڕووی دژبەران ببینەوە، ئەمەش بەر لە هەموو هێزێکی سیاسی، ئەرکی بیرمەند و ڕووناکبیری کوردە کە هێزی سیاسی کوردی بەهۆی هێژمۆنی پێویستە مەجالی بۆ بڕەخسێنێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٠ی ڕەزبەری ٢٧٢٤

شاهۆ حوسێنی: بەربەستێکی دەروونیی ناسیۆنالیزمی کوردی کێشەی هزری و گوتارییە، نەک بەتەنیا سیاسی



دیمانە: حەسەن شێخانی

ئاماژە:

پرسی نەتەوە بۆ ئەو نەتەوانەی خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیانن و ناسنامەی نەتەوەییان جێگیر بووە و هیچ مەترسییەکیان لەسەر نەماوە، لە ڕۆژهۆ کەوتووە. ئەم نەتەوانە بە شێوەیەکی دەزگامەند و دامەزراوەیی، لەپێناو نەتەوە و بەرژەوەندیی نەتەوەیی خۆیان کار دەکەن و وێڕای ئەوەی کە بەردەوام خەریکی نوێکردنەوەی نەتەوە و گونجاندنی لەگەڵ سەردەمدان، بەڵام لە کاتی ئاساییدا لە ڕاگەیەنەکاندا ڕیتۆریکی نەتەوە و نەتەوەخوازی بەرچاو ناکەوێت. کە دەڵێین لە ڕۆژهۆ کەوتووە، بەو مانایەیە کە بۆ نەتەوە بندەست و داگیرکراوەکان لە ئارادایە، ئەگینا تا ئەم نەزمە وێستفالییە هەبێت و تا نەتەوەکان لە چوارچێوەی دەوڵەت – نەتەوەدا خۆیان ڕێک بخەن و نوێنەرایەتی بکەن، چەمکی نەتەوە و نەتەوایەتی هەروا زیندوو و بەرۆژە. پرسی نەتەوە بۆ کورد وەک نەتەوەیەکی بندەست کە خاکی داگیر کراوە، لە ڕۆژهۆدایە و تا ئەو کاتەی پرۆسەی نەتەوەسازیی کورد کامڵ دەبێت و لە دەوڵەت–نەتەوەدا جێگیر دەبێت، پرسی هەرە گرنگی کورد دەبێت. لەم دیمانەیەدا کە لەگەڵ شاهۆ حوسێنی، نووسەر و توێژەری فەلسەفە، پێکمان هێناوە، دەپرژێینە سەر پرسی نەتەوە و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد؛ پەیوەندیی نێوان گوتار و پراکتیکی کورد لەم بیاڤەدا؛ باسی پراکتیکی بزووتنەوەی کورد، گرێدراو لەگەڵ گوتار و هزری نەتەوەیی دەکەین؛ چۆنیەتیی خۆپێناسەکردن و

ڕوانین بۆ خۆمان و ئەویتر و کاریگەرییەکانی لەسەر بزووتنەوەی کورد لە ڕەهەندە پراکتیکییەکەیدا لێک دەدەینەوە و ڕیشەی فکری و گوتاریی کەمایەسییەکانی بزووتنەوەی کورد شرۆڤە دەکەین.

حەسەن شێخانی: پێناسەی ئێوە بۆ ناسیۆنالیزم چییە؟

شاهۆ حوسێنی: ڕەنگە زۆر شرۆڤە و پێناسەی جیاواز لە ناسیۆنالیزم کرابێت، بەڵام بە باوەڕی من بەبێ تێشک خستنە سەر ڕەوتی مێژوویی و ئەو دیاردانەی کە وەک بنەمای دەرکەوتنی ناسیۆنالیزم پێناسە دەکرێن، تێگەیشتن و فامی ناسیۆنالیزم ناموکینە. ناسیۆنالیزم دیاردەیەکی مۆدێرنە، واتە لە هەناوی مۆدێرنیتەدا دەرکەوتووە و دەستپێکی مۆدێرنیتەش مرۆڤی سوژە و ناسکارە، کەوابوو دەشێ بگوترێت کە بنەما و ئەساسی نەتەوە لە هەناوی سوژەیەکی سەربەخۆ، خۆبنیاتنەر و بکەرەوە دەردەکەوێت، ئەم سوژانەی لە ڕێی پەیوەندیی ئینتێرسۆبژێکتیڤەوە یەکگرتوویەک لەگەڵ یەکدا بنیات دەنێن و بە بڕیارێکی گشتی پێکەوەبوونێک بە ناوی نەتەوە بنیات دەنێن. بەم پێیە کورتترین پێناسەی من بۆ نەتەوەخوازی ئەوەیە: نەتەوەخوازی ڕووداوی دەرکەوتنی سوژەڤانێکی گشتی لە هەناوی سوژەی تاکەوەیە، واتە سوژەکان تاک بە پەیوەندییەکی ئاگایانە و سەربەخۆیانە، کۆ و گشتێک بە ناوی نەتەوە لەگوێن مێتاسوژەیەک بنیات دەنێن.

حەسەن شێخانی: مامەڵەی کورد لەگەڵ پرسی نەتەوەخوازی و ناسیۆنالیزم چۆن دەبینی؟ ئایا کورد بە شێوەیەکی دروست لەم چەمکە تێگەیشتووە و مامەڵەی لەگەڵ کردوە؟

شاهۆ حوسێنی: بەداخەوە ناسیۆنالیزم لە کوردستان بەرلەوەی کە لەگوێن ڕووداوی سوژەڤانی فام بکرێت، دیاردەیەک لە پەیوەندی لەگەڵ دەسەڵات و لەگوێن ڕێڕەو و بەستێنێک بۆ دەست بە دەسەڵات ڕاگەیشتن چاوی لێ کراوە، ڕەوتێک بۆ دەست بە دەسەڵات ڕاگەیشتن، بەشداری لە دەسەڵات و دەستەبەرکردنی شەرعییەتی بەڕێوەبەریی دەسەڵات. بەم پێیە دەشێ بگوترێت کە نەتەوەخوازی لە کوردستان بەر لەوەی کە پرۆسەیەک بۆ سەیروورەتی سوژە بێت، پرۆژەیەک بۆ دەسەڵاتدارێتی و زاڵێتییە. ئەم دیاردەیە بەداخەوە ناسیۆنالیزمی لە بەستێنی فەلسەفی و مەعریفی دابڕیوە و دایبەزاندووەتە ئاستی سیاسەتی ڕۆژمەڕە، کێبڕکێی حیزبی و دەسەڵاتخوازێتی. بێگومان ناسیۆنالیزم لە وا دۆخێکدا ئیتر نەک ئاسۆیەک بۆ ڕزگاری، بەڵکوو ستراتیژییەکە بۆ کارکردن لە بەستێنی کێبڕکێی دەسەڵاتداریتی و دەسەڵاتخوازیدایە؛ واتە لەجیاتی هەوڵ بۆ بەرهەمهێنانی مرۆڤی کوردی لەگوێن بکەرێکی ناسکار، خۆبنیاتنەر و مێژووساز، بوونێکی ملکەچ و گوێڕایەڵی دەسەڵات بەرهەم هاتووە.

حەسەن شێخانی: ئایا کورد وەک نەتەوەکانی دیکە، سەربەخۆیانە، خۆی پێناسە دەکات یان هێشتا سێبەری ڕوانینی نەتەوەی سەردەستی لە خۆپێناسەکردندا پێوە دیارە؟

شاهۆ حوسێنی: بەداخەوە بەشێکی بەرچاو لە کۆمەڵگەی کوردی لە ڕۆژهەڵات هێشتا خۆیان لە چوارچێوەی ڕوانگەی ئێرانیدا پێناسە دەکەن و دەبینن، نەک لەگوێن سوژەیەکی سەربەخۆ. واتە شوناس و خۆفامییان هێشتاشی لەگەڵ بێت، لە ڕێی زمان، میژوو و چەمکەکانی ناوەند - پەراوێزەوە بەرهەم دێننەوە. تەنانەت لە دیسکۆرسی بەشێکی بەرچاو لە ڕووناکبیرانیشدا، بەشێکی زۆر لە چەمکە بنەڕەتییەکان دەروەستی فۆرماسیۆنی زەینی و مانایی ئێرانین، بۆ وێنە تێگەیشتن لە مۆدێرنیتە، نەتەوە، ئازادی، دێموکراسی و کورد، هێشتا وەرگێڕدراوی ڕوانینی ئێرانییەکانە، نەک بەرهەمێکی سەربەخۆیانە لە هەناوی ئەزموونی ژیاو و ژیانی کوردانەوە. هەرچەند لە پەراوێزی ئەم دۆخەدا، کەمینەیەکی هزری و ڕووناکبیریی ڕەخنەگر خەریکی دەرکەوتن و نواندنی هزری سوبژەکتیڤیستانە و سەربەخۆیانەن و هەوڵ دەدەن لەم دەروەستییە مەعریفییە مەودا بگرن، ئەوان هەوڵ دەدەن کوردبوون لە پێگەی بکەرێکی ناسکار و سەربەخۆوە بەرهەم بهێننەوە، نەک بەتەنیا لەگوێن ئۆبژەی فامی ئێرانی. واتە تێپەڕین لە دۆخی بەرهەمهاتوو و وەسفکراوی ئەویترەوە بەرەو ئاسۆی فام و تێگەیشتن لە دەروونی خۆوە.

حەسەن شێخانی: ئەم فاکتەرە چ کاریگەرییەکی لەسەر پڕاکتیسی کورد و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد داناوە؟ ئایا نەبووەتە هۆی خوڵقاندنی چەشنێک لێڵی لە پڕاکتیکدا و کەمایەسی لە مۆبیلیزەکردنی کۆمەڵگە لەپێناو بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکاندا؟

شاهۆ حوسێنی: بە باوەڕی من ئەم خەسارە گرنگترین بەربەست بووە، کە کورد وەک نەتەوەیەکی یەکگرتوو و یەکدەستی نەتەوەیی، لەگوێن بوونێکی خاوەن زەین و وێنایەکی یەکگرتووی نەتەوەیی دەربکەوێت. واتە ناسیۆنالیزم تەنیا کاتێک دەتوانێت بەرهەمهێنی نەتەوە بێت کە بەر لە دەسەڵات، دەسەڵاتخوازی و بیری حوکمڕانی، ڕووداوی سوژەڤانی مومکین بکات و درێژەی ڕەوتی سۆبژەکتیڤیزم بێت؛ واتە ئەو کاتەی مرۆڤ، خۆی نەک وەک ئۆبژەیەکی میژوو، بەڵکوو لەگوێن بکەرێکی سەربەخۆ دەبینێت و پێناسە دەکات. لە ڕۆژئاوا ئەم ڕووداوە لە هەناوی فەلسەفەی دێکارت، ڕەوشەنگەری و دەرکەوتنی سوژەی مۆدێرن دەرکەوتووە، لەم جێیەوە کە "من بیردەکەمەوە" وەک سەرەتای ناسین و فامی سەربەخۆیانە لەنێو کۆمەڵگەدا جێ دەکەوێت. بەداخەوە ناسیۆنالیزم لە کوردستان لە غیابی ئەم بنەما فەلسەفییە و لە غیابی ئەزموونی میژوویی سوژەی خۆبنیاتنەر دەرکەوتووە، بەناچار لە دەوری دەسەڵات دەخولێتەوە تا ئاگایی. هەتا ئەو کاتەی ئەم ئاڵوگۆڕە فەلسەفییە لە ئاستی سوژەڤانیدا ڕوو نەدات، هەر فۆرمێک لە ناسیۆنالیزم لە کوردستان، یان لە خزمەت بەرهەمهێنانەوەی ملکەچی و کۆیلەیی مرۆڤی کوردە یان خۆی بەرهەمهێنەری ملکەچی و کۆیلەیی مرۆڤی کوردە.

حەسەن شێخانی: بەگشتی کێشەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد تا چ ڕادەیەک کێشەیەکی هزری و گوتارین و تا چەندە ئەکتێکی ئیجرایی ڕووتن؟ ئایا لانیکەم بەشێکی کێشەکانمان ناگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئێمەی کورد لە هزر و گوتار کەمایەسیمان هەیە، بۆیە لە پڕاکتیکیشدا کێشەمان هەیە؟

شاهۆ حوسێنی: پرسیارێکی گرنگ و ڕادیکاڵە، ئەگەر مەبەستتان لە کێشە، بەربەستی دەروونیی ناسیۆنالیزمی کوردی بێت،

بەشێکی گرنگی ئەو، ڕێک کێشەی هزری و گوتارییە نەک بەتەنیا سیاسی؛ ئیزنم بدەن با ڕوونتر لەم بارەوە بدوێم: ناسیۆنالیزمی کوردی بەداخەوە نەیتوانیوە لە ئاستی هەستی گشتی و خواستێکی بۆ ڕزگاری تێپەڕێت، واتە نەیتوانیوە ببێتە سیستەمێکی هزرڤانیی ڕێکوپێک. ئەم خەسارە لە سێ ئاستدا خۆی دەنوێنێت: هەژاریی تیۆری: هێشتا چوارچێوەیەکی مەعریفەناسیی خۆڕسکی نیە، بەشی هەرەزۆری چەمکەکانی، ئەزموونی نەتەوەیی نەتەوەکانی تری داگیرکەری کوردستانە، یان کۆپی و لاساییەکی ڕواڵەتین لە ئایدۆلۆژییە کەلانگێڕەوەکانی وەک کۆمۆنیزم، لێنینیزم، مائۆئیزم و ئیسلامیزم، بەبێ ئەوەی کە لە بەستێنی مێژوویی، ئۆنتۆلۆژیک و ئەزموونی ژیاوی تاک و کۆمەڵگەی کوردیدا پێداچوونەوەیان پێدا کرابێت. ئاکامی ئەمە ناسیۆنالیزمێکی چاولێکەرانەیە کە نازانێت لە مەڕ چ "فامێک لەسەر خۆ" بدوێت. زەینییەتی پەسیڤ: لە دەروونی تاکی کوردا، کوردبوون هێشتا لە هەناوی ئەویتربوونێکدا شرۆڤە و فام دەکرێت، کە غەیرەکوردەکان بەرهەمیان هێناوە. بەردەوام پاساوی خەبات و بەرخۆدانی کورد زوڵم و زۆریی داگیرکەران بووە دژ بە کورد، بەڵام هیچ کات، پاساوی بەرخۆدان و خەباتمان ئەمە نەبووە کە چونکە سوژەیەکی بیرکەرەوەین، خۆبنیاتنەرین و خۆبەرهەمهێنین. ئەمە بەو مانایە دێت کە هێشتا ناوەندی فام و ئاگایی کورد لە دەرەوەی خۆی کوردییە. قەیرانی سوژەی گشتی: زەینی کوردی هێشتا لەنێوان دوو ساحەدا لە ئاڵوگۆڕدایە: سوژەی قوربانی (کە ڕابردووی قوت داوە) و سوژەی قارەمان (کە ئامانجی داهاتوو موتڵەق دەکاتەوە). بەداخەوە هیچ کام لەم دوو دیاردەیە توانای ئەوەیان نیە کە ئێستا لەگوێن بەستێنی بەرهەمهێنانی مانا و دەسەڵاتی گوتاری بڕازێننەوە. هەر بۆیەش بەشی هەرە زۆری بەربەستەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی نەک لە ئاستی تاکتیک و سیاسەتدا، بەڵکوو لە ئاستی زەین و ئەندێشەدان.

حەسەن شێخانی: شێوازی مامەڵەی خۆمان لەگەڵ خۆمان و چۆنیەتیی خۆپێناسەکردنمان، چ کاریگەرییەکی لەسەر مامەڵەی نەتەوەی سەردەست بەرانبەر ئێمە داناوە؟ ئەگەر ئێمە لە ڕەهەندی فکری و گوتاریدا بەهێزتر و متمانەبەخۆتر دەرکەوتبایین، چ کاریگەریی لەسەر هەڵوێستی ئەوان بەرانبەر ئێمە دەبوو؟

شاهۆ حوسێنی: دەزانی، جۆری پەیوەندیی مرۆڤ لەگەڵ خۆی بەر لەوەی کە ئەزموونێکی تاکی بێت، ئەزموونێکی ئۆنتۆلۆژیک و هەڵوێستێکە لە بازنەی دەسەڵاتدایە، واتە ئیرادە، خواست و توانای خۆدارشتن، خۆبنیاتنان و پەرەدان بە خۆ. ئەگەر کۆمەڵگەیەک یان نەتەوەیەک بە درێژخایەن و لەرزۆکی خۆی وێنا بکات، دەریبخات و لەسەر ئەم لاوازییانە هەڵسوکەوت بکات، جیهان ڕێک بەم شێوەیە دەیانبینێت و وەریاندەگرێت. لە ڕاستیدا متمانەبەخۆبوون بەتەنیا دیاردەیەکی دەروونناسانە نیە، بەڵکوو سیگنالێکە لە لووتکەی دەسەڵاتەوە دەردەکەوێت. ئەوانەی خۆیان لاواز دەبینن، بۆ پێناسەکران و دیتن، شوێن ئیزن و دیتنی دەرەکی دەکەون، بەڵام بەپێچەوانەوە، کەسێک کە سەربەخۆیانە شوناسی خۆی دادەڕێژێت و خۆی بنیات دەنێت، خۆی هاوتەریب و بگرە بەرزتر لە ئەویتر دەبینێت. بێگومان شوناسی تاک و کۆ، کاتێک تووشی قەیران و کێشە دەبێت، کە سوژە بەر لەوەی کە خۆی پێناسە بکات، لە ئاوێنەی ڕوانگەی ئەویتردا بەرهەم بێت و دەربکەوێت. لە وا دۆخێکدا پەیوەندیی مرۆڤ لەگەڵ خۆی پەیوەندییەکی سانەوی، دژکردەوەیی و دەرکەوتووە لەسەر بنەمای

هەڵسەنگاندن لەگەڵ بوونێکی بەدیلیدا. بوونێک کە چاوەڕوانی پشتڕاستکردنەوە لە دەرەوەی خۆی دەکات، لەرزۆک و بێمتمانەیە بە بوونی، واتە لە بوونی خۆی دڕدۆنگە و توانای دەنگەهەڵبڕین و خۆدەرخستنی نیە، بەکورتی دەشێ بگوترێت کە پێکهاتەیەکە لە پێگەی پەیڕەودا ڕۆڵ دەگێڕێت. کاتێک تاک و کۆمەڵگەیەک توانیان خۆیان بە زمانێکی ڕوون، مسۆگەر و سەربەست دەربڕن، پەیوەندیی دەسەڵات ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت. دەسەڵات بەردەوام لە بەرانبەر بوونێکدا کە هێشتا خۆی وەک کێشە و قەیران دەبینێت، ڕۆڵی قەییوم دەگێڕێت، بەڵام بەپێچەوانەوە لە بەرانبەر سوژەیەکدا کە ڕەوایەتی و گێڕانەوەکانی لەمەڕ خۆی ڕێک و قایمە، لە چوارچێوەی قەییومی دەردەکەوێت و دێتە نێو بەستێنی دیالۆگ و وتووێژ و قبووڵکردن. کەوابوو تاک و نەتەوەیەک کە متمانەی بە خۆی نیە، لە پێکهاتەی دەسەڵاتدا وەک قەیران و کێشە فام دەکرێت، بەڵام تاک و نەتەوەیەک کە ڕەوایەتی و گێڕانەوەی سەربەخۆیانەی لەمەڕ خۆی هەیە، ئەوا دەبێتە لایەنی دانوستان و دیالۆگ. کەوابوو ڕێز، عەدالەت و بەفەرمی ناسین هیچ کات لە دەرەوە دەست پێ ناکات، بەڵکوو لە کاتێکدا دەردەکەوێت کە تاک و نەتەوە وەک سوژە لەجیاتی ئەوەی کە هەوڵ بدەن ببیندرێن، بڕیار دەدەن خۆیان دەربخەن.

حەسەن شێخانی: پێت وا نیە لەم سااڵنەی دواییدا کورد و کۆمەڵگەی کوردی تۆکمەتر و بەهێزتر هاتوونەتە مەیدان و، خۆی، خۆی پێناسە دەکات و لە چاویلکەی ئەویتری سەردەستەوە لە خۆی ناڕوانێت و متمانەبەخۆتر لە جاران دەجووڵێتەوە و پێناسە داسەپاوەکان بۆ خۆی ڕەت دەکاتەوە؟ لێرەدا دەمەوێت بپرسم سەر دۆخی هەنووکەیی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەاڵت لەم سااڵنەی دواییدا.

شاهۆ حوسێنی: ئەمەی لەم سااڵنەی دواییدا لە ڕۆژهەاڵت دەرکەوتووە، دەشێ بگوترێت کە زیاتر لە ڕاپەڕینێکی سیاسی، دابڕانێکە لە ئێپیستمۆلۆژیادا، واتە تێپەڕینە لە بوون لەگوێن ئۆبژەیەکی پێناسەکراو بەرەو بوونێک لەگوێن سوژەیەکی ئاگا. دەشێ بگوترێت کە ئێستا لە ڕۆژهەاڵت قەڵشێکی قووڵ لە نەزمی زانایی دەرکەوتووە، کورد لە ڕۆژهەاڵت ئیتر خۆی ڕانایێنێت بەمەی کە: من هەم، چونکە منیان دیوە، بەپێچەوانەوە دەڵێت: من هەم چونکە خۆم ویستوومە چۆن بم و کێ بم. ئەم بوونە بەر لەوەی کە بوونێکی سیاسی بێت، بوونێکی ئۆنتۆلۆژیکە، بوونێک کە لەسەر بنەمای مافی خۆپێناسەکردنی سەربەخۆ دامەزراوە. کورد ئیتر مێژوو ئەزموون ناکات، بەڵکوو هەوڵ دەدات مێژوو ساز بکات. ئەم دۆخە هێشتا پوخت نەبووەتەوە، بەاڵم لە ئاستێکدایە کە دەشێ پێی بگوترێت "مەودای دیالێکتیکیی نێوان دەسەڵات و ئاگایی".

کورد ئەمڕۆکە لە دۆخی شکست تێپەڕیوە بەرەو دۆخی هاتنەدی، بەاڵم هێشتا نەگەیشتووەتە دۆخی هاتنەدی، بەڵکوو لە فۆرمێکی هەڵواسراوی ئێگزیستانسیالدایە: ئەم دۆخە دۆخێکە کە تێیدا سوژەی کورد دەزانێت و تێگەیشتووە لەوەی کە دەبێت ببێت، بەاڵم هێشتا خەریکی بەرهەمهێنانی زمانێکە کە بتوانێت تێیدا بوونی خۆی بکاتە پێکهاتە. بەکورتی دەتوانم بڵێم ئەوەی ئەمڕۆکە لە کوردستان دەبیندرێت، نەک بزاڤێک، بەڵکوو نزیکبوونەوەیە لە ساتی دەرکەوتنی کۆ لەگوێن عەقڵی میژوویی خۆی.

بنبەستی دانایی و قەیرانی نواندنەوە لە پڕۆژەی دەوڵەت - نەتەوەی ئێرانیدا (ڕەچەڵەکناسیی داڕمانی ئێپیستێمەی ئێرانی)



پـڕۆژەی دەوڵەت - نەتەوەی ئێرانـی، لە سـەردەمی مەشـرووتەوە تـا پێکهـاتنی کۆمـاری ئیسـلامی، لە یەکەم نیگـادا وەک وێناکەری مۆدێرنیتە، عەقڵانییەت و پەرەسەندنی سیاسی دەردەکەوێت. بەڵام ئەم وێنەیە تەنیـا ڕووکەشێکە کە ڕاستییەکان دەشـارێتەوە؛ چـونکە بنـاغەی ئەم پـڕۆژەیە لەسـەر ئێپیسـتێمەیەک دامەزرابـوو کە لە جیـاتی تێگەیشـتن لە کـۆمەڵگەی فرەچەشن، «یەکیەتی» وەک پێشمەرجی عەقڵانییەتی سیاسی دەسەپاند.

ئێپیستێمە تەنیا کۆمەڵێک باوەڕ نییە، بەڵکوو تـۆڕێکە لە دانـایی کە دەرفەتـی بەرهەمهێنـانی زانست، هەقیقەت و ڕەوایـی پێک دەهێنێت. لەم ڕوانگەیەوە، بەرخـۆدانی نەتەوەکـان، قەیرانـی تێگەیشـتنی دەوڵەت سـەبارەت بە کـۆمەڵگە و داڕمـانی ڕەوایی، دەرئەنجامە ناوەکییەکانی هەمان ئێپیستێمەن کە لە سەرەتـاوە جیاوازیی ڕەت کردبووەوە.

ئەم نووسـراوە بانگەشـەی ئەوە دەکـات کە شکسـتی پـڕۆژەی دەوڵەت-نەتەوەی ئێرانـی نە بەهـۆی لاوازییە ئیـدارییەکان یـان گوشـاری هۆکـارە دەرەکییەکـان، بەڵکـوو دەرئەنجـامی پێکهـاتەی نـاوەکیی ئێپیسـتێمەکەیە. ئێپیسـتێمەیەک کە یەکیەتـی بە بنەڕەت دەزانێت، لە ڕێگەی لۆژیکی ڕەتکردنەوە، بنبەست و قەیرانی دووبـارە نواندنەوە، بواری داڕمـانی خـۆی خـۆش دەکـات.

ئەم شیکارییە دەریدەخات کە هەر سیستەمێکی دانایی کە جیاوازی وەلا بنێت (بسڕێتەوە)، خۆی دەخاتە بەر مەترسیی لەناوچوون.

ئێپیستێمە و دانایی ئێرانی

بۆ تێگەیشتن لە ئێپیستێمەی ئێرانی، سێ تەوەری بنەڕەتی دەکرێت دەستنیشان بکرێن:

١- گرینمانەی یەکیەتی وەک پێویستییەکی عەقڵانی: لەم ئێپیستێمەیەدا، فرەیی وەک هەڕەشە لێی دەڕوانرێت و یەکیەتی سەپێنراو، وەک مەرجی عەقڵانییەتی سیاسی و ڕەوایی حوکمڕانی دێتە ئەژمار. لە ڕاستیدا، ئەگەر ناسینی هێزە چالاکەکان لە سروشت و کۆمەڵگەدا مەرجی تێگەیشتن لە واقیع بێت، لە ئێپیستێمەی ئێرانیدا، فرەیی لە بنەڕەتەوە نابینرێت یان تەنیا وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر یەکیەتی سەیر دەکرێت.

٢- مێژووسازیی هێڵی و ناوەندگەرا: مێژوو لە ئێپیستێمەی ئێرانیدا وەک ڕەوتێکی هێڵی و یەکپارچە دەنوێندرێتەوە. جیاوازییەکان یان لەناو ئەودا دەتوێنەوە یان پەراوێز دەخرێن. ئەم دووبارە نواندنەوە هێڵییە، سازوکاری بەرهەمهێنانی دژبەرییە شاراوەکانە؛ دژبەرییەک کە دواجار بە داڕمانی ڕەوایی و دەرکەوتنی بەرخۆدانە ئیتنیکییەکان ڕەنگ دەدەنەوە. ئەمە دەریدەخات کە مێژوونووسین تەنیا گێڕانەوەی ڕابردوو نییە، بەڵکوو ئامرازێکە بۆ نەزمپێدان بە گوتاری دەسەڵات.

٣- زمانی فارسی وەک زمانی هەقیقەت: زمانی فارسی تەنیا ئامرازی پەیوەندی نییە، بەڵکوو زمانی هەقیقەت و عەقڵانییەتی سیاسییە. زمانەکان و گوتارە ئیتنیکییەکانی دیکە لەم ڕوانگەیەوە پەراوێز دەخرێن و دووبارە نواندنەوە و ڕەوایی سیاسی بۆیان گونجاو نییە. ئەم مەسەلەیە لەو ڕووەوە گرنگە کە دەربڕی سنووردارییی تێگەیشتن و زمانە؛ چونکە زمان نە تەنیا ئامراز، بەڵکوو سازێنەری دەرفەتی دانایی و هەقیقەتە.

دەرئەنجام ئەوەیە، ئێپیستێمەی ئێرانی، کۆمەڵگەی فرەچەشن پێشوەختە دەکاتە دوو بەشەوە: بەشی ڕەوا (کە سوژەکانی فارسی و ناوەندگەرا لەخۆ دەگرێت) و بەشی ناڕەوا (کە هەموو جیاوازییەکان و فرەییە ئەتنیکی و زمانییەکان لەخۆ دەگرێت).

ڕەچەڵەکناسیی ئێپیستێمەی ئێرانی

١- **ئێپیستێمەی یەکیەتیەوەر:** جیاوازی وەک هەڕەشە پێناسە دەکات و لە ڕێگەی ڕەتکردنەوە، بەرخۆدانگەلێک دروست

دەکات کە ڕەنگدانەوەی هەمان فرەچەشنی سەرکوتکراون. ناسیۆنالیزمەکانی کوردی، تورکی و عەرەبی، نە هۆکاری دەرەکی، بەڵکوو بەرهەمی ناوەکیی ئێپیستێمەکەن. لەم ڕوانگەیەوە، هەر کردەوەیەکی سەرکوتگەرانە خۆی هێزی بەرخۆدان بەرهەم دەهێنێت. ئەم گەڕانەوەیە، هاوشێوەی ئەزموونی ئیگزیستانسیالیستی نامۆبوونە؛ سوژەیەک کە حاشای لێ کراوە، بە دەرکەوتنی خۆی، پێکهاتەی سەرکوتگەر تووشی ئاڵنگاری دەکات.

٢- بنبەستی دانایی: بە واتای ناتوانیی دەوڵەت لە تێگەیشتنی کۆمەڵگەی فرەچەشنە. ئێپیستێمە تەنیا لەگەڵ «یەکەیەک»دا مامەڵە دەکات، بۆیە توانای تێگەیشتنی جیاوازییەکانی نییە. هەر قەیرانێکی کۆمەڵایەتی، نە لە ڕووی ماهییەتەوە بەڵکوو لە ڕوانگەی دانایییەوە، وەک هەڕەشە یان ئاژاوە لێک دەدرێتەوە. ئەم سنووردارییەی دانایی لە ڕاستیدا دەربڕی ئەم ڕاستییە: ناسینی ناتەواوی هێزە چالاکەکان، بڕیاراتی سیاسیی ناتەواو بەرهەم دەهێنێت و دارمانی ڕەوایی دەبێتە ئەمری حاشاهەڵنەگر.

٣- قەیرانی دووبارە نواندنەوە و هەقیقەت: زمانی فارسی وەک زمانی هەقیقەت، گوتارە ئیتنیکییەکان پەراوێز دەخات. نەتەوە غەیرە فارسەکان لە نواندنەوەی هەقیقەتی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا ئامادە نین. ئەم مەودایە لە نێوان دەوڵەتی دانا و کۆمەڵگەی بێدەنگ، قەیرانی ڕەوایی دروست دەکات. ئەم ڕەوتە بەباشی نیشانی دەدات کە دەسەڵات و زانست هەمیشە پێکەوە گرێ دراون؛ ئەوەی نابینرێت، ڕەوا نییە و ئەوەی ڕەوا نییە، ناتوانێت واقیع بگۆڕێت یان واقیعێک بنیاد بنێت.

ئێپیستێمە و بەرخۆدانە نەتەوەییەکان

پەیوەندیی ئێپیستێمە و بەرخۆدانە نەتەوەییەکان نیشانی دەدات کە ئەم بەرخۆدانانە بەرهەمی سروشتی و دەروونی سیستەمی دانایین. بە پێچەوانەی شیکارییە باوەکان کە هۆکاری ئابووری، ژێئۆپۆلۆتیک یان نەتەوەخوازەکان بە هۆکاری شکست دەزانن، شیکاریی ئێپیستێمی نیشانی دەدات کە بەرخۆدانەکان پێشوەختە لە لۆژیکی ئێپیستێمەکەدا شێوەیان گرتووە. بێگومان، هەر گوتارێک کە جیاوازی ڕەت بکاتەوە، خۆی بواری سەرهەڵدانی هێزگەلێک دەڕەخسێنێت کە دواجار دەبنە هۆی دارمانی ئەو گوتارە. ئەمە هەمان سوورە کە دەکرێت لە بابەتی هێزەکان و پەیوەندییەکانی هۆکار و دەرئەنجامدا دەربکەوێت؛ سنووردارکردن و سڕینەوەی هێزە چالاکەکان، خۆی دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی قەیرانی گەورەتر.

دارمانی ڕەوایی و قەیرانی سیاسەت

لۆژیکی ڕەتکردنەوە، بنبەستی دانایی و قەیرانی دووبارە نواندنەوە، دارمانی ڕەوایی بەدوادا دێت. کۆمەڵگەیەک کە

ئامادەبوونی لە ئاستی هەقیقەتدا حاشای لێ دەکرێت، نە متمانە بە دەوڵەت دەکات و نە خۆی لە نەزمی سیاسیدا دەبینێتەوە. ئەم پرۆسەیە، هاوشێوەی ئەزموونی ئیگزیستانسیالیستی نامۆبوونە؛ سوژەیەک کە لە ئەزموونی هەبوونی خۆیدا چاوپۆشیی لێ دەکرێت، توانای بەشداریکردنی واتاداری لە ژیانی بەکۆمەڵدا نییە. دەرئەنجام، قەیرانی ڕەوایی، داڕمانی عەقڵانییەتی سیاسی و سەرهەڵدانی بەرخۆدانی کۆنترۆڵ نەکراوە.

وتەی کۆتایی

ئێپیستێمە تەنیا کۆمەڵێک لە باوەڕە زانەکان نییە، بەڵکوو مەیدانی هێزگەلێکە کە دیاری دەکات چی شیاوی وتنە، چی شیاوی بیرلێکردنەوەیە و چی لە بنەڕەتدا بە نادیاری دەمێنێتەوە. ئێپیستێمە پێش ئەوەی وەڵام بداتەوە، پرسیارەکان ئەندازیاری دەکات؛ پێش ئەوەی هەقیقەتێک جێگیر بکات، سنوورەکانی دەرفەتی هەقیقەت دەکێشێت. لەبەر ئەوە، زانست، دەسەڵات و ڕەوایی نە لە دەرەوەی ئێپیستێمە، بەڵکوو لە ناوەوە و وەک کارکردەکانی ئەو شێوە دەگرن. لە چوارچێوەیەکی وەهادا، دەوڵەت تەنیا دامەزراوەیەکی سیاسی نییە، بەڵکوو بەرجەستەبوونی دامەزراوەی ئێپیستێمەیەکی دیاریکراوە؛ ئێپیستێمەیەک کە نەزم، یەکیەتی، ناسنامە و عەقڵانییەت تەنیا لە ڕێگەی یەکسانسازی و سڕینەوەی جیاوازییەوە تێدەگات. «کۆمەڵگە» لەم لۆژیکەدا، نە فرەییەکی زیندوو و فرەچەشن، بەڵکوو ئۆبژەیەکە کە دەبێت بخوێنرێتەوە، پۆلێن بکرێت و نۆرمال (ئاسایی) بکرێتەوە. هەر شتێک لەم خوێندنەوەیە لابدات، نە وەک دەرفەتێکی دیکەی تێگەیشتن، بەڵکوو وەک تێکدان، هەڕەشە یان لادان دەردەکەوێت.

لەم ڕوانگەیەوە، بەرخۆدانی نەتەوەکان یان سوژە پەراوێزخراوەکان نابێت تەنیا وەک کاردانەوەیەکی دەرەکی بۆ سەرکوت سەیر بکرێت؛ بەرخۆدان، کەلێنی ناوەکیی ئێپیستێمەیە، ئەو شوێنەی کە ئەوەی ڕەت کرابووەوە، دەگەڕێتەوە و لۆژیکی دانایی زاڵ لە ناوەوە ناسەقامگیر دەکات. قەیرانی تێگەیشتنی دەوڵەت سەبارەت بە کۆمەڵگە، نە لە نائاگایی یان خراپ بەڕێوەبردنەوە، بەڵکوو دەرئەنجامی وەفاداریی ڕادیکاڵی دەوڵەتە بەو ئێپیستێمەیەی کە جیاوازیی لە سەرەتاوە بە «تێنەگەیشراو» وەسف کردووە.

لە کۆتاییدا، داڕمانی ڕەواییش نە ڕووداوێکی کتوپڕ، بەڵکوو دەرئەنجامی حاشاهەڵنەگری ئێپیستێمەیەکە کە لە نێوان خۆی و واقیعی کۆمەڵایەتیدا کەلێنێکی پێکهاتەیی دروست کردووە. کاتێک ئێپیستێمە تەنیا یەک شێوە لە بوون بە ڕەوا دەزانێت، هەر شێوەیەکی دیکە ناچار بە شێوەی بەرخۆدان دەگەڕێتەوە؛ و کاتێک بەرخۆدان زۆر دەبێت، ئەوەی دادەڕمێت تەنیا دەوڵەتێک نییە، بەڵکوو سیستەمی دانایەکە کە چیتر توانای لێکدانەوەی جیهانی خۆی نییە.

بێگومان، پڕۆژەی دەوڵەت – نەتەوەی ئێرانی نموونەیەکە لە «خۆ وێرانکاریی دانایی». ئێپیستێمەیەک کە یەکیەتیی سەپێنراو بە بنەڕەت دەزانێت، لە ڕێگەی لۆژیکی ڕەتکردنەوە، بنبەست و قەیرانی دووبارە نواندنەوە، فرەیی دەگەڕێنێتەوە و ڕەوایی و عەقڵانییەتی سیاسی لەنێو دەبات. تێپەڕین لە ئێپیستێمەی یەکیەتیەوەر و جووڵە بەرەو سیاسەتی هاووڵاتیەوەر و بازنوێنەرەوەی فرەییەکان، نە تەنیا پێویستییەکی ئەخلاقی، بەڵکوو مەرجی مانەوە و عەقڵانییەتی سیاسییە. ئەم ڕێگەیە، بە سوژە نەتەوەییەکان دەرفەت دەدات کە ئامادەبوونی ڕاستەقینەی خۆیان ئەزموون بکەن و دەوڵەت ڕەوایی خۆی لە ڕێگەی تێگەیشتن و بەشداریکردنی کۆمەڵگەوە زیندوو بکاتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٩ی سەرماوەزی ٢٠٢٥

کۆمەڵناسیی میژوویی میترایییزم لە زاگرۆس، لە هەزارە کۆنەکانەوە تا شکۆمەندیی ماد



(زاگرۆس: جوگرافیای یاخیبوون و میترا میتافیزیکی یەکگرتوویی)

میژووی زاگرۆس تەنیا کرۆنۆلۆژیی ڕووداوی کاتی نییە، بەڵکوو گۆڕەپانی ململانێیەکی دیالێکتیکییە لە نێوان کێوبوونی

ئازاد و پێویستیی یەکگرتوویی و ڕێکخراوبوون. لەم کوێستانەدا، هەموو تاشەبەردێک "تەخێر"یکی سروشتییە بۆ هەر دەسەڵاتێکی ناوەندی؛ لێرەدا جوگرافیا خۆی لە دژی میژوو ڕادەپەڕێت. هەمان ئەو تاشەبەردانەی کە دەبنە قەڵای پاراستنی هۆزەکانی وەک هۆری و گۆتی و لۆلۆبی، دەبنە دیواری دابڕانیشیان.

ئەگەر دەشتایی (میسۆپۆتامیا) مەیدانی تەسلیمبوون بێت بۆ دەسەڵاتی ستەمکار (ئەکەدی و ئاشووری و بابلی)، ئەوا زاگرۆس مەیدانی ئازادیی پەرتەوازەبوونە. بەڵام کاتێک ماشێنی جەنگیی ئاشوور وەک لافاوێکی خوێناوی بەرەو کوێستان بەڕێدەکەوێت، ئازادیی تاکەکەسیی هۆزەکان دەبێتە هەڕەشە لەسەر مانەوەیان. لێرەدایە کە پێویستی دەبێتە دایکی ئایدیا. میتراییزم لێرەدا تەنها ئایین نییە، بەڵکوو پڕۆژەیەکی ڕزگارییە کە دەیەوێت پەرتەوازەیی جوگرافی بە یەکێتییەکی میتافیزیکی چارەسەر بکات.

لە فەلسەفەی سیاسیدا، یاسا یان لە سەرەوەڕا دەسەپێنرێت (وەک قامچیی ئاشوور و یاسای حەموورابی) یان لە ناوەوە دەپشکۆێت لەگوێن میترا (میهر) لە زاگرۆسدا، کە دەبێتە یاسایەکی ئیمانێنت (دەروونی)؛ واتە یاسایەک کە لەناو ویژدانی هەر جەنگاوەرێکدا ئامادەیە. کاتێک جەنگاوەرێکی زاگرۆسی لەژێر تیشکی خۆردا پەیمان دەبەستێت، ئەو تەنها بەڵێن بە سەرۆکهۆز نادات، بەڵکوو بەڵێن بەو چاوە گەردوونییەش دەدات کە لە هەموو شوێنێکە. میترایزم لێرەدا دەبێتە ڕایەڵی لێکگرێدانی کۆمەڵایەتی؛ ئەو هێزەی کە بەردە ڕەق و جیاوازەکانی زاگرۆس پێکەوە دەبەستێت و دەیانکات بە دیوارێکی پۆڵایین.

ئەم گۆڕانکارییە کۆمەڵناسییە، لە ڕاستیدا تێپەڕینە لە (بەرژەوەندیی بچووک) بۆ (شوناسی گەورە). میترا دەبێتە ئەو خاڵە هاوبەشەی کە هۆزەکان تێیدا یەکدەگرن بێ ئەوەی شوناسی خۆیان ون بکەن. ئەمە مۆدێلێکی کۆنی (فیدراڵیزمی پیرۆز)ە. تیشکی میترا وەک هێمایەکی ناوەندی، هەموو تیشکە جیاوازەکان (هۆزەکان) بەرەو ناوەندێک ڕادەکێشێت؛ نەک بۆ ئەوەی بیانشکێنێت، بەڵکوو بۆ ئەوەی ڕێکیان بخات.

میتراییزم لە زاگرۆسدا، وەڵامی ڕۆحی مرۆڤی کوێستان بوو بۆ شکاندنی بنبەستی مێژوویی. ئەگەر ئاشوور "ترس"ی کردبووە بنەمای دەوڵەت، زاگرۆس لە ڕێگەی میتراوە (پەیمان)ی کردە بنەمای دەوڵەت. ئەمە یەکەم هەنگاوی "عەقڵانییەتی سیاسی" بوو لە ناوچەکەدا، کە دواتر لە شکۆمەندیی ماددا پەرەی ئەستاند و بوو بە هێزێک کە توانی تەختی ستەمکارانی دەشتایی تێکبشکێنێت.

١- فینۆمینۆلۆژیی هۆز وەک یەکەی سەروەریی خۆرسک

لە زاگرۆسی کۆندا، هۆز تەنها کۆمەڵ و کۆیەکی مرۆیی و خوێنی نەبوو، بەڵکوو بچووکترین یەکەی ئازادی بوو. لێرەدا دەسەڵات لە سەرەوە بۆ خوارەوە شۆڕ نەدەبووەوە، بەڵکوو لە خوارەوە بۆ سەرەوە دەچێنرا.

ئازادیی جەنگاوەران و پاشایەتیی کاتی: لە جیاتی مۆدێلی (خودا - پاشا)ی دەشتایی کە تێیدا یەک کەس خاوەنی گیان و ماڵی هەموانە، لەم کوێستانەدا پاشایەتی دیاردەیەکی کاتی و هەڵبژێردراو بوو. پاشا تەنها یەکەمین لە نێوان یەکسانەکاندابوو. ئەمە مۆدێلی گرێبەستی کۆمەڵایەتییە پێش ئەوەی فەلسەفەی مۆدێرن ناوی بنێت؛ واتە لە زاگرۆسدا دەسەڵاتدار شەرعیەتەکەی لە کۆدەنگیی ئیرادەکان وەردەگرت، نەک لە پیرۆزیی خوێن یان پێگەی ئاسمانی.

پرۆسەی گۆڕانی ناوی هۆزەکان بۆ ناوی دەوڵەتە گەورەکان، لە ڕاستیدا گۆڕان بوو لە کۆمەڵناسیی خزمایەتییەوە بۆ تیۆریی

حکوومەت. کاتێک چەندین یەکەی سەربەخۆ بڕیار دەدەن لەژێر یەک ناونیشانی سیاسیی نوێدا (وەک چەترێکی گەورە) کۆ ببینەوە، ئەوا شوناسی سیاسی دێتە ئاراوە. ئەمە هەمان ئەو پرۆسەیە بوو کە دواتر فەلسەفەی سیاسی ناوی نا فیدراسیۆن؛ سیستەمێک کە تێیدا فرەیی پارێزراوە بەڵام یەکێتیش دەبێتە بزوێنەری هێز. ئەو ڕاپەڕینە مێژوویییە گەورەیەی کە وەک تۆفانێکی سیاسی لە کوێستانەوە بەرەو دەشتاییە داگیرکەرەکان دەستی پێکرد، سەلمێنەری ڕاستییەکی فەلسەفی بوو: کۆکردنەوەی ئیرادە پەرتەوازەکان، گەورەترین هێزی مێژوویییە.

ئەمە نیشانیدا کە جوگرافیای سەخت نەک هەر نابێتە ڕێگر لەبەردەم دەسەڵاتسازی، بەڵکوو دەبێتە پارێزەری ئەو ڕۆحی ئازادییەی کە کاتێک یەکدەگرێت، هیچ ئیمپراتۆریەتێکی میتافیزیکی و دیکتاتۆرییەتێکی ناوەندی ناتوانێت لەبەردەمیدا ڕابوەستێت. ئەم مۆدێلەی زاگرۆس، مۆدێلی لەناوەندەرچووی یەکگرتوو بوو. لێرەدا دەسەڵات وەک ئامێرێکی سەرکوتکار دروست نەبوو، بەڵکوو لەگوێن قەڵغانی پاراستن دروست بوو. فەلسەفەی سیاسیی ئەم قۆناغە دەڵێت: "ئێمە سەربەخۆین، بەڵام بۆ ئەوەی سەربەخۆ بمێنینەوە، دەبێت ببینە یەک".

٢- میترا: ئارکیتایپی (پەیمان) و ئەندازیاریی (ڕێژەیی) دەسەڵات

لەم قۆناغەدا، میتراییزم لە زاگرۆسدا دەبێتە وەڵامێکی مێژوویی بۆ پارادۆکسی ئازادی و ئاسایش. مرۆڤی کوێستان نەیویستووە ئازادییەکەی بکاتە قوربانیی دەسەڵاتێکی ستەمکار، بەڵام بۆ پاراستنی ئاسایشی خۆی پێویستی بە جۆرێک لە نەزم هەبووە. میترا لێرەدا ئەو گرێبەستەی نێوان بوونەکان بوو کە ئازادی و نەزمی پێکەوە کۆکردەوە.

لە کۆمەڵناسیی ئایینداا، زۆربەی خوداوەندەکان (خودای شوێن) یان (خودای هۆزن) بۆ نموونە خودایەک تەنها هی شارێک یان تیرەیەک بووە. بەڵام میترا جیاوازە؛ ئەو خودای (نێوان)ە.

فەلسەفەی پەیمان: میترا لەناو دڵی مرۆڤەکاندا نییە، بەڵکوو لەو بۆشاییەدا نیشتەجێیە کە دوو مرۆڤ یان دوو هۆز پێکەوە دەبەستێتەوە. ئەو دەبێتە (ناوبژیوانی میتافیزیکی).

سەروەریی بێلایەن: لەبەر ئەوەی میترا سەر بە هیچ یەکەیەکی سیاسیی تایبەت نییە، دەبێتە سەرچاوەی شەرعیەت بۆ هەموان. ئەمە یەکەم ئەزموونی مرۆڤایەتییە لە دروستکردنی یاسا لەسەر بنەمای ئەخلاق، نەک هێزی سەربازی. لە ڕاستیدا لە جوگرافیایەکی لێکدابڕاو و تاشەبەردیدا، هیچ سوپایەک ناتوانێت بەردەوام چاودێریی هەموو دۆڵ و لووتکەیەک بکات. لێرەدایە کە میتراییزم وەک (نەرمامێرێکی ئەمنی) کار دەکات.

تێپەڕین لە قامچی: میترا (پەیمانشکێنی) دەکاتە گەورەترین تاوان. ئەمە گۆڕانکارییەکی فەلسەفیی گەورەیە؛ چونکە سزاکە چیتر لە دەرەوە نییە (زیندان)، بەڵکوو لە ناوەوەیە (نەفرەتی خودایی، کەڵکەڵەی ویژدان و لەدەستدانی شەرعیەتی کۆمەڵایەتی).

چاوی خۆر (سیستمی چاودێریی گەردوونی): خۆر وەک سیمبولی میترا، کارکردی چاوی هەمیشە بێدار دەبینێت. ئەمە دەبێتە بنەمایەک بۆ دروستبوونی کۆمەڵگەی متمانە. جەنگاوەری زاگرۆسی متمانەی بە هاوسەنگەرەکەی هەیە، چونکە دەزانێت هەردووکیان لەژێر چاودێریی هەمان ڕووناکیدان.

لە کاتێکدا ئیمپراتۆریەتی ئاشوور سیاسەتی (دابڕە و زاڵبە)ی پەیڕەو دەکرد، میتراییزم لە زاگرۆسدا (کۆبکەوە و پارێزگاری بکە)ی هێنایە ئاراوە.

ئەندازیاری یەکگرتوویی: میترا بوو بەو زمانە سیاسییە هاوبەشەی کە هۆزە جیاوازەکان تواننیان بە هۆیەوە گوتارێکی یەکگرتوو دروست بکەن. ئەمە نەک هەر ئایین، بەڵکوو بەرگرییەکی کۆمەڵایەتی و کولتووری بوو.

فیدرالیزمی میترایی: ئەم سیستەمە ڕێگەی دەدا هەر یەکەیەکی سیاسی (هۆز یان تیرە) سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت، بەڵام لە کاتی مەترسیدا وەک یەک جەستە بجوڵێتەوە. ئەمە وەڵامی "عەقڵانی" بوو بۆ درندەیی ئاشوور.

میتراییزم لە زاگرۆسدا، فۆرمێک سیاسەتی ئەخلاقی بوو. ئەو سەلماندی کە بۆ دروستکردنی هێزێکی گەورە، مەرج نییە مرۆڤەکان کۆیلە بن؛ بەڵکوو دەکرێت لە ڕێگەی پەیمانی ئازادانە و مێهرەوە، پۆڵایینترین یەکێتی دروست بکرێت کە مێژوو بە خۆیەوە بینیبێتی.

٣- خۆری قەزقاپان: لە مانیفێستی یەکێتییەوە بۆ ژاکۆبۆنی شوناسی هاوچەرخ

ئەمڕۆ، هەڵبژاردنی خۆری ١١ تیشکی قەزقاپان لەلایەن جووڵانەوە سیاسییەکانەوە، تەنها هەڵبژاردنێکی گرافیکی نییە، بەڵکوو هاوارێکی مێژوویە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە سیاسییەی کە دوای هەزاران ساڵ هێشتا لە کوردستاندا دەبینرێت. ئەمە هەوڵێکە بۆ گۆڕینی دابڕاوی و پەرتەوازەیی بۆ یەکپارچەیی و یەکگرتوویی لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ ڕەچەڵەکە میتراییەکان. کوردستانی ئەمڕۆ، وەک ئاوێنەیەکی شکاوی لێهاتووە؛ نەک هەر بەهۆی سنوورە دەستکردەکان، بەڵکوو بەهۆی پەرتەوازەیی گوتار و پێکهاتەوە.

سیمبول لەگوێن جەستەیەک بۆ نەتەوە: کاتێک پارتە هاوچەرخەکان لەژێر ئەم خۆرەدا کۆدەبنەوە، لە ڕاستیدا دەیانەوێت بڵێن: "ئێمە پاشماوەی ئەو ١١ تیشکەین کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئیمپراتۆریەتێکیان هەبوو". لێرەدا، سیمبولەکە دەبێتە چەترێکی میتافیزیکی بۆ پێکەوەبەستنی ئەو پارچانەی کە سیاسەت لێکی دابڕیون.

نوێکردنەوەی میژوویی: وەستان لەژێر ئەم خۆرە، بەمانای سوێندخواردنی میترایی دێت. یانی دووبارەکردنەوەی ئەو پەیمانەی کە هۆزەکانی ماد بەستیان؛ پەیمانی نەجەنگانی نێوخۆیی و یەکڕیزیی بەرامبەر ئەویدیکەی داگیرکەر. لە فەلسەفەی سیاسیدا، شەرعییەت یان لە دەنگدانەوە دێت یان لە میژووەوە. بۆ گەلێکی وەک کورد کە خاوەنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی مۆدێرن نییە، سیمبولی قەزقاپان ڕۆڵی دەستوورێکی دێرین دەگێڕێت.

میراتگریی ڕاستەقینە: بەستنەوەی خەباتی ئەمڕۆ بە میژووەوە وەلامێکی فەلسەفییە بۆ ئەو گوتارانەی کە دەیانەوێت کورد وەک میوانێکی میژوویی یان کۆچەری بناسێنن. ئەم خۆرە بەڵگەی ڕەسەنایەتیی نیشتەجێبوون و خاوەندارێتیی خاکەکەیە.

لە ململانێی ئایدۆلۆژییەوە بۆ یەکێتیی میترایی:

پارتەکان لە ڕێگەی ئەم هێمایەوە، ئایدۆلۆژیای حزبیی تێدەپەڕێنن و دەگەڕێنەوە بۆ ئیتیکی (ئەخلاقی) زاگرۆسی. ئەگەر ئەمڕۆ کوردستان بەدەست ململانێی لایەنەکانەوە دەنالێنێت، ئەوا بێگومان تێزی خۆری قەزقاپان دەتوانێ چارەسەرێکی فەلسەفی پێشکەش بکات:

فیدرالیزمی سروشتی: تیشکەکان جیاوازن بەڵام یەک سەرچاوەیان هەیە. ئەمە پێمان دەڵێت کە دەکرێت لایەنە سیاسییەکان (تیشکەکان) ئایدۆلۆژیای جیاوازیان هەبێت، بە مەرجێک هەموویان پابەندی ناوەندێک بن کە ئەویش بەرژەوەندیی باڵای خاک و نەتەوەیە.

کۆتاییهێنان بە تۆڵەی میژوویی: هەمان ئەو هێزەی کە ئاشووری وەک هەڕەشە لە زاگرۆس سڕییەوە، تەنها یەکگرتوویی بوو. ئەمڕۆش ئەم سیمبولە هۆشداری دەدات کە بەبێ میهر و پەیمان، زاگرۆس هەر بە دابڕاوی دەمێنێتەوە.

ئاکام

خۆری ١١ تیشکی قەزقاپان، تەنیا شوێنەوارێکی تاشراو لەسەر سنگی هەردێکی کوردستان نییە؛ بەڵکوو پڕۆژەیەکی زیندووی میژوویییە کە هەموو ساتێک دەرفەتی نوێبوونەوەی تێدایە. ئەم خۆرە بۆ ئێمەی ئەمڕۆ، مانیفێستێکی میتافیزیکییە

کە ڕێگـای داهاتوومـان نیشـان دەدات: مـانەوە و سـەرکەوتن لە کوردسـتاندا، لە ڕێـگەی گەڕانەوە بـۆ ئەو "گرێبەسـتە گەردوونییە" دەبێت کە جارێکی تریش دەتوانێت پشتی گەورەترین ئیمپراتۆریەتە ستەمکارەکان بشکێنێت.

مێـژووی زاگـرۆس سـەلماندوویەتی کە ڕەچەڵەکـی ئـێمە لە "پەیمـانی مێهـر"ەوە سـەرچاوە دەگرێـت. هەرچەنـد تیشـکەکان (پارتەکـان، تیرەکـان، پارچەکـان) لێـک دوور بـکەونەوە، هێشـتا ناوەنـدە درەوشـاوەکە هەر مـاوە و چـاوەڕێی سـاتەوەختی یەکگرتنەوەیە. ئەو وزە شاراوەیەی لەناو ویژدانی هەر زاگرۆسییەکدا هەیە، کلیلی تێپەڕاندنی هەموو تاریکییەکانی مێژووە. قەزقاپان پێمـان دەڵێت کە ڕێگـای ڕزگـاری لەو ئیـرادە و متمـانە هاوبەشـەدایە کە لە نـاوەوە دەپشکۆێت. کاتێـک پەیمـانی مێهر دەبێتە ئیمانێکی ناوەکی، هەموو دیوارەکان دەبنە قەڵای پاراستن.


میترایيزمی زاگرۆسی، فەلسـەفەی سـەرکەوتنە. ئەم خـۆرە مژدەی ئەوە دەدات: زاگـرۆس کاتێـک هەڵـدێت کە تیشـکەکان (فرەیـی) یەکبـوونی خۆیـان لە ناوەنـددا (نەتەوە) بـدۆزنەوە. لێـرەدا برایەتـی و یەکڕیـزی تەنیـا دروشـم نـین، بەڵکـوو ستراتیژیی گەیشتن بە شکۆمەندییەکین کە مێژوو دەنووسێتەوە. ئەم نەخشەیەی لە قەزقاپان جێماوە، بـانگەوازێکی پیـرۆزە بـۆ هەمـوو نەوەکـان؛ بانگەوازێـک بـۆ ئەوەی ببـنە میراتگـری ئەو ڕووناکییەی کە هەرگیـز نامرێـت و هەمیشـە توانـای ئەوەی هەیە تەمومژی مێژوو بڕەوێنێتەوە و ئاسۆیەکی گەش بۆ کوردستان بخولقێنێت.

قەزقـاپـان پێمـان دەڵێـت کە سیاسـەت لە زاگرۆسـدا لە لـوولەی تفەنـگ یـان لە مێـزی دانوسـتانە دەرەکییەکـانەوە دەسـت پێناکـات؛ بەڵکـوو لە ویژدانـی هاوبەشـەوە سـەرچاوە دەگرێـت. ئەگەر بەڵـێن و پەیمـان نەبـوو بە ئیمـانێکی نـاوەکی، ئەوا هەموو یەکێتییەک تەنها مەرەکەبێکی سەر کاغەزە.

میترایيزمی زاگرۆسی، ئایینی پەرستن نەبووە، بەڵکوو ئەخلاقی بەرگری بووە. ئەم خۆرە دەڵێ: زاگـرۆس تەنهـا کاتێـک هەڵـدێت کە تیشکەکان (فرەیی) پابەنـدی نـاوەنـد بـن (یەکێتی). لێـرەدا برایەتـی تەنهـا دروشم نییە، بەڵکـوو سـتراتیژیی مـانەوەیە؛ چـونکە لە دەرەوەی ئەم پەیمـانە، تەنهـا ئەشـکەنجەی ئاشـوورییەکان و سـڕینەوەی مێژوویـی چاوەڕێمـانە. ئەم نەخشەیەی لە قەزقاپان جێماوە، وەک تـاقیکردنەوەیەک وایە بـۆ هەمـوو نەوەکـان. هەر نەوەیەک نەتوانێت ئەم ١١ تیشکە پێکەوە گرێ بداتەوە، مەحکوومە بەوەی لەناو تەمومژی مێژوودا بتوێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٣ی ڕەشەمەی ٢٧٢٥

ڕێککەوتنی هەڵپەسێردراو؛ ناشتییەک کە بڕیار نییە بێتە دی



لە فەرهەنگی فەرمیی دیپلۆماسیدا، هەر جۆرە دانوستانێک بەو مەرجە پێناسە دەکرێت کە ئامانجەکەی گەیشتن بە ڕێککەوتن بێت؛ بەڵام ئەزموونی پەیوەندییە پڕ لە گرژییەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا نیشانی دەدات کە ئەم پێناسەیە، لانی کەم لەم بابەتەدا، تەنیا سادەکردنەوەی مەلانێیەکی یەکجار ئاڵۆزە. ئەوەی لە ڕواڵەتدا وەک هەوڵ بۆ دانوستان و ئاشتی دەخرێتە ڕوو، لە ناخ و قووڵاییدا، زیاتر لە جۆرە مودیریەتێکی قەیران دەچێت؛ مودیریەتێک کە بەدوای کۆتاییهێنان بە مەلانێکاندا ناگەڕێت، بەڵکوو دەیەوێت ڕێکیان بخات، کۆنترۆڵیان بکات و لە ئاستێکدا بیانهێڵێتەوە کە بتوانێت بەرگەیان بگرێت. لەم چوارچێوەیەدا، شکستی دانوستانەکان لادان نییە لە ڕێڕەوەکە، بەڵکوو دەکرێت بەشێک بێت لە خودی پڕۆسەکە.

کۆبوونەوەی ئیسلامئابادیش دەبێت هەر بەم پێوەرە بخوێندرێتەوە. ئەگەر لایەنێکی دانوستانەکە تەنیا وەک شکست یان دەرفەتێکی لەدەستچوو سەیری بکات، ئەوا لایەنەکەی تر وەک دیمەنێک لە کایەیەکی دووبارەبووەوە لێی دەڕوانێت؛ کایەیەک کە تێیدا لە ڕواڵەتدا وا نیشان دەدەن مەیلی ڕێککەوتنیان هەیە، بەڵام لە کردەوەدا، لە هەر خاڵێکی کۆتایی کە پابەندبیان بخاتە سەر، خۆیان لادەدەن. لێرەدا دانوستان بۆ چارەسەری قەیران نییە، بەڵکوو تەنیا بۆ ئەوەیە مەلانێکان

لە سنوور تێنەپەڕن و نەتەقنەوە. بەکورتی، ئەوەی لە ئاراداییە دیپلۆماسیی ئاشتی نییە، بەڵکوو دیپلۆماسیی هەڵپەساردنە.

تێڕوانینی ئێران بۆ دانوستان و ڕێککەوتن

ڕێککەوتنی هەڵپەسێردراو بۆ ئێران، تەنیا دۆخێکی کاتی نییە، بەڵکوو ستراتیژێکی جێگیرە؛ جۆرە هاوسەنگییەکی لەرزۆک کە تێیدا جەنگ دوا دەخرێت، بێ ئەوەی ئاشتی جێگەی بگرێتەوە. ئەم مۆدێلە ڕێگە بە ئێران دەدات لە نێو جەرگەی ئەو هەموو گوشارە دژبەیەکە نێوخۆیی و دەرەکییانەدا، چەند ئامانجێکی جیاواز بپێکێت: فشارە دەستبەجێیەکان سووک بکات، کات بکوژێت، کارتەکانی فشاری بپارێزێت و ڕێگەی گەیشتن بە هەر ئیمتیازێکی بنەڕەتییش ببەستێت. ئەنجامی دڵخواز بۆ تاران لەم دۆخەدا ئەوەیە کە گرژییەکان نە ئەوەندە توند بن بگەنە پێکدادانی ڕاستەوخۆ، نە ئەوەندەش خاو ببنەوە کە بگەنە ڕێککەوتنێکی کۆتایی.

لەسەر ئەم بنەمایە، چیتر پرسیارە سەرەکییەکە ئەوە نییە بۆچی دانوستانەکان بێ ئەنجام بوون، بەڵکوو ئەوەیە ئایا لە بنەڕەتدا بڕیار بووە بگەنە چ ئەنجامێک؟ ئەگەر "ڕێکنەکەوتن" وەک بژاردەیەکی ستراتیژی تەماشا بکرێت، ئەوا زۆرێک لەو شکستانەی باس دەکرێن، لە ڕاستیدا سەرکەوتنێکی کەمینەن: سەرکەوتن لە پاراستنی دۆخی هەبوو، بێ ئەوەی باجی ڕێککەوتنێکی گشتگیر بدرێت. لەم چوارچێوەیەدا، ڕێککەوتنی هەڵپەسێردراو نیشانەی ناتوانیی دیپلۆماسی نییە، بەڵکوو دەربڕی جۆرە ئەقڵانییەتێکی سیاسیی تایبەتە؛ تێڕوانینێک کە ئاشتی نە وەک ئامانجێکی کۆتایی، بەڵکوو تەنیا وەک کارتێکی دەستکاری کراو لە کایەی دەسەڵاتدا دەبینێت.

بۆ تێگەیشتن لەم لۆژیکە، دەبێت لەو گێڕانەوە ئەخلاقییانە دوور بکەوینەوە کە لایەک بە تاوانبار و لایەکەی تر بە بەربەستی ئاشتی دەزانن؛ پێویستە لە ناوکۆی بڕیاردان ورد ببینەوە. لێرەدا کێشەکە ئیرادەی ئەم و ئەو نییە، بەڵکوو کۆمەڵێک سنووردارییە و حیساباتە کە ئێران بەرەو پاراستنی دۆخی هەڵپەسێردراو پاڵ پێوە دەنێت. بۆ ئێران، ڕێککەوتنێکی گشتگیر بە واتای قبووڵکردنی کۆمەڵێک بەربەستە کە هاوسەنگیی نێوخۆیی دەسەڵات و شەرعییەتە لەرزۆکەکەی، لەگەڵ قووڵایی ستراتیژیی ناوچەیی، دەخاتە بەر مەترسییەوە.

تێڕوانینی ئەمریکا بۆ دانوستان و ڕێککەوتن

لە لایەکی تری ئەم هاوکێشەیەدا، ناتوانرێت پێگەی دۆناڵد ترامپ تەنیا وەک "خواستی ئاشتی" کورت بکرێتەوە. ئەوەی لە

یەکەم نیگـادا وەک ئـارەزووی کۆتاییهێنـان بە گرژییەکـان دەبینرێـت، لە ڕاسـتیدا بەشـێکە لە ڕێچکەیەکـی کردەوەخـوازانە (پڕاگماتییـانە) کە ئاشـتی نەک وەک بەهـایەکی بنەڕەتـی، بەڵکـوو وەک دەسـتکەوتێکی نمایشـکارانە دەبینێـت. بـۆ تـرامپ، کێشەکە تەنیا بڕانەوەی قەیرانەکە نییە، بەڵکوو چۆنیەتیی کۆتاییهاتن و ئەو وێنەیەیە کە لەو کۆتـاییە نیشـانی جیهـانی دەدات.

لەم چوارچێوەیەدا، جیـاوازیی بنەڕەتـی نە لە نێـوان ئاشـتیخوازی و شـەڕخوازیدا، بەڵکـوو لە نێـوان دوو جـۆر ئەقڵانییەتـی سیاسـیدایە: لە لایەک، لـۆژیکی "ڕێککەوتنـی هەڵپەسـێردراو" کە لەسـەر بەڕێـوەبردن و کێشـکردنی قەیـرانەکە وەسـتاوە؛ لە لایەکی تـریش، لۆژیکی "ڕێککەوتنی نمایشکارانە" کە بەدوای ئەنجامێکی خێرا و پڕدەنگودۆنگدایە بۆ ئەوەی وەک دەسـتکەوتی سیاسی ڕابیگەیەنێت. تـرامپ، بە پێچەوانەی ڕێسای کلاسیکی دیپلۆماسی، چەنـدین جـار نیشـانی داوە کە خولیـای ڕێککەوتنـی خێرایە (تەنانەت ئەگەر ڕووکەش و بێبنەمـاش بـن)، چـونکە دەتوانێت وەک سـەرکەوتنی سیاسـی بیفرۆشێتەوە. وەک ئەوەی لەگەڵ کـیم جۆنـگ ئونـدا کـردی؛ لەوێـدا دیـدار و ڕاگەیانـدنی ڕێککەوتـنەکە، خـۆی بەقەد نێـوەڕۆکەکەی گرنـگ بـوو. لە مـۆدێلێکی وەهـادا، هەر ئەوەی بگەیـتە خاڵێـک کە بتوانیـت ڕابیگەیەنێـت، تەنـانەت ئەگەر قـووڵایی و بنەمـایەکی جێگیرکەریشی نەبێت، بە سەرکەوتن دادەنرێت.

هەر بۆیە، لێرەدا ئاشتی زیـاتر ئـامرازێکە نەک دۆخێکی جێگیـر. هەر لێرەیشـەوە دژایەتییە بنەڕەتییەکە سـەر هەڵـدەدات: ئەگەر ئێران بەدوای بەڕێوەبردنی گرژی بێت بێ ڕێککەوتنی کۆتایی، و تـرامپیش بەدوای ڕێککەوتنێکی خێرا و نمایشکارانەدا بێت، ئەوا دوو لۆژیک ڕووبەڕووی یەک دەبنەوە کە هیچ خاڵێکی هاوبەشیان نییە. یەکێکیان کات دەکڕێت، ئەوی تریـان کـات دەکوشێت؛ یەکێکیان لە هەڵپەسـاردن سوود دەبینێت، ئەوی تریان لە ساتەوەختی وێنەگرتن و ڕاگەیـاندنی ڕێککەوتن.

ئەنجامی ئەم بەریەککەوتنە مەرج نییە ئاشتی بێت، بەڵکوو جۆرە لێکخشـاندنێکی هەمیشەییە لە پڕۆسەی دانوستانەکاندا. هەر جارێک کە دەرفەتێک بۆ ڕێککەوتن دەڕەخسێت، ئەم جیاوازییەی نێوان ئامانجەکان خۆی دەردەخـات: ئەو لایەنەی تەنیـا دەیەوێـت دۆخەکە بەڕێـوە ببـات، لە خـاڵی کۆتـایی ڕادەکـات؛ ئەو لایەنەیشـی تەنیـا چـاوی لە ڕاگەیـاندنی ڕێککەوتـنە، فشـارەکان زیـاتر دەکـات. کەواتە، شکسـتی دانوسـتانەکان ڕووداوێکـی لەناکـاو نیـیە، بەڵکـوو دەرەنجـامی سروشـتیی ئەم ناهاوئاهەنگییە ستراتیژییەیە.

لەو گۆشەنیگایەوە، تەنـانەت ئەگەر وا دابنێـین تـرامپ بەڕاسـتی خوازیـاری ئاشـتییە، دەبێـت بپرسـین: چ جـۆرە ئاشـتییەک؟ ئاشـتییەکی بنەڕەتـی و جێگیـر، یـان ئاشـتییەکی خێـرا و نمایشـکارانە؟ وەڵامـی ئەم پرسـیارە دیـاری دەکـات بـۆچی تەنـانەت ئەگەر ئیرادەش هەبێت، دیسان ڕێککەوتن ناکرێت. چونکە ئەوەی لای لایەنێک بە شکست و سەرشۆڕیی دادەنرێت، لای

لایەنەکەی تر وەک نمایشی هێز و سەرکەوتن دەبینرێت.

دەرەنجام

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، نابێت جێگیریی "ڕێککەوتنی هەڵپەسێردراو" لەگەڵ سەقامگیریی ڕاستەقینەدا تێکەڵ بکرێت. ئەم دۆخە، هەرچەندە لە کورتماوەدا کارا دەردەکەوێت، بەڵام لە درێژماوەدا بەرەو ناسکی و لەرزۆکییەکی بێزارکەر دەچێت. هۆکارەکەشی سادەیە: هەڵپەساردن، بەپێچەوانەی ئاشتی، خاوەنی هیچ دەزگا و بنەمایەکی جێگیرکەر نییە؛ نە ڕێسایەکی ڕوونی هەیە، نە گرەنتییەکی جێی متمانە، و نە ئاسۆیەکی هاوبەش کە یاریزانەکان بەرەو یەک ئاراستە ببات.

لەم سۆنگەیەوە، هەر گۆڕانکارییەکی بچووک، لە وەرچەرخانی هاوسەنگیی ناوچەییەوە بگرە تا گۆڕانکاری لە سیاسەتی نێوخۆییدا، دەکرێت ئەم هاوسەنگییە لەرزۆکە تێک بدات. لەم ڕوانگەیەوە، ڕێککەوتنی هەڵپەسێردراو زیاتر لەوەی چارەسەر بێت، جۆرە دواخستنێکی کێشەکەیە. لێرەدا کێشەکە چارەسەر نابێت، بەڵکوو لە کاتدا بڵاو دەکرێتەوە؛ تێچووەکان لاناچن، بەڵکوو بۆ داهاتوو ڕەوانە دەکرێن.

هاوکات، پارادۆکسێکی نێوخۆیی لەم مۆدێلەدا هەیە: هەرچی لایەنەکان لە بەڕێوەبردنی گرژیدا سەرکەوتووتر بن، پاڵنەریان بۆ دەرچوون لەم دۆخە کەمتر دەبێتەوە. بە واتایەکی تر، سەرکەوتن لە هەڵپەساردندا، خۆی دەبێتە بەربەست لە بەردەم چارەسەر. ئەمە هەمان ئەو خولگەیەیە کە قەیرانەکە بەرهەم دەهێنێتەوە: گرژی کۆنترۆڵ دەکرێت بۆ ئەوەی بەردەوام بێت، و بەردەوام دەبێت چونکە کۆنترۆڵ کراوە.


لەم نێوەندەدا، ڕۆڵی هۆکارە دەرەکییەکانیش یەکلاکەرەوەیە. یاریزانە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان هەرکامەیان بە جۆرێک لەم هاوسەنگییە ناسەقامگیرەدا بەرژەوەندییان هەیە یان کاریگەرییان لەسەرە. هەندێک لەم یاریزانانە لە بەردەوامیی دۆخی هەڵپەسێردراو سوود دەبینن، چ وەک کارتێکی فشار و چ وەک ئامرازێک بۆ پێناسەکردنەوەی پێگەی خۆیان. هەر ئەمەش ئاڵۆزیی دەرچوون لەم دۆخە دوو هێندە دەکات: تەنانەت ئەگەر دوو لایەنە سەرەکییەکەش بەرەو گۆڕانکاری بڕۆن، تۆڕێک لە بەرژەوەندییە ئاڵۆزەکان دەکرێت دیسان بیانگەڕێنێتەوە بۆ خاڵی هەڵپەساردن.

بۆیە پرسیاری کۆتایی چیتر تەنیا ئەوە نییە کە ئایا ڕێککەوتنێک پێکدێت یان نا، بەڵکوو ئەوەیە چ مەرجێک دەکرێت ئەم لۆژیکی هەڵپەساردنە بشکێنێت؟ وەڵامەکە، بە ئەگەری زۆر، نەک لە ئیرادەیەکی لەناکاودا بۆ ئاشتی، بەڵکوو لە گۆڕانی پێکهاتەیی تێچووەکان و بەرژەوەندییەکاندا شاردراوەتەوە.

تا ئەو کاتە، ڕێککەوتنی هەڵپەسێردراو لای لایەنێک وەک چوارچێوەی زاڵ دەمێنێتەوە: دۆخێک لە نێوان جەنگ و ئاشتیدا کە تێیدا گرژی نە چارەسەر دەبێت و نە دەگاتە تەقینەوەیەکی بێ کۆنترۆڵ، بەڵکوو بە شێوەیەکی دەستەمۆکراو بەردەوام دەبێت، بەڵام بۆ لایەنەکەی تر ئەم دۆخە یەکجار بێزارکەرە و وادیارە هەرچی زیاترە پەنا بۆ کارتە فشارە بەهێزەکان دەبات بۆ ئەوەی کۆتایی پێ بهێنێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٤ی خاکەلێوەی ٢٧٢٦

سوژەڤانی و کۆڵەکەی چوارەمی دێموکراسی (دیاردەناسیی ئازادیی بڵاڤۆک لە بنیادنانی دێموکراسی و سەروەریی هزریدا)



دێموکراسی، ئەگەرچی زۆرجار وەک سیستەمێکی یاسایی و تەکنیکی بۆ بەڕێوەبردنی دەسەڵات پێناسە دەکرێت، بەڵام لە بنەڕەتدا زۆر قووڵتر و بەربڵاوتر لەمەیە. دێموکراسی پێکهاتەیەکی زەینی و مەعریفییە کە لەسەر بنەمای دانپێدانان بە ئیرادەی مرۆڤ وەک سەرچاوەی ڕەوایی دامەزراوە. ئەم ئیرادەیە تەنیا لە ڕێگەی دەنگدان یان بەشداریکردنی فەرمی لە دامەزراوەکاندا ناگونجێت؛ بەڵکوو پێویستی بە کەشێکی ئازاد هەیە بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت لە ئاستی "بوون"دا خۆی وەک سوژە بناسێنێت و دەربخات. ئەگەر یاسا، پەرلەمان و حیزب وەک سێ کۆڵەکەی جەستەی دێموکراسی دابنرێن، ئەوا ئازادی بڵاڤۆک و بڵاوکردنەوە ئەو هێزەیە کە ڕۆح وەبەر ئەم جەستەیە دەنێت. بێگومان بڵاوکراوە تەنیا ئامرازێک بۆ گواستنەوەی زانیاری نییە؛ بەڵکوو شوێنی لەدایکبوونی سوژەی سیاسی و پارێزەری سەروەریی هزری و، پارێزەری تاک و نەتەوەیە.

– سوژەڤانی و لەدایکبوونی فەزای گشتی

سوژەڤانی، لەم چوارچێوەیەدا، بە واتای ئەو پرۆسەیە کە مرۆڤ لە بارودۆخی بێدەنگی و وەرگرتنی فەرمان (گوێڕایەڵی، ملکەچی و ئۆبژەڤانی) دەردەچێت و دەبێتە بوونێکی خۆدارێژەر، بنیادنەر و بیرکەرەوە. هابێرماس لە تیۆری "فەزای گشتی"دا

ئاماژە بەوە دەکات کە دێموکراسی لەو شوێنەدا دەست پێ دەکات کە تاکەکان دەتوانن بە شێوەیەکی ئازاد، لە دەرەوەی گوشاری ڕاستەوخۆی دەسەڵات، لەگەڵ یەکدا گوتووبێژ و دانوستان بکەن. بێگومان بڵاقۆک و بڵاوکراوەش ڕێک ئەم بەستێن و فەزایەن کە گوتووبێژی ئازاد و دانوستانی ئازادی سوژەکان تێیدا دەخوڵقێن. بەم شێوەیە کاتێک تاک بتوانێت قسە بکات، پرسیار بکات و گوێ بگرێت، لە دۆخی "ئۆبژەبوون" بەرەو دۆخی "سوبژەبوون" دەردەچێت. لە ڕاستیدا سوژە ئەو بوونەیە کە دەتوانێت بڕیارەکان بخاتە ژێر تیشکی گومان و پرسیار و لە نێوان گوتارە جیاوازەکاندا مەجالی هەڵبژاردنی هەبێت. هەربۆیەش، بڵاوکراوە تەنیا میدیای هەواڵ نییە؛ دامەزراوەیەکی ئانتۆلۆژیکاڵە بۆ لەدایکبوونی سوژە.

– بڵاوکراوە و ڕۆشنگەری: دەرچوون لە کەمئەندامیی فکری

کانت ڕۆشنگەری بە دەرچوونی مرۆڤ لە کەمئەندامیی هزری بەهۆی غیرەت وەبەرخۆنان لە بەکارهێنانی عەقڵ دەزانێت. کەمئەندامی لای کانت ئەمەیە، کە مرۆڤ عەقڵی خۆی بەکار نەهێنێت و بیرکردنەوەی خۆی بسپێرێت بە دیاردە، دەرکەوتە و کەسێکی تر. لە کۆمەڵگەیەکدا کە بڵاوکراوەی ئازاد نییە، دەسەڵات دەور و نەخشێکی دیاریکراو و جیهانێکی نەخشاو و بەرهەمهاتوو لە دەرەوەی ئیرادە و خواستی هاووڵاتییان بە هاووڵاتییان نیشان دەدات. ئەمە تەنیا سانسۆری زانیاری نییە؛ بەڵکوو ڕێک سنووردارکردنی خودی توانای بیرکردنەوەیە. کاتێک زانیاری لە یەک سەرچاوەدا قۆرخ دەکرێت، مرۆڤ ناچار دەبێت جیهان بە چاوی دەسەڵات ببینێت. بەڵام بڵاوکراوەی ئازاد ئەم مۆنۆپۆلییە دەشکێنێت. بە پێشکەشکردنی گوتارە جیاوازەکان، فەزایەک دروست دەکات کە تێیدا هاووڵاتی دەتوانێت بە عەقڵی خۆی هەڵبژێرێت. لێرەدا بڵاوکراوە دەبێتە ئامرازێکی ئەپیستمۆلۆژیک بۆ ئازادکردنی هۆش.

– ململانێی لۆگۆس و کراتۆس

مێژووی سیاسەت، لە بنەڕەتدا، مێژووی ململانێی نێوان لۆگۆس و کراتۆسە. لۆگۆس، واتە عەقڵ و گوتار. کراتۆس، واتە هێز و زاڵبوون. هەموو دەسەڵاتێکی پاوانخواز هەوڵ دەدات کراتۆس بەسەر لۆگۆسدا بسەپێنێت. لەبەر ئەوە یەکەم هێرشەکانی هەر سیستەمێکی ئۆتۆریتاریان بۆ سەر بڵاوکراوە دەبێت. چونکە دەزانێت بڵاوکراوە شوێنی بەرهەمهێنانی لۆگۆسە. کاتێک ئەم شوێنە لەنێو بچێت، عەقڵانییەتی ڕەخنەگرانە جێگەی خۆی بە پڕوپاگەندە و پۆپۆلیزم دەدات. دەسەڵات تەنیا بڕیار نادات؛ مانای بڕیارەکانیش خۆی دیاری دەکات. بەڵام بڵاوکراوەی ئازاد ئەم هێژمونییە دەشکێنێت. ئەو بەردەوام پرسیار دەکات و هەر بڕیارێک دەخاتە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوە. بۆیەش دەشێ بگوترێ کە ئەمە بنەمای عەقڵانییەتی سیاسی دێموکراتیکە.

– کۆڵەکەی چوارەم: چاودێری دەسەڵات لە دەرەوە

تیۆرییە کلاسیکییەکانی دێموکراسی دەسەڵات بە سێ بەش دابەش دەکەن: یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری. مەبەست لەم دابەشکردنە ئەوەیە کە هیچ دامەزراوەیەک قۆرخکاری نەکات. بەڵام لێرەدا پرسیارێکی بنەڕەتی دێتە ئاراوە: ئەگەر ئەم سێ دامەزراوەیە لەنێوخۆیاندا هاوڕێ بن بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان، کێ چاودێریان دەکات؟ لێرەدا بڵاوکراوە وەک "کۆڵەکەی چوارەم" دەردەکەوێت. ئەم ناونیشانە تەنیا میتافۆرێکی سیاسی نییە؛ بەڵکوو هێمای پێگەی بڵاوکراوەیە لە پاراستنی هاوسەنگیی دەسەڵاتدا. لە ڕاستیدا بڵاوکراوە میکانیزمی وەڵامدەر دروست دەکات. ئەم میکانیزمە بە سێ قۆناغ کار دەکات: یەکەم، ئاشکراکردنی زانیارییە شاراوەکان. دووەم، گواستنەوەی ئەم زانیارییانە بۆ فەزای گشتی. سێیەم، دروستکردنی گوشاری ڕای گشتی بۆ وەڵامدانەوە. بێ ئەم پرۆسەیە، دێموکراسی لە نێوەرۆکدا بەتاڵ دەبێت. حیزب دەبێتە کۆمپانیا. پەرلەمان دەبێتە شانۆ و یاسا دەبێتە شێوەیەکی فەرمی بۆ شەرعیکردنی سەرەڕۆیی و پاوانخوازێتی هێز.

– دیاردەناسیی سۆژەی سەربەخۆ

بێگومان دەسەڵات تەنیا لە فەرماندان و داڕشتنی چوارچێوەی یاسایی و ڕیسادارشتندا ڕوو نادات؛ بەڵکوو لە شێوەی دەرخستنی زانیاری و گوتاریشدا ڕوو دەدات و دەردەکەوێت. دەسەڵات دیاری دەکات چی بزانرێت، چۆن بزانرێت و چی لەگوێن حەقیقەت و ڕاستی وەربگیرێت و دانی پێدا بنرێت. لە غیابی بڵاوکراوەی ئازاددا، مرۆڤ دەبێتە بەرهەمی ئەم گوتارە. بەڵام لە ژینگەیەکی پلۆرالدا، سۆژەی سەربەخۆ لەدایک دەبێت. ئەم سۆژەیە کێیە؟ ئەوەی کە دەتوانێت لە نێوان چەندین گوتاری جیاوازدا، بە عەقڵی، سەربەخۆیانە و بۆ بەرژەوەندی خۆی هەڵبژێرێت. سۆژەی سەربەخۆ تەنیا مافی قسەکردنی نییە؛ توانای هەڵسەنگاندنی قسەشی هەیە و حاشاهەڵنەگریشە کە ئەم توانایە بەبێ ئازادیی بڵاڤۆک و بڵاوکردنەوە بەرهەم نایەت.

– سەروەریی فکری و مانای ڕاستەقینەی نەتەوە

زۆرجار سەروەریی نەتەوەیی بە سنوور و هێزی سەربازی پێناسە دەکرێت. بەڵام ئەم پێناسەیە زۆر موبتەزەل و کەمە. نەتەوەیەک دەتوانێت سنووری جوگرافیی هەبێت، بەڵام سەروەریی فکری نەبێت. ئەگەر هاوولاتییەکانی نەیانتوانێت بە ئازادی بیر بکەنەوە، ئەوا ئەو نەتەوەیە هێشتا لە ئاستی هۆشیاریی سیاسییدا ژێرچەپۆکەیە. سەروەریی ڕاستەقینە لەو شوێنەدا دەست پێ دەکات کە نەتەوە بتوانێت بە عەقڵی خۆی خۆی بناسێت. بڵاوکراوەی ئازاد ئەو ئاوێنەیە کە کۆمەڵگە

خۆی تێدا دەبینێت. بەبێ ئەم ئاوێنەیە، خۆناسین ناومکینە. هەر بۆیەش دەشێ بگوترێ کە بەرگری لە بلاوکراوە، بەرگری لە سەروەری و بەرژەوەندی نەتەوەییە.

– پلۆرالیزم و شەرعییەتی دێموکراسی

پلۆرالیزم، ئەگەر تەنیا بە بوونی چەند دەنگ و ڕوانگەی جیاواز پێناسە بکرێت، هێشتا لە ئاستی ڕووکاردا دەمێنێتەوە. لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە، پلۆرالیزم ڕادیکاڵترە لە کۆبوونەوەی دەنگە جیاوازەکان؛ لە ڕاستیدا پلۆرالیزم ئەو بارودۆخەیە کە تێیدا مرۆڤ بتوانێت لە نێوان مانا جیاوازەکاندا بە هۆی عەقڵی خۆی هەڵبژاردن بکات. ئازادی ڕاستەقینە لە خودی هەڵبژاردندا نییە؛ بەڵکوو لە مەرجەکانی هەڵبژاردندایە. مرۆڤ کاتێک ئازادە کە لەبەردەم ئاسۆیەکی فراوان لە تێگەیشتن و گوتاری جیاوازدا بێت. ئەگەر ئەم ئاسۆیە سنووردار بکرێت، هەڵبژاردن دەگۆڕدرێت بۆ وەهمی هەڵبژاردن. ئەمە ئەو جیاوازییە کە سنووری نێوان "هەڵبژاردنی فەرمی" و "هەڵبژاردنی بوونی" دیاری دەکات.

هەڵبژاردنی فەرمی ئەوەیە کە مرۆڤ لەنێو چوارچێوەیەکی پێشوەختە دیاریکراودا تەنیا یەکێک لە بەردەستەکان هەڵبژێرێت؛ بەڵام هەڵبژاردنی بوونی ئەوەیە کە خۆی بتوانێت بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە لە خودی ئەو چوارچێوەیەش بپرسێت. دێموکراسی تەنیا لەو کاتەدا شەرعییەت وەردەگرێت کە هاوواڵاتی بتوانێت لە ئاستی دووەمدا کار بکات؛ واتە نەک تەنیا هەڵبژێرێت، بەڵکوو لەسەر خودی مەرجەکانی هەڵبژاردنیش بیر بکاتەوە. لێرەدا ئازادیی بلاوکردنەوە دەبێتە مەرجی پێشوو بۆ شەرعییەتی سیاسی. چونکە بێ بلاوکراوەی ئازاد، پلۆرالیزم دەبێتە نمایشی ژمارەیی دەنگەکان، نەک فرەیی ڕاستەقینەی مانا. ئەگەر هاوواڵاتی لە ژێر سایەی یەک گوتاری زاڵدا بڕیار بدات، ئەو بڕیارە هەرچەندە لە ڕێگەی دەنگدانەوە بێت، هێشتا لە ڕووی فەلسەفییەوە ئازادانە نییە.

ئەمە هەمان ئەو خاڵەیە کە زۆر سیستەمی سیاسی تێیدا هەڵدەخەڵەتێن؛ ئەوان وەک دێموکراسی دەردەکەون، چونکە فۆرمی هەڵبژاردنیان هەبێت، بەڵام لە نێوەرۆکدا هێشتا لەژێر کۆنترۆڵی مۆنۆپۆلیی گوتار و زانیاریدان. شەرعییەتی دێموکراسی لە سندووقی دەنگدانەوە دەست پێ ناکات؛ لەو فەزایەوە دەست پێ دەکات کە سندووقی دەنگدان مانای تێدا وەردەگرێت. ئەم فەزایەش تەنیا بە بوونی بلاوکراوەیەکی سەربەخۆ و پلۆرالْ دروست دەبێت. هەر بەم هۆکارەشە، دەشێ بگوترێ کە پلۆرالیزم تەنیا ڕێکخستنی جیاوازییەکان نییە؛ بەڵکوو پاراستنی مافی تاکە بۆ ئەوەی لە نێو جیاوازییەکاندا خۆی وەک سوژەیەکی بڕیاردەر دەربخات. ئەمەش بنەمای هەر شەرعییەتییەکی ڕاستەقینەی دێموکراتیکە.

– دەرئەنجام

بەرگری لە ئازادیی بڵاوکردنەوە، بەرگری لە پیشەی ڕۆژنامەنووسی نییە. ئەمە بەرگرییە لە خودی بوونی مرۆڤ وەک بوونێکی بیرکەرەوە. کۆمەڵگەیەک کە بڵاوکراوەی سەربەخۆی هەیە، دەتوانێت خۆی ڕەخنە بکات، خۆی چاک بکاتەوە و خۆی بگۆڕێت. بەڵام کۆمەڵگەیەک کە دەنگی ڕەخنەی تێدا بکوژرێت، هەرچەندە دامەزراوە و هەڵبژاردنی هەبێت، لە نێوەرۆکدا بەتاڵە. دێموکراسی لەو کاتەدا ڕاستەقینەیە کە هاوواڵاتی تێیدا مافی ئەوەی هەبێت نەک تەنیا قسە بکات، بەڵکوو گوێی لێ بگیرێت.

بۆیە بەهێزکردنی ئەم "کۆڵەکەی چوارەم"ە بەهێزکردنی یەک دامەزراوە نییە؛ بەهێزکردنی بناغەی عەقڵانییەتی نەتەوەییە. چونکە لە کۆتاییدا، نەتەوەی سەروەر ئەوە نییە کە تەنیا سنووریکی پارێزراوی هەبێت؛ بەڵکوو ئەوەیە کە هیچ کەسێک لە جیاتی ئەو بیر نەکاتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٣ی بانەمەڕی ٢٧٢٦

بنەما نەزەرییەکانی یەکنەگرتوویی و دابڕاوی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان
(شیکردنەوەیەک لە دەلاقەی مەعریفی و فەلسەفی ڕا)



لێکترازان و نەبوونی تەبایی لە نێوان حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان، بە تایبەت لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، زۆرجار وەک کێشەیەکی تەکنیکی یان ڕێکخراوەیی لێی دەڕوانرێت و خویندنەوەی بۆ دەکرێت؛ وەک ئەوەی قەیرانەکە تەنیا بەرهەمی ململانێی کەسایەتی، جیاوازیی ستراتیژی، ململانێی لەسەر ڕابەرایەتی یان گوشارە دەرەکییەکان بێت. ئەم جۆرە شیکردنەوانە، هەرچەند تا ڕادەیەک بەشێک لە ڕاستییەکان لەخۆدەگرن و دەریدەخەن، بەڵام لە بنەڕەتدا ناتوانن خودی قەیرانەکە وەک دیاردەیەکی مێژوویی و مەعریفی بناسێنن. چونکە ئەگەر ئەم لێکترازانە تەنیا بەرهەمی هۆکارە ڕواڵەتی و ڕووکەشەکان بوایە، ئەوا دەبوو بە گۆڕانی مەرجە سیاسییەکان یان بە دروستبوونی هاوپەیمانییەکی تاکتیکی چارەسەر بکرایە. بەڵام مێژووی سیاسەتی کوردی نیشانی داوە کە دابڕان، نەک دیاردەیەکی کاتی، بەڵکوو جۆرێک لە دووبارەبوونەوەی مەعریفییە؛ ئەم قەیرانە زۆر زیاتر لەوەندەی وەک ئەگەرێکی هەڵکەوتوو، کە وەک شێوازێک لە بوونی زەینی خۆی دەردەخات. لەبەر ئەمە، قەیرانی یەکێتی لە نێوان حیزبەکانی کوردستان، پێویستە لە ئاستێکی ڕادیکاڵتردا بخوێندرێتەوە؛ واتە وەک قەیرانێک لە بەرهەمهێنانی "ئاسۆی مانایی هاوبەش". ئەوەی لە نێوان ئەم حیزبانەدا ون بووە، تەنیا هاوئاهەنگیی کرداری نییە، بەڵکوو نەبوونی چوارچێوەیەکی هزری و مەعریفییە کە بتوانێت جیاوازییە گوتاری و ئایدیۆلۆژیکەکان لە ژێر ئاسۆیەکی هاوبەشدا مانادار بکات. بە مانایەکی تر، قەیرانی یەکێتی پێش ئەوەی قەیرانی ڕێکخراوەیی بێت، قەیرانی "بەینازەینی"یە؛ قەیرانێک لە نەبوونی زمانێکی سیاسی هاوبەش بۆ تێگەیشتن لە خودی

"کورد"، ڕوانگەیەکی فەلسەفی لە مەڕ مانای خەبات، ئامانجی سیاسەت و پێوەندیی نێوان حیزب و نەتەوە.

بێگومان هەر پرۆسەیەکی سیاسی، لە بنەڕەتدا، لەسەر جۆرێک پێناسە بۆ "سوژە"ی خۆی بنیادنراوە؛ ئەو بوونە مێژوویی و سیاسییەی کە خەبات بۆی دەکرێت و مانای سیاسەت لە ئاراستەی ئەودا پێکدێت. بەڵام کێشەی سیاسەتی کوردی ئەوەیە کە هێشتا "سوژەی کورد" خۆی نەبووەتە بابەتی کۆنسێنسوسی مەعریفی. هەر حیزبێک لە ژێر بناغەیەکی ئایدیۆلۆژیک و مێژوویی جیاوازدا، کورد بە شێوەیەکی جیاواز دەخوێنێتەوە؛ جارێک وەک سوژەیەکی نەتەوەیی، جارێک وەک سوژەیەکی چینایەتی، جارێک وەک ناسنامەیەکی کولتووری و ئایینی یان تەنانەت وەک بابەتێک بۆ بەرهەمهێنانی دەسەڵات. لەبەر ئەمە، ئەوەی بە ناوی "یەکێتی" بانگەشەی بۆ دەکرێت، زۆرجار لە بنەڕەتدا داوای یەکخستنی دوو یان چەند تێگەیشتنی جیاوازە بۆ دەستەبەر کردن و دابەشکردنی دەسەڵات. هەروەها، ئەم دابڕاوییە تەنیا بەرهەمی جیاوازیی بیرکردنەوە نییە، بەڵکوو لە ژێر کاریگەریی مێژوویەکی پڕ لە شکستی هاوبەش، گومان، تیرۆر، دووبەرەکی و داڕمانی متمانەی سیاسی دروست بووە. یادەوەریی بەکۆمەڵی سیاسەتی کوردی، زیاتر لەوەی سەرچاوەی خۆئاگاهیی مێژوویی بێت، زۆرجار بووەتە سەرچاوەی بەرهەمهێنانی نەمامی و دووبارەکردنەوەی دابڕان. لە دۆخێکی ئاوادا، "ئەویتر"ی سیاسی، نەک وەک هاوبەشێکی مومکین، بەڵکوو وەک هەڕەشەیەکی شاراوە سەیر دەکرێت.

قەیرانی سوژەی کورد

هەر وەک پێشتر باسی لێوەکرا، هەر پرۆسەیەکی سیاسی، بمانەوێ یان نەمانەوێ، لەسەر پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ "سوژە"ی خۆی بنیاد نراوە. سوژە تەنیا تاکێکی سیاسی نییە، بەڵکوو ئەو بوونە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەیە کە خەبات و مانای سیاسی لەسەر دامەزرێت. لێرەدا گرنگترین کێشە ئەوەیە کە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان، تێگەیشتنێکی هاوبەشیان بۆ "سوژەی کورد" نییە.

هەندێک لەو حیزبانە، سوژەی کورد وەک سوژەیەکی نەتەوەیی دەبینن کە ئامانجی سەرەکیی بریتییە لە دامەزراندنی مافی چارەنووسی نەتەوەیی. هەندێکی تر، سوژەی کورد لە چوارچێوەی ململانێی چینایەتی و شۆڕشگێڕیی کۆمەڵایەتیدا دەخوێننەوە. لایەنێکی تر، سوژەی کورد بە شێوەیەکی کولتووری، ئایینی و ناسنامەیی دەبینێت، نەک تەنیا سیاسی. لەبەر ئەمە، هەر حیزبێک لە بنەڕەتدا لەگەڵ "کوردێکی جیاواز" کار دەکات. ئەم جیاوازییە تەنیا جیاوازیی سیاسی نییە، بەڵکوو جیاوازییەکە لە ئاستی ئۆنتۆلۆژی و مەعریفەدایە؛ واتە لە تێگەیشتن لە خودی بوونی "کورد"دا. لەبەر ئەوەی سوژەی هاوبەش نییە، ئاسۆی سیاسیی هاوبەشیش بەرهەم نایەت. بەم مانایە، قەیرانی یەکێتی پێش هەر شتێک قەیرانی سوژەسازییە.

دابڕانی یادەوەریی میژوویی

هۆکارێکی تری قووڵی ئەم لێکترازانە، قەیرانی یادەوەریی میژوویییە. یادەوەریی بەکۆمەڵی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان، پڕە لە شکستی هاوبەش، دابەشبوون، تیرۆر، ناکۆکیی نێوخۆیی و گێڕانەوە دژبەیەکەکان لەسەر ڕابردوو. لەجیاتی ئەوەی ئەم یادەوەرییانە ببنە بناغەیەک بۆ خۆڕەخنەیی و پێداچوونەوەی میژوویی، زۆرجار بوونەتە سەرچاوەی بەرهەمهێنانی گومان و نەمامی. لە زۆر حاڵەتدا، "ئەویتر"ی سیاسی نەک وەک هاوبەشێکی گونجاو، بەڵکوو وەک هەڕەشەیەکی نێوخۆیی سەیر دەکرێت. بەم شێوەیە، متمانەی نێوانزەینی، کە بنەمای هەر هاوکارییەکی سیاسییە، لەنێو دەچێت. ئەمە دۆخێکی دروست کردووە کە تێیدا هەر بانگەشەیەک بۆ یەکێتی، پێش ئەوەی ببێتە پرۆسەیەکی سیاسی، دەبێتە بابەتی گومان.

لێرەدا گرنگە تێبینی ئەوە بکرێت کە یادەوەریی میژوویی، تەنیا یادکردنەوەی ڕابردوو نییە؛ بەڵکوو میکانیزمێکە بۆ دروستکردنی ناسنامە و مانا. کاتێک ئەم یادەوەرییە دابڕاو و پڕ لە زامە میژووییەکان بێت، ناتوانرێت ناسنامەیەکی سیاسیی هاوبەش بەرهەم بهێنرێت.

سەرەوژێربوونی پێوەندیی نێوان ئامراز و ئامانج

لە لۆژیکی سیاسیی نەتەوەییدا، چاوەڕوانی دەکرێت حیزب ببێتە ئامرازێک بۆ وەدیهێنانی پرۆژەیەکی گەورەتر؛ واتە نەتەوە، ئازادی و مافی چارەنووس. بەڵام لە زۆر حاڵەتدا، هێزمۆنی، مانەوە و پاراستنی خودی ڕێکخراو بووەتە ئامانجی سەرەکی. بەم شێوەیە، جۆرێک سەرەوژێربوون لە پێوەندیی نێوان "ئامراز" و "ئامانج"دا دروست بووە. واتە، حیزب کە دەبوو خزمەت بە پرۆسەی نەتەوەیی بکات، خۆی بووەتە مەبەست. لە ئەنجامدا، هەر جۆرە بانگەشەیەک بۆ یەکخستن، وەک هەڕەشەیەک بۆ سنووری شوناسیی ڕێکخراوەیی سەیر دەکرێت. لێرەدا شوناسیی حیزبی بەسەر شوناسیی نەتەوەییدا زاڵ بووە. ئەم دیاردەیە تەنیا تایبەت بە حیزبەکانی کوردستان نییە. زۆرێک لە بزووتنەوە نەتەوەییەکانی جیهان تووشی هەمان قەیران بوون. بەڵام جیاوازیی دۆخی کوردستان ئەوەیە کە نەبوونی دەوڵەت و دابەشبوونی جوگرافیا، ئەم ململانێیەی قووڵتر کردووە.

قەیرانی "یەکگرتوویی" وەک بەهایەکی ڕەها

بابەتێکی گرنگی تر ئەوەیە کە زۆرجار "یەکگرتوویی" وەک بەهایەکی ڕەها و بێ ڕەخنە باس دەکرێت. بەڵام دەبێت پرسیار

بکرێت: ئایا هەموو جیاوازییەکی سیاسی نەرێنییە؟ ئایا فرەیی سیاسی ناتوانێت نیشانەی زیندوویی سیاسی بێت؟ لە ڕاستیدا، جیاوازیی ئایدیۆلۆژیک لە خۆیدا کێشە نییە. کێشەکە کاتێک دەست پێدەکات کە ئەم جیاوازییانە نەگونجێندرێن لە ژێر ئاسۆیەکی هاوبەشی نەتەوەییدا. بەم مانایە، پێویستە جیاوازی بکرێت لە نێوان: یەکگرتوویی ڕێکخراوەیی، هاوبەشیی ستراتیژی و ئاسۆی مانایی هاوبەش. ئەمانە یەک شت نین. ڕەنگە حیزبەکان هەرگیز لە ڕێکخراوێکی یەکگرتوودا کۆ نەبنەوە، بەڵام دەتوانن لەسەر ئاسۆ و ستراتیژییەکی هاوبەش ڕێکبکەون. قەیران لە خودی فرەیی سیاسی نییە؛ قەیران لە نەبوونی زمان و مانای هاوبەشە.

نەبوونی خوێناگاهی ڕەخنەگرانە

لە کۆتاییدا، ڕەنگە قووڵترین و بنەڕەتیترین کێشەی سیاسەتی کوردی، بۆ دەرکەوتنی یەکێتی، نەبوونی "خوێناگاهیی ڕەخنەگرانە" بێت؛ ئەو توانایەی کە بتوانێت خودی خۆی وەک بابەتی ڕەخنە و لێکۆڵینەوە بخاتە بەردەم خۆی. زۆرێک لە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، لە ماوەی مێژووی خەباتیاندا، زیاتر پەرژاوەتە سەر بەرهەمهێنانی گێڕانەوەیەکی پیرۆز لەسەر خۆیان تا دروستکردنی ئاگاییەکی ڕەخنەگرانە لە بناغە هزری و مێژوویییەکانیان. بەم مانایە، ڕێکخراو نە تەنیا وەک ئامرازێکی سیاسی، بەڵکوو وەک جۆرێک لە "خودی پیرۆزکراو" خۆی نواندووە؛ خودێک کە نابێت بخرێتە ژێر پرسیار. هەر بۆیەش لە زۆر حاڵەتدا، شکست و لێکترازانەکان بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی خراونەتە ئەستۆی "ئەویتر"؛ ئەو ئەویترە دەوڵەتانی ناوچە بن، ستراتیژیی نێودەوڵەتی بێت، حیزبی دیکە بێت یان خیانەتی تاکەکان. بێگومان، هێزە دەرەکییەکان و پێکهاتە جیوپۆلیتیکییەکان ڕۆڵی خۆیان هەیە، بەڵام کێشەکە لەوێدایە کە زۆرجار "ئەویتر" بووەتە ئامرازێک بۆ شاردنەوەی قەیرانی نێوخۆیی. واتە، بەجێی ئەوەی حیزبەکان خۆیان وەک بەشێک لە کێشەکە بناسن، خۆیان لە دەرەوەی قەیرانەکە وەستاندووە؛ وەک ئەوەی قەیران هەمیشە لە دەرەوەی ئەواندا بەرهەم هاتبێت. ئەمە نیشانەی جۆرێک لە غیابی "ئاگاییی دیالێکتیکی"یە؛ واتە ناتوانرێت ببینرێت کە ڕێکخراو خۆیشی بەرهەمهێنەری ئەو پێکهاتەیەیە کە پاشان سکاڵای لێ دەکات. بەم مانایە، حیزب تەنیا قوربانیی مێژوو نییە، بەڵکوو بەشدارە لە بەرهەمهێنانی ئەو مێژووەشدا. کاتێک ئەم تێگەیشتنە ون دەبێت، سیاسەت دەگۆڕێت بۆ جۆرێک لە دووبارەکردنەوەی هەمان هەڵە بە ناوی "خەبات."

لێرەدا پرسیارە گرنگەکان ئەمانەن: کام مۆدێلی هزری و ڕێکخراوەیی، خۆی بەرهەمهێنەری ئەم دابڕاوییە بووە؟ کام جۆرە لە سوژەسازی، تاکە سیاسییەکان لەسەر بناغەی ململانێی نێوخۆیی دروست کردووە؟ و کام تێگەیشتن لە دەسەڵات، ڕێگای لە دروستبوونی بواریکی هاوبەش بۆ گفتوگۆ و فرەیی سیاسی گرتووە؟

لە ڕاستیدا، زۆرێک لە حیزبە سیاسییەکانی کوردستان، هێشتا دەسەڵات لە "قۆرخکردنی ڕاستی"دا دەبینن، نەک بە مانای

دروستکردنی بواڕێک بۆ بوونی جیاوازی. بەم پێیە، هەر ڕەخنەیەک زۆرجار وەک هەڕەشەیەک بۆ بوونی ڕێکخراو سەیر دەکرێت، نەک وەک مەرجێک بۆ نوێبوونەوەی. لە دۆخێکی ئاوادا، ڕێکخراو بە جێی ئەوەی خۆی بکاتە بواڕێک بۆ بەرهەمهێنانی ئاگایی، دەبێتە ئامرازێک بۆ پاراستنی ناسنامەی خۆی. ئەمەش واتای ئەوەیە کە "مانەوەی ڕێکخراو" جێگەی "واقیع" دەگرێتەوە. لە لایەکی ترەوە، زۆرێک لە حیزبەکان، لە ئاستی نێوخۆدا، میکانیزمێکی ڕەخنەیی بۆ دووبارە هەڵسەنگاندنەوەی خۆیان دروست نەکردووە. لەبەر ئەمە، ڕابردوو نەبووەتە بابەتی فێربوون، بەڵکوو بووەتە بابەتی دووبارە پیرۆزکردنەوە. کاتێک مێژوو تەنیا بە شێوەی یادەوەریی قوربانی و قارەمانێتی بخوێندرێتەوە، ناتوانرێت ببێتە سەرچاوەی خۆئاگاهی. خۆئاگاهی لەو کاتەدا دروست دەبێت کە ڕێکخراو بتوانێت خۆی وەک "بابەتی ڕەخنە" ببینێت، نەک تەنیا وەک "خاوەنی ڕاستی."

لەبەر ئەمە، قەیرانی سیاسەتی کوردی، تەنیا قەیرانی ستراتیژی یان تاکتیک نییە؛ بەڵکوو قەیرانی پێوەندییە لەگەڵ خودی "واقیع". واتە، کێشەکە تەنیا ئەوە نییە کە حیزبەکان یەک ناگرن؛ بەڵکوو ئەوەیە کە هەر یەکێکیان خۆی بە ناوەندی مانا و ڕاستی دەزانێت. لە دۆخێکی ئاوادا، گفتوگۆ ناکرێت، چونکە گفتوگۆ پێویستی بە دانان بە ناتەواوی خۆی هەیە. ئەو ڕێکخراوەی خۆی بە خاوەنی تەواوی ڕاستی بزانێت، لە بنەڕەتدا پێویستی بە گفتوگۆ نابینێت. تا ئەم بناغە هزرییانە نەخرێنە ژێر ڕەخنە، بانگەشە بۆ یەکێتی زۆرجار لە ئاستی دروشم و هەستیاریدا دەمێنێتەوە. چونکە یەکێتی، پێش ئەوەی پرسی ڕێکخراوەیی بێت، پرسی توانای خۆڕەخنەکردنە. ئەو کاتەی ڕێکخراو بتوانێت خۆی وەک بەشێک لە کێشەکە ببینێت، تەنیا ئەوکاتە دەرگای گۆڕانکاریی مێژوویی دەکرێتەوە.

دەرئەنجام

لەم ڕوانگەیەوە، لێکترازانی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان تەنیا دیاردەیەکی ڕێکخراوەیی یان ناکۆکیی ستراتیژی نییە؛ بەڵکوو نیشانەی قەیرانێکی قوواڵتر و بنەڕەتیترە لە شێوازی خودی بوونی سیاسەت لە نێو ئەم کۆنتێکستەدا. ئەم قەیرانە بریتییە لە شکستی بەرهەمهێنانی "ئاسۆیەکی مانایی و حەقیقەتێکی هاوبەش"؛ واتە ئەو چوارچێوەیەی کە تێیدا جیاوازییەکان نەک وەک هەڕەشە، بەڵکوو وەک پێکهاتەیەکی نێوخۆیی و کارا لە پرۆژەیەکی گەورەتردا ڕێکبخرێن.
لە ڕاستیدا، ئەوەی ڕوو دەدات لە سیاسەتی کوردیدا تەنیا کێشەی "یەک نەبوون" نییە، بەڵکوو کێشەی نەبوونی ئەو بوارەیە کە یەکێتی لە نێویدا مومکین بێت. یەکێتی وەک ئەنجامێکی تەکنیکی یان ڕێکخراوەیی سادە ناتوانێت چێ بکرێت، چونکە بناغەکەی پێشتر لە ئاستی مانا تێکشکاوە؛ واتە لە ئاستی ئەوەی کە "کورد"، "نەتەوە"، "سیاسەت" و "خەبات" لە ئاستی هزر و زەیندا چییە. کاتێک ئەم چەمکانە لە نێو خۆیاندا هاوڕێک و هاوبەش نەبن، هەر هاوپەیمانییەک تەنیا ڕێککەوتنێکی کاتی دەبێت لەسەر بەرژەوەندییە گۆڕاوەکان، نەک دروستبوونی یەک بەرەی مێژوویی.

بەگشتی لە بنەڕەتدا، قەیرانەکە قەیرانی "بەرهەمهێنانی مانا و حەقیقەت"ە. سیاسەت لێرەدا تەنیا بە ئامرازێک بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات یان پاراستنی بوونە سیاسییەکان ناسراوە، نەک وەک مەیدانێک بۆ دروستکردنی هاوبەشییەکی مەعریفی لەسەر مانای بوون و چارەنووس. ئەم جیاوازییە لە نێوان "سیاسەت وەک ئامراز" و "سیاسەت وەک بەرهەمهێنانی مانا" خۆی یەکێک لە بنەڕەتیترین خاڵەکانی قەیرانەکەیە. هەروەها، ئەم شکستانە پەیوەستن بە شێوازی تێگەیشتن لە سوژەی سیاسی. تا کاتێک "سوژەی کورد" نەبێتە بابەتی کۆنسێنسوسی مەعریفی، یان لانیکەم بواری هاوڕاییی قوواڵی تیۆریی لەسەر نەدرێت، هەر حیزبێک ناچار دەبێت کورد بە شێوەیەکی تایبەت و جیاواز بخوێنێتەوە. ئەم خوێندنەوە جیاوازانە، لە کۆتاییدا دەبنە سەرچاوەی بەردەوامیی دابڕان، چونکە هیچ "کوردێکی هاوبەش" لە ئاستی تیۆریدا دروست نەکراوە کە جیاوازییەکان لە ژێریدا مانادار بن. بەم پێیە، قەیرانەکە پێش هەموو شتێک قەیرانی ناتەواوی خۆئاگاهی دێت. حیزبە سیاسییەکان زۆرجار خۆیان وەک ئەنجام دەبینن، نەک وەک هۆکار؛ و شکستەکان لە دەرەوەی خۆیان دەبینن، نەک وەک بەرهەمی پەیوەندیی نێوان خود و پێکهاتە. ئەم نەبینینی ڕەخنەگرانەی ڕۆڵی خۆ، دەبێت هۆی دووبارەبوونەوەی هەمان پێکهاتەی قەیران.

دەرئەنجامی ئەم ڕەوتە ئەوەیە؛ کە هەر جۆرە بانگەشەیەک بۆ یەکێتی، ئەگەر تەنیا لە ئاستی هاوپەیمانیی تاکتیکی یان لۆجستیکیدا بمێنێتەوە، ناتوانێت جێگیر بێت. چونکە قەیرانەکە لە بنەڕەتدا لە ئاستی "مەرجگەلی مومکینبوونی یەکێتی"دایە، نەک تەنیا لە ئاستی "شێوازی پێکهاتنی یەکێتی."

بەم پێیە، ئەو کاتەی کە ئاسۆیەکی هاوبەشی زەینی لەسەر سوژە، نەتەوە و مانای سیاسەت دووبارە بەرهەم نەهێندرێتەوە، هەر یەکگرتوویەک، ئەگەر هەبێت، دەبێتە کاتی، ناتەواو و بەستراو بە مەرجە گۆڕاوەکان. بەڵام ئەو کاتەی ئەم ئاسۆیە دروست بکرێت، جیاوازییە سیاسییەکان لە جێی ئەوەی ببنە هۆی دابڕان، دەبنە شێوازێکی پێویست بۆ پێکهێنانی یەک پرۆژەی مێژوویی.

لە کۆتاییدا، چارەسەری قەیرانەکە نە لە سادەکردنەوەی جیاوازییەکان دایە و نە لە سڕینەوەیاندا، بەڵکوو لە دروستکردنی چوارچێوەیەکی مەعریفی و سیاسیە کە بتوانێت ئەم جیاوازییانە بخاتە نێو یەک مانای هاوبەشەوە. بەبێ ئەم گۆڕانکارییە لە ئاستی بنەڕەتیدا، سیاسەت لە نێو کوردستاندا هەر دەبێتە گەڕانەوەیەکی بەردەوام بۆ هەمان دابڕان و لێکترازانەکە بە شێوازێکی نوێ.

"کۆنسێنسوس (Consensus) چەمکێکی فەلسەفی و سیاسییە، بە مانای: ڕێکەوتنی گشتی، هاوڕاییی بنەڕەتی، هاوبەشیی لەسەر بناغەیەک، یان بوونی تێگەیشتنێکی هاوبەش لەسەر بابەتێک.

سوژەڤانی و دابڕان: دیاردەناسیی حیزبی دێموکرات



کاتێک مێژوو لە تۆڕی ڕووکەشیی ڕووداوەکان و ڕۆژژمێرەکان جیا دەکەینەوە و دەگەینە ژێرخانی ئەندێشە و وەرچەرخانە وێژەمانییەکان، تازە بەها و شکۆی ساتە چارەنووسسازەکانی وەک ٢٥ی گەلاوێژ ئاشکرا دەبێت؛ ساتێک کە تێیدا مرۆڤی کورد لە "دۆخێکی گنخاو"یەوە بۆ "ئیرادەیەکی عەقڵانی و مێژوویی" باز دەدات. مەخابن مێژوونووسیی نەریتی و دابەزێندراو لە نێو کورددا، هەمیشە ئارەزووی ئەوەی هەیە ڕووداوە سیاسییە گەورەکان لە زنجیرەیەک بەسەرهات، ڕووداو و کاردانەوە بەرامبەر بە بۆشایی دەسەڵات، یان کاریگەرییە ژێئۆپۆلیتیکییەکانی ناوچەکەدا قەتیس بکاتەوە. لەم جۆرە ڕوانینەدا، دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هاوینی ١٣٢٤ (ئاگوستی ١٩٤٥) تەنیا وەک بەرهەمی دۆخی بەرەو کۆتایی شەڕی جیهانیی دووهەم و ئامادەیی هێزەکانی هاوپەیمانان لە باکووری ڕۆژئاوای ئێران دەناسێندرێت. بەڵام خوێندنەوەیەکی وەها ڕووکەش و ماتریالیستانە، شوناسی قووڵ، ژێرخانی هزری و بزوێنەرە بوونناسانەکەی (ئۆنتۆلۆژیکی) ئەم ڕووداوە بە تەواوی پشتگوێ دەخات. بۆ تێگەیشتنی ڕاستەقینە لەوەی لە ٢٥ی گەلاوێژدا ڕووی دا، دەبێت لە تۆکڵ و ڕووکەسی ڕوالەتی ڕووداوەکە تێپەڕین و ڕۆ بچینە نێو تۆڕگەلی دیاردەناسانە و پێکهاتەی سوژەبوون لە مێژووی هاوچەرخی کوردستاندا. مرۆڤی کورد تا پێش ئەم وەرچەرخانە مێژووییە، لە وتاری سیاسیی بالادەستدا، لە "دۆخێکی گنخاو" یان ژیانێکی نائیرادیدا ڕاگیرابوو. ئەم دۆخە پەتییە، تایبەتمەندیی کۆمەڵگەیەکە کە ئەگەرچی ئامادەیی بابەتی، جوگرافی، کلتووری و زمانەوانیی هەیە، بەڵام بێبەشە لە ئامرازی دامەزراوەیی بۆ گۆڕینی ئەم ئامادەییە بۆ داخوازییەکی

عەقڵانی و یاسایی.

لە نەریتی فەلسەفەی سیاسییدا جیاوازیی بنەڕەتیی نێوان "بوون لە خۆدا" و "بوون بۆ خۆ" ڕێک لەم خودئاگاهییە دامەزراوەییەدا حەشار دراوە. ڕاپەڕین و بزووتنەوەکانی پێشوو لە مێژووی کوردستاندا، بە هەموو چاونەترسی و ڕەسەنایەتیی ئەخلاقیی کۆڕگێڕانیەوە، زۆربەی جار تایبەتمەندی کاردانەوەی غەریزی، عەشیرەیی، یان ناوچەییان هەبوو لە بەرامبەر سەرکوتکاریی ناوەندا. ئەوان هێشتا نەیانتوانیبوو ئازاری ژیاو وەربگێڕن بۆ تیۆرێکی سیاسی و ڕزگاردەر. دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە درێژەی دەرکەوتنی ئەم خودئاگاییەدا کە لە چوارچێوەی کۆمەڵەی ژ.ک-دا دەرکەوتبوو، ساتی وەرچەرخانی ناسیاریناسانە (ئێپیستەمۆلۆژی) بوو لەم ڕەوتە. لەم خاڵەدا، ئیرادەی بەکۆمەڵی نەتەوەی کورد لە فۆرمی پەڕشوبڵاوی، تاکەکەسی و غەریزی دەرچوو و بۆ فۆرمێکی پێکهاتەمەند، مۆدێرن و وێژەمانێکی بەرز. حیزب لێرەدا نەک تەنیا لەگوێن ڕێکخراوێکی سیاسی بۆ وەدەستهێنان یان دابەشکردنی دەسەڵات، بەڵکوو وەک ناوبژیوانێکی عەقڵانی دەرکەوت کە توانی ناسنامەی کوردی لە درێژبوونەوەیەکی سروشتی و نەریتتەوەرەوە، بگوێزێتەوە بۆ پڕۆژەیەکی عەقڵانییانەی نەتەوەساز و نوێخواز. ئەمە هەمان بازدانی سوژەیە؛ ساتێک کە کۆمەڵگەیەک لەژێر باری "مۆدێلی بڕیاری بەسەردا سەپێنراوی ئەوی دی" تێدەپەڕێت و خۆی وەک "بکەری مێژووساز" پێناسە دەکاتەوە.

یەکێک لە گرنگترین ڕەهەندەکانی ئەم وەرچەرخانە مێژوویە دەکرێت بە ڕوانینێکی دیاردەناسانەی سیاسی و ڕەخنە لە چەمکی "هەڵپەساردن" و "بارودۆخی نائاسایی" شیکاریی بۆ بکرێت. لە تیۆری سیاسیی مۆدێرندا، سەروەریی ڕەها هەمیشە خۆی لە توانای ڕاگەیاندنی باری نائاساییدا بەرهەم دەهێنێتەوە.

پێکهاتەی دەوڵەت – نەتەوەی ناوەندخواز لە ئێرانی سەرەتای سەدەی بیستەمدا، کوردستانی هەمیشە لە سێ هەڵپەساردنی بەردەوامدا ڕاگرتبوو:

هەڵپەساردنی یاسایی: پشتگوێخستنی ناسنامەی زمانی و کلتووری و بێبەشکردن لە مافە بنەڕەتییەکانی هاووڵاتیبوون.

هەڵپەساردنی میژوویی: دابەزاندنی میژوو و سەردەمی ناوچەیی بۆ پەراوێزێک یان پەرەنەسەندوویەک بەراورد بە کاتی ناوەند.

هەڵپەساردنی سیاسی: پشتگوێخستنی مافی بڕیاردان، مافی دیاریکردنی چارەنووس و بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیی.

لە وەها دۆخ و کەشێکدا، سەروەریی ناوەندی بۆ مرۆڤی کورد تەنها بە شێوەی "قۆرخکردنی تۆندوتیژی، سەرکوت و دیسپلینی ڕووتی سەربازی" دیار دەبوو. مرۆڤی کورد لەم چوارچێوەیەدا، لە بێکاتی و بێشوێنییەکی یاساییدا هەڵپەسێردرابوو. دامەزراندنی حیزبی دێموکرات، ڕێک ڕەتکردنەوەی ئەم هەڵپەساردنە بوو. حیزب بە پێشکەشکردنی پلاتفۆرمێکی مۆدێرن، دامەزراوەییکردنی ئەرکەکانی وەک خوێندن بە زمانی دایک، دامەزراندنی بەستێنی گشتی، بەشداریی تۆژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە لە ڕۆشنبیران و بازرگانانەوە تا ژنان و جووتیاران، و لە کۆتاییدا بە بنەمایی‌کردنی ئەزموونی مێژوویی "کۆماری کوردستان"، دیاردەی سەروەریی حاکمییەتی ناوەندی هەڵوەشاندەوە. حیزبی دێموکرات نیشانی دا کە سەروەری، دەستکەوتێکی ئاسمانی، قۆرخکراو و ڕەگەزیی پەیوەست بە ناوەند نییە؛ بەڵکوو بابەتێکی بەرجەستە، مەدەنی و عەقڵانییە کە دەکرێت لەسەر بنەمای کەرامەتی مرۆڤ، خواستی گشتی و عەقڵانییەتی ناوچەیی بەرهەم بهێنرێتەوە. ئەم هەنگاوە، ئەم ڕایەڵە وەهمیەی پچڕاند کە کورد دەبێت هەمیشە لە هەڵپەساردنی سیاسیدا بپووکێتەوە تا ناوەند بڕیاری بۆ بدات.

لە ڕوانگەی بوونناسییەوە (ئۆنتۆلۆژی)ەوە، گەورەترین مەترسی کە ڕووبەڕووی نەتەوەیەکی سەرکوتکراو دەبێتەوە، تەنها سەرکوتی فیزیکی یان ئابووری نییە، بەڵکوو نکۆڵی بوونناسانەیە؛ واتە بارودۆخێک کە تێیدا گوتاری باڵادەست بە جۆرێک هەڵسووکەوت دەکات کە گۆیا "ئەویتر" هەر بوونی نییە، یان بوونی بابەتێکی زیادە، دەستدرێژیکار و بێبەهای مێژوویە. لە بەستێنیکی وەهادا، "بەرخۆدان" مانایەکی زۆر قووڵتر لە خەباتێکی حیزبی یان ئایدۆلۆژی پەیدا دەکات. بەرخۆدان دەبێتە تاقە ڕێگەی "ڕەسەنایەتیی بوون."

کەواتە دامەزراندنی حیزبی دێموکرات لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤دا، ڕێکخستنی ئەم بەرخۆدانە بوونناسانەیە بوو. حیزب بە خستنەڕووی فۆرمولەی سیاسیی فرەچەشن (وەک دێموکراسی بۆ ئێران و خۆبەڕێوەبەری - فیدرالیزم بۆ کوردستان)، نەک تەنیا مافی بوونی نەتەوەی کوردی سەلماند، بەڵکوو دیالێکتیکێکی نوێی هێنایە نێو کایەی سیاسیی ئێرانەوە: دیالێکتیکی بوون لە هەناوی نکۆڵی لێکراندا، بەرخۆدانێک کە بەم دامەزراندنە گیانی بەبەردا هات، نیشانی دا کە "کوردبوون" تاوان یان بێئاگاییەکی مێژوویی نییە، بەڵکوو "مافێکی بوونناسانەی عەقڵانییە". حیزبی دێموکرات، ئازاری مێژوویی، سەرکوتی کەڵەکەبوو و بێبەشبوونی نەتەوەیەکی وەرگرت و کردی بە ئیرادەیەکی ئیجابی، ئەرێنی و بنیادنەر.

بۆیە، دووبارە خوێندنەوەی ساڵیادی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، نابێت بۆ ڕێوڕەسمێکی مێژوویی کورت بکرێتەوە. ئەم ساڵیادە، وەبیرهێنەرەوەی ساتێکە کە عەقڵانییەتی سیاسی لە کوردستاندا لەدایک بوو و کاتی مێژوویی ئەم کۆمەڵگەیە لە "وەستان و هەڵپەساردن"ەوە گۆڕدرا بۆ "جووڵە و کردار."

لە کۆی‌گشتی ئەم نووسینەدا، هەوڵ دەدرێت بە تێپەڕین لە گێڕانەوەی ڕووداوەتی ڕۆژانە، سێ تەوەرەی سەرەکیی ئەم وەرچەرخانە مێژوویی هەڵبدرێتەوە:

١- یەکەم؛ لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی گۆڕانی سوژەی پاسیڤ بۆ سوژەی خۆئاگا و عەقڵانی لە بەستێنی پێکهاتەی حیزبدا.

٢- دووەم؛ شیکاریی دیاردەناسانەی چەمکی سەروەری و شێوازی دابڕانی حیزبی دێموکرات لە مۆدێلی خۆسەپێنی ناوەندگەرا و ڕەتکردنەوەی دۆخی هەڵپەساردن.

٣- سێیەم؛ شرۆڤەی بوونناسیی بەرخۆدان لەگوێن ئامرازی سەرلەنوێ دروستکردنەوەی کەرامەت، ناسنامە و مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەیەک لە ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکانی نکۆڵی و سڕینەوەی مێژوویی.

ئەم دووبارە خوێندنەوە فەلسەفییە نیشان دەدات کە بۆچی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤، تەنها دەستپێکی ڕێکخراوێک نییە، بەڵکوو لەدایکبوونی بڕیارنامەی عەقڵانییەتی سیاسیی مۆدێرنە لە کوردستاندا.

– لە "نکۆڵیی بوونناسانە"وە تا "خۆئاگایی هزرمەندانە": دابڕانی ئێپیستەمۆلۆژیک لە ڕەوتی دەرکەوتنی سوژەڤانیدا

ڕەوتی مێژوویی نەتەوەکان و گروپە مرۆییەکان، بەر لەوی دیاردەیەک بێت لەخۆگری ڕەهەندی جوگرافی، سەربازی یان لەخۆگری پێکهاتەی یاسایی بێت، ڕووداوێکی ناسیاریناسانەیە (ئێپیستەمۆلۆژیکە). لەسەر بنەمای خوێندنەوەی دیاردەناسانە و تیۆرەکانی سوژەڤانی لە فەلسەفەی سیاسییدا، مرۆڤی قەتیسماو لە دۆخی پێش-دامەزراوەییدا، لە نێو نکۆڵییەکی بوونناسانەی قووڵدا دەژێت. ئەم نکۆڵییە ئاکامی جۆرێک لە بیگانەبوونی پێکهاتەیی و سەپاندنی گێڕانەوەیەکە کە تێیدا ئامێری دەسەڵاتداری و خۆسەپێنی ناوەند، دەقێک دەنووسێتەوە و ئەویتری پەراوێزخراو تەنیا وەک خەیاڵێکی بێدەنگ یان ئۆبژەی گەمەکانی دەسەڵاتداران وێنە دەکرێت. لەم دۆخی پێش-دامەزراوەییەدا، سوژە نە توانای پێناسەکردنی خۆی هەیە و نە ئاسۆیەکی بۆ تێپەڕین بەرەو داهاتوو دەبینێت. ئەو لە مێژوویەکدا دەژێت کە لەلایەن ئەویترەوە دەنووسرێتەوە، بەڵام خۆی مێژووساز نییە. جیهانی ژیاوی ئەو بە چەمکگەلێکی ژەهراویی وەک: چارەنووسی دیاریکراو، ناشایستەیی سیاسی و پێویستیی تووانەوە لە ناوەنددا پێناسە دەکرێت.

دامەزراندنی حیزبی دێموکرات لەم سەردەمەی مێژوودا، تەنیا وەڵامێکی ڕێکخراویی یان تاکتیکی بۆ داواکارییەکانی کەڵەکەبووی ڕۆژانە نەبوو. ئەم دامەزراندنە، لە زاتی خۆیدا دابڕانێکی ناسیاریناسانە بوو. حیزب لە پێگەی ماتریکسی

پێکهاتەمەندی ئاگاییدا هاتە نێو مەیدانەکەوە تا زمان، لۆژیک و چەمکەکانی پێشووی گەمەی سیاسی بسڕێتەوە.

ئەم دابڕانە ناسیاریناسانەیە لە چەند ئاستێکی بنەڕەتیدا ڕووی دا:

١- پەڕینەوە لە بێفۆڕمی بۆ فۆرمبەندی سیاسی: کۆمەڵگەیەک کە تا پێش ئەوە لە قالبێکی تووڕەیی بڵاو، ڕاپەڕینی ناوچەیی و کاردانەوەیی، یان دڵساردبوونی تاکەکەسیدا خۆی دەردەخست، لەپڕ عەقڵانییەتی خۆی لە قالبێکی فۆرمبەندی هاوئاهەنگ و عەقڵانیدا دۆزییەوە. حیزب وەک دامەزراوە، دەرفەتی گۆڕینی وزەی سەرەتایی و خاوی بۆ ئیرادەیەکی گشتیی پەروەردەکراو ڕەخساند.

٢- بەرزبوونەوەی پلەی بوونناسانە: سوژەی کورد لە ئۆبژەیەک لە مێژوودا گۆڕا بۆ خولقێنەری مێژوو. ئەو تێگەیشت کە چارەنووسی سیاسیی ئاکامی ئیرادەیەکی پێشوەختەی دیاریکراوی کۆلۆنیالیزم یان خۆسەپێنی ناوەند نییە، بەڵکوو پێکهاتەیەکە کە دەکرێت بە هۆی هەڵسەنگاندن، خودئاگایی و کردەی بەکۆمەڵ هەڵوەشێندرێتەوە و لە نوێوە بنیاد بنرێتەوە.

٣- پێناسەکردنەوەی عەقڵانییەت لە کایەی گشتیدا: عەقڵانییەت لەم مانایەدا، دابەزاندنی خواستی سازشکاریی پاسیڤانە نەبوو؛ بەڵکوو وەدەستهێنانی مەعریفەیەک بوو کە توانای هەڵسەنگاندنی دۆخی ژێردەستەیی و دارشتنی پڕۆژە بۆ دەرچوون لەو دۆخەی هەبوو. ئاگاداریی عەقڵانیی ئەم توانایی بە سوژە دا تا جیاوازیی نێوان دۆخی سروشتی و دۆخی سەپێندراو لەلایەن دەسەڵاتەوە بکات.

بەم شێوەیە، وەرچەرخان لە سوژەی پاسیڤەوە بۆ سوژەی خودئاگا، بڕبڕەی پشتی وەرچەرخانی مێژوویی بوو. حیزب کە لەدایک بوو، تەنیا ڕێکخراوێکی سیاسی نەبوو، بەڵکوو شوێنێک بوو بۆ گەشەکردنەوەی عەقڵانییەتی بەکۆمەڵ و گۆڕینی توانای نەتەوەیەک بۆ کردەییترین فۆرمەکانی خەبات و پێکهاتەمەندبوون.

– سەروەری، هەڵوەشاندنەوەی هەڵپەساردن و دابڕان لە مۆدێلی ناوەندگەرا

بۆ تێگەیشتن لە شوناسی سیاسیی سەروەری لە مۆدێلی خۆسەپێنی ناوەندخوازدا، دەبێت چەمکی دۆخی هەڵپەساردن لە دیاردەناسیی دەسەڵاتدا تاوتوێ بکەین. ناوەندی دەسەڵاتخواز هەمیشە لە ڕێگەی پێکهاتەیەکی دووفاقییەوە هەڵسووکەوت دەکات: ئەویتر لە جوگرافیا و یاسادا دەتوێنێتەوە، ئا بەم جۆرەش بەردەوام دەیکاتە بەشێک لە ئیستسنایەکی هەمیشەیی

هەڵپەسێردراو. لە دۆخی هەڵپەساردندا، یاسا بوونی هەیە بەڵام ئامرازێکە بۆ سەرکوتکردنی ئەویتر؛ مافی هاووڵاتیبوون باس دەکرێت، بەڵام مافی بنەڕەتی کە ڕێک "مافی هەبوونی ماف"ـە، ڕەت دەکرێتەوە. ئەویتر هەمیشە لە دۆخی ناجێگیری، نەبوونی ئاسایشی بەردەوام، و نکۆڵی لێکراوی ناسنامەییدا دەژێت. سەروەریی ناوەند لە ڕێگەی شاردنەوەی ئەم هەڵپەساردنە و سروشتی نیشاندانی، بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەو تاقە سەرچاوەی ڕەوای نەزم، ئاسایش و عەقڵانییەتە. حیزبی دێموکرات بە هاتنی بۆ نێو کایەی سیاسی، دەستی دایە هەڵوەشاندنەوەیەکی دیاردەناسانە؛ هەڵوەشاندنەوەی ئەو لۆژیکەی کە دەسەڵاتی ناوەندی بە هەتاهەتایی و نەگۆڕ وێنای دەکرد. دیاردەناسیی سەروەری لەم بزووتنەوەیەدا نیشانی دا کە سەروەریی ڕەوا، لە زۆرداریی چڕکراوە، گێڕانەوەی نەتەوەپەرستەکانی بااڵدەست یان ڕەوایەتییە ئاسمانی و مێژوواییە خۆسەپێنەکانەوە سەرچاوە ناگرێت؛ بەڵکوو بەرجەستەبوونی ئیرادە و ئاگاداریی ژیاوی خودی خەڵکە لە نیشتمانی خۆیاندا.

ئەم دابڕانە لە دوو کایەی بنەڕەتیدا هاتە دی:

١- تێکشکاندنی ئەفسانەی ناوەند وەک تاقە دەستەبەرکەری نەزم:

خۆسەپێنیی ناوەند، هەمیشە فرەچەشنی و مافی دیاریکردنی چارەنووسی ئەوی تری وەک بشێوی، پارچەپارچەبوون و وێرانبوونی نەزم وێنا دەکات. بزووتنەوەی دێموکراتیک بە پێشکەشکردنی مۆدێلێکی مەدەنی، عەقڵانی و لەسەر بنەمای بەشداریی گشتی، ئەوە ئاشکرا دەکات کە خودی ناوەند سەرچاوەی سەرەکیی بێنەزمی (ئانۆمی)، توندوتیژیی پێکهاتەیی و ئاڵۆزییە. سەروەریی هەڵقوواڵو لە هەناوی کۆمەڵگەوە نیشانی دا کە نەزمی ڕاستەقینە تەنها کاتێک دەردەکەوێت کە یەکسانی بوونی هەبێت.

٢- کۆتاییهێنان بە دۆخی هەڵپەساردن و گەڕاندنەوەی خواستی سیاسی:

بە دامەزراندنی ئیرادەیەکی سەربەخۆ، سوژەی کورد توانی خۆی لە بوونەوەرێکی هەڵپەسێردراو لە بێمافیدا بگۆڕێت بۆ یاسادانەر و دارێژەری ماف. حیزب، سەروەریی لە کایەی قۆرخکراوی فەرمانڕەوایانی ناوەند دەرهێنا و بە شێوازێکی ئاسۆیی، فرەچەشن و وەاڵمدەر سەرلەنوێ دایڕشتەوە. ئەم وەرچەرخانە پێکهاتەییە، کاروباری سیاسیی ژیاندەوە. سیاست ئیتر نە ملکەچبوون بوو بەرامبەر بڕیارەکانی ناوەندی خۆسەپێن، بەڵکوو توانای کۆمەڵگە بوو لە بڕیاردان بۆ ژیانی بەکۆمەڵ، شێوازی دابەشکردنی دەسەاڵت، و دروستکردنی پێکهاتە دێموکراتیکەکانی خودی کۆمەڵگە.

– بوونناسیی بەرخۆدان: ئافراندنەوەی کەرامەت، ناسنامە و مافی دیاریکردنی چارەنووس

کاتێک سیستمێکی دەسەڵاتخواز سیاسەتێک لەسەر بنەمای نکۆڵی، سڕینەوەی مێژوویی و هەڵوەشاندنەوەی پێکهاتەی ناسنامەیی دەگرێتە بەر، ئامرازی سەرکوتکارییەکەی تەنیا بۆ چەک و بەندیخانە کورت نابێتەوە؛ بەڵکوو دەست دەداتە نەبوونکردنی بوونناسانە. لەم ستراتیژیەدا، ئامانجی کۆتایی ئەوەیە نەتەوەی ژێردەست، زمان، بیرەوەریی بەکۆمەڵ، کەرامەتی مرۆیی و تەنانەت وێنەکردنی داهاتوویەکیش لە دەست بدات و بگوڕێت بۆ بوونێکی بێلایەن و تواوە.

لە ئاسۆیەکی وەها تاریک و ترسناکدا، بەرخۆدان مانایەکی زۆر فرەتر لە تاکتیکێکی سەربازی یان کاردانەوەیەکی کاتیی سیاسی پەیدا دەکات. بەرخۆدان دەبێتە شێوازێکی بوون لە جیهاندا و پێویستییەکی بوونناسانە.

پێکهاتە سێقۆڵییەکانی بوونناسیی بەرخۆدان بریتین لە:

١- ئافراندنەوەی کەرامەت:

خۆسەپێنی بە سووکایەتیکردنی بەردەوام و سڕینەوەی ئیرادە، بە دوای تێکشکاندنی سوژەیە. بەرخۆدان، ڕەتکردنەوەیەکی بڕواپێکراو و ڕەهای ئەم سووکایەتییەیە. مرۆڤی بەربەرکانیکەر بە ڕاوەستانی خۆی ڕادەگەیەنێت کە بەها و کەرامەتی ئەو داگیر نەکراوە. بەرخۆدان، گەڕاندنەوەی شکۆی مرۆیی و بەکۆمەڵە؛ پرۆسەیەک کە تێیدا کۆمەڵگە فێر دەبێت نەچێتە ژێر باری گێڕانەوە سووکایەتییێکراوەکانی دەسەڵات و قامەتی خۆی لە بەرامبەر سەرکوتدا بە بەرزی ڕابگرێت.

٢- ناسنامە وەک پڕۆژەیەکی بزوێنەر:

لە بوونناسیی بەرخۆداندا، ناسنامە نە ئاسەوارێکی موزەیی یان کەلەپوورێکی نەگۆڕ و دەستکارینەکراوی ڕابردووە، بەڵکوو پڕۆژەیەکی بزوێنەرە لە سەیروورەتی بوونـدا. ناسنامە لە بەستێنی خەبات، ئاگاداری و ڕەخنەی بەردەوامدا سەرلەنوێ بەرهەم دێتەوە. ئەم ناسنامە نوێیە، نە لەسەر بنەمای دووژمنایەتی، بەڵکوو لەسەر بنەمای ئاگاداریی نەتەوەیی، ئازادیخوازی و پەیوەندیی نێوان نەوەکان دروست دەبێت و لە بەرامبەر وێرانکاریی مێژووییدا بەرخۆدان دەکات.

٣- مافی دیاریکردنی چارەنووس؛ بەرجەستەبوونی عەینی ئازادی:

مافی دیاریکردنی چارەنووس، ئامانجی بوونناسانەی ئەم ڕێگەیەیە. ئەگەر سوژە، خۆئاگا بووبێت و سەروەریی لە دۆخی هەڵپەساردن دەرهێنابێت، دەرکەوتنی کۆتایی ئەم ئاگادارییە لە ڕەسەنایەتی بڕیاردان بۆ داهاتوودا دەردەکەوێت. مافی دیاریکردنی چارەنووس، ڕاگەیاندنی ئەم ڕاستێیە کە هیچ دەسەڵاتێک لە دەرەوەی ئیرادەی بەردەوامی نەتەوەیەک، ڕەوایەتیی دیاریکردنی ڕێگەی ژیان، کولتوور، ئابووری و سیاستەکەی نییە.

دەرئەنجام:

بە تێپەڕین لە گێڕانەوەی ڕواڵەتی، ڕووکەشی و دابەزاندخوازانەی ڕووداوەکان، ئاسۆی فەلسەفیی ئەم نووسینە بە ڕوونی نیشانی دەدات کە جووڵەی مێژوویی ئەنجامدراو بە دامەزراندنی حیزبی دێموکرات لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤دا، هەرگیز ململانێیەکی سنووردار ی سیاسی بۆ پشکخوازی لە دەسەڵات، یان کاردانەوەیەکی کاتی بۆ بۆشایی دەسەڵاتی ناوچەیی نەبووە. ئەم ڕووداوە، لە جەوهەر و پێکهاتەی بنەمایی هزریی خۆیدا، سەرلەنوێ بووژانەوەیەکی دیاردەناسانەی سوژەی کورد و خاڵی دەستپێکی عەقڵانییەتی سیاسیی مۆدێرنە لە پانتایی مێژووی هاوچەرخی کوردستاندا.

سەیری گەشەکردن و لۆژیکی دەروونی ئەم وەرچەرخانە مێژوویە دەکرێت لە سێ وەرزی ڕزگاریبەخشدا کۆبکرێتەوە:

یەکەم؛ پەرینەوە لە پاسیڤبوونەوە بۆ سوژەییەتی عەقڵانییانە: حیزبی دێموکرات توانی کۆمەڵگە لە دۆخی پەتی، واتە ژیان لە مێژووی نووسراو لەلایەن ئەویترەوە دەربهێنێت و بۆ ئاستی خۆئاگایی بۆخۆ بەرزی بکاتەوە. لەم خاڵەدا، ئازاری کەڵەکەبوو و تووڕەیی بڵاوەکان گۆڕدران بۆ پڕۆژەیەکی عەقڵانی، پێکهاتەمەند و نەتەوەساز.

دووەم؛ هەڵوەشاندنەوەی سەروەریی ناوەند و ڕەتکردنەوەی هەڵپەساردن: بە پێشکەشکردنی مۆدێلێکی مەدەنی، فرەچەشن و دامەزراوەیی، پێکهاتەی خۆسەپێنی ناوەند کە ئەوانیتری لە دۆخێکی هەڵپەساردنی بەردەوامدا (یاسایی، مێژوویی و سیاسی) ڕاگرتبوو، ڕووخا. سەروەری لە بابەتێکی ئاسمانی، سەرکوتکار و قۆرخکراوەوە، بۆ بابەتێکی بەرجەستە، وەڵامدەرەوە و هەڵقوڵاو لە ئیرادەی گشتی پێناسە کرایەوە.

سێیەم؛ جێگیرکردنی بوونناسیی بەرخۆدان: لە ڕووبەڕووبوونەوەی ستراتیژیی نکۆڵی و سڕینەوەی بوونناسانەدا، بەرخۆدان

لە تاکتیکێکی سەربازی یان ئامرازێکی خەباتکارانەی ڕووتەوە، بۆ شێوازی ژیان و تاقە ڕێگەی گەڕاندنەوەی کەرامەتی مرۆیی، سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی ناسنامەی بزوێنەر و هێنانەدیی مافی دیاریکردنی چارەنووس بەرز بووەوە.

بەردەوامیی ئەم دابڕانە مێژوویی لە کاتی ئێستادا و لە ئاسۆی داهاتوودا، پێش هەموو شتێک پێویستی بە پاراستنی دەستکەوتەکانی ئەم عەقڵە ڕەخنەیی و سوژەڤانیە ئەکتیڤە هەیە. پەیامی بنەڕەتیی ٢٥ی گەلاوێژ بۆ ئەمڕۆ ئەوەیە کە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پڕۆژە تازەداڕێژراوەکانی نکۆڵی و دەسەڵاتخوازی، تەنیا لە ڕێگەی پشتبەستن بە خۆئاگایی پێکهاتەیی و عەقڵانییەتی لۆکاڵی ڕێگەپێدراوە. تا ئەو کاتەی ئەم ئاگاداریی بنەڕەتییە لەمەر ماف، ڕەتکردنەوەی هەڵپەساردن و بەرخۆدان وەک بنەمای کەرامەتی مرۆیی، لە دەمارەکانی هزر و کردەی بەکۆمەڵدا بڕوات، هیچ ئامێرێکی سەرکوت یان وتارێکی دەسەڵاتخواز ناتوانێت ئەم ڕاستییە مێژوویی بگەڕێنێتەوە بۆ پەراوێزی بێدەنگی مێژوو.

بەرخۆدان لەم ئاسۆ فەلسەفییەدا، نە تەنیا خۆڕاگری لە بەرامبەر سەرکوتدا، بەڵکوو بەرزترین فۆرمی هێنانەدیی ئازادی، جێگیرکردنی مسۆگەری مافی مرۆڤ بەسەر چارەنووسی خۆیدا و پەیماننامەی هەمیشەیی عەقڵانییەتی سیاسییە لە کوردستاندا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٥ی گەلاوێژی ٢٧٢٦

بەکاتی ژینا، جەستە و جێندەر لە ئۆبژەی دەسەڵاتەوە بەرەو سوژەی ئازادی



هەندێک ڕووداو تەنیا لە زەماندا ڕوو نادەن؛ بەڵکوو مێژوویەک دەخوڵقێنن و زەمان و کات بە دوو بەش دابەش دەکەن: پێش خۆیان و دوای خۆیان. گرنگیی ئەم جۆرە ڕووداوانە تەنیا لە ڕێژە، بەربڵاوی یان بەردەوامیی ڕووداوەکاندا نییە، بەڵکوو لەو گۆڕانەدایە کە لە شێوازی تێگەیشتنی مرۆڤ لە خۆی، جەستەی خۆی، کۆمەڵگە و دەسەڵات بەرهەمی دێنن. «بەکاتی ژینا» لە کوردستاندا دەشێ لەگوێن یەکێک لەم ساتە مێژووییانە بخوێندرێتەوە؛ ساتێک کە تێیدا ژن، ژیان، ئازادی لە دروشمێکی سیاسی تێپەڕی و بوو بە دەربڕینی دابڕاوێکی قوونتر لە نێو سۆبژێکتیڤیتەی کۆمەڵگەدا. هەربۆیەش، پرسیاری بنەڕەتی ئەوە نییە کە دوای ژینا چ ئاڵوگۆڕییەک لە ڕواڵەت و فۆرمی پۆشینی ژناندا ڕووی دا، بەڵکوو ئەوەیە: دوای ژینا، ژن چۆن تێگەیشتن، فام و پەیوەندییەکانی خۆی بە جۆرێکی تر لەگەڵ خۆی، جەستەی خۆی، جێندەر و دەسەڵات دارشتەوە؟ ئەگەر ئەم گۆڕانە تەنیا لە کردەدا نەبێت و لە خودی شێوازی تێگەیشتن لە خۆ و خۆپێناسەکردنیشدا ڕووی دابێت، ئەوا ئێمە لەبەردەم گۆڕانێکی عەینی بە تەنیا نین؛ لەبەردەم گۆڕانێکی سۆبژێکتیڤ، کولتووری و تەنانەت ئەنتڕۆپۆلۆژیکداین.

لەچکەسووتاندن لە ڕووی فیزیکییەوە کردارێکی سادەیە: پارچە قوماشێک لە جەستە دادەماڵرێت و دەخرێتە نێو ئاگر. بەڵام واتای مێژوویی کردارێک هەرگیز لە ماتریالی کردارەکەدا قەتیس نامێنێتەوە. لەو ساتەدا کە ژنێک لە ساحەی

گشتیی کوردستاندا لەچکە لە سەر دادەماڵێت و دەیسووتێنێت، ئەوەی دەکەوێتە نێو ئاگر تەنیا قوماش نییە؛ پەیوەندییەکی مێژووییی نێوان جەستە، جێندەر و دەسەڵاتە. واتایەک دەکەوێتە ژێر پرسیار کە بۆ ماوەیەکی درێژ دەیویست دیاری بکات جەستەی ژن چۆن دەربکەوێت، چۆن بجووڵێت، چی پێشان بدات، چی بشارێتەوە و لەبەردەم کێدا و چۆن خۆی ببینێت. پەیوەندیی دەسەڵات لەگەڵ ژن هەرگیز لە دەرەوەی جێندەر و جەستەدا نەبووە. دەسەڵات کاتێ بەهێزترین شێوەی بوونی خۆی دەسەپێنێت کە لە یاسا و زۆر و هێزەوە تێپەڕێت و بچێتە نێو زەین، وێژدان، شەرم، ترس، نەریت و تێگەیشتنی مرۆڤ لە خۆی. لەو ساتەدا پێویست ناکات هەمیشە پاسەوانێک لەبەردەم ژندا بوەستێت؛ چونکە چاوی دەسەڵات لە هەناو و زەینی خودی سوژەدا جێگیر بووە. ژن خۆی چاودێریی جەستەی خۆی دەکات، خۆی سنووری جووڵەی خۆی دیاری دەکات و هەندێک جار ئەو فەرمانانەی لە دەرەوە بەسەریدا سەپێنراون وەک بەشێک لە «سروشت و ناسنامەبوونی» خۆی دەناسێت. لێرەدا جەستە تەنیا جەستە نییە؛ دەبێتە شوێنی نووسینی دەسەڵات.

بۆیە، گۆڕانی ڕاستەقینە لەو ساتەدا دەست پێ ناکات کە یاسایەک دەگۆڕدرێت؛ بەڵکوو کاتێ دەست پێ دەکات کە شەرعییەتی ئەو یاسایە لە نێو سوژەدا دەشکێت. ئەمە ئەو خاڵەیە کە «بەکاتی ژینا» لە ڕووداوێکی سیاسیی ئاسایی جیا دەکاتەوە. لە کوردستان، هەڵدان و سووتاندنی لەچکە تەنیا ڕەتکردنەوەی یاسای حیجاب نەبوو؛ دەتوانرێت وەک ڕاگەیاندنی گۆڕانێک لە پەیوەندیی نێوان ژن و ئەو دەسەڵاتە بخوێندرێتەوە کە دەیویست جەستەی ژن پێناسە بکات. لەم ساتەدا ژن دەڵێت: ئەو واتایەی تۆ بە جەستەی منی دەبەخشیت، چیتر بە ناچاری واتای من نییە. ئەمە ساتی دابڕانی سۆبژێکتیڤە.

لە ڕاستیدا دابڕانی سۆبژێکتیڤ بەو مانایە نییە کە هەموو پێکهاتە کۆمەڵایەتی، ئایینی، خێزانی و سیاسییەکان لەناکاو ون دەبن. بە پێچەوانەوە، ڕەنگە زۆربەیان هەر لە شوێنی خۆیان بمێننەوە. بەڵام شتێکی بنەڕەتی گۆڕاوە: ئەو سوژەیەی پێشتر خۆی لە نێو ئەو سیستەمەی واتادا دەناسییەوە، دەستی کردووە لە دەرەوەی ئەو سیستەمەوە سەیری خۆی بکات. دەسەڵات هێشتا هەیە، بەڵام ئەوەی دەستی بە لەناوچوون کردووە، بەدیهیبوونی دەسەڵاتە. لێرەوە جێندەر دەبێتە بەشێکی بنەڕەتیی پرسیارەکە. چونکە ئەوەی لە بەکاتی ژیناندا کەوتە ژێر پرسیار، تەنیا پارچە قوماشێک یان شێوازی جلوبەرگ نەبوو؛ بەڵکوو ئەو ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییە بوو کە بۆ ژن و پیاو شوێن، ڕۆڵ، سنوور و شێوازی بوونی تایبەتی دیاری دەکرد. لەم ڕوانگەیەوە جێندەر تەنها ناسنامەیەکی تاکەکەسی نییە؛ مەیدانێکە کە لە نێویدا دەسەڵات جەستەکان ڕێک دەخات، ڕۆڵەکان دابەش دەکات و بڕیار دەدات کێ مافی قسەکردن، دیاربوون، هەڵبژاردن و دیاریکردنی خۆی هەیە.

ژن، ژیان، ئازادی لەم ڕوانگەیەوە سێ وشەی جیاواز نین. پەیوەندییەکی فەلسەفی لە نێوانیاندا هەیە. ژن لێرەدا تەنیا ئاماژە بە ڕەگەزێکی بایۆلۆژیک ناکات، بەڵکوو ئاماژەیە بۆ ئەو سوژەیەی کە مێژوویەک لە ئۆبژەکراوی لەگەڵ خۆی

هەڵگرتووە. ژیان تەنها مانەوە و بەردەوامبوونی بایۆلۆژیک نییە؛ مافی ژیانی خۆت بە شێوەیەک کە خۆت واتای پێ دەبەخشیت. ئازادیش تەنیا نەبوونی زنجیر نییە؛ توانای بەرهەمهێنانی شێوازی بوونی خۆتە. بەم مانایە، ئەم دروشمە بانگەوازێکە بۆ گواستنەوە لە بوونێکی بەرهەمهاتوو بۆ بوونێکی خۆبەرهەمهێناو.

بەڵام گرنگترین پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئایا ئەم دابڕانە تەنیا لە ژنانداڕووی دا؟ ئەگەر بەکاتی ژینا وەک گۆڕانێکی کولتووری بخوێنینەوە، وەڵام دەبێت نەخێر بێت. چونکە کاتێ ژن پەیوەندیی خۆی بە جەستە و جێندەر دەگۆڕێت، پیاویش ناچارە پەیوەندیی خۆی بە ژن، خێزان، ناموس، دەسەڵات و خۆی لە نوێوە پێناسە بکاتەوە. ئازادبوونی سوژەی ژن تەنیا ژن ناگۆڕێت؛ پێکهاتەی ئەو جیهانە دەگۆڕێت کە پیاویش لە نێویدا پیاو بووە. لەبەر ئەوە، ئەم وتارە هەوڵ نادات تەنها بپرسێت «لە بەکاتی ژیناداچی ڕووی دا؟»؛ بەڵکوو دەیەوێت پرسیارێکی قوونڵتر بخاتە ڕوو: لە بەکاتی ژیناداچی لە نێو سوژەدا ڕووی دا؟ لەوانەیە لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا بتوانین واتای قوونڵتری ئەو وێنە مێژووییە دەربخەین؛ ژنێک لەچکەی لە سەر دادەماڵێت و دەیخاتە نێو ئاگر. چونکە لەو ساتەدا تەنیا لەچکە نەدەسووتا؛ ئەو مافەی دەسەڵات کە خۆی بە خاوەنی واتادانان بۆ جەستەی ژن دەزانی، دەکەوێتە نێو ئاگر. جەستەیەک کە بۆ ماوەیەکی درێژ مەیدانی فەرمان، چاودێری و پێناسەکردن بوو، دەستی کرد بە قسەکردن بە زمانی خۆی.

لەوێوە جەستە چیتر تەنیا ئۆبژەی دەسەڵات نییە؛ لەمەوبەدوا دەبێتە سوژەی ئازادی.

١- جەستە؛ یەکەم مەیدانی دەسەڵات

ئەگەر بمانەوێت لە قووڵایی «بەکاتی ژینا» تێبگەین، نابێت جەستە تەنیا وەک پێکهاتەیەکی بایۆلۆژیک ببینین. جەستە هەرگیز دەرکەوتەیەکی ڕواڵەتی نییە؛ بەڵکوو جەستە شوێنی نووسینی واتا، نەریت، ئەخلاق، ئایین، یاسا و دەسەڵاتیشە. هەر کۆمەڵگەیەک هەوڵ دەدات جەستە بە شێوەیەکی دیاریکراو ڕێک بخات: چۆن بپۆشرێت، چۆن بجووڵێت، لە کوێ دەربکەوێت، چۆن دابنیشێت، چۆن قسە بکات، چۆن خۆی پیشان بدات و تەنانەت لە چی شەرم بکات. بەتایبەت جەستەی ژن، لە کۆمەڵگە پاتریارکیکەکاندا، لە خاوەندارێتیی خۆیدا نەماوەتەوە؛ خێزان، نەریت، ئایین، دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵگە هەریەک بە شێوەیەک داوای خاوەندارێتییان لەسەری هەیە. جەستەی ژن دەبێتە شوێنی پاراستنی «شەرەف»، «ناموس»، «ڕەوشتی گشتی»، «ئابڕوو» و «ناسنامەی کۆمەڵگە». بەم شێوەیە، لە دیاردەیەکی زۆر سروشتییەوە - «جەستەی تاک» - دەگۆڕدرێت بۆ دیاردەیەکی گشتی کە هەموان خۆیان بە مافداری دەزانن و لەسەری بڕیار دەدەن. لێرەدایە کە جەستە لە سوژەی خۆی دوور دەخرێتەوە و دەبێتە ئۆبژە. ئۆبژەبوون تەنیا بەو مانایە نییە کە کەسێکی تر سەیری جەستە بکات؛ بەڵکوو بەو مانایەیە کە مافی واتادانان بە جەستە لە خاوەنی جەستە وەردەگیرێت. کەسێکی تر

بڕیار دەدات ئەم جەستەیە چییە، چی دەبێ بێت و چۆن دەبێت لە جیهانی گشتیدا دەربکەوێت. لەبەر ئەوە، کاتێ لە بەکاتی ژینادا ژن لەچکە لە سەر دادەماڵێت، کردارەکە لە سنووری «پۆشاک» تێدەپەڕێت. ئەو دەستەی لەچکەی لە سەر دادەماڵێت، لە هەمان کاتدا داوای مافێکی بنەڕەتی دەکات: مافی خاوەندارێتیی واتای جەستەی خۆی.

٢- لە فەرمانبەرداریی جەستەوە بۆ خاوەندارێتیی جەستە

دەسەڵات تەنها کاتێ سەرکەوتوو نییە کە بتوانێت بە زۆر ئەمر بە مرۆڤ بکات؛ بەهێزترین ساتی دەسەڵات ئەو کاتەیە کە مرۆڤ فەرمانی دەرەکی دەگۆڕێت بە فەرمانی ناوخۆیی (واتە ئەمری دەسەڵات ناوخۆیی دەکات). واتە دەسەڵات چیتر پێویستی بەوە نییە هەر ساتێک لەبەردەم تاکدا بوەستێت؛ تاک خۆی دەبێتە چاودێری خۆی. لێرەدا «شەرم» ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەبینێت. ژن تەنیا لە سزا ناترسێت؛ فێر دەکرێت لە جەستەی خۆی شەرم بکات. تەنیا پێی ناگوترێت «ئەمە مەکە»، بەڵکوو هێواش هێواش ئەوەی فێر دەکرێت کە «ئەگەر ئەمە بکەم، ئەکتێکی ئانۆمیکم کردووە». بەم شێوەیە یاسای دەرەکی دەگوازرێتەوە بۆ نێو خودی سوژە. ئەمە قووڵترین شێوەی دەسەڵاتە؛ چونکە سنووری دەسەڵات و سوژە تێکەڵ دەبن. لەبەر ئەوە، دابڕانی ڕاستەقینەش پێویستە لە هەمان شوێندا ڕوو بدات: لە هەناوی سوژەدا. کاتێ ژن لەچکە لە سەر دادەماڵێت و لە شوێنێکی گشتیدا دەیسووتێنێت، ئەو کردارە تەنیا یاخیبوون بەرامبەر فەرمانێکی دەرەکی نییە؛ دەتوانێت یاخیبوونێک بێت بەرامبەر ئەو دەنگەی کە دەسەڵات پێشتر لە نێو خودی سوژەدا جێگیری کردبوو. بەم مانایە، ئاگر دوو شت دەسووتێنێت: ئەمرێکی دەرەکی و واتایەکی سەپێندراوی دەرەکی کە ناوخۆیی کراوە.

٣- سووتاندنی لەچکە؛ لە کردارەوە بۆ ڕەمز

هەموو کردارێک نابێتە ڕەمز. کردارێک کاتێ دەبێتە ڕەمز کە بتوانێت واتایەکی زۆر گەورەتر لە خودی خۆی هەڵبگرێت. سووتاندنی لەچکە لە بەکاتی ژینادا بەم مانایە ڕەمزی بوو، چونکە هێرش کرایە سەر شەرعییەتی ماف و هێژمۆنیی دەسەڵات: کێ مافی ئەوەی هەیە بڕیار لەسەر جەستەی من بدات؟ ئەم پرسیارە زۆر لە پرسیاری حیجاب گەورەترە. چونکە کاتێ سوژە مافی دەسەڵات بۆ دیاریکردنی پۆشاکی خۆی دەخاتە ژێر پرسیار، لۆژیکی پرسیارەکە دەتوانێت بەرەو هەموو بوارەکانی ژیان بڕوات: کێ بڕیار دەدات من کێم؟ کێ بڕیار دەدات کێم خۆش بوێت؟ کێ بڕیار دەدات هاوسەرگیری بکەم یان نەکەم؟ کێ بڕیار دەدات لە کوێ بژیم؟ کێ بڕیار دەدات چۆن قسە بکەم؟ کێ بڕیار دەدات «ژنێکی باش» چییە؟ لێرەدا کردارێکی سادە دەبێتە دەرگایەک بۆ پرسیارکردن لە تەواوی سیستەمی واتا. ئەمەیە هۆکاری ئەوەی سووتاندنی لەچکە نابێت تەنیا وەک دژایەتیی حیجاب بخوێندرێتەوە؛ ئەگەر تەنیا لە ئاستی حیجابدا بیهێڵینەوە، واتا فەلسەفی و کولتوورییەکەی زۆر بچووک دەکەینەوە.

٤- جێندەر؛ کاتێ کۆمەڵگە دەچێتە نێو جەستە

جێندەر لێرەدا دەبێتە چەمکێکی ناوەندی. جێندەر تەنیا ئەوە نییە کە کۆمەڵگە بڵێت «ئەمە ژنە» و «ئەوە پیاوە». جێندەر سیستەمێکە کە کۆمەڵگە لەو ڕێگەیەوە وێنای زەینی و مانای ژنبوون و پیاوبوون دروست دەکات. کچێک لە منداڵییەوە تەنیا جەستەیەکی مێینە نییە؛ بەرە بەرە ڕادەهێنرێت چۆن «ژن» بێت: چۆن دابنیشێت، چۆن قسە بکات، چۆن هەڵسوکەوت بکات بە گشتی، چی لەبەر بکات، لە چی شەرم بکات، چەندە دەنگی بەرز بێت، لەگەڵ کێ بڕوات و تەنانەت چۆن ئارەزوو بکات. پیاویش بە هەمان شێوە ڕادەهێنرێت. فێر دەکرێت «بەهێز و هێژمۆن» بێت، نەگرییێت، خاوەندارێتی بکات، بپارێزێت، کۆنترۆڵ بکات و لە هەندێک کۆمەڵگەدا شەرەفی خۆی بە کۆنترۆڵکردنی ژن و خێزانەکەی ببەستێتەوە. کەواتە پاتریارکی تەنیا ژن بەند ناکات؛ پیاویش لە نێو فۆرمێکی دیاریکراوی پیاوبووندا بەند دەکات. کاتێ ژن دەڵێت «من جەستەی خۆم پێناسە دەکەم»، پیاویش ناچار دەبێت بپرسێت: ئەگەر من چیتر خاوەنی جەستەی ئەو نیم، ئەوا پیاوبوونی من چییە؟ ئەمە پرسیارێکی زۆر گەورەیە. چونکە ئازادیی ژن تەنها زنجیر لە دەستی ژن ناکاتەوە؛ ناسنامەی ئەو پیاوەش دەخاتە ژێر پرسیار کە خۆی لە ڕێگەی خاوەندارێتی و کۆنترۆڵکردنی ژنەوە پێناسە کردووە.

٥- ژینا و دابڕانی سۆبژێکتیڤ

لێرەدا دەگەینە ناوەندی تێزی ئەم نووسینە: «دابڕانی سۆبژێکتیڤ». دابڕانی سۆبژێکتیڤ واتە ساتێک کە تاک یان کۆمەڵگە هێشتا لە ژێر هەمان پێکهاتەی دەسەڵاتدا دەژی، بەڵام چیتر بە هەمان شێوە خۆی لە نێو ئەو پێکهاتەیەدا نابینێت. یاسا ڕەنگە هێشتا هەبێت؛ بەڵام شەرعییەتی یاسا لە زەینی سوژەدا شکاوە. نەریت ڕەنگە هێشتا هەبێت؛ بەڵام نەریت چیتر «سروشتی و ئاسایی» نییە. پاتریارکی ڕەنگە هێشتا بەهێز بێت؛ بەڵام چیتر ناتوانێت بە سانایی بڵێت: «هەر وابووە و هەرواش دەبێت.» چونکە سوژە فێری یەک کردار بووە کە بۆ هەموو دەسەڵاتێک مەترسیدارە: پرسیارکردن. بۆچی جەستەی من دەبێت بەم شێوەیە بپۆشرێت؟ بۆچی شەرەفی خێزان دەبێت لە جەستەی ژندا کۆبکرێتەوە؟ بۆچی پیاو دەبێت چاودێری ژن بێت؟ بۆچی ئارەزووی ژن دەبێت لە ژێر چاودێریی کۆمەڵگەدا بێت؟ بۆچی ئەو شتەی بۆ پیاو مافە، بۆ ژن دەبێتە شەرم؟ هەر بۆچییەک کەلێنێک لە دیواری بەدیهیبوونی دەسەڵات دروست دەکات. شۆڕشی سۆبژێکتیڤ لێرەوە دەست پێ دەکات.

٦- ژن، ژیان، ئازادی؛ لە دروشمەوە بۆ فەلسەفەیەکی بوونخوازانە

چما ژن، ژیان، ئازادی تەنیا وەک دروشم بخوێنینەوە، بەشێکی زۆر لە توانای هزریی ئەم دەربڕینە لەدەست دەدەین. «ژن»

لێرەدا سوژەیەکە کە داوای گەڕاندنەوەی مافی پێناسەکردنی خۆی دەکات. «ژیان» تەنیا مانەوە نییە. مرۆڤ دەتوانێت زیندوو بێت، بەڵام ژیانی خۆی نەژیت. دەتوانێت هەناسە بدات، بەڵام شێوازی بوونی خۆی هەڵنەبژێرێت. لەم ڕوانگەیەوە، ژیان واتە مافی ئەوەی ژیانی خۆت بەرهەم بهێنیت. «ئازادی»ش تەنیا شکاندنی قۆرغکارییەکان نییە. ئازادی ئەگەر تەنیا «نەخێر» بێت، هێشتا نیوەی ڕێگایە. لە ڕاستیدا ئازادی لەو ساتەدا کامڵ دەبێت کە «نەخێر» بگۆڕدرێت بۆ «من دەخوازم». نەخێر بۆ فەرمان، بەڵام دوای ئەوە: من چۆن دەخوازم بژیم؟ من کێم؟ چۆن دەخوازم جەستەی خۆم ببینم؟ چۆن دەخوازم پەیوەندی لەگەڵ ئەوی تر دروست بکەم؟ لێرەدا ئازادی لە ڕەتکردنەوەی دەسەڵات تێدەپەڕێت و دەبێتە توانای دامەزراندنی خۆ.

٧- ئازادیی ژن و قەیرانی پیاوی نەریتی

لە گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم گۆڕانە ئەوەیە کە ئازادیی ژن بە ناچاری پیاوی نەریتخواز دەخاتە نێو قەیران. ئەم قەیرانە نابێت بە مانای ئانۆمی یان کارەسات فام بکرێت؛ قەیران لێرەدا واتە ئەو فۆرمە کۆنەی پیاوبوون چیتر ناتوانێت بە بێ پرسیار بەردەوام بێت. ئەگەر پیاوبوون بە خاوەندارێتی، فەرماندان، چاودێری و پاراستنی «ناموس» پێناسە کرابێت، ژنی خودبنیادنەر و سەربەخۆ بناغەی ئەم پێناسەیە دەخاتە ژێر پرسیار. لەبەر ئەوە، لە بەکاتی ژیناندا تەنها ژن نەچووە نێو پرۆسەی گۆڕان؛ پیاویش بانگهێشت کراوە بۆ گۆڕان. پرسیار چیتر تەنها ئەوە نییە: «ژنی نوێ چۆن ژنێکە؟»؛ پرسیارێکی هاوتا هەیە: پیاو لە جیهانێکدا کە ژن موڵکی ئەو نییە، چۆن دەبێت پیاو بێت؟ ئەمە دەکرێت یەکێک بێت لە قووڵترین پرسیارە کولتوورییەکانی کوردستانی دوای ژینا.

٨- لە شۆڕشی سیاسییەوە بۆ شۆڕشی کولتووری

شۆڕشی سیاسی دەتوانێت دەسەڵاتێک بگۆڕێت، حکوومەتێک بڕووخێنێت یان یاسایەک هەڵبوەشێنێتەوە. بەڵام شۆڕشی کولتووری پرسیارێکی ڕادیکاڵتر دەکات: مرۆڤ خۆی چۆن دەبینێت؟ ئەگەر لە کوردستانی پاش ژینا شێوازی تێگەیشتن لە جەستە، ژن، پیاو، ناموس، خێزان، ئارەزوو، ئازادی و مافی تاک گۆڕابێت، ئەوا ئێمە تەنها لەبەردەم کاریگەریی سیاسیی ڕووداوێکدا نین؛ لەبەردەم گۆڕانێکی کولتووریداین. بەڵام نابێت ئەم گۆڕانە بە ڕۆمانسی ببینین. دابڕانێکی سۆبژێکتیف بە مانای مردنی دەسەڵاتی کۆن نییە. بە پێچەوانەوە، دەسەڵاتی کۆن دەتوانێت دوای ئەم دابڕانە توندتر بێت. خێزان دەتوانێت زیاتر کۆنترۆڵ بکات، پاتریارکی دەتوانێت بە شێوەی نوێ خۆی ڕێک بخاتەوە، شەرم دەتوانێت بە زمانی نوێ بگەڕێتەوە و تەنانەت بەشێک لە ژنان و پیاوان دەتوانن بەرگری لە سیستەمی پێشوو بکەن.

بەڵام جیاوازییەک هەیە: چیتر شەڕ تەنها لەسەر کردار نییە؛ شەڕ لەسەر واتای کردارە. ئایا ژن کەسێکە کە کۆمەڵگە پێناسی دەکات، یان کەسێکە کە مافی بەشداری لە پێناسەکردنی خۆیدا هەیە؟ ئەمە ناوەڕۆکی قەیرانی نوێیە.

٩- ژینا؛ لە ناوی تاکێکەوە بۆ ناوی ساتێکی میژوویی

لە کۆتاییدا، «ژینا» تەنیا لەگوێن ناوی کەسێک نامێنێتەوە. ناوی ژینا لە بیرەوەریی کۆمەڵایەتیدا دەتوانێت ببێتە ناوی ساتێک؛ ساتێکی پێش و دوا. بەم مانایە، کاتێ دەڵێین «پێش ژینا» و «دوای ژینا»، مەبەستمان تەنها رێکەوتێکی تەقویمی نییە. مەبەست دوو شێوازی تێگەیشتنە لە خۆ، جەستە و دەسەڵات. ئەگەر ئەم تێزە ڕاست بێت، ئەوا میراتی قوونڵی بەکاتی ژینا لە ژمارەی خۆپیشاندانەکان، دروشمەکان یان تەنانەت گۆڕانی یاساکاندا بە تەواوی ناپێورێت. پێوەرێکی قوونڵتر هەیە: چی لە نێو سوژەی کورددا گۆڕا؟ ئاخۆ ژن هێشتا جەستەی خۆی بە هەمان چاو دەبینێت؟ ئاخۆ پیاو هێشتا پەیوەندیی خۆی بە ژن بە هەمان شێوە دەفامێت؟ ئاخۆ «ناموس» هێشتا هەمان دەسەڵاتی واتایی پێشووی هەیە؟ ئاخۆ نەوەی نوێ هێشتا هەمان سنوورەکانی شەرم و قەدەغە بە سروشتی دەزانێت؟ ئەگەر وەڵامی تەنانەت بەشێک لەم پرسیارانە «نەخێر» بێت، ئەوا شتێک ڕووی داوە کە لە گۆڕانی سیاسی قوونڵترە. لەبەر ئەوە،

لەوانەیە باشترین شێوە بۆ خوێندنەوەی بەکاتی ژینا ئەوە نەبێت کە بپرسین: ژینا چی گۆڕی؟ بەڵکوو بپرسین: دوای ژینا، چیتر چی ناتوانێت وەک پێشوو «بەدیهی» بێت؟ لەوانەیە شۆڕش، پێش ئەوەی دەسەڵات بگۆڕێت، لەم خاڵەوە دەست پێ بکات: لە مردنی بەدیهیات.

١٠- لە دابڕانی سۆبژێکتیڤەوە بۆ گۆڕانی ژیانی ڕۆژانە

دابڕانی سۆبژێکتیڤ ئەگەر تەنیا لە ئاستی هۆش و بیرکردنەوەدا بمێنێتەوە، هێشتا نەبووەتە گۆڕانێکی کولتووری. گۆڕانی کولتووری لەو ساتەوە دەست پێ دەکات کە ئەو شتەی لە زەیندا گۆڕاوە، کارتێکەری بکاتە نێو پەیوەندییەکانی ڕۆژانە، واتە دیالێکتیکی پەیوەندییەکانی ڕۆژانە بگۆڕێت. لێرەدایە بەکاتی ژینا لە مەیدانەکانی خۆپیشاندان دەچێتە نێو ماڵ؛ دەچێتە نێو گفتوگۆی نێوان باوک و کچ، دایک و کچ، برا و خوشک، ژن و مێرد. دەچێتە نێو قوتابخانە و زانکۆ. دەچێتە نێو شەقام، کافێ، بازاڕ، گۆڕەپان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. واتە ئەو پرسیارەی لە سەر شەقام بە دەنگی بەرز دەگوترێت، هێواش هێواش دەبێتە پرسیاری ژیانی ڕۆژانە: کێ بۆ کێ بڕیار دەدات؟ ئەم پرسیارە لە ڕواڵەتدا سادەیە، بەڵام دەتوانێت تەواوی پێکهاتەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بلەرزێنێت. چونکە زۆربەی دەسەڵاتە کولتوورییەکان بە شێوەی فەرمانی ڕاستەوخۆ کار ناکەن؛ لە عادەتدا دەژین. لە وشەی «نابێت»دا، لە نیگای خێزانداا، لە قسەی دراوسێدا، لە ترسی «خەڵک چی دەڵێن؟»دا و لەو سنوورانەدا کە تاک پێش ئەوەی کەسێک پێی بڵێت، خۆی بۆ خۆی دیاری دەکات. گۆڕانی

کولتووری کاتێ قووڵ دەبێت کە ئەم وردەدەسەڵاتانە دەکەونە ژێر پرسیار. بۆیە ناشێ بە شوێن میراتی ژینادا تەنیا لە گۆڕەپانی سیاسیدا بگەڕێین؛ دەبێت لە بچووکترین شوێنەکانی ژیانی ڕۆژانەشدا لێی بگەڕێین: لەو کچەی کە بۆ یەکەم جار بە باوکی دەڵێت «من خۆم بڕیار دەدەم»، لەو دایکەی کە چیتر بە کچەکەی نالێت «خەڵک چی دەڵێن؟»، و لەو پیاوەی کە دەست لە خاوەندارێتیی ژنی ژیانی خۆی هەڵدەگرێت و بە چاوی هاوبەشی ژیان و شەریکی هاوتەریبی ژیان دەیبینێت. شۆڕش هەمیشە بە دەنگی تەقە نایەت؛ هەندێک جار بە وشەیەکی سادە دەست پێ دەکات: «خۆم».

١١- لە پەیوەندیی خاوەندارێتییەوە بۆ پەیوەندیی هاوتەریب

ئازادیی ژن بەبێ گۆڕانی پەیوەندی و شێوازی هەڵسوکەوت ناتوانێت ببێتە گۆڕانێکی تەواوی کۆمەڵایەتی، چونکە جێندەر پەیوەندییە. ئەگەر یەک لایەنی پەیوەندی بگۆڕدرێت، لایەنی تر ناتوانێت بێگۆڕان بمێنێتەوە. لەم ڕوانگەیەوە یەکێک لە پرسیارە هەرە گرنگەکانی پاش ژینا ئەوەیە: پیاوی کورد چۆن دەتوانێت خۆی لە نوێوە پێناسە بکاتەوە؟ ئەگەر پیاوبوون چیتر بە خاوەندارێتیی ژن، کۆنترۆڵکردنی خوشک و کچ، فەرماندان بە هاوسەر، زاڵبوون بەسەر جەستەی ئەوی تر و پاراستنی ناموس و بە گشتی هێژمۆنی پێناسە نەکرێت، ئەوا پیاوبوون چی دەبێت؟ لێرەدا دەکرێت لە پەیوەندیی خاوەندارێتییەوە بەرەو پەیوەندیی هاوبەش و هاوتەریب بڕۆین. پەیوەندیی هاوبەش پەیوەندییەک نییە کە ئازادی بە ژن دەبەخشێت، چونکە ئەم دەربڕینە خۆی هێشتا لۆژیکی خاوەندارێتی لەخۆ دەگرێت. ئەگەر من ئازادی بە تۆ ببەخشم، واتە پێشتر خۆم بە خاوەنی ئەو ئازادییە زانیوە. پەیوەندیی هاوبەش دەزانێت کە ئازادیی ئەوی تر شتێک نییە ئەو ببەخشێت؛

ئەو تەنیا دەست لە داگیرکردنی مافێک هەڵدەگرێت کە هەر لە بنەڕەتەوە هی ئەوی تر بووە. ئەم جیاوازییە وردە، بەڵام لە ڕووی فەلسەفییەوە بنەڕەتییە.

١٢- بەرگریی پاتریارکی؛ کۆن هەر بە ئاسانی نامرێت

بەڵام گۆڕان هێڵێکی سەرڕاست نییە. هیچ هۆکارێک نییە وا بزانین دوای ژینا کۆمەڵگە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بەرەو ئازادیی زیاتر دەڕوات. بە پێچەوانەوە، هەر دابڕانێکی گەورە دەتوانێت بەرگریی گەورەش بەرهەم بهێنێت. کاتێ پێکهاتەیەکی کۆن هەست دەکات بنەمای واتایی خۆی لەدەست دەدات، دەتوانێت تووندتر ببێت. دەکرێت «ناموس» بە زمانی نوێ بگەڕێتەوە. دەکرێت کۆنترۆڵی جەستە بە ناوی کولتوور بگەڕێتەوە. دەکرێت سنووردارکردنی ژن بە ناوی «پاراستن» بگەڕێتەوە. تەنانەت دەتوانێت هەندێک شێوەی نوێی سۆشیال میدیا ببێتە ئامرازێکی نوێ بۆ کۆنترۆڵ، شەرمەزارکردن و سزادانی ژن. کەواتە پاتریارکی هەمیشە بە جلوبەرگی کۆن ناگەڕێتەوە؛ دەتوانێت مۆدێرن بێت، مۆبایلی بەدەستەوە بێت، لە تۆڕی کۆمەڵایەتیدا چالاک بێت و بە زمانی نوێ هەمان لۆژیکی کۆنی خاوەندارێتی بەرهەم بهێنێتەوە. لەبەر ئەوە،

شۆڕشی سۆبژێکتیڤ پڕۆسەیەکە، نە ساتێکی تەواوبوو. ژینا دەرگایەکی کردەوە؛ بەڵام کراوەبوونی دەرگا بە مانای ئەوە نییە کە کۆمەڵگە بە ناچاری لێی تێدەپەڕێت.

١٣- لە ئازادیی نێگەتیڤەوە بۆ ئازادیی پۆزەتیڤ

لێرەدا دەبێت جیاوازییەکی گرنگ بکەین. ئازادی دەتوانێت لە سەرەتادا بە شێوەی «ڕەتکردنەوە» دەربکەوێت: لەچکە لە سەر ناکەم. فەرمانەکەت قبووڵ ناکەم. خاوەندارێتیت بەسەر جەستەمدا قبووڵ ناکەم. ئەم «نەخێر»ە بێگومان بنەڕەتییە؛ چونکە سوژە بەبێ توانای نەخێرگوتن ناتوانێت لە ئۆبژەبوون دەربچێت. بەڵام ئازادی لێرەدا کۆتایی نایەت. دوای «من ئەوە نابم کە تۆ دەڵێیت»، پرسیاری دووەم دێت: «کەواتە من چی و چۆن دەخوازم ببم؟» ئەمە گواستنەوەیە لە ئازادی وەک ڕەتکردنەوە بۆ ئازادی وەک بەرهەمهێنان. سوژە تەنیا زنجیرەکەی ناپسێنێت؛ دەبێت فێر بێت بەبێ زنجیر چۆن بڕوات.

ئەم قۆناغە لەوانەیە لە خودی یاخیبوون دژوارتر بێت. چونکە ئازادی تەنیا بێسنووری نییە؛ بەرپرسیارێتییە. کاتێ چیتر کەسێکی تر بۆ من بڕیار نادات، من دەبێت بەرپرسیاری هەڵبژاردنی خۆم بم. بەم مانایە، سوژەی ئازاد تەنیا سوژەی «ماف» نییە؛ سوژەی بەرپرسیارێتیشە.

١٤- ئاخۆ ئێمە لەبەردەم شۆڕشێکی ئەنتۆپۆلۆژیکداین؟

لێرەدا دەگەینە گەورەترین پرسیاری ئەم وتارە. ئاخۆ بەکاتی ژینا تەنیا شۆڕشێکی سیاسی بوو؟ یان دەتوانین قسە لە دەستپێکی شۆڕشێکی کولتووری بکەین؟ یان تەنانەت دەتوانین هەنگاوێک زیاتر بنێین و بپرسین: ئاخۆ ئێمە لەبەردەم دەستپێکی شۆڕشێکی ئەنتۆپۆلۆژیکداین؟ شۆڕشی ئەنتۆپۆلۆژیک لێرەدا بە مانای گۆڕانی بایۆلۆژیکی مرۆڤ نییە. مەبەست گۆڕانە لە وێنەی مرۆڤ لە خۆی؛ لەوەی مرۆڤ خۆی چی دەزانێت، پەیوەندیی خۆی بە ئەوی تر چۆن پێناسە دەکات و بە چ شێوەیەک مافی بوونی خۆی و ئەوی تر دەناسێت. ئەگەر پێشتر ژن لە چوارچێوەی شێوازی پەیوەندییەکەی لەگەڵ پیاو، خێزان و ناموس پێناسە کرابێت و ئێستا بەرەو خۆپێناسەکردن هەنگاو بنێت؛ ئەگەر پیاو پێشتر خۆی لە چوارچێوەی خاوەندارێتی و چاودێریدا پێناسە کردبێت و ئێستا ناچار بێت پیاوبوون لە نوێوە پێناسە بکاتەوە؛ ئەگەر خێزان لە شوێنی فەرمانەوە بەرەو شوێنی گفتوگۆ بجووڵێت؛

ئەگەر ناموس لە جەستەی ژن دابماڵرێت؛ ئەگەر جەستە لە ئۆبژەی دەسەڵاتەوە بەرەو سوژەی خۆبنیادنەری بجووڵێت؛ ئەوا ئێمە تەنیا باس لە گۆڕانی سیاسی ناکەین. ئێمە باس لە گۆڕانی فۆرمی بوونی مرۆڤ دەکەین.

کۆتا پەیڤ

لە کۆتاییدا دەتوانین هەموو ئەم باسە لە دەوری مافێکی بنەڕەتی کۆبکەینەوە: مافی بەرهەمهێنانی «خۆ». دەسەڵات تەنیا خواستی لە جەستە و جێندەر، گوێرایەڵی و ملکەچی نییە؛ هەندێک جار دەیەوێت دیاری بکات تۆ کێ بیت. دیاری دەکات: تۆ ژنیت، کەواتە دەبێت ئاوا بیت. تۆ پیاویت، کەواتە دەبێت ئاوا بیت. تۆ کچیت، کەواتە ئەمە بۆ تۆ شەرمە. تۆ برا یان باوکیت، کەواتە دەبێت ئەو کۆنترۆڵ بکەیت. بەم شێوەیە دەسەڵات تەنها کردار بەرهەم ناهێنێت؛ سوژە بەرهەم دەهێنێت. لەبەر ئەوە، ئازادیی قووڵیش تەنیا شکاندنی فەرمان نییە؛ گەڕاندنەوەی مافی بەرهەمهێنانی خۆیە بۆ خودی مرۆڤ. «من کێم؟» ئەگەر وەڵامی ئەم پرسیارە هەمیشە لە دەرەوە بێت، سوژە هێشتا بە تەواوی ئازاد نییە. بەڵام کاتێ مرۆڤ خۆی دەبێتە بەشدار لە بەرهەمهێنانی وەڵامەکەدا، ئازادی لە مەفهوومێکی سیاسییەوە دەگۆڕدرێت بۆ فۆرم و شێوازێکی بوون. لەم ڕوانگەیەوە، میراتی قووڵی بەکاتی ژینا لەوانەیە هەر ئەمە بێت: گەڕاندنەوەی پرسیاری «من کێم؟» بۆ خودی سوژە.

بەم شێوەیە دەگاتە کۆتایی: لە سووتانی لەچکەوە بۆ سووتانی بەدیهیات. لە سەرەتای ئەم وتارەدا لە وێنەیەکەوە دەستمان پێکرد: ژنێک لەچکەکەی لە سەر دادەماڵێت و دەیخاتە نێو ئاگر. ئەگەر تەنیا بە چاو سەیری ئەو وێنەیە بکەین، پارچە قوماشێک دەبینین کە دەسووتێت. بەڵام ئەگەر بە چاوێکی فەلسەفی سەیری بکەین، شتێکی زۆر گەورەتر دەردەکەوێت: لەو ئاگرەدا یەکێک لە کۆنترین پەیوەندییەکانی دەسەڵات کەوتووەتە ژێر پرسیار؛ پەیوەندیی نێوان جەستە و خاوەندارێتی. ئەو جەستەیەی کە دەسەڵاتی سیاسی دەیویست پۆشاکەکەی دیاری بکات؛ خێزان دەیویست سنوورەکانی دیاری بکات؛ پاتریارکی دەیویست شەرەفی پیاوی لەسەر بنیاد بنێت؛ نەریت دەیویست شێوازی جووڵە و دیاربوونی دیاری بکات؛ لە ساتێکدا دەستی کرد بە قسەکردن بە زمانی خۆی و وتی: «من ئۆبژەی تۆ نیم».

ئەم ڕستەیە، ئەگەر بە تەواوی واتاکەی بگرین، تەنیا ڕستەیەکی فێمینیستی نییە؛ ڕستەیەکی ئەنترۆپۆلۆژیکە. چونکە لە پشتیدا ڕاگەیاندنێکی بنەڕەتی هەیە: مرۆڤ نابێت تەنیا بەرهەمی پێناسەی ئەوی تر بێت. لەو ساتەدا جەستە تەنیا شتێک نییە کە دەسەڵات کاری لەسەر بکات؛ جەستە خۆی دەبێتە دەنگ. جێندەر تەنها چارەنووسێکی پێشوەختە نییە؛ دەبێتە مەیدانی گفتوگۆ و خۆپێناسەکردن. ژن تەنیا ئەو کەسە نییە کە دەسەڵات سنووری بۆ دیاری بکات؛ دەبێتە سوژەیەک کە خۆی پرسیار لە سنوورەکان دەکات. پیاویش چیتر ناتوانێت خۆی تەنیا لە چوارچێوەی هێژمۆنیی خاوەندارێتیی ئەوی تردا پێناسە بکات؛ دەبێت فێری هاوبەشی بێت. خێزانیش ناچارە لە فەرمانەوە بەرەو گفتوگۆ بجووڵێت. و کوردستانیش ناچارە پرسیاری ئازادی سەرلەنوێ پێناسە بکاتەوە: ئاخۆ ئازادی تەنیا ئەوەیە هیچ نەتەوەیەکی تر بۆ من بڕیار نەدات،

یان ئەوەشە کە منیش فێر بم بۆ ئەوی تر بڕیار نەدەم؟

لێرەدایە بەکاتی ژینا لە ڕووداوێکی سیاسی تێدەپەڕێت و دەبێتە ئاوێنەیەک کە کۆمەڵگەی کوردی ناچار دەکات سەیری خۆی بکات؛ نەک تەنیا سەیری ئەو دەسەڵاتەی لە دەرەوەی خۆیەتی، بەڵکوو سەیری ئەو دەسەڵاتانەش بکات کە لە نێو خۆیدا بەرهەمی هێناون: لە نێو خێزان، لە نێو پەیوەندیی ژن و پیاو، لە نێو چەمکی ناموس و تەنانەت لە نێو زەینی هەر تاکێکدا. لەوانەیە هەر ئەمە دژوارترین قۆناغی ئازادی بێت. دژایەتیی دەسەڵاتی دەرەکی ئاسانترە لە دۆزینەوەی ئەو دەسەڵاتەی کە لە نێو خۆماندا نیشتەجێ بووە. بەڵام ئەگەر بەکاتی ژینا واتایەکی قوواڵی مێژوویی هەبێت، ڕەنگە لێرەدا بێت: ژینا تەنیا پرسیاری «کێ بەسەر ئێمەدا دەسەڵات دەکات؟»ی نەهێنایە ئاراوە؛ بەڵکوو پرسیاری «ئێمە چەندە دەسەڵات لەسەر یەکتر بەرهەم دەهێنین؟»یشی خستە بەردەمان.

ئیتر لێرەوە ئازادی مانایەکی نوێ وەردەگرێت. ئازادی تەنیا ڕزگاربوون لە دەسەڵاتی ئەوی تر نییە؛ ئازادی توانای ئەوەیە خۆت بیت، بەبێ ئەوەی بۆ بوونی خۆت پێویستت بە ئۆبژەکردنی ئەوی تر بێت. بۆیەش، ئەو ئاگرەی لە دەستی ژنێکدا لەچکەکەی سووتاند،

لەوانەیە لە میژووی کوردستاندا وەک ئاگرێکی زۆر گەورەتر بمێنێتەوە: ئاگری سووتاندنی بەدیهیات. چونکە شۆڕشی قووڵ لەو ساتەدا دەست پێ ناکات کە مرۆڤ تەنیا بە دەسەڵات دەڵێت «نەخێر»؛ شۆڕشی قووڵ لەو ساتەدا دەست پێ دەکات کە سوژە سەیری خۆی دەکات و دەڵێت: «من چیتر ئەو کەسە نیم کە تۆ پێناسەت کردبووم.» لەو ساتەدا جەستە لە ئۆبژەبوون دەردەچێت. جێندەر لە چارەنووسبوون دەردەچێت. ژن لە خاوەندارێتی دەردەچێت. پیاو لە پێویستیی خاوەندارێتی دەردەچێت. و ئازادی لە دروشمبوون دەردەچێت و دەبێتە شێوازێکی بوون لە جیهاندا.

ئەمەیە یەکگرتوویی نێوان دەستپێک و کۆتایی: لە سەرەتادا پارچە قوماشێک دەکەوێتە نێو ئاگر، و لە کۆتاییدا دەردەکەوێت کە ئەوەی سووتاوە تەنیا قوماش نەبووە؛ بەدیهییەکی میژوویی بووە. بەدیهیی ئەوەی جەستەی ژن پێش ئەوەی هی خۆی بێت، هی دەسەڵاتە. بەکاتی ژینا ئەم بەدیهییەی شکاند. و هەر لەو شکانەوە، جەستە و جێندەر لە ئۆبژەی دەسەڵاتەوە هەنگاویان نا بەرەو سوژەی ئازادی.

---

1 - Judith Butler: Das Unbehagen der Geschlechter. Suhrkamp Verlag, 1991
2 - Karl Marx: Ökonomisch-philosophische Manuskripte, Suhrkamp Verlag, 2009
3 - Ernst Cassirer: Philosophie der symbolischen Formen. Meiner Verlag, 2023

4 - Judith Butler: Körper von Gewicht: Die diskursiven Grenzen des Geschlechts. Suhrkamp Verlag., 2024.
5 - Søren Kierkegaard: Der Begriff Angst, Übersetzt von: Gisela Perlet, Reclams Universal-Bibliothek, 2023.
6- Pierre Bourdieu: Die männliche Herrschaft. Suhrkamp Verlag, 2012
7 - Isaiah Berlin: Vier Versuche über die Freiheit. Fischer Verlag, 2006
8 - Helmuth Plessner: Die Stufen des Organischen und der Mensch : Einleitung in die philosophische Anthropologie, 1975.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٥ی خەرمانانی ٢٧٢٦

بەشێک لە وتار و لێدوانەکانی ویٚبلاگی: "ڕەوایەتەکانی کوردستان"

پێوەندی ئایین - دەسەڵات لە کوردستان

پێشەکی:

گومان لەوەدانیە کە دەسەڵات بە مانای حکوومەت، حاکمییەتی دەوڵەت و یاساگەلێکی بنەڕەتی بۆ مسۆگەرکردن و شەرعییەت دان بە حکوومەت نیە. واتە دەسەڵات بە مانای سەپاندنی ئیرادە و خواستی تاکەکەسی یان ڕێکخراوەیی بە سەر ئەوی‌تر دا نیە، ئەو دیاردانەی کە باسیان لێوە کراوە و زۆر جار بە هەڵە وەک دەسەڵات باسیان لێدەکرێت، لەڕاستی‌دا دەرکەوتن و خۆ لەفۆرمی ڕواڵەتدا دیتنەوەی دەسەڵاتن. دەسەڵات جۆرێک یان فۆرمێک پێوەندی نێوان مرۆڤەکان، کۆمەڵگا و کلتووڕە کە لە هەناوی فۆرمی نا هاوسەنگ(هاوتەراز) و ناپایەداری پێوەندی ڕا دەردەکەوێت. بەو مانایەی کە ناکرێ و دروست نیە باس لە ئانتۆلۆژی دەسەڵات بکرێ و دەسەڵات وەک بوونێکی ئابستراکت شرۆڤە بکرێت. کە وابێ باشترە لە جیات پرسیار لە ئانتۆلۆژی دەسەڵات، پرسیار لەوە بکرێت کە دەسەڵات چلۆن بەرهەم دێت و چلۆن بەکار دەبرێت.

بەرهەم هاتنی دەسەڵات لە کۆمەلگای مۆدێرن‌دا:

لە هەر شیونێک، فەزا یان کەشیکدا کە فۆرماسیونێک لە پێوەندی نێوان بوونەکان هەبێت، واتە بەستێنێک بە ناوی کۆمەڵگا(حەتتا لە سادەترین و ساکارترین فۆرمدا)کە لە باوەشی ئەو ڕا بوونەوەری زیندوو لە پێوەندی لەگەڵ یەکتردا بژین و فۆرمێک لە نەزم و بڕیار بۆ پیکەوە ژیان، ڕاپەڕاندنی ئەرک و تەعامول سەری هەڵدابێت، ئەوا دەسەڵات وەک ڕایەڵێکی نادیار و هارمۆنی بەخش بەو دیاردانە بوونی هەیە. کە وابێ پێویستە بۆ شرۆڤەی دەسەڵات ئەو میکانیسمانە شرۆڤە بکرێن کە کردەوەکانی دەسەڵات بەرهەم دێنن و بەهێزی دەکەن. دیارە لە کۆمەلگا مۆدێرنەکان‌دا دەسەڵات لەپێوەندیکی نزیک و دانەبڕاو لەگەڵ زانستدا هەیە، واتە لە کۆمەلگای مۆدێرن‌دا دیسیپلین و نەزم لە پێوەندیکی نزیک لەگەڵ زانست و دەسەڵات دایە، بەجۆری کە نەزم لە کۆمەلگای مۆدێرن‌دا لەڕێگای بەکار بردنی زانست- دەسەڵات بەرهەم دیت. دیارە لەوەها کۆمەلگایەدا زانست و دەسەڵات لەناو بەستێنی دیسکۆرس‌دا یەکدەگرن و بەیەک دەگەن. لە کۆمەلگای مۆدیرن‌دا سیستمی ڕاهینان و بارهێنان دەوریکی گرینگی هەیە لە بەرهەم هێنانی زانست و بەو پێیەش دەسەڵات.

بەرهەم هاتنی دەسەڵات لە کوردستان:

بە حوکمی وەیکە کۆمەڵگای کوردی بەستێنێک، کەشیک یان کۆمەڵگایەکە کە مرۆڤەکان لەودا لە پێوەندیو تەعامولدان، واتە فۆرمێک لە پێوەندی و موناسابت بۆ هاوکاری، تەعامول و ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان بوونی هەیە، کە وابێ دەسەڵاتیش بوونی هەیە. بەڵام بەپێچەوانەی کۆمەڵگای مۆدیڕن کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی نەریتیە بۆیەش لە جیات زانست، ئایین دەورێکی بەرچاوی لە بەرهەم هانتی دەسەڵات هەیە و بەو پێیەش دەسەڵات دەورێکی بەهێزی لە پەرە و هێژمۆنی ئایینداهەیە.

دەشێ بگوترێ کە ئەگەر لە کۆمەڵگای مۆدیڕندا پێوەندی زانست و دەسەڵات بەشێوەیەکی دیالێکتیکی دەبێتە هۆی هێژمۆنی، پەرە و بەهێز بوونی زانست(پاشەکشەی ئایینی) لەلایەک و دەسەڵات لەلایەکیتر، ئەوا لە کۆمەڵگای نەریتی کوردستاندا پێوەندی ئایین و دەسەڵات بۆتە هۆی هێژمۆنی، پەرە و بەهێز بوونی ئایین(پاشەکشەی زانست) لەلایەک و دەسەڵات لەلایەکیتر. لە هەمان کاتیشدا ئەگەر زانست و دەسەڵات لە کۆمەڵگای مۆدیڕندا لەناو بەستێن و باوەشی دیسکۆرسدا بەیەک دەگەن و دەردەکەون، ئەوا لە کۆمەڵگای کوردستاندا ئایین و دەسەڵات لە باوەشی ئایدۆلۆژیدا بەیەک دەگەن و دەردەکەون.

ئەگەر زانکۆکان و ناوەندە زانستێکان تەوەرە و مەکۆی سەرەکی بەرهەم هاتنی زانست و بەو پێیەش دەسەڵاتن، ئەوا لە کوردستان مزگەوتەکان، حوجرەکان و خوێندنگە ئایینێکان ناوەندی بەرهەم هاتنی دەرکەوتە ئایینێکان(ئایدۆلۆژی ئایینی)ن، حەتتا زانکۆکانیش لە کوردستان زۆر جار لەجیات زانست، عەقڵییەت و کلتووری ئایینیان بەهێزتر کردوە. دیارەمیدیاش وەک نێوندگیر و دیاردەیەکی نێونجیکەر ئەرکی ڕاگوێستن و سۆسیالیزکردنی زانست لە کۆمەڵگای مۆدیڕن و ئایینی لە کۆمەڵگای کوردستان لەسەر شان بوە.

ئەگەر لە کۆکۆمەلگای مۆدیڕندا دەسەڵات حەولی بەهێزکردنی زانست دەدا، ئەوا لە کوردستان بەردەوام دەسەڵات حەولی بەهێزکردن و پاراستنی فۆرمێک لە ئایینەدا بە دوو هۆکار: یەکەم لەبەر ئەوەکە خۆی بەرهەمی عەقڵییەت و کلتووری ئایینیە، دووهەم بۆ دژایەتی و ڕووبەڕوو بوونەوەی جیهادیسم لە کوردستان.

گرینگ نیە کە هەڵگرانی دەسەڵات لە کوردستان چەندە فۆرمێکی ڕواڵەتی ناسیونالیستی، چەپی و شێوە ڕووناکبیری بەخۆیانەوە دەگرن، یان ئایینیکان چەندە فۆرمی ناسیونالیستی و شێوە ڕووناکبیری بەخۆیانەوە دەگرن، گرینگ ئەوەیە ئایینی ئایدۆلۆژیک وەک ئێپیستمە مەعریفەی بنەمایی بۆ ڕوانین، شرۆڤە و کردوە.

٤ی مارچی ٢٠٢٠

کۆمەڵناسی میژوویی پۆپۆلیسم لە ڕۆژهەڵات

پۆپۆلیسم وڵامێکی سادەوساکارە بەدۆخێکی قەیرانی، دۆخێکی کە هەڵکەوتەکانی هزری و زانستی ناتوانن لە کورت خایەندا وڵامێکو ڕێگاچارەیەکی لۆژیکی و زانستی خێرای بۆ بدۆزنەوە. کەوابێ دەشێ بگوترێ لەبەرامبەر وڵامی لۆژیکیو زانستیدا پۆپۆلیسم وڵامگەلێکی سادەوساکار و ڕێگاچارەگەلێکی خێرا دەخاتە بەردەم کۆمەڵگا(دیارە سادە و ساکار بوون لزوومەن بەمانای گونجاو بوون و ئاکام بەخش بوون نیە). لەهەمان حاڵ دا بزاڤێکی دژە هەڵکەوتە، دژە زانست و پەرەپێدەری دڵەڕاوکێ و دەمارگرژیە، بەهۆی ئەوەکە پۆپۆلیستەکان خاوەن هزر و ئەندێشەیەکی ڕادیکاڵ لەمەر زانستەکانی پێوەندی دار بەقەیرانەکان نین و زۆر ڕووتین و ڕواڵەتی ڕووبەڕووی قەیران و کێشەکان دەبنەوە، بۆیە کەشێکی ترسناک دەخوڵقێنن، لەڕاستیدا کۆمەڵگا لە داهاتوو، بوون یان دوژمنێکی وەهمی دەترسێنن و بەو شێوەیە و بەو کەش ترساویە دەمارگرژی و پاوانخوازێتی دەخوڵقێنن.

پۆپۆلیسم لەهەمان حاڵ دا ڕوانگەیەکی ڕووتینی لە زەمان دایە، نەهیچ پێوەندێکی لۆژیکی لەگەڵ ڕابردوو هەیە و نەهیچ گەڵاڵەیەکی گونجاو بۆ داهاتوو، لەڕاستی دا پۆپۆلیسم دەلاقەیەکی ڕواڵەتی بۆ دیتن و شرۆڤەی ئێستایە.

پۆپۆلیسم ئەساسەن لەو کۆمەڵگا و زەمانانەدا پەرە دەستێنێت کە زانست خاوەنی هێژمۆنی نیە و لەبەرامبەردا ئایدۆلۆژیکان،ئایین و کلتووری ئاییننی بەسەر کۆمەڵگا و شعووری کۆمەڵگادا هێژمۆنە، لەڕاستی دا ئایدۆلۆژیکان و یەک لەوان ئاییننەکان بەهۆی ئەوەکە بۆ هەموو پرسیار و کێشەکانی مرۆڤ وڵام و ڕێگاچارەی سادەو ساکاریان هەیە و نیشانی دەدەن، دەتوانن زۆر زوو لەغیابی بەستێن و زەمینە بۆ پەرەی کلتووری زانست تەوەرە هێژمۆن بن. واتە دەشێ بگوترێ کە هەموو ئایدۆلۆژیکان چئاییننی و چغەیری ئاییننی پەرە پێ دەری پۆپۆلیسمن. دیارە بەهەر ڕێژەیەک زانستو کلتووری زانستی پەرە بستێنێ بەهەمان ڕێژەش پۆپۆلیسم هێژمۆنی خۆی لەدەستدەدا، بۆیە پۆپۆلیسم دژە هەڵکەوتەیە، چوونکە هەڵکەوتەکان بەشێوەیەکی زانستی و لۆژیکی دەتوانن ڕوانگە و ئیدعای پۆپۆلیستەکان پووچەڵ بکەنەوە.

بەهەڵکەوت کۆمەڵگای کوردی یەک لەو کۆمەڵگایانەیە کە پۆپۆلیسم تیا هێژمۆن و بەهێزە. بەهۆی ئەوەکە کلتوور وعەقڵییەتی ئایدۆلۆژیک (وەک میراتی چەپی لێنینیستی) هێژمۆنی تەواو و ڕەهای هەیە بەسەر کۆمەڵگادا کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەیکە بەشێکی یەکجار زۆر لەچالاکانی بوارەکانی سیاسی، کلتووری، کۆمەڵایەتی و هوونەری لە کوردستان سەر بە بەرەی چەپی لێنینسی بوون. چاو خشاندنێک بە شەقامی مەجازی و واقعی کۆمەڵگای کوردیدا دەریدەخات کە دروشم

تەوەرەیی و ڕووتین تەوەرەیی وەک دوو دیاردەی وێرانکەر بۆ شرۆڤەی دۆخ و گەڵاڵەکردنی ڕێگاچارە لە غیابی کلتوور و عەقڵانییەتێکی زانست تەوەرەی پشتبەستوو بەفاکتی گونجاو و جێگای متمانەی زانستی چەندە هێژمۆنە. دەشێ بگوتری کە پۆپۆلیسم بە چەپی لێنینیستی بوو بە کلتوورێکی هێژمۆن لەناو کۆمەڵگای کوردیدا، ئایدۆلۆژی چەپی لێنینستی لەلایەک بە خوڵقاندنی ترس و دڵەڕاوکێ لە ئەندێشە و هزری لیبرالڵ دێمۆکراسی بەپاساوی بەرهەمی بورژوازی، کاپیتالیستی و ئەمپریالیستی، بەریان بە پەرەی عەقلانییەتی دیمۆکراتیک، پلۆرالیزم و مۆدێرنیتە گرت و لەلایەکیتر دەمارگرژیەکی رادیکاڵیان بەرهەم هێنا بەهۆی ئەوەکە خۆیان وەک تاقەبزاڤیشۆڕشگێر،

تاقەبزاڤی راستەقینەی داگۆکاری مافی هەژاران، ژنان، چەوساوەکان و.....هتد پێناسە دەکرد. بەداخەوە ئەو دیاردانە ئێستاشی لەگەڵ بێ لەناو بزاڤی ناسیونالیستیکوردا هێژمۆنن، مۆنۆلۆگ بوون، زانست ستیزی و دەمارگرژی وەک میراتەکانی پۆپۆلیستی چەپ لە کوردستان.

٣٠ی ئەپریلی ٢٠٢٠

دەست بردنە گیرفان، داهات و بژیوی کۆمەڵگا وەک ڕێگاچارەی قەرەبووی کەمی داهاتی حکوومی لە ئێران

شیعە وەک فۆرمێک لە خوێندنەوەی ئێرانیانە لە ئیسلام لەمێژووی خۆی دا دینێکی مەعزول بوە و لەترسی دەسەڵاتی سیاسی حاکم بەسەر کۆمەڵگادا کەمتر مەجالی خۆ نواندن و دەرکەوتنی هەبوە، بەڵام لەسەدەی بیستەم دا دەرکەوتنی دوو ئایدەی جیاواز کارتێکەریان لەسەر شیعەی ئەخباری لە ئێران هەبوە.

واتە دەشێ بگوترێ کە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی وەک دەسەڵاتێکی ئایدۆلۆژیکی لەسەر دوو کلتووری سیاسی بەرهەم هاتوە:

١- کلتووری ئایینی - سیاسی فۆندامێنتاڵ و تووندی بەرهەم هاتوو لەلایەن سەیید قوتب کە لە کتێبی "معالم فی الطریق" دا گەڵاڵەی کردوە.

٢- کلتووری لێنینستی کە لە باکووری ئێران و لە ئازەربایجان را دزەی کردە نێو ئێران و بەرهەم هێنی دوو ڕەوتی ناوداری مارکسیست-لێنینستی حیزبی تودە و چریکەکانی فیدائییانی خەڵق بوو. لەو ناوەدا بەتایبەتی ئەندێشەکانی بیژەنی جەزەنی و ئەمیرپەرویزی پوویان کە تێئۆریسیەنی شۆڕشی چەکدارانە بەدژ دەسەڵاتی حاکم بوون بەباوەڕی من زیاتر کارتێکەری لەسەر ڕادیکالێزە کردن و شۆڕشگێرکردنی شیعە وەک ئایدۆلۆژێکی سیاسی هەبوو.

لەلایەک ئەو دوو کلتوور و دیاردە سیاسیە بە تووندی دژە ئەمریکا و ڕۆژئاواستیز بوون، بەجۆرێ کە سەییدقوتب کۆمەڵگای ڕۆژئاوایی و ئەمریکای وەک کۆمەڵگای جاهلی و لێنینیستەکان ئەویان وەک ناوەندی کاپیتالیسم، ئیستعمارگەر و بورژوازی پێناسە دەکرد و لەلایەکی تریش بەهۆی نزیکی دەسەڵاتی پالەوی لە ڕۆژئاوا و ئەمریکا تۆوی ئەمریکا ستیزیان لەناو هەناوی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا بڵاو کردەوە. بەواتایەکی ڕوون تر ئەمریکاستیزی بوو بەبەشتێک لەجەوهەری مەعریفی و کردەیی کۆماری ئیسلامی. هەر ئەو ڕەوتەش بوو بەهۆکار کە کۆماری ئیسلامی لەپاش بەدەسڵات گەیشتن لەهیچ دوژمنایەتێک بەدژ ڕۆژئاوا و بەتایبەتی ئەمریکا خۆی نەپاراست و هەر ئەوەش کەلێنی کیشەیەکی قوڵی لەنێوان ئێران و ئەمریکادا بەرهەم هێنا کە بەرهەمەکەی سەپاندنی سزاگەلێکی سیاسی و ئابووری بەسەر ئێران دا بوو، سزاگەلێک کە ڕۆژ بە ڕۆژ ئابووری ئێرانی لاوازتر و لاوازتر کرد، دۆخێک کە لەپاش هاتنە سەرکاری مەحموود ئەحمەدی نژاد کەوتە ئاستێک

کە ئیتر گەڕانەوەی بۆ نەبێت، ئەگەرچی هاتنە سەرکاری حەسەن ڕۆحانی و ڕێککەوتن لەگەڵ ئۆباما لەسەر بەرنامەی ناوەکی دەیتوانی ئێران ببووژێنێتەوە، بەڵام لەلایەک پەرەی کردەوە تێرۆریستێکانی ئێران و حەول بۆ بڵاوکردنەوەی هێژمۆنی زیاتری خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوین ولەلایەکی تر چوونەدەری دۆنالد ترامپ لە ڕێککەوتنی ناوەکی ئێرانی خستەدۆخێکی یەکجار دژوارەوە، بەجۆرێ کە لە دەورەی دووهەمی حەسەن ڕۆحانی دا بەکردەوە دەوڵەت دەستی بردە گیرفانی خەڵک، بۆ وێنە بێنزین بەیەک شەو سێ بەرابەر قیمەتی هەڵکشا و شتوومەکی تریش هەر بەو شێوەیە قیمتیان بەرزکرایەوە. لە تازەترین لێدوان دا وەزیری ئابووری ئێران ڕایگەیاندوە کە ئێران بۆ بووژاندنەوەی ئابووری خۆی(ئێوە بیخوێننەوە ڕاگرتنی دەسەڵات) لانیکەم پێویستی بەهەزار تریلیون تمان هەیە کە پێویستە ئەو ڕێژەیەی لە کۆمەڵگا دابین بکات، واتە دەست بەرێتە بژیو، داهات و گیرفانی کۆمەڵانی خەڵک.

دوو دیاردەی ئەو لێدوانە دەتوانێ بە ڕوونی ئەمانە بێت:

١- ئاماژە بێت بە قوڵایی قەیرانی ئابووری حکوومەت.

٢- ڕەخساو بوونی بەستێن بۆ تێکهەڵچوونی زیاتری کۆمەڵگا و دەسەڵات کە لە پایيزی ڕابردووڕا کەوتۆتە دۆخێکی قوڵ و ئیترگەڕانەوەی بۆ نیە.

ئاخۆ هاوینی پەسا کرۆنا بۆ دەسەڵاتی حاکم بەسەر ئێران دا دەبێتە بەستێنی دەرکەوتنی گەلاوێژی بەربەرەکانی قوڵتر و ڕادیکاڵتر؟ ئەگەرچی هێشتا گوتارێکی ئەڵترناتیو بۆ لێک گرێدانەوەی کۆمەڵان و چین و توێژەکانی کۆمەڵگا چرۆی نەکردوە وەک ئەڵترناتیوی گوتاری حاکمییەت، بەڵام بەستێنەکانی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی ئەو ڕووبەڕوو بوونەوە ڕادیکاڵە لەبارە.

٥ی مای ٢٠٢٠

فۆڕمی ڕوالەتی مۆدێرن لەغیابی عەقڵییەتی مۆدێرن و خەسارەکانی

دەسەڵات بۆ دەسەڵات نە بۆ خزمەت، نە بۆ بەرژەوەندی نەتەوەیی، ئەوە درێژەی هەمان عەقڵییەتی نەریتیە کە سنووری بەرژەوەندی تەنیا عەشیرە، بنەماڵە، چین، تاقم، لایەنگر و ڕێکخراوە دەگرێتەوە. بە پێچەوانەی عەقڵییەتی نەتەوەیی کە دەسەڵات لەودا کەرەسەی خزمەت بە نەتەوەیە چونکە سنووری بەرژەوەندی نەتەوەیە.

بە کورتی عەقڵییەتی نەتەوەیی بە مانای فۆرم گەلێکی(پلۆرالیزمێکی) مانایی جیاوازی مەشروع و جێگای متمانەی لیک گرێدراو لە پێوەندی ئینتییرسۆژێکتیڤ دا لە کۆردستان بوونی نیە.

سیاسەتی حیزبی و حیزبایەتی بە مانای شەرعییەتی پلۆرالیزمی کەلێن و قەڵشە کۆمەڵایەتێکان کە بەرهەمی ڕەهەندی پەسا دەوڵەت نەتەوەیە و بۆ دێمۆکراتیزە کردنی دەوڵەتی نەتەوەیی مۆدێرن سەری هەڵدا، لە کوردستانی پیشا نەتەوە و پیشا دەوڵەت- نەتەوە فۆڕمە ڕووسێکەی کە چوارچێوەیەکی داخراو و مونزەبیتی هەیە، بوو بە هۆکاری دابڕان و ڕادیکاڵ تر کردنی قەڵش و کەلێنەکان، حیزبایەتی هەم پێشی گرت بە سەر هەڵدانی عەقڵییەتی نەتەوەیی و هەم پێشی گرت بە یەکگرتوویی نەتەوەیی و هەم پێشی گرت بە شەرعییەت و وێک هەڵکردنی ڕۆانگە جیاوازەکان لەمەر نەتەوە. چونکە فۆرم گرتنی نەتەوە ڕەهەندێکە لە بان قەڵش و کەلێنە کۆمەڵایەتێکان دا جێی گرتوە، واتە بەر لەوەکە کەلێن و قەڵشە کۆمەڵایەتێکان ئەکتیو بکرێن وەک ڕێکخەر و هاندەر بۆ دەستەبەر کردنی مافی چینایەتی، نەتەوە فۆرم دەگرێت و ئینجا لە ناو سنوور و جوغرافیای نەتەوەدا چین و تووێژەکان شوێن مافەکانیان دەکەون. ئەوە لەکاتێک دایە کە حیزبایەتی لە کوردستان قەڵش و کەلێنی چینایەتی، ئایینی و نەتەوەیی لە بەرامبەر یەک دا ئەکتیڤ کرد، حیزبی دێمۆکرات وەک سێمبۆلی خواستی نەتەوەیی، کۆمەڵە وەک سێمبۆلی خواستی چینایەتی و مەکتەب قورئان و ئیخوان وەک سێمبۆلی خۆاستی ئایینی بەر لەوەکە لە بەرەیەکدا کۆببنەوە لە ڕووبەڕووی یەک دا سەنگەریان گرت. ئەوە لەکاتێک دایە ئێستاشی لەگەڵ بێ گرووپ و ڕێکخراوە وەک کارگ دەم بە ساعەت هەڵدەتۆقێت و هەر دوو کەس و سێ کەس شێوە حیزب و ڕێکخراوەیەک بنیاد دەنێن، کە نیشان دەدا ئەگەرچی زانیاری لەمەر حیزبی سیاسی پەرەی ئەستاندوە بەڵام نە عەقڵییەتی سیاسی مۆدێرن و نە عەقڵییەتی مۆدێرنی حیزبایەتی لەناو کوردا بوونی هەیە و غیابی ئەو عەقڵییەتانەش هۆکارێکی گرینگن لە هێژمۆن کردن و مسۆگەر کردنی مۆنۆلۆگ بوون، موتڵەق بوون و پاوانخوازێتی.

کۆمەڵگای کوردی هێشتا تێنەگیشتوە سیاسەت، حیزب، کۆمەڵگا وبەعام هەموو فۆرمە ڕوالەتێ سیاسی، کۆمەڵایەتی،

کلتـووری وئـابووریێکـانی نـاو کۆمەڵگـا لەخـزمەت پەرەی سـۆبژێکتویتە و سـەیروورەتی سـوبژە وەک فـۆرمێکی عەقڵانـی و بیرمەنـدانە لە مرۆڤ دایە، بەڵکە هەر لەسـەر ئەساسـی هەمـان ئێپیسـتمەی کـۆن و نەریتـی لەمەر مرۆڤ، حەولـی مسـۆگەر کردنـی فـۆرمە ڕواڵەتـێ نوێیەکـان دەدا، ئەو ئێپیسـتمە نەریتیـانەی کە بەردەوام کەری ئۆبژێکتـویتە و سـەیروورەتی مرۆڤـی ئـۆبژە و ملکەچن. بـۆیەش لێکەوتەکـانی ئەوڕەهەنـدە بـۆ کـورد ئـازادی، سـەربەخۆیی و مـافی نەتەوەیـی نابێـت، مـادام کـورد نەگەڕێـتەوە سـەرچاوەی زانسـتی، کلتـووری و عەقڵییەتـی ڕۆژئـاوایی و یەک جـار بـۆ هەمیشـە پێوبسـتە کلتـووری نگریسـی لێنینستی بەجێ بهێڵێ.

لە زانست، کلتوور و عەقڵییەتی ڕۆژئاوایی دا مرۆڤ تەوەرەیە، فۆڕم هەڵقوڵاو و بەرهەمی زانست و ئەندێشەی مرۆڤی سـوژەیە. بەر لە حێزبـی سیاسـی نەتەوە و دەوڵەت نەتەوە بەرهەم دێـت و بـۆ دێمـۆکراتیزە کردنـی نەتەوە و دەوڵەت نەتەوەی مۆدێرن حیزب، پارڵمان و هەڵبژاردن سەر هەڵدەدەن. ئەوە لەکاتێـک دایە کـورد بە حیزبـی سیاسـی بەتەمایە نەتەوە، دەوڵەت نەتەوە و دێمۆکراسـی بەرهەم بێنێـت. ڕەوتێکـی بەرئـاوەژوو کە ئاکـامەکەی نە دەوڵەت نەتەوەی کوردی، نە سەربەخۆیی و نە ئازادی و دێمۆکراسی دەبێت.

۱۷ی مای ۲۰۲۰

سەنعەتی کلتوور و ڕاگەیەنە تەکنیکێکان

خەسارناسی هێزی ناوەند و غیابی ئەڵتڕناتیوی پەروایز

سەنعەتی کلتوور چەمکێکە کە لەلایەن ئادرنۆوە بۆ شرۆڤەی کردوەی ناوەندەکانی بەرهەم هێنانی بەرهەمی کلتووری داهێنراوە. بەباوەڕی ئادرنۆ ڕاگەیەنە گشتێکان گرینگترین کەرەسەکانی سەنعەتی کلتوورن لە هەموو دونیا کە دوو ئەرکی سەرەکی هەیە: یەکەیان یەکدەستکردنە و ئەوی‌تریان هێنانە خواری ئاستی تێگەیشتووی و فامی گشتیە. چاوخشاندنێک بەبەشی هەرە زۆری بەرهەمەکانی ڕاگەیەنە گشتێکان نیشان دەدا کە ئەوان لەلایەک حەولی ڕازاندنەوەی فۆرمی ژیانی مەوجود دەدەن و لەلایەکی تریش حەولی سەپاندنی ئەو فامە بە پەیڤەرەکان(موخاتەب) دەدەن کە فۆرمی ئارمانی ژیان چەندە دوورە لە دەستەبەر کردن و دەستپێڕاگەیشتن. بێ گومان ئەو دۆخە لە کۆمەڵگا داخراو و دیکتاتۆرەکاندا زۆر تووندتر و ڕادیکاڵترە. دەسەڵاتی پاوانخوازی حاکم بە سنووردار کردن و زۆر جار بەبەستنی کانااڵەکانی دەسڕاگەیشتنی کۆمەڵگا بە بەرهەمەکانی جیاواز، تەنیا بەرهەمەکانی خۆی و فرسەتەکانی خۆی دەرخواردی تاک و کۆمەڵگا دەدا، کە بە مەبەستی کۆمەڵگرتر کردنی تاک و کۆمەڵگایە لەناو ئەو سیستمە هزری و ڕواڵەتیەی کە وەک تاکە فۆرمی ژیان بۆ پەروەردە و بەرهەم هێنانی مرۆڤی ئۆبژە و ملکەچ داڕیشتوە.

ئێران وەک کۆمەڵگایەکی داخراو و ژێر دەسەڵاتی حکوومەتێکی پاوانخوازی ئایدۆلۆژیکیش لەو قاعیدەیە بەدەر نیە. بێگومان ئەو دۆخە بۆ کورد وەک کەمینەیەکی نەتەوەیی کە خواستی نەتەوەیی و شووناس‌خوازانە هەیە و خەباتی بۆ دەکات زیاتر لە فارسەکان قورستر و ئاڵۆزترە. لەوەها دۆخێکدا کە ڕاگەیەنە تەکنیکی و گشتێکانی ڕکابەڕی دەسەڵات غایبن و ئەڵتڕناتیڤێک لە بەرامبەر دەسەڵاتدا بوونی نیە ئیتر کۆمەڵگرتر کردن و ملکەچکردنی تاک و کۆمەڵگا کاریکی زۆر چەتوون نیە. بۆ وێنە لە کۆریای باکوور و تورکەمەنستان دەسەڵات زەحمەتێکی زۆری نیە بۆ ملکەچ کردنی کۆمەڵگا. بەڵام بە پێچەوانە لە کوردستان کە چەندین حیزب و ریکخراوەی سیاسی خاوەنی چەندین ڕاگەیەنی تەکنیکی و تۆری کۆمەڵایەتی و سۆشیال میدیان، ئیتر دەسەڵات نابێ‌بتوانێ بە ئاسانی ئەرکی بەلاڕێدابردنی تاک بەڕێوە بەرێت. بێگومان لەوەها دۆخێکدا سەنعەتی کلتوور و ڕاگەیەنە تکنیکێکانی ئۆپۆزیسیون ئەرکیان لەسەر شانە کە بەر پەرچی کردەوەکانی دەسەڵات بدەنەوە. ئەو بەرپەرج دانەوەیە ئەگەر لەژێر تیشکی گوتار و ئەندیشەیەکی بەهێز وەک ئەڵتڕناتیڤی گوتار و ئەندێشە حکوومەت نەبێت ناتوانێ سەرکەوتوو بێ. بەداخەوە ئۆپۆزسییونی کوردی کە خۆی وەک ئەڵتڕناتیڤ دەبینێت هێشتا نەیتوانیوە گوتار و ئەندێشەیەکی ڕەقیبی حاکمییەت بەرهەم بهێنێ تا بەپشت بەستن بەو و دەرخستنی وەک ئەڵتڕناتیڤ

بتوانێ تاکی کورد لە دەسەڵاتی ناوەندی دابببڕێت و لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە. ئۆپۆزیسیونی کوردی لە بەرهەم هێنانی کلتووری ئەڵترناتیقی دەسەڵاتی پاوانخواز کە بێگومان دەبێ کلتووریکی دیمۆکراتیک بێ هێشتا عاجزە. ئەگەر تاکی کورد لە خەساری کایەکردن لەناو جەغزی کلتووری حاکمدا بەشیک لە هەڵەکە بێت، بەشێکی زۆرتری ئۆپۆزیسیونی کورد و ڕووناکبیرانن کە نەیانتوانیوە ڕایەڵێکی ئەڵترناتیڤ بۆ لێکگرێدانەوەی تاکی کورد لە دەوری کوردییەتیکی مەعریفی و میژووی بەرهەم بهێنن.

ئەوەندەی دەسەڵات حەولی دابەزاندنی ئاستی تێگەیشتوویی داوە هیچ کات ئێمە نەمانتوانیوە حەولی تێگەیاندن بدەین، بە هۆی ئەوەکە هیچ فام و وێنایەکی هاوبەشمان لە تێگەیشتن نیە. بەگشتی ڕژێم بە پۆپۆلیزە کردنی دۆخی کۆمەڵگا باشترین کەڵکی وەرگرتوە و کوردیش بەداخەوە بە هەمان شێوە بە حەول بۆ پۆپۆلیزە کردنی دۆخەکە زۆرترین زیانی بەرکەوتوە.

۱۲ی جوونی ۲۰۲۰

لە کوردبوونێکی دووساحەییەوە بەرەو کوردبوونێکی یەک ساحەیی

پێشەکی:

مێشکی هەر مرۆڤێک لە دوو ساحەی ڕاست و چەپ پێک هاتوە کە هەر ساحەی ئەرک و کارکردێکی تایبەت بەخۆی هەیە. بۆ وێنە ساحەی چەپی مێشکی مرۆڤ ناوەندی گوتار و شرۆڤەی لۆژیکی پێوەندیکانە، لەکاتێکدا ساحەی ڕاست ناوەندی هونەر و هەستە. لەنێوان ئەو دوو ساحەیەدا ماتریالێک هەیە بەناوی "ڕایەڵی لێکگرێدەر" کە بەر دەگرێت بە ئاڵوگۆڕی بێنەزمی سیگنالْ لە ساحەی ڕاست بۆ چەپ، بەڵام ئەگەر چالاکی ئەو ماتریالە لاواز بێت، شعوری مرۆڤەکان تووشی کێشە دەبێ، هەست هێژمۆنی بەسەر شعوردا پەیدا دەکات. بەجۆرێ کە مرۆڤەکان تووشێ وەهم دەبن، ئەو مرۆڤانە لە دەروونی خۆیاندا هەست بە هێندێکدەنگ، توانایی، تایبەتمەندی و ڕەنگ دەکەن کە لە جیهانی دەرەوەی ئەو بوونی نیە بەڵام ئەو ئەوان وەک حەقیقەتی جیهانی دەرەوە فەرز دەکات، ئەم ڕەوتە دەبێتە هۆی دابڕان و دەرچوونی ئەو مرۆڤە لە واقعییەتەکانی ژیانی ڕاستەقینە و مەوجودی ژینگەی خۆی و بێگانە دەبێت لەو ژینگەیی کە تیا دەژیت. زەینی مرۆڤی دووساحەیی لە توانایی بیرکردنەوەیەکی بیرمەندانە و لۆژیکی بێبەهرەیە. مرۆڤی دووساحەیی واقعییەتە وەهمێکانی دەروونی خۆی وەک حەقیقەتی ڕەها و نەگۆڕ فەرز دەکات، بەهیچ شیوەیەک ڕەخنە هەڵناگرێت و بە تووندی دژی ڕوانگە جیازەکان دەوەستێتەوە و حەولی لەناو بردنیان دەدا.

مرۆڤی دووساحەیی:

دوو ساحەیی هێمای بوونێکی وەهمیە و ئاماژەیەکە بە سەرەدمێک لە ژیانی مرۆڤە کە زەین و ڕەوانی مرۆڤ لەسەر ئەساس وبنەمای وەهمی کەلامی بنیادنرابوو. جێ پێی ئەو پارادایمە بەدرێژایی ژیانی مرۆڤەکان لەو جێگایەی کە هێشتا ئاگایی و بیرمەندی سەری هەڵنەداوە و پەرەی نەگرتوە دەبیندرێ کە سێمبولە هەرە بەرچاوەکانی خوداکان و ئایینەکانن. بیرمەندان لەسەر ئەو باوەڕەن کە لەنێوان ئاگایی و زمان دا جیاوازی هەیە، لەڕاستی دا مرۆڤی دوو ساحەیی بەردەوام حەولی بەرهەم هێنانی هێماگەلێکی لەگوێن خوا، پیغەمبەر و پاشای داوە، بەجۆرێ کە هەم خۆی لە وەهمی هێژێکی ڕزگاری کەر، دەسەڵاتێکی ڕێ پێشان دەر و زانایەکی ڕێبەڕدا دیوە و هەم ڕەنگە لە ناو جەستەی کەسانی تردا ئەو تایبەت مەندیانەی دۆزیبێتەوە بۆ داپۆشین ترس، دڵەڕاوکێکان و کەم و کۆڕێکانی خۆی. بەرچاوترین وێنای زەینی دووساحەیی ئایدۆلۆژیە، ئایدۆلۆژیکان بەبێ ئەوەیکە لەسەر بنچینە و ئەساسی وێکچوونێکی واقعی لەگەڵ جیهانی دەرەوە سەریان هەڵدابێ،

بەرهەمی حەقیقەتێکی وەهمین لە فام و وێناکردنی ژینگەی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا، حەقیقەتێک کە لە زەینی ئیدئۆلۆگەکاندا بەرهەمهاتوە.

لە سەردەمی ئێستاش دا هێشتا پاشماوەکانی دووساحەیی لەناو کۆمەڵگا نەریتێکان دا و یەک لەوان کۆمەڵگای کوردیدا ماوە، کە لە گرینگترین میراتەکانی زەینی دوو ساحەیی دەشێ ئاماژە بە "کلتووری ئایینێکان" و "ئۆراکۆلەکان" بکرێ، کە دیارترین و بەرچاوترین دیاردەی کلتوری ئایینی، پاراستنی پێوەندی ڕوحی مرۆڤ لەگەڵ بوونەگەورەکانن و لە گرینگترین دیاردەی ئۆراکۆلەکایش دەشێ ئاماژە بەو بوونانە بکرێ کە بەدوور لەهەر جۆرە زانست و ئاگاییەکی مەعریفی و زانستی خەریکی پێشگۆیین، بەجۆرێ کە هەرکەسێک بە هەر ڕێژەیەک لە نەخوێندەواری و غیابی ئاگایی بیرمەندانە لەناو جەغزی ئەو وەهمەدا دەخولێتەوە کە پێی وایە هێزی داڕشتنی نەخشەڕێگا، توانایی ڕێگادۆزینەوە و توانایی لە قەیران بەدەر بردنی جیهان، نەتەوە و کومەڵگاکەی هەیە. ئەمڕۆکە لە زانستی دەروون ناسی دا ئەو دیاردەیە بە ئێسکیزووفێرنی پێناسەدەکەن، مرۆڤێکی کە تووشی ئەو قەیرانەیە لە دەروون و لەناو وەهمی دەروونی خۆی دا گوێی لە دەنگ و نەدا گەلێک دەبێ کە ئەوان وەک زانایەکی گشتی پێناسەدکات و وەهمی گەورەیی بەو مرۆڤانە دەبەخشێت. نموونەی بەرچاوی ئەو مرۆڤە دووساحەیانە لە شەقامی سیاسی کوردا زۆر بەرچاون. کەسانێک کە وەهمی دکتۆری، مامۆستایی، پسپۆری، ڕۆژنامەوانی، ئیدئۆلۆگی و..... لێ دەبارێ. پێیان وایە کە بەسەرچاوەی حەقیقەت گەیشتوون، حەول دەدەن یان ئەوی تر وەکخۆ لێبکەن، یان بێدەنگی بکەن یان بیسڕنەوە. ئەو فۆرم لە کوردایەتیە لەگەڵ دۆخ و ماتریالە واقعێکانی کۆمەڵگا و جیهانی دەوروبەر بێگانەیە. نەیتوانیوە پێوەندیەکی واقعی و دروست لەگەڵ کۆمەلگا و جیهانی دەوروبەر بگرێت. بەکورتی مرۆڤی دووساحەیی لەلایەک هێمای ئەو مرۆڤانەیە کە هەست بە حەقیقەتێکی وەهمی دەکەن و پێیان وایە کە ئەرک و بەرپرسیارەتێکی مێژوویان لە ئەستۆیە وەک ئیدئۆلۆگ، ڕینما و ڕێ پێشاندەر، بەبی ئەوەی کە تێگەیشتوویەکی زانستیانە و بیرمەندانەیان هەبێت. لەلایەکیتر هێمای ئەو مرۆڤانەن کە کوێر کوێرانە بۆنە ملکەچ و گوێ ڕایەڵی حەقیقەتیکی وەهمی و پاساوکەری هەستی دەروونیان لە غیابی هەرجۆرە شعوریکی بیرمەندانە.

مرۆڤی یەک ساحەیی:

یەک ساحەیی لەبەرامبەر دووساحەییدا ئاماژە بە کارکردی دروستی "ڕایەڵیلێکگرێدەر" و نەزمدان بە پێوەندی ساحەی ڕاست و چەپی مێشکی مرۆڤەکانە. لەڕاستیدا هەرکاتێ پێوەندی بەردەوام و بێحیسابی نێوان ساحەی ڕاست و چەپی مێشکی مرۆڤ بەهۆی ئەو ماتریالەوە کە وەک "پردێک" ناسراوە کۆنترۆل بکرێ، مرۆڤ ئەو توانایە وەدەستدێنێ کە حەقیقەتی واقعی(ئەو ماتریالەی) کە لە جیهانی دەرەوەی مرۆڤ هەیە، ئەو جۆرەی هەیە نە ئەو جۆرەی حەزی لێیە، بیناسێت و فامی بکات. واتە پێوەندێکی ڕیئالیستانە لەگەڵ جیهانی دەرەوە دەگرێت، پێوەندیەک لەسەر ئەساسی ئاگایی، وشیاری و فامێکی لۆژیکی کە بەرهەمی دەرکی واقعی ژینگەی خۆیەتی.

ئاگایی و وشیاری دەشی لە ساکارترین فۆرمدا ئاوا مانا بکرێتەوە کە بریتیە لە فۆرمێک ئەزموونکردنی حاڵات و دیاردەکانی نێو زەینی مرۆڤ کە بەرهەمی پێوەندیێ رێئالیستانە لەگەڵ جیهانی دەرەوەی مێشکی مرۆڤە، یان بەشێوەیەکیتر دەشێ بگوترێ کە ئاگایی بە مانای ئەزموونکردنی زایەڵەی واقعی جیهانی دەرەوە لەنێو مێشک و زەینی مرۆڤدایە، وێکچووی ئاگایی و وەهم لەوەدایە کە هەر دووکیان ئەزموونی دیاردەکان و حاڵەتەکانی دەروونی زەینی مرۆڤەکانن، بەڵام جیاوازێکان لەوەدایە کە وەهم زایەڵەی ئەو دیاردانەیە کە نموونە و میسداقیان لەدەرەوەی جیهانی مرۆڤ نیە، بەڵکە حەقیقەت گەلێکن کە تەنیا لەناو زەین و مێشکی مرۆڤدا بەرهەم هاتوە، بەڵام ئاگایی زایەڵەی ئەو دیاردانەیە لەناو زەین و مێشکی مرۆڤدا کە نموونە و میسداقی واقعیان لەدەرەوەیی مێشک و زەینی مرۆڤدا هەیە.

لە زەینی یەک ساحەییدا ئەگەر شعور وەک بەشی چەپی مێشک و هەست وەک بەشی ڕاستی مێشک فەرز بکرێت ئەوا دەکرێ زانست و ئەندێشە وەک "ڕایەڵێکگرێدەر" پیناسە بکرێت کە دەتوانێ بە کۆنترۆڵ کردنی جۆر و فۆرمی پێوەندی ئاگایی و هەست، بەرهەم هێنی فام و دەرکێکی رینالیستانە بۆ مرۆڤ بێت. واتە ئەگەر لە زەینی دوو ساحەییدا لەنێوان شعور و هەستدا هیچ زانستێک، شعورێکی بیرمەندانە، ئەندێشەیەکی لۆژیکی وەک "پرد" بوونی نەبێت ئەوا پێوەندی نارێک و هێژمۆنی هەست بەسەر شعوردا بەرهەم هێنی فۆرمێک لەفام و دەرک دەبێت کە ماتریالەکانی ئەو فامە لە جیهانی دەرەوەدا هیچ بوونێکی واقعی و حەقیقیان نیە، بەڵکە تەنیا لەناو زەینی مرۆڤدا وەک حەقیقەت فەرز کراون. بەڵام بەپێچەوانە لە زەیەنی یەک ساحەییدا زانست، شعوری بیرمەندانە و ئەندێشەی لۆژیکی نەتەنیا بەر دەگرێت بە هێژمۆنی فامی وەهمی، کە بە کۆنترۆل کردنی جۆری پێوەندی شعور و هەست بەرهەم هێنی فامێکی ئاگایانە و وشیارانە دەبێت(١).

ئاکام:

کوردبوونێکی کە ئێستا لەناو کۆمەڵگای کوردیدا بوونی هەیە بێگومان هێژمۆنی هەست و تایبەتمەندی دووساحەیی بە ئاشکرا پێوە دیارە بە تایبەتی ئەو بەشە لە کوردان کە نیشتەجێی دیازپۆران بەهۆی ئەوە کە لەنێوان ئەو واقعییەتانەی کە ماکە و ماتریالی سەرەکی بەرهەم هێنی حاڵەت و دیاردەی زەینی و ئەزموونکردن و فام بە مانای ڕەوتی ئاگایین، لەگەڵ ئەو واقعیەتانە ڕاستەقینانەی کە وەک ماتریال و ماکەی جیهانی دەرەوە بەرهەم هێنی فام و ئاگایین کەمترین وێکچوویان هەیە،

واتە بە هۆی غیابی زانست، ئەندێشەیەکی لۆژیکی و زانست تەوەرە هەست بەسەر شعوردا هێژمۆنە و فامی وەهمی لەغیابی زانست و شعوورێکی بیرمەندانە وەک نەزمدەر و ڕێکخەری هەست و ئاگایی، مرۆڤ تووشی خولیا و وەهمی حەقیقەت کردوە. ئەگەر کورد نەتوانێ بە پشتیوانی زانست و شعوورێکی بیرمەندانە ماکە و ماتریالەکانی جیهانی

دەرەوە و ژینگەی دەوروو بەری خۆی ئەوە جۆرەی کە هەن لە ناو زەین و میٚشکی خۆیدا دەرک، فام و ئەزموونیان بکاتو ببێتە ئاگایی، ئەوا ئەو وەهمە کورد لە جیهانی واقع دادەبڕێت و ناتوانێ بە ئامانجەکانی بگات.

١- جولین جینز: کتاب منشا آگاهی در فروپاشی ذهن دوساحتی، مترجم : سعید همایونی، تهران، نشر نی.

٢١ی جوونی ٢٠٢٠

"قاسملوو: ئەو ڕێبەرەی لە شەڕاب بۆ کتێب دەگوزەرا"

ئەگەر شەڕاب هێما و سێمبولی لەزەت و سەرخۆشی کاتی و گوزەرابێت، سێمبۆل و هێمای خۆشی و لەزەتێکی فۆرمالیتە، کاتی و ڕواڵەتی، ئەوا کتێب هێما و سێمبولی سەیروورەت، نوێ بوونەوە و ئەندێشەیە، هێمای داهێنانێکی بیرمەندانە، ژیرانە و تێگەیشتوانەی ناوەرۆک تەوەرە. ئەو کەسەی کە لە سەرخۆشی و لەزەتی کاتی، ڕواڵەتی، نێو و کەسایەتی فۆرمالیتە، بۆ ئەندێشە و سەیروورەت و نوێ بوونەوە دەگوزەرێت. بیرمەند، داهێنەرێکی تێگەیشتوو و بوونێکی کەلەسەیروورەتی بەردەوامی مەعریفی دایە دەتوانێ گونجاوترین پێناسە و شووناسی ڕیبازی بێت، دیارە هەر بەو پێیەش بۆ کەسایەتی دکتۆر قاسملوو. کتێب وە ک سەرچاوە، کانگای ئەندێشە و سەیروورەت، ئەو بەستێنەیە کە لە دکتۆرقاسملوو داهێنەرێکی مەعریفی و کردەوەیی بەرهەم هێناوە، قاسملوویەکی بەر لەوە کە بە ئەکت و کردەوەی ڕواڵەتی بناسرێت، بەر لەوە کە پێناسەیەک لە بوونی ڕواڵەتی ئەو بخرێتە ڕوو ، سەر لە ئاسمانی ئەندێشە دەسوێت(دیاردەیەکی کە لە پاش تێڕۆری قاسملوو لە شەقامی سیاسی کوردی دا کوێر بۆتەوە). بێ گومان ئەو توانایە مەعریفیەی کە بەرهەمی گوزەران لە شەڕاب(لەفۆرم، ڕواڵەت و سەرمەستی خۆشی کاتی و پۆپۆلیستانە) بۆ کتێب(ناوەرۆک، ئەندێشە و جیهانێک لە لۆژیک و زانست) و هاونشینی لەگەڵ کتێب بوو، سەییالییەت و سەیروورەت دەبەخشێتە ئەندێشە و ڕوانگەکانی دکتۆر قاسملوو، قاسملوویەکی ئەندامی حیزبی تودە، حیزبێکی پەسیڤی کۆنسێروات کە هیچی لەخەبات و بەربەرەکانی جگە لەگوێ ڕایەڵی سۆڤییەت لەباران دا نەبوو، دەگوازێتەوە بەرەو سۆسیالیسمیدێمۆکراتیک لەئەندێشەدا، خەباتگێڕ و تێکۆشەر لە کردەوەدا وە بەرەو دێمۆکراسیخوازیەک کە بە دروستی دەگاتە ئەو باوەڕە کە ڕێگای عدالەت(لەهەموو بوارەکانی کلتووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری) لە کانالی دێمۆکراسی و پلۆرالیزمرا دەگوزەرێت. باوەڕ بە عەدالەت وەک بەستێنک بۆ دەرکەوتنی سوژەیەکی مۆدێرنی کوردی، خودێکی سەربەخۆ لەدەروەی گوشاری ئایدۆلۆژی پانئێرانی وەک سەرەتا و دەسپێکی هەنگاو بەرەو سەربەخۆیی هەڵێنانەوە.

زێدە لەسی ساڵ لەپاش تێڕۆری قاسملوو ئەو ڕێچکە و ڕێبازە(ڕێبازی نوێ بوونەوە، سەیروورەت و داهێنان لە ئەندێشەدا) کە تەنیا میراتی ڕاستەقینەی قاسملوویە وەک ڕێباز، وەجاخێکی سارد‌ەوەبووە.

١٢ی جوولای ٢٠٢٠

ڕووسیای پاش سۆڤییەت

قەیرانی شووناس و لێکەوتەکانی

پێشەکی:

دەروونناسی سیاسی وەک لقێک لە زانستی دەروونناسی تیشک دەخاتە سەر هەلوومەرجەکانی دەروونی ڕووداوە سیاسێکان. ئەم لقە لە دروونناسی وەک زانستێکی نێوان ڕەشتەیی شرۆڤەی هۆکارەکانی شەخسی کردەوە و ڕەوتەکانی پاڵنەری کردەی سیاسی تاک و گرووپەکان دەکات. لە هەمان کاتدا دڕەوونناسی سیاسی مودێرن جگە لەم ئەرکە گشتیە، وردتر تیشک دەخاتە سەر سیاسەتەکانی هەڵبژاردن، ڕێبەری، دەور و نەخشی ڕێبەڕەکان، هەڵوێستگرتنی ڕێبەران و هەڵکەوتەکان، ئایدۆلۆژیە سیاسێکان، تووندوتیژی سیاسیو شەڕەکان. لەڕاستیدا زۆر جار ئەم شێوازە وەک مێتۆدێکی شرۆڤە دەتوانێ بەستێنی باشتر، واقعیتر و جێگای متمانەتر بۆ تێگەیشتن لە کێشە و قەیرانەکان بڕەخسێنێت. دەشێ بگوترێ بەستێنێکە کە لەودا تایبەتمەندیە دەروونێکانی وەک کەسایەتی، فام، شووناس، سۆز، ئەزموونە کەسێکان، ڕەوتەکانی پێوەندی و نەریتەکانی کلتووری کارتێکەر لەسەر کردەوەی سیاسی تاک گرینگی پێ دەدرێت. ئامانجی ئەم زانستە، تێگەیشتن لە بەستێنەکانی دەروونناسی پێوەندیدار بە بابەت، کردە و لێکەوتە سیاسێکانە بەمەبستی دەرخستنی ڕیشە، ئاکام و لێکەوتەکانی کردەوەی سیاسی کۆمەڵانی خەڵک، ڕێبەڕان و سیاسەتوانان.

دەرکەوتنی ڕووسیا لەپاش یەکێتی سۆڤییەت:

لە دەستپێکی دەیەی ٨٠ زایینیدا، یەکێتی سۆڤییەت دۆخی ئابووری بەڕێژەیەکی زۆر لە خراپی دابوو، بەهەرەداری ئابووری بەڕێژەیەکی زۆر دابەزیبوو، سۆڤییەت پێویستی بە هاتنی سەرمایە لە دەرەوەڕا هەبوو بەڵام دیکتاتۆرییەتی ئایدۆلۆژیک مەجالی نەدەدا، ڕێژەیەکی یەکجار زۆری داهاتی وڵات خەرجی بەشی نیزامی دەکرا و سۆڤییەت لە کێبڕکێی قوڵی نیزامی لەگەڵ ڕۆژئاوا دابوو. ئەم دۆخە سۆڤییەتی فەلەج کردبوو. ئەمانە هۆکارێکی گرینگ بوون کە بەستێنیان بۆ دەرکەوتنی میخائیل گۆرباچۆف لە ١٩٨٥ ڕەخساند. گورباچۆف دەستی کرد بە بەدی هێنانی هێندێک ڕیفۆرم، ئەو بە مەبەستی چاکسازی ئابووری و پیشەیی و کردنەوەی دەرگا بەڕوویی سەرمایەدانانی دەرەکی پرۆستریکای ڕاگەیاند، بەڵام ئەم گەڵاڵەیە نە تەنیا دۆخەکەی باشتر نەکرد کە بوو بەهۆی هەڵگشانی ناوسان و بەم شێوەیە لە ١٩٨٩ سۆڤییەت لە داڕمانی ئابووری نزیک ببۆوە.

گوربـاچۆف بە گەلاڵەی گلاسنۆست بـۆ یەکەم جـار مەجـالی باسـی ئـازاد، ڕەخنـەی ڕاشکاو لە ڕیـبەری حیزبـی کۆمۆنیسـت و بڕیارەکانی حیزبی ڕەخساند، لە ١٩٨٧ڕا بلاڤۆکەکـانی ئـازاد وردە وردە دەرکەوتـن، بـەم شێوەیە بەرە بەرە نارزایەتێکـان لە دەسـەڵاتی حیزبـی کۆمۆنیسـت پەرەی ئەستاند، لەم سـەردەمەدا بـۆ یەکەمجـار ڕیـژەی جینایەتەکـانی سـەردەمی ئیستالین ئاشکرا کرا. ئەم ڕەوتە بەخێرایی باسەکانی نـاو شـەقامی گشتی کۆمەڵگای بەرەوە فەسـاد لەنـاو حکـوومەتی تـاک حیزبـیدا ڕاکێشـا. لـێکەوتەی گرینگـی گلاسنۆسـتیش دەشـێ بگـوترێ کە لە دەسـت چـوونی یەکجـاری متمـانە بە حکـوومەت و حیزبـی کۆمۆنیست بوو لەناو بیر و ڕای گشتی کۆمەڵگادا بوو.

شۆڕشـێکی ئایـدۆلۆژیک کە لە ١٩١٧ ئیمپڕاتـووری تێزارەکـانی لە ڕووسـیا داڕمانـد، لە درێـژەدا بە هـۆی کەڵـکە بـوونی کۆگشـتیەک لە قەیـرانە سیاسـێکانی: مەشـرووعییەت، بڕشـت(penetration)، دابەشـین(Distribution)، تێهەڵکێشـان(Merger)، بەشداری(Participation) و شووناس(Identity) کە بـوو بە هـۆی دابڕانـدنی کۆمەڵگـا لە هەیئەتی حاکمە، لە تەنیشت شکەستی سیاسەتەکانی ئابووری، کلتووری و کۆمەڵایەتی، نەیتـوانی بەرهەمهێنـی مەدینەیەکـی فـازلەی کۆمۆنیسـتی بێت. کەڵـکە بـوونی قەیرانەکـان لە سـەردەمی سـەرۆککۆماری میخائیـل گوربـاچۆفدا بەرهەم هێنـی دوو گەڵاڵەی پڕۆسترێکا بە مانـای ئـاوااڵەیی ئـابووری و گلاسنۆست بە مانـای ئـاوااڵەیی سیاسی هەر چەنـد لانـیکەمیش بـوو کە لەلایەن گوربـاچۆفەوە خـرایە ڕوو بە مەبەسـتی گەشـی ئـابووری و گەشـەی سیاسـی. ئەم دوو گەڵاڵەیە بـوو بەهـۆی پەرەی نەتەوە خـوازی لەنـاو نەتەوەکـانی بە زۆر کـۆکراوە لەنـاو یەکێتـی سـۆڤییەتدا. گرینـگـترین قەیرانـی نـاوخۆیی یەکێتـی سۆڤییەت لە ١٩٩٠دا نەتەوەخوای لەناو کۆمارەکانی ئۆکراین، لیتـوانی، لێتـۆنی و ئێسـتۆنیدا بـوو کە لە ئاکـامدا لە هەشتی مارسی ١٩٩١ ئەم کۆمارانە سەربەخۆ بوون و ٢٥ دێسامبەری ١٩٩١ یەکێتـی سـۆڤییەت بە فەرمی ڕووخـا و بەم شیوەیە ڕووسـیا بوو بە جێگرەوەی یەکێتی سۆڤییەت.

بەرەو ڕووسیای نێئۆلیبرالی:

ڕووخـانی یەکێتـی سـۆڤییەت هەم وەک ژێئۆپۆلەتیـک و هەم وەک ئایـدۆلۆژی دژبەری ڕۆژئـاوا هەم لە فـۆرمی ژێئۆپۆلەتیـکدا هەم بە مانا کلتووری و چەمکێکەی، هەموو بەربەستەکانی دەرکەوتنـی شـاڵاوی سێهەمی دیمۆکراسی لە ڕۆژهەڵاتـی ئەورووپـا لەناو برد، بەم شێوەیە لە سەرەتاکانی دەیەی نەودی سەدەی بیستەمی زایینـیڕا ڕۆژئـاوا وەک کلتـووری سیاسی، کـۆمەڵایەتی و ژێئۆپۆلەتیـک بەربڵاوێکـی کەم وینـەی بەخـۆیەوە بینـی. ئەمەش لەم ڕۆوە بـوو کە بەر بەسـتە نەزری و مەعـریفێکەی کە ئایدۆلۆژی مارکسیسم - لێنینیسم بوو لەناو چووبوو. چارەنووسی ڕووسیا بەڵام وەک مێترۆپۆلی مەعریفی، کلتـووری، نیزامی جیهانی دژبەری ڕۆژئـاوا جیاوازتر بوو.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٠ گورباچۆف دەستی کرد بە ڕێفۆرم لەناو یەکێتی سۆڤییەتدا شۆڕای عالی مەجالی دەرکەوتنی نیزامی فرە حیزبی و ئازادی ئایینی لە سۆڤییەت ڕەخساند، بەڵام ئەمە بەلای کۆمۆنیستە ڕادیکاڵیستەکانەوە جێگای ڕەزامەندی و قەبوڵ کردن نەبوو. گورباچۆف بە هەموو شێوەیەک حەولی پاراستنی سۆڤییەتی دەدا، ئەو حەولی دا کە خودموختارێکی زیاتر بە کۆمارەکانی سۆڤییەت بدات، بەڵام بوریس یەلتیسنی دابڕاو لە حیزبی کۆمۆنیست بە دژ هەموو ئەو حەولانە هەڵوێستی گرت. مانگی ئاگووستی ئەو ساڵە کۆدەتایەک وەڕێ کەوت کە یەلتسین وەک قارەمانێکی نەتەوەیی بە دژ کۆدەتاگەران دەرکەوت و خەڵکی هێنایە سەر شەقامەکان و توانی گەلاڵەی کۆدەتا پووچەڵ بکاتەوە. بەم شێوەیە کەوتە بەر سرنجی کۆمەڵانی خەڵک، لە ٢٤ مانگی ئاگووست گورباچۆف لە سکرتێری حیزبی کۆمۆنیست لاچوو و چەند ڕۆژ دواتر حیزبی هەڵوەشاندوە. یەلتسین بە دروشمی دێمۆکراسی بوو بە سەرۆک کۆماری ڕووسیا و تا ساڵی ١٩٩٩ وەک سەرۆککۆمار دەوری گێڕا. دەرکەوتنی یەلتسین دەستپێکی حەولەکان بۆ دەرکەوتنی نیزامێکی نێئۆلیبراڵی لە ڕووسیا بوو. تایبەت مەندێکانی ئەم نیزامە نوێیە کە حەول دەدرا جێگیربکرێت ڕێزگرتن لە خاوەندارێتی، ڕەخساندنی مەجالی دەرکەوتنی بورژوازی و نیزامێکی کۆمەڵایەتی لە سەر ئەساسی چینایەتی بوو، واتە هەموو تایبەتمەندێکانی ڕۆژئاوایی بەخۆیەوە دەدیت. بەڵام ئەمانە تەنیا لەسەر کاغەز بوون و هیچکات مەجالی دەرکەوتنی بەخۆیەوە نەدیت، ڕووسیا وڵاتێکی پیشەیی پێشکەوتوو نەبوو، تەوەرەی سەرەکی ئابووری ئەم وڵاتە نەوت و گاز بوو کە لە ژێر چاوەدێری و کۆنترۆلی دەوڵەتدابوو. یەلتسین ئەگەرچی یەکەم سەرۆککۆماری هەڵبژێردراوی ڕووسیا بوو کە بەشێوەیەکی تا ڕادەیەک دێمۆکراتیک هەڵبژێردرا بەڵام کۆتاییش بوو. لەڕاستیدا دەرکەوتنی وێلادیمیر پۆتین بە مانای دەرکەوتنی سیستمیکی دێسپۆتیستی بوو کە بەشێوەی هێرارشیک دەستی بە سەر هەموو جوومگەکانی سیاسی، ئابووری و نیزامی داگرت.

دەرکەوتنی پوتین لە ئاسۆی سیاسی ڕووسیادا:

ساڵی ١٩٩٩ کۆتایی دوو دەورە دەسەڵاتی یەلتسین بوو و ئیتر نەیدەتوانی بۆ سێهەم جار پاڵێوراوی سەرۆککۆماری بێت، شەڕی دەسەڵات بۆ جێگرەوەی یەلتسین لەو پەڕی خۆی دابوو. لەوەها دۆخێکدا دەست لەکارکێشانەوەیەکی مەسلەحەتخوازانە لەلایەن یەلتسین بەستێنی دەرکەوتنی پوتینی سەرۆک وەزیرانی وەک جێگرەوەی کاتی ڕەخساند. ئەم دەرفەتە لەبارترین دەرفەت بۆ پوتین بوو تا ژێرپێی خۆی لە دەسەڵات قایم بکات، دەست و پێوەندێکانی نزیک لەخۆی لە ناو بازنەی دەسەڵاتدا کۆ بکاتەوە و بەستێن بڕەخسینیت بۆ سەرکەوتن لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری داهاتوودا. لەڕاستیدا ئەزموونی دوو شەڕی چیچان بەستێنەکانی بوروکراسیکی نیزامی لە ڕووسیا ڕەخساندبوو، ئەم بوروکراسیە پشتیوانی کۆمەڵانی ناسیونالیستی ڕووسی لەناو کۆمەڵگادا لەگەڵ بوو، دەوری پوتین لە هەڵگیرساندن و سەرکەوتن لە شەڕی دووهەمی چیچان گرینگ بوو، سەرکەوتن لە شەڕی دووهەمدا حەتتا پشتیوانی ڕووناکبیرانی لیبرالیشی لێکەوتەوە. لەڕاستیدا سەرکەوتنی تانکەکانی ڕووسی لە شەڕی دووهەمی چیچان ڕێگایان بۆ تانکەکانی دەسەڵاتی پوتین بەرەو کرێملین

خۆش کرد و کۆمەڵگای ڕووسیا بە یەکگرتووی زۆرینە پشتیوانی پوتین بوون. پوتین توانی لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٩دا سەرکەوتن بەدەست بێنێت و ئەمەش دەستپێکی سەردەمی پوتین بوو.

ڕووسیا و قەیرانی شووناس:

جیهانی زەینی سۆڤییەت کە ڕووسیا ئەساس و بنەمای ئەم جیهانە بوو، ژینگەیەکی ئایدۆلۆژیک بوو کە وەک مارکسیسم-لێنینیسم پێناسە دەکرا، ئەم ئایدۆلۆژیە لەخۆگری فۆرماسیونێکی مانایی لە خودی سۆڤییەتی، ئەوێتری ڕۆژئاوایی وەک دژبەری سۆڤییەتی بوو، ئەم خودە نوێنەری چینی زۆرینەی پڕۆلێتیر بوو کە بە دژ کەمینەی بۆرژوای خاوەن دەسەڵات وەک ئەوێتر خەباتی دەکرد. بەگشتی تایبەتمەندیە گرینگەکانی ئەم ژینگە ئایدۆلۆژیکیە بریتیبوون لە: حیزبی پێشەنگ، دەستداگرتنی دەسەڵاتی سیاسی بە سەر ئابووریدا، ئەنترناسیونالیسم، دژایەتی دەگەڵ دێمۆکراسی بورژوایی‌و دژایەتی سەرمایەداری. ئەم جیهانە مەعریفیە ئەساسی پەروەردە و پێگەیاندنی مرۆڤی سۆڤییەتی بوو کە لە زەینی ئەودا چوارچێوەیەکی مەعریفی بۆ پاساوی دژایەتی دەگەڵ ئەوێتری ڕۆژئاوایی دارشترابوو، لەڕاستیدا ئایدۆلۆژی شووناسێکی زەینی و ڕوانەتی بۆ مرۆڤی سۆڤییەتی بەرهەمهێنابوو کە خاوەنی سنووربەندیەکی دیار و ئاشکرا دەگەڵ شووناسی ئەوێتری ڕۆژئاوایی هەبوو.

ساڵی ١٩٩١ سۆڤییەت دەرووخێت، ئەم ڕووخانە تەنیا ڕووخانی روانەتی حکوومەتێک نیە، بەڵکە ڕووخانی ئایدۆلۆژیەک، شووناسێک و فۆرمێک خودە وەک دژبەری ئەوێتری ڕۆژئاوایی. واتە هەموو بنەماکانی مەعریفی و ڕوانەتی شووناسێکی دژبەری ڕۆژئاوایی وەک بەربەست و سنوور لەناوچوون. لەم ڕەوتەدا هەموو ولاتانی ڕۆژهەلاتی ئەورووپا کە ڕۆژگارێک لەژێر هێژمۆنی ئەم ژینگە ئایدۆلۆژیکیەدا بوون و خاوەنی ئەم شووناسە، تێکەڵ بە جیهانی ڕۆژئاوایی بوون و بوون بە بەشیک لە ڕۆژئاوای زەینی و ژێنۆپۆلەتیکی، لەم ناوەدا تەنیا ڕووسیا هیچکات تێکەڵ بە جیهانی ڕۆژئاوایی نەبوو. ڕووسیای پەسا سۆڤییەتی ئەگەرچی بەشێکی زۆری سنووری زەینی و مەعەیفێکانی تێکەڵی جیهانی ڕۆژئاوایی بوو، لەباری ژێنۆپۆلەتیکەوە بەشێک لە ئەورووپا بوو، بەڵام ڕووسیای پەسا سۆڤییەتی پووتینی دیاردەی جیاواز بوون، دژبەر بوون و سنوور بەندی دەگەڵ ڕۆژئاوای لە سۆڤییەت بە میرات هەڵگرت و کردیە ئەساسی ستراتژی سیاسەتی دەرەوە و هەڵسووکەوتی ناوچەیی و جیهانی. ئەگەرچی جیهانی دوو جەمسەری ڕووخا بەڵام لە زەینی پووتینەدا سنوور بەندی دوو جەمسەری هەر مایەوە، بەڵام بەبێ پاساوێکی ئایدۆلۆژیک، مەعریفی و بنیادنەری شووناسێکی جیاواز بۆ دژایەتی ڕۆژئاوا، واتە ئەگەر ڕۆژگارێک ئایدۆلۆژی لێنینیسم ئەم ئەرکەی ڕادەپەڕاند، ئەوا لە غیابی ئەم وەک ئەساسی شووناسی سۆڤییەتی، هیچ ژینگەیەکی مەعریفی نەیتوانی بەرهەمهێنی خودی ڕووسی بۆ ئەم دژایەتیە بێت، هەرچەند ناسیونالیسمی ڕووسی بەهێز کرایەوە،

بەڵام ئەم ناسیونالیسمە بەتەنیا بەس نەبوو بۆ بەرهەمهێنانی شووناسێکی جیاواز لە رۆژئاوا. چوونکە ئەساسەن ئەم فۆرم لە ناسیونالیسمە خۆی بەشێک لە ژینگەی جیهانی ڕۆژئاوایی بوو.

ئاکام:

پوتین، نە دوو شەری جیهانی، نە بۆمبارانی ئەتۆمی و نە هۆلۆکاست، کە ڕووخانی سۆڤییەت بە فاجعەی سەدە ناو دەبات. ئەو وەک کۆنە ک.گ.بێی و خاوەنی زەینێکی ئەمنییەتی بەهێزی دژبەری ڕۆژئاوایی باش دەزانێت کە سۆڤییەت تەنیا فۆرمێکی ڕۆاڵەتی دەسەڵات و ئایدۆلۆژیەک نەبوو، بەڵکە جیهانێکی زەینی و ئەساسی شووناسی تاکی سۆڤییەتی بوو، پاساوکەر، پاڵنەر و موتۆری وەرگەڕخەری دژایەتی و دژبەرایەتی ڕۆژئاوا بوو. ڕووخانی ئەم جیهانە لە ڕاستیدا بە مانای ڕووخانی هەموو بنەماکانی شووناس، لەناوچوونی پاساوەکان، پاڵنەرەکانی دژایەتی و دژبەرایەتی جیهان ڕۆژئاوایی بوو. ئەو کە تەمەنێک بەم دژایەتی و دوژمنایەتیە فۆرم و خووی گرتبوو، لەسەر ئەساسی ئەم مێنتالیتە و زەینە ڕاهێنرابوو و ڕاهاتبوو، ئیتر مەجالی ئاڵوگۆڕی نەبوو، بۆیەش ئەم دوژمنایەتی، جیاوازی و مەودایەی پاراست بەڵام لەغیابی شووناسێکی ڕاستەقینە، تەنیا بە پاڵنەری وەهمێکی ئەمنییەتی. لە کاتێکدا سۆڤیەت وەک هەموو هۆکارەکانی دژایەتی ڕۆژئاواییەکان دەگەڵ ڕووسیا لەناو چوو بوون، ئەو بەڵام مەودا و دوژمنایەتی دەگەڵ ڕۆژئاواییەکان پاراست، خۆی بە جەمسەری دژبەری ڕۆژئاوایی و بە تایبەتی ئەمریکایی دەزانی و شێوەی هەڵسووکەوتی لە دەلاقەی هەمان شووناسی سۆڤییەتی بوو دەگەڵ ئەوان. لە ڕاستیدا ڕووسیا هەرچەند لە پاش ڕووخانی سۆڤییەت و لە سەردەمی دەسەڵاتی پوتینیدا بوو بە بەشێک لە نیزامی جهانی و هاتە ناو ڕێزەی وڵاتانی خاوەن تایبەتمەندی سەرمایەداری بەڵام هیچکات نەبوو بەبەشێک لە نیزامی ڕۆژئاوایی.

ڕووسیا وەک زلهێزێکی دابەزیو ئێستاش خۆی لە وەهمی زلهێزێکی جیهانی دوو جەمسەریدا دەبینێت و پێیوایە کە دەبێت جیهان لە سەر ئەساسی ئەم ڕوانگەیە هەڵسووکەوتی دەگەڵ بکەن، بەڵام جیهان و ئەمریکا بە تایبەتی، بە پێچەوانە ڕووسیا وەک زلهێزێکی جیهانی دووجەمسەری نابینن، بەتایبەتی لەپاش هاتنە سەرکاری باراک ئۆباما و گرینگایەتی چین لەپلانی ستراتژی دەرەوەی ئەمریکا. چینی مائۆئیست وەک بەرەی دژبەری ڕۆژئاوا پێناسەکراوە، چینێک کە بەهێزەوە خەریکی پەرەی ئابووری و پێشکەوتی پیشەییە، خاوەنی ئابووریکی بەهێز و هێژمۆنە لە بەشێک لە جیهان و وەک دووهەم ئابووری جیهان لەپاش ئەمریکا دەناسرێت، ئەمە لەکاتێکدایە کە ڕووسیا جگە لە نەوت و گاز و کەرەسەی نیزامی هیچ پیشەیەکی پێشکەوتوو و ئابووریکی بەهێز لەبەرامبەر چینی پیشەیی، زانستی و پێشکەوتوودا نیە. ئەم دیاردانە لە ڕوانگەی دەروون ناسەکانەوە دەتوانن ببنە بنەمای کێشە و قەیرانی هەڵسووکەوت لەناو مرۆڤدا، پوتین لە قەیرانی شووناسدایە، ئەم قەیرانە بەرهەم هێنی وەهمی ئەمنییەتی، دژایەتی و دژبەرایەتی ڕۆژئاوایە لە دەروونی ئەودا و

لەتەنیشت هەڵسووکەوتی ڕۆژئاواییەکان وەک پاڵنەر بنەمای شەڕ ئەنگێزی و شەڕفرۆشی پووتینە.

ئەمەی کە پووتین پێوایە هاتنی ناتۆ بۆ نزیک سنوورەکانی هەڕەشەیە لە سەر ڕووسیا هەڵقوواڵاوی دوو دیاردەی گرینگە: یەکیان وەهمی پیلانە و دووهمی وەهمی جەمسەری دژبەری ڕۆژئاوا بوونی سۆڤییەتە لە غیابی بنەمای مەعریفێکانی ئەم شوونەسە.

سەرچاوەکان:

- Martin Malek,Martin ,Anna Schor-Tschudnowskaja (2013): Der Zerfall der Sowjetunion. Ursachen – Begleiterscheinungen – Hintergründe. Nomos Verlag, Baden-Baden.
- Sabrow,Martin/ Susanne Schattenberg (2018): Die letzten Generalsekretäre. Kommunistische Herrschaft im Spätsozialismus. Links Verlag. Berlin.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە: ٨١٨

٧ی مارچی ٢٠٢٢

فێنۆمێنۆلۆژی ئەندێشەی قاسملوو

پێشەکی:

ڕەنگە هەڵە نەبێت ئەگەر بگوترێ کە لاوازی نەزەری و هزری گرینگترین دیاردەی خەباتی کورد بوە هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمڕا کە وەک دەستپێکی ناسیونالیزمی کوردی و خەباتی مۆدێرنی کوردی پێناسە دەکرێت، خەباتێک بە دەرکەوتنی کۆڕ و کۆمەڵە کوردێکان دەست پێ دەکات، ئەم هەژاری و لاوازیە وەهای کردوە کە لە تەنیشت خەباتی نەتەوەیی، دوو ئایدۆلۆژی بەهێز وەک ئەزموون و ئاگایەکی دەرەکی بتوانن لەناو کۆمەڵگای کوردیدا هێژمۆنی پەیدا بکەن، یەکیان ڕوتی چەپی ئۆرتۆدۆکسیە بە دوو تایبەتمەندی دژە نەتەوە و دژە دەوڵەت بوون کە لە سەر ژیرخانی سێ ڕەوتی لێنینیزم، مائۆئیزم و ئانارشیسمدا پەرەیان پەیدا کردوە، دووهەمیان ڕەوتی ئایینخوازایە کە لە ڕۆژهەڵات سەرەتا خۆی لە دوو ڕەوتی موفتیزادە و ئیخوانەوە بەڵام دوایی و لەپاش هێرشەکەی یازەی سێپتامبر و دەرکەوتنی فەرمی ئەلقاعیدە، ڕوتی جیهادیزم بە دوو باڵی ئەلقاعیدە و داعش لە کوردستان دەرکەوتن. ئەم ڕەوتانە هەڵگر و پەرە پێدەری ئایدۆلۆژیگەلێکن وەک ئاگایی و ئەزموونی دەرەکی کە بەرهەمی ژینگەی کۆمەڵایەتی و کلتووری کوردستان نین. بەڵام کێشەکە ڕێک لێرەڕا زەقتر دەبێتەوە کە ڕەوتی نەتەوەخوازی کوردی خاوەنی هیچ گوتارێک وەک فۆرمێک ئاگایی زەینی و مەعریفی کە لەخۆگری پێناسەیەک لەمەر مرۆڤ، کۆمەڵگا و جیهان بێت لەلایەک و لەلایەکیتر فۆرمێک پێوندی لەنێوان ئەم دیاردانە دەربخات نەبوو. بۆ وێنە دیکارت فۆرمێک پێناسە لەژێر ناوی سوبژە لە مرۆڤ دەردەخات، ئایینەکان پێناسەیەکی ئۆبژێکتیڤیان لەمەر مرۆڤ هەیە، یان هێگل کاتێ سۆبژێکتیڤیسم دەخاتە چوارچێوەی نەتەوەیی لەمەر فۆرمی پیوەندی نێوان سووژەکان بە کەڵک وەرگرتن لە چەمکی دیالێکتیک بە مانای بوونە جیاواز و دژبەرەکان، لەسەر ئەو باوەڕەیە کە سووژەکان لە ڕێی پێوەندی ئینتێرسۆبژێکتیڤ یەکتر دەناسنەوە. ئەم ڕەوتە درێژی هەیە تا دەگاتە کورتە باسی شەهید دکتۆر قاسملوو، لەڕاستیدا کورتە باس یەکەم ڕیسالەی سیاسیە کە لەودا قاسملوو ڕوانگەکانی کەسی خۆی لەسەر مەسەلەی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی دەخاتە ڕوو. قاسملوو لە کورتە باسدا دەگەڕێتەوە سەرچاوە واتە مارکس و لە لق و پۆپەکان لادەدات، ئەو بە لەبەرچاو گرتنی تایبەتمەندی ژینگەی کۆمەڵایەتی و کلتووری خۆی داڕێژەڕی فۆرمێک لە ئەندێشە و ئایدەیە.

فێنۆمێنۆلۆژی:

فێنۆمێنۆلۆژی بزاڤێکی فەلسەفی مۆدێرنە کە شرۆڤەی پێکهاتەی ئەزموون و ئاگایی دەکات. گرینگترین دیاردە لە ڕوانگەی

فێنۆمێنۆلۆژیستەکان ئەو سووژە و بابەتانەن کە پەیوەندییان بە ئاگایی و ئەزموونی مرۆڤەوە هەیە، بە واتایەکیتر هەر شتێک کە مرۆڤ ئەزموونی دەکات. مەبەست لە توێژنەوەی فێنۆمێنۆلۆژیک شرۆڤە و ناسینی دەرکەوتەکانن ئەو جۆرەی کە لە لایەن مرۆڤەکانەوە ئەزموون دەکرێن. مۆدێرن بوونی ئەم بزاڤە لەم ڕووەوەیە کە مرۆڤ وەک سووژە، ناسکاری سەربەخۆ، خۆبنیادنەر و خۆپێناسەکەری سەربەخۆ، تەوەرەی سەرەکی و بنەڕەتی فام و پێناسەی دیاردەکان و جیهانە. لە فێنۆمێنۆلۆژیدا شرۆڤەکار حەول دەدات بەبێ قەزاوەتی ئەرزشی و سەرنجی لایەنگرانە دەرکەوتەکان شرۆڤە بکات. لە ڕاستیدا لە چوارچێوەی شرۆڤەی فێنۆمێنۆلۆژیکدا شرۆڤەکار نیزام و جیهانێکی مانایی دەخولقێنێت، واتە حەول دەدات جیهانی ژیاوی مرۆڤ و ئەزموونی ژیانی مرۆڤ موتالا بکات و دەری بخات، بەم شێوەیە جیهانێکی مانایی دەخولقێنێت. بێ گومان مەبەستی شرۆڤەکار لە شرۆڤەی ئەزموونی ژیانی مرۆڤ لەم بزاڤەدا، دەرخستنی فام و دەرکی ماناکانی ئەزموونی ژیانی مرۆڤەکانە ئەو جۆرەی کە ژیاوەن. لەڕاستیدا لە شرۆڤەی فێنۆمێنۆلۆژیستانەدا گرینگی دەدرێت بە ئەزموون و ئاگاییەکانی مرۆڤ، ئەوانەی کە لە پێوەندی نێوان ژینگەی کۆمەڵایەتی و کلتووری خۆیدا بەرهەم هاتوە.

گرینگی توێژینەوە فێنۆمێنۆلۆژیستانە لەوەدایە کە بە پێچەوانەی دیاردەی باو و پۆزەیتۆڤیستانە لە کوردستان کە گرینگی دەدرێت بە ڕواڵەتێکان، گرینگی دەدات بە ناوەرۆکی هزری و مەعریفی، زەین، ئەزموون و ئاگایی مرۆڤ وەک ژێرخانی دەرکەوتنی دەرکەوتە ڕواڵەتێکان. لە توێژنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتێکاندا ئەمڕۆکە بە بەربڵاوی کەڵک لە شێوازی فێنۆمێنۆلۆژیک وەردەگیرێت و باسی پیکهاتەی زەینی، ئەزموون و ئاگایی مرۆڤەکان دەکرێت وەک بەستێن، بزوێنەر، پاڵنەر و دەرخەری فۆرمە ڕواڵەتێکان. یەکێک لەو دیاردانەی بەم شیوازە خوێندەوەی بۆ دەکرێت چەپە، لە دەلاقەی ئەم چەمکەڕا، چەپ نە بە مانای ئەو پێکهاتە و ڕیکخراوە ڕواڵەتی و ئایدۆلۆژیکیانەی کە هەڵگری ئایدۆلۆژیکی رادیکاڵن کە بە مانای فۆرمێک حزووری زەینی و پێکهاتەیەک لە ئاگایی شرۆڤە دەکرێت.

سۆبژێکتیڤیسم لە ئەندێشەی قاسلووادا

دەست پێکی خەبات و دەرکەوتنی سیاسی قاسلوو لە چوارچێوەی چەپی ئۆرتۆدۆکسیدا بوو، فۆرمێک لە چەپ کە خاوەنی ڕوانگەیەکی ئۆبژێکتیڤیستانە بە نیسبەت مرۆڤ بوو، ئەگەر مارکس باسی لە گرینگی ئاگایی چینی پرۆڵتێر وەک دەست پێکی خەبات و بەربەرەکانی بە دژ سەرمایەداری دەکرد، ئەوا لێنین ئاگایی بە سەر تاک و کۆمەڵگادا سەپاند. لەڕاستیدا هێژمۆنی نەزەری و سازمانی حیزبی تودە وەک نوێنەری بەرەی چەپ وەهای کردبوو کە بەشێکی زۆری چالاکانی سیاسی کورد پێوەندی ڕێکخراوەیی لەگەڵ بگرن و وەک کەرەسەیەک حەولیان دەدا بەکاری بێنن بۆ کەم کردنەوەی گوشارەکانی ناسیونالیزمی ئیرانی و دەسەڵاتی ئیستبدادی و پاوانخوازی پەهلەوی. لەڕاستیدا ئەم چەپە ئایدۆلۆژیکەی کە حیزبی تودە سەرەتا و دوایی چریکەکانی فەدائیانی خەڵق نوێنەرایەتیان دەکرد، وەک فۆرمێک ئەزموون و ئاگایی، بەرهەمی ژینگەیەکی

کلتووری و کۆمەڵایەتی دەرەکی بوو کە لانیکەمترین وێکچووی لەگەڵ ئێران بەگشتی و کوردستان بە تایبەتی هەبوو، واتە ئەو تاکانەی کە شوێنکەوتەی ئەم ئایدۆلۆژیە بوون وەک فۆرماسیونێک لە ئاگایی و ئەزموونی هزری و ڕواڵەتی تاک، لە کردەوەدا هیچ حەول و کۆششێکی نەزەریان نەبوو بەڵکە تەنیا شوێن کەوتە بوون، بۆیەش گرینگترین تایبەتمەندی ئەم بوونانە ئۆبژێکتیڤ بوونیان بوو.

بەهاری پراگ و هێرشی تانگەکانی سۆڤییەت بۆ چێکۆسلاواکی بێگومان چەخماخە و پاڵنەری ئاڵوگۆڕی لە ئەندێشەی قاسلووادا بوو. قاسلوو سێ دیاردەی گرینگ ئەزموون دەکات: یەکەم گرینگایەتی سەروەری نەتەوەیی ، دووهەم زەروورەتی سوبژە بوون(سەربەخۆ بوون) و سێهەم فاشیل بوونی چەپی مەوجوود. قاسلوو دەرک بە زەروورەتی پەرەی کۆمەڵایەتی دەکات وەک ڕەهەندێک کە چەپ بەرپرسیارێتی و وەک ئەرک ڕای دەپەڕێنێت، بەڵام ئەم ئەرکە لە هەناوی سیاسەتڕا دەگووزەرێت، بۆیەش قاسلوو باس لە حیزبێکی پێشڕەوی نەتەوەیی دەکات کە خاوەنی دوو باڵی گرینگە یەکەم چەپ و دووهەم نەتەوەیی بوون. قاسلوو وەک منالّی ڕاستەقینەی سەردەم و کۆمەڵگای خۆی(کوردستان) لە چەپی ئۆرتۆدۆکسی لادەدات و دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەی چەپ واتە مارکس، بەڵام لە هەمان کاتیشا نابێتە دواکەوتەی مارکس بەڵکە وەک سەرچاوە، لەسەر ئەساسی ئەندێشەکانی مارکس وەک گەوهەری چەپی سەردەم گوتارێک بەرهەم دەهێنێت کە دالی ناوەندێکەی عەدالّەتە و دالەکانی پەراوێزی ئەم گوتارە خودموختاری و دیمۆکراسین، ئەم وەرچەرخانەی قاسلوو لەڕاستیدا لادانێکە لە ئۆبژە بوونی وەک گوێ ڕایەڵ و ملکەچی ئایدۆلۆژیەک، قاسلوو سەربەخۆیی لە بڕیاردان دەکاتە گەوهەری گوتارەکەی، ئەم سەربەخۆییە لە تاک ڕا کە قاسلوو بێت دەست پێدەکات بە لادان لە ئایدۆلۆژیەک و بەرهەم هێنانی ئایدەیەک بۆ کورد، واتە قاسلوو بەم ڕەوتە وەک مرۆڤێکی سوبژە، سەربەخۆ لە خۆپیناسەکردن، خۆدەرخستن و وەک بکەرێکی ناسکار دەردەکەوێت، بەم شێوەیە کورتە باس بەرهەم و دەستپێکی ڕەوتی نەزەری سوبژێکتیڤیسمە، ئەم سەربەخۆییە لە حیزبدا دەبێتە سەربەخۆ لە بڕیاڕدان و لە ئاستی نەتەوەییدا دەبێتە خودموختاری، واتە دەشی بگوترێ کە کورتە باس لە هەناوی خۆیدا گوتارێکی نەتەوەییەشە بۆ کورد، کە لەسەر ئەساسی سوبژێکتیڤیسم بەرهەم هاتوە.

فێنۆمێنۆلۆژی چەپ لە ئەندێشەی قاسلووادا

وڵام بە پرسیار لە چیەتی چەپ لەگەڵ ئەوەدا کە ڕەنگە زۆر ساکار و سادە بێت، بەڵام دەشێ زۆریش دژوار بێت. کۆی گشتی وڵامەکان بەم پرسیارە دەکرێ دابەش بکرێت بە دوو دەستە وڵام، دەستەیەک لە وڵامەکان پۆزەیتۆڤیستانەن، واتە گرینگایەتی بە ڕواڵەت و فۆرمی ڕواڵەتی دەرکەوتەکان دەدەن، دەستیەکیتر بە پێچەوانە گرینگی بە ناوەرۆک، زەین و هزری دەرکەوتەکان دەدن بۆ پێناسەکردن. چەپ بەگستی بە ڕوانگە گەلێک دەگوترێت کە خوازیاری عەدالّەتن لەڕێی ئاڵوگۆڕێکانی ڕادیکاڵ یان ئارام. لێنینیستەکان، مائۆئیستەکان و.....هتد خوازیاری ئاڵوگۆڕی ڕادیکاڵن و سۆسیال دیمۆکراتەکان و باوەڕمەندانی بە سۆسیالیسمی دێمۆکراتیک خوازیاری ئاڵوگۆڕی ئارام و هەنگاو بە هەنگاون. وێکچووی

هەموو روانگەکانی چەپ عەداڵەتی کۆمەڵایەتیە، بەڵام تەنیا سۆسیال دیمۆکراتەکان و پەیڕەوانی ئەندێشەی سۆسیالیزمی دێمۆکراتیک باوەڕیان بە عەداڵەتی سیاسی هەیە. لەڕاستیدا چەپی ئێرانی و ئەو چەپەی لە کوردستان دەرکەوتن بە هەموو باڵەکانێوە پەیڕەوی لێنینیزم یان مائۆئیزم بوون، ئەوان بە پێچەوانەی ئەندێشەکانی مارکس کە لەخۆگرێ روانگەیەکی سۆبژێکتیڤیستانە بوو، واتە باوەڕی بە ئاگایی سەربەخۆیانەی چینی پرۆلێتێر هەبوو، لەڕیی حیزبێکی پێکهاتوو لە سیاسێ پرۆفێشنالەکان فۆرمێک ئاگایی بە سەر چینی پرۆلێتێر و کۆمەڵگادا سەپاند، لە ڕوانگەی ئەوانەوە ئایدۆلۆژیکەیان جیهانشموول بوو، واتە پێویست بوو بەبێ کەم و کۆڕی و بەبێ لەبەرچاو گرتنی جێاوازیێ کلتووری، کۆمەڵایەتی و ئابوریکانی کۆمەڵگەکان ڕەچاو بکرێت، کەواتە دەشێ بگوترێ کە ئەوان ڕادیکاڵ بوون و روانگەیەکی ئۆنژێکتیڤیان هەبوو.

قاسملوو لە کورتەباسدا وەک سووژەیەکی کوردی دەردەکەوێت، سەرەتای ئەم سووژە بوونە بە دابڕان لە بوونیکی ئۆبژەی چەپی ڕووسی دەست پێدەکات، لە هەنگاوی دووهەم سەربەخۆیانە و وەک بکەرێکی ناسکار خوێندنەوە بۆ کۆمەڵگاکەی کە کوردستانە دەکات، لە هەنگاوی سێهەمدا سەربەخۆیانە ئەندێشە و گوتارێک بەرهەم دەهێنێت. لەڕاستیدا قاسملوو بە گەڕانەوە بۆ مارکس وەک سەرچاوە و بەتەوەرە گرتنی عەداڵەت وەک داڵی ناوەندی گوتارە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریکەی وەک دژبەری پانئێرانیزم دەردەکەوێت کە حەولی کوردسرینەوە، بەرهەمهێنانی بوونێکی ئۆبژە و دەسکردی لە کورد دەدا، ئەم سبژە بوونە لە قاسملوویەکی خۆدارێژەر و خۆپێناسە کەرەوە دەست پێدەکات و بە دارشتنی دیمۆکراسی و خودموختاری وەک داڵی پەراوێزی گوتاری سیاسێکەی بەرهەم هێنی گوتاریکی ناسیونالیستیشە بۆ کورد لە سەر بنەما و ژێرخانی عەداڵەت، واتە ئەو عەداڵەتی ئابووری لە ئەندێشەی مارکس وەردەگرێت و پەرەی پێدەدات بۆ عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و سیاسی، لە ئاستی سیاسیدا سوبژێکتیڤیسم لە ئەندێشەی قاسملوودا لە خودموختاریدا دەردەکەوێت، بە مانای شەرعییەت و سەربەخۆیی لە خۆ پێناسە کردنی نەتەوەیی و چارەی خۆ نووسین. کە وابێ دەشی بگوترێ کە قاسملوو ئەندازیاری چەپی کوردیە، چەپێکی کە لەژێر کارتێکەری تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی، کێشە و قەیرانەکانی کۆمەڵگای کوردی ڕێگاچارەیەکی کوردستانی دەخاتە ڕوو.

ئاکام:

ئەگەر چەپی ئۆرتۆدۆکسی و ڕادیکاڵ لە کوردستان بەرهەمهێنی بەرکارە، ئەوا قاسملوو بەرهەمهێنی بکەرە بە کورتەباس. قاسملوو لە کورتەباسدا بڕیاردەرە بە پێچەوانەی ئەو بوونانەی کە پەیڕەوی چەپی ئۆرتۆدۆکسی و ڕادیکاڵن کە بڕیاریان بۆ دراوە و ئەوان تەنیا ڕەچاوی بڕیارەکە دەکەن. قاسملوو بە کورتە باس ئاسۆی حەرەکەت و چارەنووسی خۆی سەربەخۆیانە دیاری دەکات، ئەوە لە کاتێکدایە کە پەیڕەوانی چەپی ئۆرتۆدۆکسی و ڕادیکاڵ ئاسۆی حەڕەکەت و

چارەنووسیان بۆ دیاری کراوە. قاسملوو بە مەفسەلبەندی کردنی گوتارەکەی لە دەوری دێمۆکراسی وەک دالی پەراوێزی لە ڕاستیەدا تەواوکەر سوبژەی تاک دادەهێنێت و لێرەدا تەواو لەژێر کارتێکەری هێگڵدایە کە سوبژێکتیڤیسمی دێکارتی لە تاکەوە دەگوازێتەوە نەتەوە و ئەم پێوەندیەش کە سوبژەکان لێک گرێدەداتەوە و بەرهەمهێنی نەتەوەیە وەک مێتا سوبژەیەک، پێوەندی ئینتێرسوبژێکتیڤە کە هێگل بە ڕایەڵی دیالێکتیک بە مانای شەرعییەتی بوونە جیاواز و دژبەرەکان لێکیان گرێ دەداتەوە، لە گوتاری قاسملوودا دێمۆکراسی بە مانای پێوەندی ئینتێرسوبژێکتیڤی سوبژە جیاوازەکان لەلایەک و لەلایەکی تر بە مانای پلۆرالیزمی بوونە جیاواز و دژبەرەکانە. چەپ بۆ قاسملوو بە مانای بوونێکی ڕواڵەتی و فۆرمالیتە نیە، بەڵکە بە مانای حزووری سوبژێکتیڤ و مەعریفیانە.

٦ی جوولای ٢٠٢٢

زمان لەگوێن دەرکەوتەی سیاسی

نەتەوەخوازی زمانی بنەمای نەتەوەخوازی سیاسی

نەتەوەخوازی فارسی خۆی لەناو بازنەی سەروەری ژێئۆپۆلەتیکی ئێران، سەروەری زمانی فارسی و هێژمۆنی ئێتنیکی فارس‌دا دەبینێتەوە و حەولی سەپاندنی "ئێران‌خوازی" وەک ئەمری سیاسی، کۆمەڵایەتی و کلتووری بەسەر هەموو نەتەوە جیاوازەکانی ناو ژێئۆپۆلەتیکی ئێران‌دا دەدات. لەڕاستی‌دا "حکوومەتی‌فارسی" وەک ئەمری سیاسی لەناو چوارچێوەی ئێران‌خوازی‌دا لەڕێی زمانی فارسی بەسەر تاکی ئێرانی‌دا دەسەپێنێت. فارس بەڵام حەول دەدات لەڕێی بە مێژویی و کلتووری کردنی ئەمری سیاسی، بیر و ڕای گشتی نەتەوە غەیرە فارسەکان بەلاڕێدا بەرێت تا هەم بەم شێوەیە مەشرووعییەت بسڕێتەوە لە خەباتی مافخوازانە، شووناس‌خوازنە و نەتوەخوازانەی نەتەوەکانی‌تر و یەک لەوان کورد، هەمیش لە قوبحی دیکتاتۆرییەت و پاوانخوازێتی خۆی کەم بکاتەوە. ئەوان حەول دەدەن لەڕێی بە مێژووی‌کردنی ئێران وەک ژێئۆپۆلەتیک پێش بە پارچەبوونی ئێران بگرن، لەڕێی بەمێژوویی‌کردنی زمانی فارسی وەک ئەمری مێژوویی پێش بە گەشە و دەرکەوتنی زمانەکانی‌تر و یەک لەوان زمانی‌کوردی بگرن. لەڕاستی‌دا ئەوان لەلایەک حەولی بە سیاسی‌کردنی هەموو دیاردەکانی کلتووری، شووناسی و زمانی دەدەن بەمەبەستی مسۆگەرکردن و پەرەی هێژمۆنی خۆیان و لەلایەک لەڕێی سیاسی‌سڕینەوە لەم دیاردانە حەولی قەباحەت‌سڕینەوە لە تەحمیل و پاوانخوازێتی خۆیان دەدەن.

ئەرک و کارکردی زمان

زمان وەک تواناییەکی دەروونی بۆ بیرکردنەوە لەگەڵ مرۆڤ لەدایک دەبێت، مرۆڤ بەرهەم دێنێت، مرۆڤ دەگەڵ زمان پەرە دەستێنێت، باڵا دەکات و دەمرێت. زمان چوارچێوەی دەرکەوتنی مرۆڤە، پێناسەی مرۆڤە و مرۆڤ لەڕێی زمانەوە دەناسرێت و دەناسێندرێت. دەشێ بگگوترێ کە مرۆڤ و زمان ژانووسێکن، بەجۆرێ کە نە زمان بێ مرۆڤ بوونی دەبێت و نە مرۆڤ بەبێ زمان بوونی دەبێت. مرۆڤ لەڕێی زمانەوە خۆی و ئەوی‌تر پێناسە دەکات، سنوور دیاری دەکات، کردوە و دژکردەوە دەنوێنێت، هەڵوێست دەگرێت و هەست دەردەخات.

زمان نیزامێکی پێکهاتەمەندە بۆ پێوەندی‌گرتن لەنیوان مرۆڤەکان‌دا، لەڕاستی‌دا زمان لەڕێی وشەکان، نیشانەکان، ڕەستەکان و نووسراوەکان مەبەستێک،خواستێک یان چەمکێک دەگەیەنێت. دەشێ بگوترێ زمان سەرەتا بەستێنێکە کە لەودا مانایەک، مەبەستێک، هزرێک پەروەردە دەکرێت و دوایی لەڕێی زمان وەک نیشانە ڕوالەتێکان ئەم مەبەست و هزرە دەگەیەنرێت. سێ

تایبەتمەندی گرینگی زمان بریتین لە: توانایی زاوزێ، بان چینو تووژی، گرێبەستیکۆمەڵایەتی(واتە دیاردەیەکی گەوهەری، مسۆگەر و هەمیشەیی نیە). یەکێک لەگرینگترین هزر و ئەندێشە مۆدێرنەکانی لە هەناوی زماندا پەروەردەکراوە و لەڕێی زمان وەک نیشانە بەشێوەی نیزامێکی پێکهاتەمەند دەرکەوتوە، نەتەوەخوازیە. زمان بەهۆی ئەوەکە دەرخەری ئەزموونی گشتی نەتەوەیەکە دەورێکی گرینگی هەیە لە ڕاگواستنی شووناسی نەتەوەیی. زمان بەرهەمی تووخمگەلێکە کە وەرناگێڕدرێنەوە بەهۆی ئەوەکە لەخۆگری ڕوانگەی ڕەسەن و تایبەتی ژینگەیەکی تایبەتە کە زایەڵەی ڕاستەقینەی پەروەردەکراو لەناو ئەو توخمانە دایە. بنیادیکت ئەندرسۆن لەسەر ئەو باوەڕەیە کە نەتەوەکان سەرەتا لە زماندا دەردەکەون تا خوێن. ئەو لەدرێژەدا لەسەر ئەو باوەڕەیە کە نەتەوەکان بەرهەمگەلێکی کلتورین کە لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەمدا بەشێوەی زمانەلۆکاڵیکان دەرکەوتن، واتە پەرە و مسۆگەر بوونی زمانە لۆکاڵیکان و پاشەکشەی زمانی کلیسا بەستێنی دەرکەوتنی نەتەوەکان بوە.

زمانی فارسی سەپێندراوێکی سیاسی

زمانی فارسی کۆڵەکەیەکی گرینگی نەتەوەخوازی فارسی، ئێرانی زەینی و ڕوالەتی و دەسەڵاتی فارسیە. لەڕاستیدا زمانی فارسی وەک کۆگشتیەک لە دیاردە زەینیکان بە مانای شووناس، ئەندێشە و ڕوانگە لە تەنیشت دیاردە ڕوالەتیکان وەک نیشانە، وشە و ڕەستە هەم هەڵقوڵاوی کۆمەڵگایەکی نەتەوەییە و هەمیش بەرهەمهێنی کۆمەڵگایەکینەتەوەیی بەربڵاو وبەرفراوانە لەڕێی سەپاندنی دیاردە زەینی و ڕوالەتیکان. بە کورتی دەشێ بگوتری کە زمانی فارسی گرینگترین و سەرەکیترین بنەمای دەرکەوتنی نەتەوەخوازی ئێرانی و بەرهەمهێنی دەسەڵاتیکی پاوانخواز، سەرەڕۆ و داپڵۆسێنەرە. زمانی فارسی لەڕاستیدا زمانی داگیرکەرە، بەستێنێکی زەینی و چوارچێوەیەکە کە لەودا مانا، فام و تێگەیشتوویەکی فارسی تیا بەرهەم هاتوە. نەتەوەخوازی ئێرانی و پانئێرانیسم وەک ئایدۆلۆژی سەرەتا لە زماندا هەم وەک توانایەک بۆ بیرکردنەوە و هەم وەک دەرکەوتەیەکی دەروونی و بەستێنێک بۆ پەروەردە کردنی هزر و ئەندێشە و هەمیش وەک دیاردەیەکی ڕوالەتی لەخۆگری نیشانە ڕوالەتیکان بەرهەم هاتوە، بۆیەش لەلایەک لەخۆگری چوارچێوەیەکی مانایی و تێگەیشتوویی فارسیە و لەلایەکیتر کەرەسە و بەستێنێکە بۆ سەپاندنی جیهانی هزر و ئەندێشەی فارسی و لەئاستی کلتووری-کۆمەڵایەتیدا سەپاندنی شووناسی فارسی و لە ئاستی سیاسیدا سەپاندنی هێژمۆنی، سەروەری و دەسەڵاتی سیاسی فارسیە، ئەمەش لەڕێی خوڵقاندنی مرۆڤی گوێڕایەڵو ئۆبژەیە، ئەو مرۆڤەی کە لەڕێی سەپاندنی زمانی فارسی بەسەریدا لەناوەرۆکی لۆکاڵی خۆی بەتاڵ کراوە، لەژینگەی کلتووری و مەعریفی لۆکاڵی بێگانەکراوە و بە دیاردە بێگانەکان ناوئاخن کراوە.

زمانی کوردی زمانی ئازادی

زمانی کوردی زمانی ئازادیە، زمانی مسۆگەرکردنی شووناس، سەربەخۆیی تاکی کورد، چوارچێوەی دەرکەوتنی خود و سنووری

جیاکەرەوە لەگەڵ ئەوی‌تری بێگانە. لەڕاستی‌دا زمانی کوردی وەک توانایی بیرکردنەوەی بەکوردی بەستێنێکە بۆ دەرکەوتنی خودی کوردی. زمانی کوردی کۆڵەکەی هەڵسووکەوتی ئاگایانە، بیرمەندانە و ڕسکانی مرۆڤی کوردیە. دەشێ بگوترێ بە حوکمی ئەوەکە زمان توانایی مرۆڤ بۆ تێگەیشتن، تێگەیشتوویی و فامە، زمانی کوردی توانایی مرۆڤ بۆ تێگەیشتن لە خۆدی کوردانە و فامی خودی کوردیە وەک تاک و نەتەوە و ئەمەش بەمانای توانایی تاکی کوردی بۆ پێشگرتن لەداگیرکران و توانایی بۆ ڕزگاری و ئازادیە. هێردێر لەسەر ئەو باوەڕەیە کە زمان بەردەوامی میژوویی و کلتوری گەرانتی دەکات، بۆیەش زمانی کوردی وەک بەستێن و مجالێک بۆ بەردەوامی میژوویی و کلتوری کورد وەک تاک و نەتەوە دەور ونەخشێکی گرینگی هەیە.

نەتەوەخوازی کوردی وەک دژکردەوەیەک بە دژ ئەوی‌تری داگیرکەر سەرەتا نەتەوەخوازیکی زمانیە، واتا لەگەڵ ئەوەدا کورد لە نێوان سێ زمانی بێگانەدا پارچەکراوە، سێ زمانی بێگانە حەولی سەپاندنی کلتور، بەها و شووناسی دژەکورد و ناکوردانەی بەسەر کوردا داوە، لەڕێی زمانی کوردێوە ڕێبەڕانی نەتەوەخوازی کوردی حەولی یەکگرتووی و یکپارچەیی کوردیان داوە، حەولیان داوە لەڕێی زمانی کوردی سنووورە دەسکردە ڕواڵەتی، زمانی و کلتوریە داسەپاوەکان بشکێنن. هەرچەند ڕەنگە نەتەوەخوازی کوردی زۆرجار لەنێو ئەم سنووورە دەسکردانەدا قەتیس مابێتەوە، واتە حەولی دابینکردنی مافی چارەی خۆنووسینیان لەناو ئەم ژێئۆپۆلەتیکە دەسکردانەدا دابێت، بەڵام هەموویان بە ڕایەڵی زمانی کوردی لیک گرێ دراونەتەوە، واتە نەتەوەخوازی کوردی هەموو پارچەکان لەڕێی زمانی کوردی جیهانێکی کوردی یەکگرتوویی بەرهەمهێناوە. لەڕاستی‌دا زمانی کوردی توخمی سەرەکی و بەردەوامی نەتوەخوازی کوردی لە هەر چوارپارچەی کوردستان بوە. کوردستان تا بەر لە دەرکەوتنی نەتەوەخوازی کوردی و ئەندێشەی کورد وەک نەتەوە و نەتەوە بان عەشیرە و خێڵ، کۆمەڵگایەکی داپچڕاو، پەرتەوازە و لێکدابڕاو بوو، بەڵام زمانی کوردی توانی بەسەر هەموو خێڵو عەشیرەکاندا پردێک لێبدات و کۆمەڵگای عەشیرەیی کوردی بەهەموو جیاوازی و سنووربەندێ خێڵەکێکانی لەناو نەتەوەی کورددا کۆ بکاتەوە. کەوابێ یەکێک لەگرینگترین بەستێنەکان کە نەتەوەخوازی کوردی تیا پەروەردەکرا و بەستێنی پەرە و مسۆگەرکردنی نەتەوەخوازی کوردی بوو، زمانی کوردی بوو. یەکەم بەستێنەکانی دەرکەوتنی نەتەوەخوازی کوردی دەشێ بگوترێ بریتی بوون لە: شێعر، بەیت و چیرۆکگەلێکی حەماسی کوردی کە لەزمانەوە پشکووتن و هەر لەڕێی زمانیکوردیشڕا گواستڕانەوە بەرەکانی‌تر و بەم شێوەیە نەتەوەخوازی وەک ڕۆبارێکی ڕەوان لەناو بەرە جیاوازەکانی کۆمەڵگای کوردیدا چاخەکانی زەمانی بڕیوە. دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە قاهیرە بەزمانی کوردی، لەتەنیشت پەرەی خوێندن بە زمانی کوردی دەورێکی گرینگی هەبوە لە پەرە و مسۆگەربوونی نەتەوەخوازی کوردی، بۆیە دەشێ گبتوترێ کە نەتەوەخوازی سیاسی کوردی لە کوردستان سەرەتا وەک نەتەوەخوازی زمانی و کلتوری دەرکەوتوە و لە درێژەدا گەیشتۆتە ئاستی سیاسی، بەواتایەکی‌تر بنەما سەرەکێکانی نەتەوەخوازی سیاسی کوردی بریتین لە نەتەوەخوازی زمانی و نەتەوەخوازی کلتوری.

سەرچاوە:

زمان لەگوێن دەرکەوتەی سیاسی (نەتەوەخوازیی زمانی بنەمای نەتەوەخوازیی سیاسی) (kurdshop.net)

٢٦ی دێسەمبەری ٢٠٢٣

ئانتۆلۆژی خەباتی مەدەنی

زەروورەتەکانو دەسکەوتەکانی خەباتی مەدەنی

بێ گومان بەشێکی هەرگرینگی مێژووی سیاسی جیهان لەخۆگری ئەو دڵەڕاوکێیە بوە کە چلۆن دەکرێت پێش بە پاوانخوازێتی دەسەڵات، دیکتاتۆرییەت و سەرەڕۆیی دەسەڵاتی حکوومی بگیرێت، بۆ ئەو ئامانجەش دوو ڕێگا ڕەچاو کراوە، یەکەم بەربەرەکانی و شۆرشی سوور واتە کەڵک وەگرتن لە تووند و تیژی و خەباتی چەکداری، دووهەم خەباتی مەدەنی و دووەم پەرڕێزی لە تووند و تیژی و خەباتی چەکداری .خەباتی مەدەنی شێوەیەک لە دەربڕینی نارەزایەتی و دژ کردەوە نیشان دانە بە دژ حکوومەت و سیستمەکانی کە لەودا لە هەر جۆرە تووند و تیژیەک دووری دەکرێت و کۆرگێران و بکەران خۆ لەهەرجۆرە تووندو تیژیەک دەپارێزن، خەباتی مەدەنی وەک بەربەرەکانی دوور لە تووند وتیژی بەشێوەی کردوە و دژکردەوە نواندنی بە دوور لە تووند و تیژی، نافەرمانی مەدەنی، بەشداری نەکردن لە پرۆسەکانی ئابووری، سیاسی، کلتووری حکوومی ڕەچاو دەکرێت. ئەو شیوە لە خەبات و بەربەرەکانیە لە وڵات گەلیکی وەک وبلایەتە یەکگرتۆکانی ئەمریکا، ئارژانتین، برازیل، کۆریای باشوور، فێنلاند، هیند، شیلی، بێرمە، یۆنان و لەپاش کۆتایی شەری سارد و ڕووخانی یەکێتی سۆڤییەت جگە لە ڕۆمانی لە بەشی هەرە زۆری وڵاتانی ئۆرۆپای ڕۆژهەڵاتی ڕەچاو کراوە و توانیوێتی سەرکەوتن وەدەست بێنێت. لە ڕێبەرە بەناو بانگەکان و تێئۆریسیەنە بەناو بانگەکانی ئەو شیوە لە خەباتە دەکرێ بەو ڕێبەر و کەسانە ئاماژە بکرێت: مەهاتما گاندی، مارتین لۆتێرکینگ، نێلسۆن ماندێلا، مایکێل نێگلر، مۆبارەک عەواز، ئانگ سان سوچی، ئادام میلیچینک، لێئۆی تۆلستۆی، ئاندرێ ساخاڕۆف، وسلاو هاول، جین شارپ، لێخ والێسا و... هتد.

لێکۆڵەران مێژووی خەباتی مەدەنی و بەرخۆدانی دوور لە تووند و تیژی دەگەڕێننەوە بۆ سەدەی پێنجەمی بەر لە زایین لە وڵاتی چین و باس لە قوتابخانەی فەلسەفی «مۆهیسم» دەکەن، مەکتەبێکی فەلسەفی دژ بە شەر و تووند و تیژی کە لەگەڵ ئەوەدا لە سەردەمی سیاسەت کردن بە کەلک وەرگرتن لەشەر وجەنگاوەرێدا سەری هەڵدابوو، بەڵام دژایەتی دەکرد لەگەڵ شەر و زانست قەڵا ساز کردن و خۆپاراستن و دووەم پەرێزی لەشەر پەرە پێدەدا. هەروەها لێکۆڵەران باس لە خۆپێشان دان و خەباتی دوور لە تووند و تیژە یەدۆهێکان دەکەن لە ئورشەلیم لە سەدەی یەکەمی بەر لەزایین بۆ ڕەچاو نەکردم و جێ بەجێ نەکردنی یاسایکانی ڕوومی.

بەگشتی تۆێژینەوەکان لەمەر خەباتی و بەربەرەکانی مەدەنی لە مێژووی سیاسی جیهاندا دەرخەری ئەو ڕاستێیە کە ئەو شێوە لە خەباتە لە هەموو کەلێن و قوژبێکی ئەم جیهانە ڕەچاو کراوە و تاقی کراوەتەوە، بەڵام سەرکەوتن و

سەرنەکەوتنی ئەو دەگرێتەوە بۆ هێندیک فاکتەری گرینگ کە حەول دەدرێت تیشکی بخرێتە سەر.

زەروورەتەکان خەباتی مەدەنی:

بەستێنی سیاسی جیهان لە سی، چل سالی رابردوو شاهیدی رووخان و تێکچوونی بەشیکی زۆر لە دیکتاتۆرەکان بوە کە لەلایەن هیزی جەماوەری خەڵک تێقرماون یان لەرزۆک بوون، بەشێکی زۆر لەو دیکتاتۆرانە بەروانەت زۆریش بەهێز و خاوەن دەسەلات بوون، بەڵام لە بەرامبەر بەرخۆدانی یەکگرتوانەی کۆمەڵانی خەڵک بە دوور لە تووند و تیژیش تێکقرماون و تووشی نسکۆ هاتوون. لانیکەم لە دەیەی هەشتای زایینێوە زێدە لە بیست شۆرشی مەدەنی لە سەراسەری جیهان توانیویانە بەسەر دیکتاتۆرەکاندا زاڵ بن، ئەگەر چی بەشێکیتریش لەو شۆرشانە بەتەواوی بەسەر دەسەلاتە دیکتاتۆرەکاندا نەیان توانی زاڵ ببن، بەڵام توانیان تا رادەیەکی زۆر سیما و هەیمەنەی ئەوان بشکێنن.

بۆ ئەو مەبەستەش زەروورترین هەنگاوەکانی کە بۆ لەناو بردنی دەسەلاتێکی دیکتاتۆر رەچاو کراون بریتی بوون لە:

١- بەدەی هاتنی گوتاریکی ئەڵترناتیو لە بەرامبەر گوتاری زاڵ و هێژمۆنی حکوومەت یان دەسەلاتی سیاسی، کە بتوانێت پاشەکشە بە گوتاری زاڵی حاکمییەت بکات، ئەوەش زەمانێک دەلوێ سەری هەڵبدات و وەک ئەڵترناتیڤ لە بەرامبەر گوتاری حکوومەتدا هێژمۆنی وەدەست بێنێت، لەخۆگری ویست و خواستی هەموو چین و توێژەکان، کەمینەکانی ئایینی، کلتووری و هەموو پێکهاتە نەتەوەییەکان بێت، واتە گوتارێک بێت کە دالی ناوەندی ئەو جێگای متمانەی هەموو کۆمەڵگا بێت و بتوانێت ویست و خواستە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا وەک دالی پەراوێز لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە.

٢- متمانە و باوەڕ بە سەرکەوتن لەناو کۆمەڵگای دژبەری دەسەلاتی حاکمدا بەدی بێت، بەجۆرێک کە مەهارەتەکانی بەربەرەکانی لەناو خەڵکدا پەرە بستێنێت.

٣- پێویستە رێکخراوە کۆمەڵایەتی و مەدەنێ سەربەخۆکان لەلایەن چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگا لە دەوری گوتاری هاوبەش و لەخزمەت پەرەی ئەو گوتارە هاوبەشە پێک بێت و بەرەبەرە ئەو ناوەندە سەربەخۆ مەدەنیانە هێزیکی ناوخۆیی یەکگرتوو لەناو کۆمەڵگادا لەبەرامبەر هێزی نامەشرووعی دەسەلاتی حاکم بەدی بێنن.

٤- پێویستە لەژێر رێنماییەکانی گوتاری هاوبەش و بە کەڵک وەرگرتن لە رێکخراوە مەدەنێ سەربەخۆکان، گەلالەیەکی ستراتژیک بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ دەسەلاتی حاکم بۆ وەدەست هینانی ئازادی و دێمۆکراتیزاسیون ئامادە بکەن و بیکەنە نەقشەی رێگا. ئەگەر چی لەرابردوا بەربەرەکانی بەدژ دیکتاتۆرەکان زۆر جار لە غیابی گەلالە و پلانێکی ستراتژیک بەرێوە چوە، بەڵام حاشا هەڵنەگرە بە هۆی تایبەت مەندێکانی جیاوازی دیکتاتۆرەکانی سەردەم لەگەڵ دەسەلاتە

پاوانخوازەکانی پێشوو، بوونی گەلاڵە و پلامی ستراتژیک زەروورەتێکی حاشا هەڵنەگرە، چوونکە هەرجۆرە پەلان و گەلاڵەیەکی کار بۆکراو و دەوڵەمەند لەبواری زانستی بەو پێیەی کە ئەمرۆکە پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی دۆخی سیاسی، عادەت و خوڵقی مرۆڤەکان، شێوەی روانین و کاردانەوەکانی ئەو شیوە روانینانە تا رادەیەکی زۆر لەبەر دەست دایە، دەتوانێت شانسی سەرکەوتنی خەبات بە دژ دیکتاتۆرییەت و رەوتی دیمۆکراتیزاسیون بەرێتە سەرێ.

خوێندنەوەی ئەو ئالۆگۆڕیانەی کە توانیویانە دیمۆکراتیزاسیون مسۆگەر بکەن دەری خستوە کە ئازاد بوون لە دەست دیکتاتۆرییەت، لە غیابی هەموو چین و توێژەکان بەشێوەیەکی یەکگرتوو موومکین نیە، واتە ئەگەر چەپە ئۆرتۆدۆکسەکان پەرە پێ دەری عەقڵییەتی درەختی لە خەبات بوون کە لەودا هەموو کۆمەڵگا پێویستە شوێن گەلاڵە و میتۆدی کەمینەیەک شۆرشگێری حیزفەیی کەوێت، ئەوا مۆدیلی رایزۆماتیکی دلوز لەسەر ئەو باوەرەیە کە هەموو چین و تویژەکانی کۆمەڵگا بەقەد زەرف و مەقدووراتی خۆیان دەبێت لە پرۆسەی دژایەتی لەگەڵ دەسەلاتێکی دیکتاتۆر و بۆ سەرخستنی پرۆسەی دیمۆکراتیزاسیون کەلکیان لێوەربگیرێت و هەموو بەشداری پرۆسەی خەبات ببن و پەراوێز نەخرێن.

دەسکەوتەکانی خەباتی مەدەنی:

خەباتی مەدەنی لەخۆگری کۆی گشتی جموجۆڵی ئەو بەشە لە کۆمەڵگایە کە بەپێچەوانەی حیزب و ریکخراوە سیاسێکان کە ئامانجیان گەیشتن بەدەسەلاتە، ئامانجیان پاشەکشە بە دەسەلات، سنووردارتر کردنی دەسەلات و سەپاندنی ویست و خواستەکانێتی بە دەسەلات و حاکمییت، بۆیەش دەسەلاتە دیکتاتۆرەکان بەهیچ شێوەیەک خوازیاری گەشە و پەرەی ئەوجۆرە خەباتە نین، چوون بە بیانووی ئەو خەباتە مەجالی بەربلاوی تووند و تیژیان نیە و لەجێگایەکدا دەبێت دان بە ویست و خواستەکانی ئەو بزاڤە هەر چەند لانیکەمیش دابنێن، واتە یەکەم دەسکەوتی ئەو جۆرە خەباتە دەستەوەستان کردنی دەسەلاتی سیاسی لە رووبەروو بونەوە لەگەڵ ئەو بزاڤەیە، لەهەمان حال دا لەدەرەوەی سنوورەکانی ئەو جوغرافیایەی کە دەسەلاتێکی دیکتاتۆری بەسەردا حاکمە بیر و رای گشتی پشتیوانی زیاتر و بەربەرین تر لەو جۆرە بزاڤانە دەکەن.

خەباتی مەدەنی ئەگەر رووبەکی روو لە بەربەرەکانی لەگەڵ دەسەلاتێکی پاوانخوازە ئەوا رووبەکی تری، رووی لە بارهێنان و پێگەیاندنی تاک و کۆمەڵگایە، پێگەیاندنی تاک و کۆمەڵگایەکی بەرپرس و مەسئول لەبەرامبەر چارەنووسی خۆیدا، ئەو بارهێنانە ئەگەر یەکەم ئاکامی لە بەربەرەکانی لەگەڵ دەسەلاتی حاکمدا رەنگ دەداتەوە، لەپاش رووخان و نەمانی دەسەلاتی دیکتاتۆر ئەوا هیچ کات ئیزن نادەن و بەستێنێک پێک ناهێنن کە لەودا، بۆ جاریکی تر دەسەلاتێکی تری دیکتاتۆر سەرهەڵبداتەوە، واتە دەسکەوتی دووهەمی خەباتی مەدەنی پێشگرتن بە دووپات بوونە و سەرهەڵدانەوەی دەسەلاتێکی تری دیکتاتۆر و پاوانخوازە، ئەوە لەحاڵێکدایە کە میژووی ئالوگۆڕێکانی سیاسی نیشانی داوە ئەو دەسەلاتانەی بە شۆرش و تووند و تیژی رووخاوەن، بەگشتی دەسەلاتێکی تری دیکتاتۆریان بەخۆیانەوە دیتۆتەوە.

ئاکام:

خەباتی مەدەنی بەگشتی لەو ولاتانە توانیویتی کە سەر هەلبدات و بە ئاکام بگات کە بەشی هەرە زۆریان تاک نەتەوە، تاک کلتوور و تاک زمانن، واتە لە یەک نەتەوە پێکهاتوە و لەوەها دۆخێکیشدا سەرهەڵدانی گوتارێک کە بتوانێت کۆمەلگا لەدەوری خۆیدا کۆبکاتەوە مەجال و ئیحتمالی زۆرە، ئەوە لە کاتێکدایە کە ئێران ولاتێکی فرە نەتەوە، فرە کلتوور و فرە خواستە، بۆیەش هەر ئەو تایبەت مەدنیە بۆتە بەربەستێکی سەرەکی لە پێکهاتنی گۆتاریکی هاوبەش کە هەموو کۆمەلگا لە دەوری یەک کۆبکاتەوە، واتە بەستێن و زەمینە بۆ سەرهەڵدان و پەرەی کۆمەلگایەکی مەدەنی مسۆگەر و پەرەئەستاندوو زۆر لەبار نیە، ئەگەر چی سەرهەڵدان و پەرەی کۆمەلگای مەدەنیش ناموکین نیە، بەلام بە نیسبەت ئەو ولاتانەی کە لەخۆگری یەک نەتەوەیە، هێژمۆنی و دەسەلاتی زۆر کەمترە، بۆیە لە ولاتێکی وەک ئێران خەباتی مەدەنی و بەربەرەکانی مەدەنی بەتەنیا لاوازتر لەوەیە کە بتوانێت پاشەکشە بە دەسەلاتی پاوانخواز و دیکتاتۆر بکات، بە تایبەت لەناو کۆمەڵگای کوردی کە لەئێراندا لەڕووی حەشیمەت کەمینەیە، بەلام وەک باس کرا ئەوە غەیری موومکین نیە، بۆ ئەو مەبەستەش کورد پێویستە کە لەگەڵ ئەو هزر و هێزانەی کە روانگەیەکی کراوە و دێموکراتیکیان بۆ دوارۆژی ئێران هەیە لە ئەگەری هەر جۆرە ئاڵوگۆرێەک، لێک نزیک ببنەوە و جۆرێک هەواهەنگی و هاوکاریان هەبێت، بۆ ئەو مەبەستەش پێویستە کورد پێوەندیکانی لەگەڵ هێزە دێمۆکراتە سەراسەرێکانی ناو ئێران نۆژەن بکاتەوە، چوون ئەزموونی ئێران، عێراق، تورکیا و سووریا نیشانی داوە کە کورد لەئەگەری هەر ئاڵوگۆرێەک بەتەنیای ئەو هێزە نیە کە بتوانێت لە بەستێنی سیاسیدا هێژمۆن و کارتێکەر بێت، لە هەمان کاتیش دا کورد پێویستی بە هێزیکی چەکداری نەتەوەیی هەیە کە بتوانێت هێزی چانەزەنی و دانووستانی کورد لە بەستێنی سیاسی ئێراندا بەرێتە سەر،

واتە ئەگەر نووکی پەیکانی سیاسەتی کوردی خەباتی مەدەنیە و لەلایەن حیزب و رێکخراوە مەدەنێکان رێبەری دەکەرێت، بەلام بە هۆی تایبەت مەدنەی ژینگەی کورد لە ئێران کە هەم لەگەڵ نەتەوەی بالادەست و هەمیش لەگەڵ کەمینەکانیتر تووشی کێشە بێت، هێزێکی چەکداری نەتەوەیی دەتوانێت وەک پشتیوانی کۆمەلگای مەدەنی و خەباتی مەدەنی بۆ پێش گرتن لە نسکۆی کۆمەلگای مەدەنی و رێکخراوە مەدەنێکان کارتێکەری پۆزێتیڤی هەبێت.

سەرچاوەکان:

ئانتۆلۆژیی خەباتی مەدەنی (زەروورەتەکانی خەباتی مەدەنی) – بەشی یەکەم (kurdshop.net)
ئانتۆلۆژیی خەباتی مەدەنی (دەستکەوتەکانی خەباتی مەدەنی) – بەشی دووەم (kurdshop.net)

٢٤ی دێسەمبەری ٢٠٢٣

ئانتۆلۆژی کلتوری کوردی

دەشێ ڕوانگە و پێناسەی جیاواز و جۆراوجۆر لە کلتور بکرێت، بەگشتی دەشێ مەبەست لە کلتور هەموو دیاردە ڕواڵەتێکانیوجوودی مرۆڤ چێکراو لەسەر بەها و کردە ڕاهێنراوەکانبێت. لە تووێژینەوە کۆمەڵایەتێکاندا کلتور دیاردەی جیاکەرەوەی کۆمەڵگا مرۆییەکانە، لەزانستی ئیتنیکناسیدا کلتور دیاردەی لێکجیاکەرەوەی نەتەوەکانو پێوانەی هەڵسەنگاندنی کلتوری نەتەوەکانە.

بەباوەڕیمن کلتور بەڵام کۆگشتی ئەزموونی کۆمەڵگا مرۆییەکانە لە ڕەوتی مێژوودا، ئەوەی بەلای منەوە لێرەگرینگە، ئەزموونی زەینی و مەعریفی کۆمەڵگایە، کلتورەکان بەر لە دەرکەوتە ڕواڵەتێکان و فۆرمی ڕواڵەتی ژیانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، دەرکەوتەی زەینی و مەعریفی کۆمەڵگەکان و مرۆڤەکانن، بەرهەمی ئەزموون و خەتای ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگا لە ڕەوتی مێژوودایە. لەهەر چاخێکی مێژووی و ڕەوتی ژیانی کۆمەڵگەدا چما زەین و ئەندێشە تووشی گنخان، داڕزان و دابەزین هات، ئەوا کلتوری کۆمەڵگا بە مانای فۆرمی زەینی تووشی دابەزین و داڕزان دێت، دژەبەها و دژە نۆرمەکان بڕەو پەیدا دەکەن و ژیانی ڕواڵەتی کۆمەڵگەکان تووشێ نوشست و داڕزان دەبێت. تاکە کەرەسەی دەرکەوتنی کلتور وەک زەین و ئەندێشەش بێگومان زمانە. کەواتە دەشێ بگوترێ کە کلتور وەک فۆرمێک ئەندێشە و زەینی مرۆیی لەڕێی زمان مەجالی دەرکەوتن و ژیانی کۆمەڵایەتی پەیدا دەکات و بەدەرکەوتنی وەک دیاردە ڕواڵەتێکان لەناو کۆمەڵگا ئەم پڕۆسەیە کامڵ دەبێت. مرۆڤی بێکلتور شووناسی نیە و دەسکرد و بووکەڵەیە، دەسەڵاتە هێژمۆن و باڵادەستەکان بۆ لەناو بردنی تاک و کۆمەڵگای ئەوێتری خۆیان حەول دەدەن لەڕێی پێشگرتن بە دەرکەوتنی کلتوری سەربەخۆ بە مانای زەین و ئەندێشەی سەربەخۆ پێش بگرن لە دەرکەوتنی ئەوێتر، لەڕێی پێش گرتن بە زمان و سەپاندنی زمانی بێگانە بەسەریاندا حەولی لەناو بردنی ڕایەڵی بە ڕواڵەتی بوونی کلتور لەناو کۆمەڵگادا دەگرن و بەم شێوەیە شووناسی کۆمەڵگایەک لەناو دەبن و لە کۆتایدا ئەوێلەناو دەچێت "بوونی" کۆمەڵگایەکە.

کلتوری کوردی

ژیانی کۆچەری، شوانکارەییو عەشیرەیی مرۆڤی کورد لە هەناوی خۆیدا بەرهەمهێنی چەند تایبەتمەندی گرینگە، گرنیگترین تایبەتمەندی ئازادیە، مرۆڤی کۆچەر، گیرۆدەی هیچ سنوورێک نیە، جێگۆڕێکی بەردەوام سنوور وخاک بۆ مرۆڤی کۆچەر بێمانا دەکات، لە هەمان کاتا پلۆرالیزمی عەشیرەییش بەرهەمهێنی فرە کلتوری و فرەڕەهەندی کۆمەڵگایەکە

کە لەجیهانی ئوستووریەیدا دەژیت. میترائیسم وەک ڕوانگەی ئایینی هێژمۆنی ئەم سەردەمە کۆنە لەسەر بنەماکانی وادە و پەیمان، ڕووناکی، شەڕکەریو پاکی بنیادنراوە. ئەم بنەماگەلە بە بایخە پێویستی ژیانی کۆچەری، شوانکارەیی و عەشیرەیین، هەروەها ڕووخانی پێکەوە ژیان لەناو کۆمەڵگایەکی مرۆیی کە وەک عەشیرە پێناسە دەکرێت، ڕایەڵی لێکگرێدەرەوی تاکەکان لەناو عەشیرەدا و گەڕانتی پاراستن و دەوامی عەشیرەیە، ئەمانە بنەماکانی کلتوری کوردین لە ڕەوتی مێژوویی خۆیدا تا بەر لە دەرکەوتنی یەکگرتوویی سیاسی کە عەشیرەکان لێکگرێدەداتەوە و بەم شێوەیە ئیمپڕاتوورییەتی کوردی دەردەکەوێت. میترائیسم بە مانای ئایینی خۆشەویستی، دلۆڤانی و ئەوین ژێرخانەکانی زەینی لێکنزیک کردنەوەی تاکەکان، بەردەوامی و مسۆگەرکردنی پێکهاتەی ژیانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای کوردیدا بوە. ئەم چاخە دەشێ وەک سەردەمی ئوستووریەیی پێناسە بکرێت. نیشتەجێ، دەرکەوتنی ئیمپڕاتووریەتی کوردی و لەهەموان گرینگتر دەرکەوتنی ئایینیزەردەشت بەرهەمهێنی چاخی مێژوویی لە ناو کۆمەڵگای کوردیدایە کە ئازایەتی، پاڵەوانی، شەڕکەری و قارەمانپەروەری گرینگترین بنەماکان و کۆڵەکەکانی کۆمەڵگان. گرینگترین بنەمای ئەندێشەی زەردەشت کە بەرهەمهێنی کلتووری ئازادی و ئازادیخوازیە لە کۆمەڵگای کوردی باوەڕی زەردەشت بە ئازاد بوونی مرۆڤ، سەربەخۆبوونی مرۆڤ لە هەڵوێستگرتن و موختار بوونی مرۆڤە. ئەندێشە گرینگترین کەرەسەی مرۆڤە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرک و کردەکانی. دەشێ بگوترێ کە سێ کۆڵەکەی بنەمایی و سەرەکی کلتووری کوردی لە هەڕەتی دەرکەوتنی چاخی مێژویی بریتین لە ئازادی مرۆڤ، ئەندێشە تەوەرەیی و بەو پێیە متمانە بە عەقڵی مرۆڤ.

کلتووری کوردانە

کلتوری کوردانە باسی دەور و نەخشی دیاردە کلتورێکانی ناو کۆمەڵگای کوردی دەکات بۆ سەروەری، سەربەخۆیی و خزمەت بە بەرژەوەندی نەتەوەیی کورد. باسی ئەو بەها و نۆرمە کوردیانە دەکات کە پاڵنەر، ڕێکخەر و پەرەپێدەری بزاڤی ئازادیخوازانە لە کوردستانن. بێگومان هیچ چاخێکی میژووی نیە کە کورد خەباتی تیا نەکردبێت، حەماسەتی نەخوڵقاندبێت و لەپێناو پاراستنی خودی کوردی لەمەیدانا نەبووبێت.

بەدرێژایی مێژوو ژێنۆپۆلەتیکی کوردستان بۆتە ئامانجی هێرش و مەیدانی شەڕ و تێکهەڵچوونی کورد و هێرش بەران. کوردەکان هەر لەزۆر کۆنەوە بڕیاریژیانی سەربەخۆ ژیانیان داوە و ملکەچی حوکم و دەسەڵاتێکی هیچ دەسەڵاتێکی دەرەکی نەبوون، دەوڵەتشارەکانی وەک هیتانی، میتانی و ئیمپڕاتووریەتی مادی دەشێ وەک نموونە ئاماژەیان پێبکرێت. لەڕاستیدا دەشێ بگوترێ کە یەکەم دیاردەی کلتوری کۆمەڵگای کوردی و کلتوری کوردانە ژیانی ئازاد و سەربەخۆیانەیە. یەکێکلە مێژووییترین و ڕوونترین گێڕانەوەی شەڕیکورد و هێرشبەران لەگێڕانەوەیگێزنفۆندا بەرچاو دەکەوێت. خەبات، بەربەرەکانی، ئازادیو ئازادیخوازی بەشێکیدانەبڕاو لە کلتوری کوردانەیە، دیاردەگەلێکیسەمبوولیک بۆ مسۆگەرکردنی

شووناسی نەتەوەیی کوردی، پێشگرتن بە داگیرکران، بێناوەرۆککردنی تاکی کورد و داسەپاندنی شووناسی دەسکرد بەسەر کوردا. واتە ئازادیخوازی بەمانای پێشگرتن بە چوونە ژێر حوکمی داگیرکەر، بنیادنانی حکوم و دەسەڵاتی لۆکاڵی، ئازادی بەمانای پێشگرتن بە سنووردارکردنی ویستوخوازستی مرۆڤی کورد، ئازایەتی بەمانای پێشگرتن بە ملکەچ بوون و ژێرچەپۆکەیی تاک و کۆمەڵگای کوردی لەدرێژایی مێژوودا ئەو بەها و نۆڕمانە بوون کە لەهگەموو دیاردەکانی ژیانی کلتوری و کۆمەڵایەتی کوردا ڕەنگی داوەتەوە.

٢٠ی دێسەمبەری ٢٠٢٣

نەتەوەخوازی کوردی لەگوێن شەڕەف

شەڕەف نە لەفۆڕمی تێئۆلۆژیکێکیدا و نە لەڕوانگەی نەریتیدا کە جێگیرکراو و بیندراو لەناو چوارچێوە و فۆڕمی ڕوالەتیدایە و لەخۆگری چوارچێوەیەکی پۆزەیتۆوبستیە لەسەر ئەساس و بنەمای سامان، بنەماڵە، ڕەچە و ڕەچەڵەک، کە لەفۆڕمی مۆدێڕندا بە تێگەیشتن لەڕێی ناوەرۆکی زەینی، مەعریفی و ئەندیشە بەمانای بەرپرسیارێتی، هەستی خاوەندارێتیو پاراستنیکەرامەت، کەسایەتی و شووناسی سەربەخۆی تاکی خۆبنیادنەر، خۆسەروەر و سەربەخۆ بۆ داڕشتنی مانا و فام لە خۆ و جیهان، ڕەنگە ژێرخان و شەرعییەتی خەبات، بەربەرەکانی و بەرخۆدانی مرۆڤ بێت. ڕاسان بەدژ هەموو کردەوە و حەول و کۆششێک بۆ بەرگرتن لە دەرکەوتن، پشکووتن و سەرهەڵدانی ئازادی، ڕزگاری و سەربەخۆیی تاک لە بەستێنی بەربەرەکانی و حەول بۆ داپڵۆسین، دامانێنو بەتاڵ کردنی تاک لە "خۆ". لێرەڕایە کە پێوەندیەکی قوڵ لەنێوان سوبژە و شەرەف دەردەکەوێت، لەڕاستیدا دەشێ بگوترێ کە سوبژە و شەرەف ژانووسێکن کە نەبێیەک دەردەکەون و نەبوونیان مسۆگەر دەبێت. مرۆڤێکی کە لە کەسایەتی، کەرامەت و پێگەی خۆی لە جیهان تێدەگات، حەولی خۆبنیادنان، خۆداڕشتن و داڕشتنی جیهان و ژیانی دەدات، لەم ڕەوتەدا شەرەف بە تێگەیشتن لە"خۆ" دەست پێدەکات و بە حەول بۆ سەربەخۆیی "خۆ" درێژەپەیدا دەکات و بە خەبات و بەربەرەکانی بۆ پێشگرتن لە بەئوبژەگرتنی دەگاتە لووتکە.

نەتەوەخوازی لەگوێن شەرەف

مۆدێرنیتە کە بەتەوەرەگرتنەوەی تاک لەئەندێشەی دێکارتڕا دەرکەوت لە ئەندێشەی فیشتە و هێگڵدا دێتەناو چوارچێوەی نەتەوە، واتە ئەگەر تاک بە ئاگایی، فام و لەخۆ تێگەیشتن، شەرعییەتی نەزەری و مەعریفی سەربەخۆیی، ئازادی و ڕزگاری دادەڕێژێت، ئەوا لەدرێژەدا لەڕێگربەستێکی کۆمەڵایەتی، ئاگایانەو ئیرادیانە لەلایەن تاکەکانەوە لەدرێژەی ژیانی کۆمەڵایەتی و بەکۆمەڵدا تاکەکان بنیادی نەتەوە دادەڕێژن، واتە فۆرمێکی مۆدێرن لە ئاگایی گشتی، فامو لەخۆ تێگەیشتن لە قەوارەی نەتەوەدا دەردەکەوێت، کەسنووربەندیەک لەنێوان بەها، نۆرم و کلتووری کۆمەڵگاکان دادەڕێژێت و بەم شێوەیە نەتەوە دەردەکەوێت. بەم شێوەیە شەرەف لە فۆرم و چوارچێوەی تاکڕا دەگوازرێتەوە ناو نەتەوە، نەتەوەخوازی وەک شەرەف دەردەکەوێت و شەرەفی نەتەوەخوازی وەک پێوەرەی بوونێکی سەربەرزانە دەردەکەوێت. لەڕاستیدا دەرکەوتنی نەتەوە بەمانای دەرکەوتنی فۆرمێک بوون، پێکهاتەیەک لە بوون، چوارچێوە و قەوارەیەک لەبوونە وەک بەرهەمی یەکگرتووی، ڕێککەوتن و یەکپارچەیی تاکە جیاوازەکان، هەر بەم جۆرەی سللولەکان، دیاردە ڕواڵەتێکان و بەسی جیاوازەکان بەرهەمهێنی تاک بوون، ئەوا تاکەکانیش بەرهەمهێنی نەتەوەن. واتە مێتا سوبژەیەک کە لەگەڵ ئەودا

ئاماژەیەکە بۆ سوبژەکان، لەهەمان کاتیشا ئاماژەیەکە بۆ بوونێکی نوێ و بانتر لە سوبژەی تاک، ئەم گواستەنەوە و ئالۆگۆڕیە هەموو دیاردەکانی تاک، خواستەکان، وێناکان، فام و تێگەیشتنەکانی تاک، بەها، نۆڕم و کلتوورەکانی تاک و یەک لەوان شەڕەفو شەڕافەتیش دەگوازێتەوە ناو فۆرماسیونی شوورناسی نەتەوە.

دەرکەوتنی نەتەوەخوازیکوردی ڕەوتێکیسوبژێکتویستانە بوو بەدژ ڕەوتی بەئۆبژەکردن، تواندنەوەو بەرهەمهێنانی بوونێکی دەسکرد لە کورد لەناو قەوارە و چوارچێوەی بوونی ئەوێتردا، لەڕاستیدا ڕێک کەمتر لە دوو دەیە لەپاش شەڕی یەکەمی جیهانی کە بەشێکی بەرچاو لەکوردان لەژێر تەوەژمی فام و ئاگایی ئیسلامی بوونە دەستەچیلەی ئاگری شەڕی نێوان عوسمانی و بەرەی دژبەری، بەبێ ئەوەکە هیچ دەسکەوتێک یان بەرژەوەندیەکی کوردانە و نەتەوەیانە پاڵنەر و ڕێکخەری ئەم پاڵپشتیە بێت، تاکی کورد بە فۆرمێک لە ئاگایی، فام و تێگەیشتن لەخود دەگات کە دژ بە هەموو ئەو شوورناسە، مانا و وێنایانە دەوەستێتەوە کە داگیرکەران لە کوردیان بەرهەمهێناو و بەتەمان لەناو ئەو قەوارە و فۆڕمە دەسکردانەدا کرێنشینی بکەن. نەتەوەخوازی جیهانێکی کوردانە بۆ کورد دادەڕێژێت لەسەر ئەساسی شەرعییەتی مافی هەموو مرۆڤێک و نەتەوەیەک بۆ ئازادی، بەرابەری و سەربەخۆیی، هەر بەم جۆرەی ئەم شەرعییەتە بۆتە بنەمای سەربەخۆیی و دەرکەوتنی نەتەوە سەربەخۆکانیتر، لەڕاستیدا نەتەوەخوازی کوردی تەنیا فامێک، عەقڵانییەتێک، وێنایەکی هاوبەش لەتاکی کورد یان ئایدەیەکی ڕووت بۆ بنیادنانی دەسەڵاتێکی سیاسی نیە، بەڵکە شەڕەف و شەڕافەتێکە بۆ تاک و کۆمەڵگای کوردی بەمانای خەبات و بەربەرەکانی بۆ دەرکەوتنی تاکی کورد وەک کورد و کۆمەڵگای کوردی وەک نەتەوەیەک کە خاوەنی عەقڵانییەت، فام و تێگەیشتنێکی سەربەخۆیانە لەخۆی، ئەوێتر و جیهان. نەتوەخوازی کوردی حەولی دەرخستنی بوونێک دەدات بە سێ تایبەتمەندی: یەکەمیان جیاواز، بە مانای لە دەرەوەی ئەو سنوورە دەسکردانە و ئەو فۆڕمە دەسکردانەی کە داگیرکەران بۆ کوردیان وەک فۆڕم و قەوارە داڕشتوە. دووهەمیان سەربەخۆیان بە مانای لەدەرەوەی ئیرادە، هێز و دەسەڵاتی زەینی و ڕواڵەتی ئەوێتری داگیرکەر. سێهەمیان شەڕافەتمەند بە مانای بەرپرسیار، خاوەن هەڵوێست، خاوەندارێتیکردن لە "خۆ" وەک تاک و وەک نەتەوە و خەبات و بەربەرەکانی دژ بە هەر داگیرکەر، هێرشکەر و پاوانکەرێک.

١٦ی دێسەمبەری ٢٠٢٣

هونەری کوردی. هونەری کوردانە

ئانتۆلۆژی هونەری کوردی

هونەر هەرجۆرە بزاڤ و جموجۆلێکی مرۆیی لەخۆدەگرێ کە زایەڵەی فام، تێگەیشتن، خەیاڵو شهود بێت. لەڕاستیدا هونەر بەرهەمێکی کلتووری مرۆڤانەیە کە لێکەوتەی ڕەوتێکی داهێنەرانەیە. لێرە دەشێ لەسەر چەمکگەلێکی وەک بزاڤ، داهێنان، کلتوور و مرۆڤانە پێداگرێکی تایبەتبکرێ، بەهۆی ئەوەکە هەمووی ئەم چەمک و دەستەواژانە هەڵقوڵاوی پێوەندی نێوان ژینگەی ژیان و مرۆڤ و لەهەمان کاتیشا لێکگرێدەرەوی ژینگەی ژیان و مرۆڤە. ژینگە سەرەتا هەستی مرۆڤ دەخرۆشێنێت و سەرگەردانی دەکات، مرۆڤی خرۆشاو و سەرگەردان ئەم خرۆش و سەرگەردانیە لە قالبی مێشک وزەین ئەدات و ئەوەی لەم ڕەوتەدا بەرهەم دێت، دەبێتە هونەر. بێگومان دەوری ژینگەی ژیانی مرۆڤ، دەور و نەخشێکی بنەماییە، مرۆڤ سیگنالەکان لە ژینگەی ژیانی وەردەگرێت، هارمۆنی ژینگە دەخاتە ناو چوارچیوەی هارموونی دەنگ، ڕەنگ و وشە و بەم شێوەیە هونەرمەند بەرهەم دێت، هونەرمەند دەبێتە ڕایەڵی لێکگرێدەرەوەی هارمۆنی ژینگە و هارمۆنی دەنگ، ڕەنگ و وشەکان. هونەر هەرچەند سەرەتا بەرهەمی تێکهاڵانی مرۆڤ و ژینگەیە بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنی هونەر مرۆڤ ڕادیکاڵتر، تێگەویشتوانەتر و ژیرانەتر لەگەڵ ژینگەی ژیانی تێکەڵ دەبێتەوە، واتە ژینگەی ژیانی مرۆڤ بەر لەدەرکەوتنی مرۆڤ وێنایەکی کرچ و کاڵە لەناو زەین و ژیانی مرۆڤدا، بەڵام هونەر توخمەکانی وریای، ژیری و وشیاری دەخاتە ناو شێوازی وێناکردنی ژینگە لەلایەن زەینی مرۆڤ و بەم شێوەیە ژینگەیەکیتر بەرهەم دێنێت. ئەم ژینگەیە بە پێچەوانەی ژینگەی پێش هونەر کە ژینگەیەکی گشتیە و ڕەنگدانەوەی لەناو هەموو مرۆڤەکاندا وەک یەکە، دەبێتە ژینگەیەکی تایبەت و سنووربەندیەکی کلتووری و وێنایی جیاواز لەناو مرۆڤەکاندا دەردەخات.

هونەری کوردی

کوردی لەناو دەستەواژەی "هونەری کوردی"دا بەر لەوکە ئاماژە و هێمایەکی لەخۆگری دیاردە ڕواڵەتێکان بێت، دیاردەیەکی زەینی و شووناسخوازانەیە، بە مانای ئەو نۆڕم، بەها و کلتوورەی کە وەک دەرکەوتە بەرهەمی تێکەڵاوی مرۆڤ و ژینگەی ژیانی لۆکاڵی خۆیەتی لەلایەک و لەلایەکیتر بەرهەمی فام، تێگەیشتن و شرۆڤەی سەربەخۆیانەی خۆیەتی لە دیاردە و دەرکەوتەکانی ژینگەی ژیانی. دەشێ بگوترێ لێرە "خود" هەم بۆ مرۆڤ ڕەچاو دەکرێت هەم بۆ ژینگە، واتە ئاماژە هەم بە سەربەخۆبوونی مرۆڤە و هەم تایبەتبوونی ژینگەی مرۆڤی سووژە، ئەمە ئاماژەیەکە بە تێکهاڵاوێکی زەینی و ڕواڵەتی مرۆڤ

و ژینگە، بەجۆرێ کە مرۆڤ وەک دەرکەوتە بەرهەمی ئەم ژینەگەیە بێت و ئەم ژینگەیەش لەلایەن ئەم مرۆڤەوە سەرلەنوێ بکرێتەوە، فام بکرێتەوە و شووناسی پێببەخشرێتەوە. کوردی لێرە چەمک و دەستەواژەیەکی پادیکاڵە. لەڕواڵەت، فۆرم و پێکهاتە دەرەکێکان ڕەخساوە، ڕەها و ڕزگار بوە، بۆتە خاوەنی جیهانێکی زەینی و مەعریفی سەربەخۆ، خاوەنی سنووربەندی زەینی و گوتاری لەگەڵ ئەوێتری بێگانە. هونەری کوردی زایەڵەی هەموو دیاردە ڕواڵەتێکانی ژینگەی کوردستانە کە هەستی مرۆڤی کوردستانی خرۆشاندوە و لەهێڵەگی زەین و ڕوحی تاکی کورد دراوە، فۆرم، نۆرم، هارمۆنی و مێلۆدی پێبەخشراوە و بۆتە نەخشە و جوغرافیای شووناسی تاکی کورد. دەشێ بگوترێ کە چما سەرەتا تێکەڵاوی هەستی مرۆڤیکورد لەگەڵ ژینگە بەرهەمهێنی هونەری کوردیە، لە ئاستێکیتردا و لە درێژەدا هونەری کوردی دارێژەری فۆرمێکی پوختەتری مرۆڤی کوردیە، واتە سەیروورەت و بەردەوامی بەرهەمهاتنەوەی مرۆڤی کوردی دەڕەخسێنێت. کەواتە دەشێ بگوترێ کە هونەری کوردی خوڵقێنەرە، داهێنەرە، دارێژەرە و ڕێکخەڕە. تاکی کورد دەخوڵقێنێت، زەینی کوردی دادەهێنێت، کلتووری کوردی دادەڕێژێت و تاکی کورد و ژینگەی کوردی ڕێکدەخات.

هونەری کوردانە

هونەری کوردی ژێرخانە و بەرهەمهێنی تاکی کوردە، واتە فۆرماسیونی وێنایی، فامی و تێگەیشتووی تاکی کوردی دادەڕێژێت، لەئاستێکی بانتر تاکی کورد کە دەکەوێتە ژێر هەڕەشە و مەترسی داگیرکران، داپڵۆسان، تواندنەوە و لەناوچوون، پێویستی بە چەکێکی ناوەرۆکی هەیە بۆ بەربەرەکانی، بۆ پشکواندنی هەستی دەروەست بوون بە جیهانێک و بەرپرسیار بوون لەحاند ئەم جیهانە، ڕێک لێرەدایە کە ئەم هونەرەی تاکی کوردی خوڵقاندوە دەبێتە ئەم پاڵنەرە بۆ بەرخۆدان. لێرەدایە هونەر ڕەنگی نەتەوەیی بەخۆوە دەگرێت، ڕەنگی شۆڕشو ڕاسان بەخۆوە دەگرێت، دەبێتە پاڵنەر و بەرهەمهێنی شۆڕش. هەستی شۆڕش دەخرۆشێنێت، هەستی شۆڕش دەپشکوێنێت و ئەم هەست و خرۆشە لە هێڵەگی عەقڵ و زەینی کوردی دەدات و زەینی شۆڕشی کوردانە دەخوڵقێنێت. شۆڕشەکان بەر لە گوتار و ئەندێشە پێویستیان بە هونەری شۆڕشگێرانە هەیە، هونەرێکی ڕەسەن و لۆکاڵی، وەک هاندەر و پاڵنەر، ڕێکخەڕ و گرداری تاک، ئینجا ئەندێشە و گوتاری شۆڕش دەخوڵقێت، گوتار و ئەندێشەیەکی ڕەسەن و لۆکاڵی. هونەری کوردانە زایەڵەی زەروورەتی قەیرانی نەتەوەیی کۆمەڵگای کوردیە، هەر ئەو چەمک و دەستەواژانەی لەبەستێنی تایبەتی خۆیدا مانا و وێنای نوێ بەخۆوە دەگرن. عەشق، گوڵ، درک، کوێستان، شاخ، بەندەن، لالە، مێلاقە، ڕۆبار، نازدارحەیران، هەتیو حەیران لە چەمک و دەستەواژە عاشقانەکانی ناو هوونەری کوردیڕا هەڵدەفڕن بۆ ناو عەشقی نیشتمان لەناو هونەری کوردانەڕا، نازادرحەیران ئەو کیژە ڕەزا سووکەیە کە هەتیو حەیرانەکەی دڵێکی لەگرەوی عەشقی نیشتمان دایەو دڵێکی لەگروی خەجو خاتووزینداا، لالە و مێلاقە هەم هێمای عەشقێکی کوردانە، شەڕافەتمەندانە، وەفادارانەو پاکە، هەمیش هێمای شەهیدێکی لەخوێنگەوزاو و بەمراد نەگیشتوو.

هونەری تێگەیەنەر و بەرگر

هونەری کوردی هونەری تێگەیەنەرە، تێگەیشتن بەمەبەستی بەرگرتن بە بێگانە بوونی مرۆڤ. بەباوەڕی هێگل بێگانە بوون بە مانای تێنەگەیشتن لەو واقعیەتەیە کە هیچشتێک جگە لە زەین بوونی نیە، واتە کە تۆ لەزەین نەگەیشتی خاوەنی زەین نی و کە نەبویە خاوەن زەین تۆ لەخۆبێگانەی و بوونێکی سەربەخۆ و کۆمەڵگایەکی سەربەخۆ و نەتەوەیەکی سەربەخۆ نی و دەبی بە کۆیلەی ئەو زەینانەی کە داتدەڕێژن. کەوابێ هونەر کوردی و کوردانە تێگەیەنەرن لە سوژە بوون وەک تاک و سووژە بوون وەک نەتەوە، هێگل لەنێوان تێگەیشتن و زەین پێوەندیێکی نزیک دەبینێت، لەڕێی تێگەیشتن مرۆڤ لەبوونی زەین ئاگا دەبێت. کەوابێ هونەری کوردی و کوردانە سەرەتا لە مرۆڤ بوونت وەک کورد ئاگا دەکات لەڕێی ئاگا بوون بە بوونی زەینێکی کوردی و لە ئاستێکی بانتر لە نەتەوە بوونت و شووناسی کوردانەت ئاگا دەکات دەکات لەڕێی ئاگا بوون بە بوونی زەینێکی نەتەوەیی بەرهەم هاتوو لە ئاگایی ئەو تاکانەی کە خۆیان لە کورد بوون هاوتەریب و هاوشێوەی تۆ دەزانن و دەبینن.

لێرەدا هەم ئەرکی گرداری دەگێڕێت، واتە تاکی کورد وەک سوژە لێک کۆدەکاتەوە و نەتەوەی کورد بنیاد دەنێت، هەمیش بەرگرە لە کۆیلەگرتنی کورد وەک نەتەوە لەڕێی ئاگا بوون بە زەینی نەتەوەیی کوردی.

سەرچاوە: هونەری کوردی، هونەری کوردانە (ئانتۆلۆژی هونەری کوردی) – ماڵپەڕی فەرمیی مامڵێ (mamle.net)

٨ی دێسەمبەری ٢٠٢٣

ڕۆژهەڵاتی کوردستان: شۆڕش یان ڕێفۆرم؟

زۆر دەمێکە دەمەقاڵە و دەم تەقەی دوو بەرە و دوو لایەنی لایەنگری شۆڕش و ڕێفۆرم لە ساحەی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستی پێکردوە، هەر کام لەم دوو لایەنە لەڕێی پشت بەستن بە فاکت و دیاردەگەلێک و بەخستنەڕووی وێنا و نموونەگەلێکی سەرکەوتوو، حەولی سەلماندن، مسۆگەرکردن و چەسپاندنی ڕەوایی، ڕەهایی و دروستی بۆچوون و ڕوانگەی خۆیان دەدەن. شۆڕش و شۆڕشگێڕی زۆر دەمێکە وەک بەها و کردەوە بۆ سەپاندنی خواستی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کلتووری لە ڕۆژهەڵاتی هێژمۆنی هەیە و لایەنگرانی تایبەتی خۆی لەگەڵدایە. ڕێفۆرم و ڕێفۆرمخوازی مێژوویەکی زۆر کۆنی نیە و ڕەنگە بەکۆنکرێتی و تۆکمەیی بشێ بگەڕێندرێتەوە بۆ دەرکەوتنی ڕێفۆرمخوازی لەپاش دووی جۆزەردانی ١٣٧٦ لە ئێران، هەرچەند هێندێک لە دیاردە و تایبەتمەندێکانی ڕێفۆرمخوازی بۆ بڕێک دواتریش ڕەنگە بەگەڕێتەوە، بەڵام وەک ڕەوتێکی خاوەن پێکهاتە و دیاردەیەکی کۆنکرێت بۆ دووی جۆزەردان دەگەڕێتەوە.

شۆڕش یان ڕێفۆرم؟

ئەساسەن پرسیار کردن لەمە کە شۆڕش گونجاوترە یان ڕێفۆرم، شۆڕش ئاکامی هەیە یان ڕێفۆرم؟ لەناوەرۆکی خۆیدا پرسیارێکی هەڵەیە. ئەم هەڵەیەش لەم ڕووە سەرچاوە دەگرێت، کە شۆڕش یان ڕێفۆرم لەجیات ئەوەکە وەک شێواز، فۆرمی کردوە یان ئەکت لەبەر چاو بگیرێت، وەک ناوەرۆک، بەها وحەقیقەتی ڕەها چاوی لێدەکرێت. دەبێتە ئامانج، ڕەوایی و ڕەهایی وەک حەقیقەتێک گەوهەری پەیدا دەکات، نەگۆڕ و ئەبەدی وەردەگیرێت.

ئەوەی لۆژیکی بێت ڕ شۆڕش و ڕ ڕێفۆرم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هیچکات نەبوونەتە ناوەرۆک و تەنیا لەفۆرمی کردەوەدا ماونەتەوە و وەک دیاردەیەکی ئۆبژێکتیڤ مسۆگەر بوون، لەڕاستیدا هێژمۆنی کلتووری لێنینیستی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئۆبژێکتیڤیسمی وەک دیاردە، چوارچێوە و ڕوانگە بۆ شرۆڤە، ئەکت و کردەوە چەسپاندوە، هەربۆیەش گەڵاڵە و بەرنامەکان بۆ ئالۆگۆڕی کۆمەڵایەتی، سیاسی و کلتووری بەرلەوەکە پرۆسە بن وەک پرۆژە خراونەتە ڕوو، کەوابێ دەشی بگوترێ کە ئەوەی لەساحەی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕ وەک شرۆڤە، ڕ وەک خواست و ڕ وەک حەقیقەت بوونی هەیە لەناو سێکووچکەی کلتووری لێنینیستی، ئۆبژێکتیڤم و پرۆژەتەوەرەییدا پێگەیشتوە و پەروەردەکراوە و بڵاو کراوەتەوە.

شۆڕش کەی؟ لەکوێ؟ چلۆن؟

ڕەنگە لە مێژووی بوونی حکوومەت و دەسەڵاتداریێتیدا هەر لەکۆنەوە هەتا ئەمڕۆکە لەڕادەبەدر شۆڕش دەرکەوتوە و سەرهەڵدابێت، بەڵام تەنیا دەگەمەن شۆڕش گەلێک بوونەتە هۆی پێشکەوت، پێگەیشتن و ئازادی کە بریتین لە:

١- شۆڕشی ئەمریکا ١٧٦٥ تا ١٧٨٣

پەرەی ئەندێشەی لیبرالی و بۆرژوازی لە ئەمریکا کە بەرهەمی تێگەیستنێکی ڕووناکبیرانە لە ئەندێشەی لیبڕاڵی بوو، لەکاتێکا لە ئەوروپا دەسەڵاتە ئۆلیگارشیکەکان پەرەیان ئەستاندبوو، لە ئەمریکا شۆڕشگێرەکان خوازیاری حکوومەتی کۆماری و دێمۆکراتیک بوون.

٢- شۆڕشی فەڕانسە ١٧٨٩ تا ١٧٩٩

پەرەی ئەندێشە لیبڕاڵی لە فەرانسا و لاوابوونی بەردەوامی فێئۆدالیزم و ئەشرافەکان لە فەڕانسا کە هاوکات بوو لەگەڵ هەرچی لاوازتر بوونی هێژمۆنی ئایین، بەستێنەکانی پەرەی زیاتری بۆرژوازی، چینی مامناوەندی و لەئاکامدا ئازادیخوازی، لیبرالیسم و سیکۆلاریسمی لێکەوتەوە.

٣- شۆڕشی کۆریای باشوور ١٩٨٧

شۆڕشێک کە لە ١٠ هەتا ٢٩ ژوئەن دەسەڵاتی دیکتاتۆڕی کۆریای باشووری وادار بە ڕێفۆڕم گەلێکی دیمۆکراتیک کرد. پەرەئەستاندووی بۆرژوازی، چینی مامناوەندی و ڕووناکبیری لە کۆریا هۆکارگەلێکی گرینگ بوون کە مەجالی مسۆگەر بوونی بە دیکتاتۆرییەت لە کۆریای باشوور نەدا.

ئەمانەی کە وەک نموونە باسیان لێوەکراو و ڕەنگە بشێت نموونەگەلێکی تری هاوشێوەش باسی لێوەبکرێت وەک شۆڕش لە کۆمەڵگا گەلێکدا سەریان هەڵداوە و سەرکەوتوون کە بەستێنە نەزەرێکانی ئەم شۆڕشانە وەک مۆدێڕنیتە بەمانای ئەندێشەی شەرعییەتی مرۆڤی سەربەخۆ و سوبژە تیا مسۆگەر بوە، مرۆڤ وەک بکەرێکی سەربەخۆی خاوەن شەرعییەتی سەربەخۆیی لەهەناوی تاک و کۆمەڵگا مسۆگەر بوە، کۆمەڵگای مەدەنی پەرەی ئەستاندوە و چینی مامناوەندی لەلایەک وەک

بـاڵی ئـابووری و چینـی ڕووناکبیری و ئاکادیمیـک وەک بـاڵی هـزری و نەزەری بە یەکگرتـووی و یەکپـارچەیی گەیشـتوون و ڕیبەڕی شۆڕشیان بەدستەوە گرتوە، لەپاش شۆڕشیش ئەڵتێرناتیڤ لە کانـاڵی مرۆڤی سوبژە و کۆمەڵگای مەدەنیرا دەرکەوتـوە و بەم شـێوەیە ئـازادی و دێمۆکراسـی پەرەی ئەسـتاندوە. واتە سوبژێکتیڤیسـم وەک بنەمـا و تـاییبەتمەدنی شـۆڕش لەو کۆمەڵگایانەدا مسۆگەر بوە، ئینجا سۆڕش هەڵگیرساوە و سەرکەوتوە.

ڕێفۆرم کەی؟ لەکوێ؟ چلۆن؟

ڕێفـۆرم وەک شـێوازێک بـۆ مسـۆگەرکردنی خواسـتگەلێکی سیاسـی، کـۆمەڵایەتی، پیشـەیی یـان ئـابووری لەهەنـاوی دەسـەڵاتگەلێکی دیمۆکراتیـکدا بەمەبەستی پەرەی زیـاتری دیمۆکراسـی یـان ئـاڵوگۆڕی گەلێکـی پێوسـیتی زەمـانی و بەڕۆژ بوونەوە لەهێندێک بـواردا ڕەچـاو دەکرێت، ڕێفـۆرم لەڕاستیدا تەنیـا بەمەبەستی هێندێک ئـاڵوگۆڕی ڕواڵەتـی فۆرمالیسـتی ڕەچاو دەکرێت.

ڕەنگە مارتین لووتێر بشێ بە مانای ڕاستەقینەی وشە وەک یەکم ڕێفۆرمیست کە لەخـۆگری تـایبەتمەنـدێکان ڕێفۆرمخـوازیە پێناسە بکرێت. لەباری هزر و ئەندێشەی سیاسی ئەوەیکە وەک گرینگـترین ڕێفۆرمیست باسی لێوەدەکرێت، ڕەنگە بێڕنشتاین بێت کە بەو `قەنـاعەتە گەیشـت مسـۆگەرکردنی مـاف و خواسـتەکانی پڕۆڵتاریـا لەنـاو کۆمەڵگـایەکی دێمۆکراتیـکدا دەشی لەڕیی بەشداری مسۆگەر و چالاکانەی پڕۆڵتاریا لە نەزمی مەوجوودی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریدا دەستەبەر بێت.

ئەمەی تا ئێر باسی لێوە کراوە وەک شۆڕش و ڕێفۆرم و سەرکەوتنی ئەم دوو ڕاوانگەیەو سەرکەوتنەکانیان دەشێ بگـوترێ، هەر دووکـی ئەم ڕوانگـانە لە کۆمەڵگـا گەلێـکدا سـەرکەوتوون و ئاکامیـان دەسـت کەوتـوە کە بنەمـا نەزەرێکـانی وەک شەرعییەتی تاک وەک سوژە، کۆمەڵگای مەدەنی پەرەئەستاندوو، چینی مامناوەندی پێگەیشتوو، ڕەوتی ڕووناکبیری بەهێز و سەربەخۆ، بۆرژوازی و ئاباووری پێشکەوتوویان تیا هەبوە، بەڵام ئەوەکە کـامە ئایـدە ڕەچـاو بکرێت دەگەڕێتەوە بـۆ ڕێژەی ڕادیکـاڵ بـوونی ئیسـتبداد، پـاوانخوازێتی و دیکتـاتۆرییەتی دەسـەڵات، بەجـۆرێ کە بە هەر ڕێژێـک دەسـەڵات داخراوتـر، ڕادیکـاڵتر و شـیلگیرتر بێت بـۆ دەوامـی دەسـەڵات و سـەرەڕۆییەکی ئەوا مەجـاڵی دەرکەوتنـی شـۆڕش ئامـادەتر و ڕێفـۆرم لاوازترە.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان شۆڕش یان ڕێفۆرم؟

ئەم پرسیارە بەبێ لەبەرچاوگرتنی ژێرخانە نەزەری، کۆمەڵایەتی و کلتووریکانی لەمەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک سەرتا و دەسپێکی ئەکتی سیاسی دەشێ هەڵە بێت. تـا بەر لە دەرکەوتنـی ئەم پرسیارە پێویسـتە ژێرخـانە نەزەری تاکێکـان و

کۆمەڵایەتێکان بنیاد بندرێن وەک فۆنداسیون و ژێرخان، ئینجا پرسیارگەلێکی لەم دەستە دەکرێ وەک ڕووخان بێنە ئاراوە. ئەوەی ڕاستی بێت، شۆڕش لەغیابی سوژەی مۆدێرن، کۆمەڵگای مەدەنی و چینی مامناوەندی وەک پێشەنگ و ڕێبەڕ، وەک فۆرم و شیوازێکی ئەکتی سیاسی بەهیچ شێوەیەک لە هەناوی مێنتالیتە، عەقڵی سیاسی و زەینی کوردی لە کوردستان نەهاتۆتە دەر، شۆڕش وەک کلتوورسیاسی و عەقڵی سیاسی بەم دیاردانەی باسیان لێوەکرا مێترۆپۆلەکەی سۆڤییەتە و داهێنەرەکەی لێنینە، ئەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات بەتایبەتی و لەهەرچوارپارچە بەگشتی ڕەچاوی کردوە، لاساییەکی ڕواڵەتی و فۆرمالیستانەی شۆڕشی ڕووسی و ئۆرتۆدۆکسیە، واتە لە ڕۆژهەڵات لەغیابی زەینێکی کوردانە، سوبژەی کوردی، چنێکی ڕووناکبیری پێشەنگ و داهێنەری هزر و دیسکۆرسێکی کوردستانی، کۆمەڵگایەکی مەدەنی بەهێز، لاسایی کلتووەری سیاسی ڕووسی کراوەتەوە دەست بۆ چەک براوە(لێرەدا مەبەست قەزاوەتی ئەرزشی و نەکۆڵی کردن لە شۆڕش وەک شێوەیەک ئەکتی سیاسی نیە).

لەپاش دوو جۆزەردان دەرکەوتنی شێوەیەک ئەکتی سیاسی لە تاران بەناوی ڕێفۆرمخوازی، بەمەبەستی پاراستنی هاوکاتی هێژمۆنی ئێرانیستی، شیعیسم و بااڵدەستی نەتەوەی فارس و بەگستی پینەوپەڕۆی دەسەاڵتی کۆماری ئیسالمی بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی ئەم دەسەاڵتە و شەرعییەت وەرگرتنەوەی کۆمەاڵیەتی بۆ کۆماری ئیسالمی بۆ جارێکیتر، لە ڕۆژهەاڵتی کوردستانیش دیاردەیەک بەناوی ڕێفۆرمخوازانی کورد دەرکەوت، کێشەی سەرەکی ئەمەیە کە ئەم دیاردەیە کوردی و کوردستانی نیە، بەهۆی ئەوەکە مێترۆپۆلی نەزەری و مەعریفێکەی تارانە، کوردی وەک سوبژە و بکەری سەربەخۆ قبوڵ نیە و وەک کەرەسە بۆ شەرعییەتی بااڵدەستی خۆی کوردی بەخزمەت گرتوە. بەاڵم لەهەمان حاڵیشدا ڕێفۆرمخوازی نیە، چوون نە ڕێکخەرانی، نە ڕێبەڕان و پێشەنگەکانی ئەم پێکهاتانە نین کە لە مێترۆپۆلی ڕێفۆرمخوازی واتە ڕۆژئاوا وەک ڕێکخەر، ڕێبەڕ و پێشەنگ دەرکەوتوون، دیارە ئامانجیشیان ڕیفۆرم لە دیاردەگەلێک و پێکهاتەگەلێکی سیاسی بۆ خزمەت بە تاک وەک سوژە و پەرەی کۆمەڵگای مەدەنی و ڕووناکبیری بەهێز نیە، بەڵکە ئەوان هێڵێک بۆ هەموو ئەوانە دیاری دەکەن، ئەمیش دەوامی هێژمۆنی فارسی، شیعیسم و کۆماری ئیسالمی وەک دەسەاڵتی هێژمۆن و مەشرووعە. کەوابێ دەشێ بگوترێ کە لەغیابی تاکی سوبژە، کۆمەڵگای مەدەنی بەهێز، چینی مامناوەندی، ڕووناکبیری بەهێز و پەرەئەستاندوو هیچ دیاردەیەک وەک ڕێفۆرمخوازی ناتوانێ بوونی هەبێت و سەرکەوتن وەدەست بێنێت.

ئا لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە: ئەدی چی؟ چی بکرێت؟ بەچ شیوازێک بەگژ دەسەاڵتی کۆماری ئیسالمیدا بچینەوە و شوێن مافی نەتەوەییمان بکەوین؟

کورد دەتوانێ ڕەچاوی شۆڕشی ئۆکتۆبری ڕووسیا بکات، یان شۆڕشی کووبا، یانی شۆڕشی گەالنی ئێران بەدژ ڕژێمی پاشایەتی، یان ئەوەیکە ڕەچاوی شۆڕشی فەڕانسا، ئەمریکا، ئیسپانیا دژ بە دەسەاڵتی فڕانکۆ یان کۆریای باشوور بکات،

بەڵام چما لە پێشکەوت، ئازادی، پەرەئەستاندووی، سەربەستی و دیموکراسی دەگەڕێت پێویستە ڕەچاوی شۆڕشەکانی فەڕانسا، ئەمریکا، ئیسپانیا و کۆریای باشوور بکات، سەرەتا ئالۆگۆڕی لە کلتووری نەریتی تاک و کۆمەڵگادا بەدی بێت فۆندامێنتالیزم وەک کلتوور و دەلاقەیەک بۆ ڕوانین و شرۆڤە دابخرێت، کلتووری مۆدێرن و شەرعییەتی تاکی ئازاد، باوەڕ بە سەربەخۆیی تاک، بەرابەری و عەدالەت وەک بەشێک لەزەینی کوردی پەرە بستێنێت، سێکۆلاریزم ببێتە بنەمای عەقڵ و نەریتی سیاسی تاک و کۆمەڵگا، ڕووناکبیری ئازاد، ئازا و خاوەن ئەندێشەی کوردانە پەرەبستێنێت، ئالۆگۆڕی بە پرۆسە سەیر بکرێت نەک پڕۆژە، هەرکاتێ ئەمانە وەک بەستێن مسۆگەر بوون و دەرکەوتن دەکرێ باس لە شێوازی شۆڕش یان ڕێفۆرم بکرێت. چما ئەم دیاردانە دەرکەوتن و مسۆگەر بوون،

کورد وەک نەتەوەیەکی یەکگرتوو و یەکدەنگ دەرکەوت، بە لەبەرچاو گرتنی ڕادیکالیسم لەڕادەبەدەری فۆندامێنتالیسمی ئایینی لە ناو بازنەی دەسەڵات لەئێران کە مەجالی هیچ جموجۆڵ و چالاکیەکی مەدەنی نادات، بەباوەڕی نووسەری ئەم دێرانە شۆڕش وەک شیوازێکی مەشرووع پێویستە ڕەچاو بکرێت.

٢٢ی ئاگۆستی ٢٠٢٤

کوردایەتی لەگوێن سوبژێکتیڤیسمی مێتافیزیکی

بێ گومان هیچ چەمک و داهێنانێک هێندی داهێنانی چەمکی "سوژە" لەلایەن دێکارتەوە خزمەتی بە داماڵینی ئایین وەک حەقیقەتی ڕەها، مسۆگەر و بێخەوش لەژیانی مرۆڤدا نەکردبێت. چەخماخەی سوبژێکتیسمی دێکارتیش بێگومان لەلایەن تێزەکانی لوتێرەوە لێدرا، کاتێک شەرعییەتی نێوندگیری کلیسای لەنێوان مرۆڤ و خوادا سڕیوە و شەرعییەتی توانایی مرۆڤەکان بۆ شرۆڤەی دەقە ئایینێکانی بەفەرمی ناسی، لەڕاستیدا لوتێر ئیرادە و توانایی مرۆڤی بۆ خواناسی داهێنا و دێکارتیش توانایی و ئیرادەی مرۆڤی بۆ خۆناسین و پێناسەکردنی جیهانی دەرەوەی بەفەرمی ناسی، وێکچووی هەر دووکیان تەوەرە بوونی مرۆڤ و تواناییەکانی مرۆڤ بوو، بەم شێوەیە مرۆڤ وەک تەوەرە گەڕایەوە ناو کایەی ژیان و جیهان.

سوبژێکتیڤیسمی مێتافیزیکی

مێتافیزیک لە دووبەشی مێتای لاتینی بەمانای "بان"، "پاش" و "دوای" و فیزیک بەمانای سرووشت و دۆخی سرووشتی پێکهاتوە، لەڕاستیدا بەشێکی بنەڕەتی لە فەلسەفەیە. گەلاڵەکانی سیستمی مێتافیزیکی بەگشتی لەدەوری فەلسەفەی نەزەری بەمانای شرۆڤەی بنەماکان، پێشمەرجەکان، هۆکارەکان و یاسا گشتێکانی پێوەندیدا بە حەقیقەت و ڕاستەقینەدا دەگەڕێت لە ئەندێشەی دێکارتدا مێتافیزیک فەلسەفەی ناسینە(ئێپیستمۆلۆژی یان مەعریفەتناسی)، کانیتش مێتافیزیک بە ناسکار(فاعیلیشناسا) هەڵدەسەنگێنێت و وەک زانستی مرۆیی(بەرهەمی توانایی عەقڵی مرۆڤ) بۆ گەیشتن بە فام و ناسینی دیاردەگرینگەکانی وەک مرۆڤ، خوا و... هتد پێناسەی دەکات. بە کورتی دەشێ بگوترێ کە مێتافیزیک بەپێچەوانەی فیزیک کە زانستی ماتریالە، ئەوا پێوەندی بە هزر، ئەندێشە، فام و ئاگایی هەیە و شرۆڤەی دیاردە بان ماتریالێکان دەکات.

سوبژێکتیڤیسم چەمکێکی پێوەندیدار بە فەلسەفەی مۆدێرنە کە بۆ چینبەندی هەڵوێستگەلێک کەڵکی لێوەردەگیرێت کە بەباوەڕی ئەوان تێگەیشتن، ناسین و کردە بنەمای زەینی هەیە، واتە هۆکارەکانی ڕاستەقینەی پاساوی کردە و کردەوە لە ئەندێشە و زەینڕا سەرچاوە دەگرن. سوبژێکتیڤیسم وەک پارادایم و ئەندێشە لەڕاستیدا لەسەر ئەو باوەڕەیە کە تاک، ئاگایی و تێگەیشتووی تاک محەکەی هەموو زانست و ناسینێکە، واتە تێگەیشتنی تاک و خواستەکانی تاک دیاریکەر و دەرخەری واقعییەتە. بەکورتی دەشێ بگوترێ کە سوبژێکتیڤیسم لەسەر ئەو باوەڕەیە کە سوژەی زانا واتە مرۆڤ وەک ناسکار پێویستی هەموو زانستێکە.

کوردایەتی

لەگەڵ ئەوەدا چەمکی کوردایەتی، کوردبوون و دەستەواژەکانی پێوەندیدار بەم چەمکە بەردەوام لەڕاوێژی ڕۆژانە و نووسراوەکاندا کەڵکیان لێوەردەگیرێت، بەڵام هەتا ئێستاش تایبەتمەندێ نەزەری و زەینێکان، چوارچێوەی مەغریفی و ئاماژە فەلسەفێکانی ئەم چەمکە بە ناڕوونی، دیاری نەکراوی و ئێڵی ماونەوە، بۆیەش لەڕێی کەڵک وەرگرتن لە دوو چەمکی فەلسەفی "سوبژێکتیڤیسم" و "مێتافیزیک" حەول دەدرێت بە کورتی ئەم گۆشە تاریک و نادیارەی کوردایەتی ڕوون بکرێتەوە.

کوردایەتی وەک چەمکێک بۆ پێناسەکردنی سنوورەکانی هەست، خواست، تایبەتمەدنی و چییەتی نەتوەخوازی کوردی بەر لەوەکە لەخۆگری ڕواڵەتەکان و دیاردە ئۆبژێکتیڤەکان بێت، پێویستە لەخۆگر و هەڵگری تایبەتمەدنی و جیهانێکی نەزەری بێت، تا بە پشت بەستن بەو دیاردە ئۆبژێکتیڤ و ڕواڵەتێکان شرۆڤە بکرێن، پاساو بکرێن و شەرعییەتیان پێ بدرێت.
کوردایەتی وەک سوبژێکتیڤیسمی مێتافیزیکی، پارادایمێکی نەزەریە لەسەر ئەساسی شەرعییەتی عەقڵی تاک و مرۆڤی کورد وەک بەشێک لە کۆی گشتی مرۆڤەکانی ئەم جیهانە کە توانایی پێناسەکردن، خۆدەرخستن، خۆ شووناس بەخشی و خۆدارشتنی هەیە، ئاماژەیەکە بە شەرعییەتی ئیرادەی مرۆڤ و تاکێکی ئازادی بااڵغ کە بەبێ پێویستی بە ناوبژیوان و نێونجیکەر توانای بوونی هەیە. کوردایەتی وەک پێکهاتە و بینایەکی نەزەری، زەینی مەعریفی لەخۆگری ئەم توخمانەیە: ئازادی، بەرابەری، عەدالەت، سەربەخۆیی، مرۆڤایەتی.

کوردایەتی لەگوێن سوبژێکتیڤیسمی میتافیزیکی بەردەوام کەوتۆتە بەر هێرشی پان ئێرانیسم و پان شیعیسم. پان ئێرانیستەکان بە بیانوی ئەوەکە کوردایەتی دژی وجوودی ئێرانیە، لە وجوودی ئێرانی غافڵە و نابەئاگا لە وجودی ئێرانیە و پان شیعەکان بەبیانووی ئەوەکە کوردایەتی گەورەترین بەربەستە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی تاکی کورد لەگەڵ وجوودی ئایینی و هزری ئایینی. لەڕاستیدا هەمووی ئەم ڕەخنانە ڕاستن بەهۆی ئەوەکە کوردایەتی لەگوێن باوەڕ بە نەتەوەیەکی پێکهاتوو لە مرۆڤی ناسکار و سوژەی کوردی کە بەڕایەڵی زەینی کوردی و مینتالیتەی کوردی لە نەتەوەی کوردیدفا لێکگرێدراونەوە، بەربەست و لەمپەرێکە بۆ ئیستحمار و کۆیلەکردین تاکی کوردی، ڕێگا و ناسۆیەکی بۆ سەربەخۆیی و سەربەستی، کوردایەتی جیهانێکی نەزەری و مەعریفی بان ئایینی و ئایدۆلۆژیکیە بەمەبەستی فام بە شووناسی هاوبەشکردن، تێگەیشتن لە وێکچووە هزری و ڕواڵەتێکانی سوژەی کوردی.

۱۹ی ئاگۆستی ۲۰۲٤

فێنۆمێنۆلۆژیی شێعری کوردی و کوردایەتی لە شێعردا

زۆر دەمێک بوو لام وابوو کە شێعری کوردی زۆر بە کورتی بە مانای نووسینی شێعر بە زمانی کوردی و کوردایەتیش دەرخستنی دیاردەی سیاسیی باو لە کوردستان لەنێو شێعردایە، واتە ئەوەیکە شاعیرێک شێعر بکاتە بەستێنی دەرخستنی دەرکەوتەی نەتەوەیی ئەمە دەبێتە کوردایەتی لە شێعردا.

بەڵام ئێستا ڕوانگەم جیاوازە و گۆڕاوە، بەهۆی ئەوەکە ئێستاکە لەمە تێگەیشتووم کە زمان تەنیا دیاردەیەکی ئۆبژێکتیڤ و ڕواڵەتی لە پیتەکان، وشەکان و ڕستەکان نییە، واتە پێکهاتەیەکی ڕواڵەتی لە پیتەکان کە وشە پێک دێنن و لە وشەکان کە ڕستە پێک دێنن نییە، بەڵکوو زمان زایەڵەی جیهانێکی زەینی، ڕوانگەیەکی مەعریفیی دەروونی مرۆڤەکانە، واتە بەر لەوەیکە زمان بە شێوەی دیاردەی ڕواڵەتیی وشە و ڕستە یان فۆڕمی فۆنێتیکس (دەنگدارێتی) بێت، زمان زەین، ئەندێشە و مێنتالیتەیە، واتە نەخشەڕێگایەکی زەینی بۆ پیناسەکردنی "خود"، "ئەوی‌تر" و جیهان، سنووربەندییەکی زەینی و دەروونییە کە سنووربەندیی ڕواڵەتی و جیهانی دەرەوەی مرۆڤ دیاری دەکات.

بە کورتی دەشێ بگوترێت کە زمان بەر لەوەیکە فۆڕمی ڕواڵەتی وشە و ڕستەکان بێت بە مانای توانایی زەینی و دەروونیی مرۆڤە. بۆیەش زمان ئەگەر لە فۆڕمی ڕواڵەتیدا لەخۆگری تایبەتمەندیی گشتگیری جیهانییە، بۆ وێنە ئەگەر "بکەر"، "بەرکار"، "ئاوەڵناو" و "قێعل" وەک بەشێک لە ڕێزمان لە هەموو زمانەکاندا تایبەتمەندیی هاوبەشیان هەیە و گشتگیرن، ئەوا زمان بە مانای توانایی زەینی دیاردەیەکی تاکی و کۆمەڵایەتیی تایبەتی هەر کۆمەڵگەیەکە.

واتە دەشێ بگوترێت کە زمان لەم ئاستەدا دیاردەیەکی سوبژێکتیڤە، لەخۆگری جیهان و ساحەیەکی زەینیی تایبەتی تاک و کۆمەڵگەیەکە کە لەگەڵ تاکی کۆمەڵگەکانی تر دەشێ جیاواز بێت، لەلایەک مۆرکی ژینگەی کولتووری و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی خۆی پێوە دیار بێت و لەلایەکی ترەوە زایەڵەی زەمانی خۆی بێت، بە جۆرێک کە لەڕووی زمان هەم ڕەهەندی کۆمەڵایەتی بناسرێتەوە و هەمیش لەڕووی زمان کات بشێ بناسرێتەوە، زۆر بەکورتی زمان دەشێ لەخۆگری ئێستا و ئێرە بێت.

ئا لێرەڕایە کە من پێموایە هەرچی بە کوردی نووسراوە لە ساحەی شێعردا ناچێتە نێو خانەی شێعری کوردی، بەهۆی ئەوەیکە "کوردی" وەک ئاوەڵناو ناکرێت دابەزێندرێتە ئاستی جوغرافیا، بەڵکوو کوردی لێرە ئاماژەیەکی ڕادیکاڵە بۆ جیهانی زەینی، ئەندێشە و مێنتالیتەیەک کە خاوەنی سنووربەندییە لەگەڵ مرۆڤی کۆمەڵگەکانی تر، کوردی دەشی بگوترێت کە

زایەڵەی ژینگەی کولتووری، کۆمەڵایەتی و مەعریفیی تایبەتی کوردستانە کە نە فارسییە، نە عەرەبییە و نە تورکییە، کەواتە بەشێکی زۆری ئەم شێعرانەی کە ئەگەرچی بە زمانی کوردین بەڵام ناوەرۆکی ئایینی، عیرفانی، چەپی و بەکورتی هەڵگری زەینی ناکوردستانی بەمانای هاوردەیی و دەرەوەی کوردستانین ناشێ وەک شێعری کوردی پێناسە بکرێن، واتە ئەم شێعرانە کە بەشێک لە ڕەوتی سوبژێکتیڤیسم و زایەڵەی ڕەوەندی دەرکەوتنی سووژەی کوردی بە مانای زایەڵەی ژینگەی کولتووری، کۆمەڵایەتی کوردستان وەک زەین لە زەمانی تایبەتدا نین ناشێ بە شێعری کوردی پێناسە بکرێن.

لە هەمان حاڵیشدا کوردایەتی لە شێعردا ناشێ وەک دیاردە و تایبەتمەندییەکی ئۆبژێکتیڤ واتە ڕواڵەتی لە شێعردا چاوی لێ بکرێت، واتە هەوڵ بۆ دروشمدان بە کوردی، دەرخستنی سۆز و سەمپاتیکردنی سیاسی لە شێعردا ناشێ وەک کوردایەتی لە شێعردا پێناسە بکرێت، بەڵکوو کوردایەتی لە شێعردا درێژە و تەواوکەری شێعری کوردییە، بە مانای هەوڵ و تێکۆشان بۆ پەرەی شێعری کوردی و هێژمۆنیی زەین، مێنتالیتە و ئەندێشەی کوردی وەک ڕەوتێک لە خزمەت دەرکەوتنی تاک و کۆمەڵگەی کوردی وەک سوبژە و داڕشتنی سنووربەندییەک بۆ پێشگرتن لە داگیرکاری و لە ناوەرۆکی کوردانە بەتاڵکردن لەلایەن ئەوی تری ناکوردستانییە.

زۆر بە کورتی دەتوانم بڵێم کە شێعری کوردی بە مانای ڕەنگدانەوەی ئاگایی و فامی کوردانە لە شێعردایە و کوردایەتیش لە شێعردا بە مانای هەوڵ و تێکۆشان بۆ پەرە و گشتگیرکردنی ئەم ئاگایی و فامە لە شێعردایە.

١٧ی ئاگۆستی ٢٠٢٤

ناوەندی مامليۆ، زایەڵەی نەتەوەخوازی مەدەنی.



پێشەکی:

هـوونەر لێکەوتەیەکـی گرینگـی مـرۆییە کە بـۆ کـارتێکەری لەسـەر هەسـت، زەیـن و دەروونـی مرۆڤەکـان بەرهەم دێـت. لیکەوتەیەکی مرۆیی کە زایەڵەی نەریت، بەها و نۆرمە کۆمەڵایەتی و کلتووریکانی کۆمەڵگای مرۆیی پێوە دیـارە، حەولێکی هەستەکی بۆ رازاندنەوەی هەموو ئەو فۆرمە کلتووری و کۆمەڵایەتیـانەی کە لێکگرێـدەرەوەی مرۆڤەکـانن لە نـاو کۆمەڵگـادا. حەولێکی کلتـووری بـۆ قـوڵتر و رادیکـاڵتر کردنـی پێوەنـدیّ مرۆییەکـان، ڕادیکـاڵتر کردنـی دەروەسـت بـوونی مرۆڤەکـان بە فۆرماسیونیکی میّتامرۆیی بە ناوی کۆمەڵگا و لەو بانتر بەنـاوی نەتەوە. کەوابـێ دەشـێ بگـوترێ کە هـوونەریش لە تەنیشت هەموو ئەو دیـاردە کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئـابووریـانەی کە نەتەوەسازن، ئەرکی نەتەوەسـازی لە سەرشـانە. لەڕاسـتیـدا دەشـێ بگوترێت کە هەر بەرهەمیکی هـونەری میـدیـا یـان ئـامرازێکی ڕاگەیەنەرە کە واقعی کۆمەڵگـا لەودا بە زمـانی هـونەری ڕەنـگ دەداتەوە.

کۆمەڵناسی هونەری کوردی:

کاکڵ و نـاوەرۆکی سەرکی کۆمەڵنـاسی هونەر شرۆڤە و لیکۆڵینەوە لە ئـاڵـوگۆڕی گەوهەری شێوازە هونەرێکان نیە، بەڵکە

گێڕانەوەی تێکهەڵچوونی گوتارەکانە لەمەر شووناس بەخشی بە هێندێک لە بەرهەمە هونەرێکان و درێغکردنی ئەو شوناسە لە هێندێکیتر لە بەرهەمە هونەرێکانە. ئەو تێکهەڵچوونە لەناو بەستێنێکدا بەناوی کۆمەڵگا ڕووێدەدات کە بەرهەم هێن و هەوێنی جیهانی هونەرییە کە لەودا دەرکەوتەیەک بەناوی هونەر و کەسێک بەناوی هونەرمەند دەخوڵقێت. لەڕاستیدا بەرهەمهێنانی هونەری و گەشەی کۆمەڵایەتی بەشیوەیەکی قۆڵ لێکئاڵاون. بێگومان تێگەیشتن لە بەرهەم هونەرێکان، خوڵقێنەرانی ئەوان و شرۆڤەی هونەر و هونەرمەند وەک دوو دەرکەوتەی جیهانی هونەری هەر کۆمەڵگایەک بەبێ ڕۆچوونی ڕادیکاڵ و قوڵ بەبەستێنەکانی کۆمەلایەتی ئەواندا مومکین نیە. بە قەولی "بوردیو": هونەر بەستێنیکە کە ڕوانگەیەک و بڕگەیەک لە جیهان، لەوڕا دەردەکەوێت.

هونەری کوردی دەرکەوتەیەکە کە لە بەستێنیکی کۆمەلایەتی تایبەتدا لەخۆگری دیاردەگەلێکی کلتووری، کۆمەلایەتی و سیاسی دەردەکەوێت. واتە هونەری ئەو کۆمەڵگایە لەسەر ئەساسی نۆرم، بەها و دیاردەگەلێکی ئەرزشی فۆرم دەگرێت و دەردەکەوێت. یەکێک لە بەهێزترین بەها کۆمەڵایەتێکانی کۆمەلگای کوردی "کوردایەتیە" کە بەرهەمی تێکهەڵچون و بەربەرەکانی لەگەل نەتەوەخوازی داگیرکەرە، لەوەها دۆخێکدا لە تەنیشت سیاسەت، ئەدەبیات، و هەموو دەرکەوتەکانی کۆمەلگا، هوونەر دەبێتە ئاوێنەی باڵانوێنی ئەو بەها هێژمۆنەی کۆمەلگای کوردی. لەوەها دۆخێکدا کوردایەتی بە مانای دەروەست بوون بە کۆگشتیەک لە نۆرم و بەها مرۆییەکانی کۆمەڵگای کوردی و هەستی پەیوەست بوونێکی مێژووی بە فۆرماسیونێکی مەعریفی و زەینی دەبێتە ناوەرۆکی هەستی و عاتیفی هونەری کوردی. ڕێک لێرەڕایە کە هونەرمەند هەم بەرهەمێکی کۆمەلایەتیە و هەم هۆکاری بەردەوامی کۆمەلگا و پەیوەست بوونی بەردەوامی تاک بە کۆمەلگایە. گۆرانی یەک لەو هونەرانەیە و ماملێش یەک لەو هونەرمەندانەیە کە دەبێتە ئاوێنەی باڵانوینی کۆمەڵگاکەی. لەڕاستیدا لەلایەک هەم هونەریی ماملێ و هەم ماملێ وەک هونەرمەند خۆی لە کۆمەلگا دادەبینێتەوە و لەلایەکیتریش هەم کۆمەڵگا خۆی لە هونەری ماملێدا و ماملێ وەک هونەرمەند دەبینێتەوە. بەو شیوەیە پیوەندی دیالێکتیکی هونەر و کۆمەلگا بەردەوام دەبێت و پەردەدستێنیت، بەواتایەکیتر هونەری دەروەست بە کۆمەلگا و کۆمەڵگای دەروەست بە هونەر(ماملێ کورد و کۆمەلگای کوردی) دەکەونە پێوەندیکی ڕادیکاڵ و قوڵ.

مەلبەندی هونەریی ماملێ

ئەرکناسی مەلبەندی هونەریی ماملێ:

ماملێ وەک هونەرمەند ئەوەی ئەرک و بەرپرسیارێتی بوو وەک کورد هەتا دواهەناسە لەسەری بەردەوام مایەوە، واتە هەتا دواهەناسە مەتەرێزی کوردایەتی چۆڵ نەکرد. ماملێ وەک قوتابخانەیەکی هونەری کوردی لەسەر ئەساسی دەروەست بوون بە

کوردایەتی و خزمەت بە پەرەی شوونااس و تێمای نەتەوەیی کورد بەرهەم هات. دیارە ئەو گەوهەرە پڕبایەخە بەخۆشیوە لەپاش کۆچی مامۆستا موحەممەدی ماملێ لە ناو جەغزی غیابی خولقێنەر و بەرهەم هێنەرەکەیدا قەیتس نەمایەوە و توانی هەموو سنوورە دەسکردەکانی داگیرکەر ببڕێت. لەپاش کۆچی مامۆستا موحەممەدی ماملێ، ئەندامانی بنەماڵە بە هەست بە بەرپرسیارەتی کردن و بۆ ڕۆشەنڕاگرتنی چرای ئەو کوردایەتی و بەرپرسیارێتیەی کە هەڵکرابوو، ناوەندی ماملێیان دامەزراند، دەشی بگوترێ کە ئەوە بۆ یەکەم جار بوو کە لەناو کۆمەڵگای کوردی لە ڕۆژهەڵات و بگرە لە هەر چوارپارچەی کوردستانیدا ڕەچە و ڕێگای هونەری هونەرمەندێک لە ناو ناوەند و فۆرماسیونێک لە دەرەوەی بازنەی ڕێکخراوەیی و حیزبیدا پەرەی پێبدرێت. فۆرمێک لە کوردایەتی کە ئامانجی دەسەڵات نیە، بەڵکە ڕێک کۆمەڵگایە و ڕەهەندی ئیجابیشی هەیە، واتە زایەڵەی دیاردە ئۆبژێکتیقەکان بە تەنیا نیە، بەڵکە زایەڵەی دیاردە سوبژێکتیڤەکانیشە، بۆیەش دەشێ بە ناسیونالیسمی مەدەنی پیناسە بکرێت. ئەو فۆرم لەناسیونالیسمە ئەگەرچی لێکەوتە و کارتێکەری سیاسی هەیە، بەڵام سیاسیش نیە، واتە ڕاستەوخۆ ئامانجی دەسەڵات نیە، بەڵکە ئامانجی تێگەیاندن و پێگەیاندنی کۆمەڵگایە. ناوەندی ماملێ لەڕاستیدا ئۆرگانی کۆمەڵگای مەدەنیە، کۆمەڵگای مەدەنی کوردی. کوردی چونکە پەرەپێدەری کوردایەتی و شوونااسی نەتەوەییە، مەدەنی چونکە لەدەرەوەی بازنەی ڕێکخراوەیی و حیزبیە. لەڕاستیدا ناوەندی ماملێ ڕێگانیشاندەری کوردایەتیە، بەڵام بە زمانی هونەر و لە فۆرمی هونەردا وریایی و ئاگایی کۆمەڵایەتی و کلتووری بە تاک و کۆمەڵگا دەبەخشیت. واتە ئەگەر حیزب و ریکخراوەی سیاسی، ئاگایی و وریایی سیاسی دەبەخشن، ئەوە ئۆرگانەکانی مەدەنی و یەک لەوان ناوەندی ماملێ وریایی و ئاگایی کلتووری و کۆمەڵایەتی دەبەخشیت کە دەوری تەواوکەری ئاگایی و وریایی سیاسی هەیە. بێگومان دەوری حیزب و ڕێکخراوە سیاسێکان لە بەستێنی سیاسی کۆمەڵگادا چەندە گرینگە بۆ پەرەی وریایی سیاسی و کلتووریی سیاسی دیمۆکراتیک و پێشگرتن بە پاوان کردنی دەسەڵات، دەوری ناوەندەکانی مەدەنیش ئەوەندە گرینگە بۆ پیش گرتن بە پاوان کردنی بەستێنەکانی مەدەنی لەلایەن دەسەڵاتەوە. واتە جوغرافیای مەدەنی کۆمەڵگا مەدەنی دێلێتەوە، مەجال بە دەسەڵاتی سیاسی نادات پێبکێشتە بەستێنی مەدەنی و توتالیتاریسم پەرە پێبدات.

بۆیە ناوەندی ماملێ دەتوانێ چرایەکی ڕێگانیشاندەر بێت بۆ هەموو ئەو بنەماڵانەی کەسایەتی و هەڵکەوتەیەکان لە خزمەت بە پەرەی وریایی نەتەوەیی لە بەستێنی هونەری، ئەدەبی، کۆمەڵایەتی و... هتد، هەنگاوی بە نرخی ناوە، حەول بدەن بەبنیادنانی مەڵبەند و ناوەندێکی مەدەنی، ڕێچکەی ئەو کەسایەتی و هەلکەوتانە دریژە پێبدەن و کۆمەڵگا شاهیدی سەرهەڵدانی مەڵبەندی ئەدەبی مامۆستا حەقیقی، مامۆستا هەژار، مامۆستا هێمن، مامۆستا جەعفەری قازی، مارفی ئاغایی، ژیلا حوسێنی، مامۆستاحەسەنی کامکار، مامۆستاحەسەن زیرەک و... دەیانی تر بێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی فەرمی ماملێ - ڕێکەوتی: ٢٦ی جانیۆیری ٢٠٢٠

هونەرمەند لەگوێن ڕووحی نەتەوە

بەبیانووی کۆچی دوایی هونەرمەند تاهیر خەلیلی



ڕوح لە جیهانی ئەندێشە و فەلسەفەدا جیاواز لە جیهانی تێئۆلۆژی بە مانای هزر، عەقڵ، هەست و هتد بەکار دەبرێت. لەڕاستیدا ڕوح وەک چەمک و فۆرماسیونێکی مانایی لەخۆگری ڕەوتی هەڵگێڕانەوەی گیان، ڕواڵەت و بوونی مرۆڤە بە مەبەستی پەرە و پێشکەوتی مرۆڤ، کۆمەڵگا و نەتەوە لە ئەندێشەی هێگڵدا. ڕووح خوڵقێنەر، بزوێنەر، پاڵنەر و داڕێژەرە لەجیهانی فەلەسەفەدا، مانابەخش بە ژیانی تاک و کۆمەڵگا، دەرخەری وێنایەکی زەینی و لەمەر مرۆڤگەلێکی جیاواز و لێکگرێدراوی جیهانی نەتەوەیە. ئەگەر بیرمەند، فەیلەسووف و ژیرمەندەکان جیهانی زەینی هەڵدەگێڕنەوە و فۆنداسیونی جیهانێکی زەینی نوێ دادەڕێژن، ئەوا هونەرمەندیش داڕێژەر و خوڵقێنەری جیهانێکی لێکگرێدراو لە تاکی کۆمەڵگا بە ڕایەڵی هونەرێکە کە زایەڵە و ڕەنگدانەوەی کۆلکەزێڕینەی بەها، نۆرم و کلتووری کۆمەڵگایە.

ئەو هونەرمەندانەی خولّقاندیانم:

لە کوردستان بەدەر وەک جیهانێکی کلتووری، زمانی و زەینی هیچ شوێنێکی ترم نەدیبوو، هەتا ساڵی پەنجاو هەشت وەک بنەماڵە تەبعیدکراین و ڕوومان لە عەجەمووستان کرد وەک جیهانێکی کلتووری، زمانی و زەینی نەتەنیا جیاواز کە دژبە.

جیهانێک کە هەم بە ئەشکەنجەی جەستەیی لەڕێی لێدان هەوڵی سڕینەوە و پەراوێز خستنیان دەداین، و هەم بە ئەشکەنجەی ڕوحی لەڕیی داسەپاندنی بەها، نۆرم و کلتووری خۆیان نەتەنیا هەوڵی سڕینەوەیان دەداین کە هەوڵی داڕشتنەوەی سەرلەنوێی بوونیکی ئۆبژ و دەسکردیان لەمە دەدا، بووکەڵەیەک کە جەستیەکی ئاخندراوی بە جیهانێکی زەینی جیاواز هەیە.

ڕێک لەوەها دۆخێکدا کە ئێمە ئیزن و مەجالی گەڕانەوەمان نەبوو، و ژیان و جیهانێکی بێگانەمان بەسەردا سەپابوو، لەڕێی هونەری گۆرانی و موزیکی کوردی من خوڵقام، سەرەتا وەک بوونێکی فیزیکی و جەستەیی لە دایک و باوکێکی بایولۆژیکی خوڵقابووم، بەڵام ئەم جارە لەڕێی هونەر و موزیک وەک بوونێکی زەینی، نەتەوەیی و کوردانە خوڵقامەوە، موزیک بۆ من بوو بە ڕوحی بەرنگاری دژ بە هەموو هێرش و هەڕەشەکانی ئەو جیهانە داگیرکەرە کە هەوڵی بەکلۆنیکردن و داگیرکردنی منی دەدا، موزیکی کوردی و دەنگی مامۆستایان مامڵێ، زیرەک، خالقی، هۆمەر دزەیی، سالح دیلان و شاروخ و شێعرەکانی مامۆستایان هێمن، هەژار، گۆران و...هتد منیان وەک بوونێکی کورد خوڵقاند، منیان گرێداوە بەو جوغرافیایەی کە لێی تاراندرابووم، من ئەو نەبیە بووم کە لە نەبیستان دابڕابووم و نالەم تێکەڵی نەی موزیکی کوردی کردبوو و ئەم لێکگێردانەوە زەنیە، بەربەستێکی قایم و پۆڵایین بوو لە بەتاڵبوون و توانەوەم لە ناو شوناس و بوونی ئەوی‌ترێکی کە بێگانە بۆ منی داڕشتبوو. ئەم سەردەمە لە هەناومدا سنووربەندیەک لەنێوان من و ئەوی‌تردا دەرکەوتبوو، ئەم کەلێن و قەڵشە لەنێوان من و ئەوی‌تردا ئەکتیڤ بوبوو، بەڵام هێشتا نەکەوتبوومە بەرەی بەربەرەکانی، بەرخۆدان و دژکردوە بە دژ ئەوی‌تری داگیرکەر، سالی شەستویەک گەڕاینەوە مەهاباد، ئەمجارە منی زەینی و ڕوحی تێکەڵ دەگەڵ ئەم ژینگەیە بوومەوە کە بە شێعر و گۆرانی خوڵقاندبویانم، دیارە گەڕانەوەم تەنیا تێکەڵ بوونەوەیەک نەبوو، بەڵکە سەیروورەتی خوڵقاندنی لە هەناوی منەدا پەرە پێدا، من نەگەڕامەوە ئەو کوردستانەی کە بەجێم هێشتبوو، کوردستانی ئێستا مەیدانی خەبات، پێشمەرگە، چەک و فیشەک بوو بە دژ داگیرکەر، تێگەیشتن لەو فەزا و کەشەش بۆ من هەر لەڕێی موزیک و هونەری گۆرانیوە بوو، دەنگەکانی شۆڕشی کوردستان مامۆستایان: ڕەزازی، جەزا، نەجمەی غوڵامی و دواتریش تاهیر خەلیلی ئەم بوونە کوردانە داڕێژراوەری لە هەناوی منذا لەگەڵ شۆڕشی کوردستان گرێ داوە. هونەر بوو بە ئامرازی خوڵقاندنی من و جیهانێک پڕ لەشۆڕش و نەتەوە، بوو بە ڕایەڵی تێگەیشتن و فامی جیهانێک کە وەک جیهانی شۆڕش، خەبات و کوردایەتی پێناسە دەکرا و دەکرێت. لەڕاستیدا هونەری گۆرانی و مۆزیک بوبوونە ڕوحی نەتەوەیی، خوڵقینەری دێمۆگرافیەکی کۆمەڵایەتی بوون لە هەناوی تاکی کورددا کە سنووربەندیکی پۆڵایین و قایمی هەبوو لەگەڵ ئەم فۆرماسیونە جەعلی و دەسکردەی کە ئەوی‌تری دژە کورد دایڕشتبوو، مۆزیک و گۆرانی کوردی ڕێک بەرگێڕەوە، هەڵگێڕەوە، ڕاپەڕێنەر بوو، بەرەگرتبوو بە پەرە و سنووربەزاندن و داگیرکارێکانی ئەوی‌تری دژەکورد و تاکی کوردی هەڵگێڕابوە لە فۆرمێکی دەسکرد بەرەو فۆرمێکی لۆکاڵی و ڕاپەڕینەر بوو بە دژ ئەو داگیرکەرەی حەولی پێشگرتن بە دەرکەوتنی خودێکی سەربەخۆی کوردانەی دەدا.

بێگومان هونەری کوردانە و هونەرمەندی کورد لەوەها کەش و هەوایەکدا بەمانای بوونێکی ناو ژینگەیەکی ڕواڵەتی کە بە زمانی کوردی وەک دیاردەیەکی ڕواڵەتی گۆرانی دەکووت نیە، بەڵکە هوونەری کوردانە یانی نەخشاندنی جەوهەر و ڕوحی ژینگەیەک کە وەک کوردستان سنووربەندی دەکرا و چڕینی مێلۆدی و شێعرگەلێک کە جوغرافیای وینا و ڕوحی کوردانەی تیا نەخشاوە. ئا، ڕێک لەو کات و بەستێنە دایە کە هوونەر و هوونەرمەند دەبنە ڕوحی نەتەوە و لەگوێن ڕوحی نەتەوە دەردەکەون.

سەرچاوە: ماڵپەڕی فەرمی مامڵی - ڕێکەوتی: ٢٨ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٣

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

خەزەڵوەری ٢٧٢٦ی کوردی = نۆڤەمبەری ٢٠٢٦ زایینی





سپاس و پێزانین

بۆ هاوڕێ شاهۆ حوسێنی بۆ نووسین و ئامادەکردنی دیمانە، وتارو لێدوانەکان.

دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.

ڕەحمان نەقشی

